Signature Not Verified
Copyright2002 http://nuserikurd.com
Digitally signed by Copyright2002 http://nuserikurd.com
DN: cn=Copyright2002 http://nuserikurd.com, o=Nuser, c=SE
Date: 2002.06.24 20:13:32 Z

# ئەڵوەن و ئەم بەر و ئەوبەر

پێشکەش بە کەمال حەسەن

لە پشت پەنجەرەی پاسەکەوە چاوم پێکەوت، بە دەست پێشانمدا بۆ وێستگای پاسەکە بێت، بەرێکەوت چاوی لێبوو، ئەو شتێکی وت، چەند هەنگاوێك بۆ دواوە گەڕایەوە. سەرەڕای مەترسی جێگاکە، لە وێستگاکە دابەزیم و چاوەڕێم کرد .... نەهات ... لەو ڕۆژە بە دواوە یەکترمان نەبینیەوە. ئەوە چەندین ساڵ بە سەر ئەو ڕۆژەدا تێپەڕیوە. ڕۆژێکیان برادەرێکم ئەم هەواڵەی بۆگێڕامەوە: کەمال حەسەن چووە بۆ پیاسە، راکێتێك لە تەنیشتیەوە تەقیوەتەوە و یەکسەر گیانی لە دەستداوە ..

ـ داخۆ ئەو ڕۆژە چی پێ وتم ؟

ئەوە چەندین ساڵە بەجێی هێشتوین، بەڵام ئەو پرسیارە هێشتا زۆرم بۆ دەهێنێت: دەیویست چیم پێ بڵێت؟ ... ئەم نووسینە پێشکەش بە برادەر کەمال حەسەن دەکەم ، بە ئومێدی ئەوەم قسەکەیم بۆ دووبارە بکاتەوە !!

---

(١)

ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی نائاسایی و پڕگومان بوو بۆ خەڵکی شارەکە، لە بەر ئەوەی، پسپۆرە جیۆلۆگ و مێژووناسەکان بڕیاریان دابوو، سەرئەنجامی پشکنین و لێکۆڵینەوەکانیان دەربارەی ڕۆژی لە دایك بوونی شارەکە بڵاوبکەنەوە. شەوەکەی بێجگە لە منداڵەکان ،کەس خەوی لێنەدەکەوت . شارەکە بریتی بوو لە چاو و چاوەڕوانی، تەنانەت کەسیش خولقی دەمەتەقە و باسی جنۆکە و مێردەزمەی نەمابوو. شاری ماڵە قوڕەکان جووڵەی لێبڕابوو، کش و خامۆش، هیچ کەسیش هاتوو وچۆی نەدەکرد، تەنیا یەك کەس نەبێت، ئەویش یحیا دەلی بوو. یحیا بە تاقی تەنها و بە هێمنی لە ناو کۆڵانەکاندا پیاسەی دەکرد. یەکێکی وەك محێدینیش، لە ناو تەلارە وێران بووەکەدا، لە ژوورەکەی خۆیدا ئوقرەی گرتبوو و دەرگاکەی پێوەدابوو، کەس نەیدەزانی لەو کات و ساتەدا خەریکی چی بووە .

سەعات بوو بە دوازدەی نیوەڕۆ، گەرماكە مێخی دەرگاكانی دەسووتاند، هەموو دانیشتوانی شارەكە لە( تەیارەخانە) كۆبوونەوە، هیچ ئافرەتێك ئارایشی نەكردبوو، منداڵەكان جلوبەرگی جەژن و شاییان لەبەردا نەبوو ، پیاوان بەرگی ڕۆژانی ئاساییان لەبەركردبوو . ئەمە خۆی لە خۆیدا ناكۆكیەك بوو لە گەڵ ئەم چاوەڕوانییە مێژووییەدا ...كەس فززەی نەدەهات، بێجگە لە ڕۆژنامەنووس و پەیامنێری ڕۆژنامەكانی شارەكە و وێنەگرەكانیان و بەهجەتی وێنەگر. هەموو چاوەكان لە مایكرۆفۆنەكە بوون ... كابرایەك لە پشت مایكرفۆنەكەوە وتی: ئێستا بەرێز زانای ئەڵمانی شایسە فۆن ئاشلۆخ بە ناوی گروپەكەیەوە قسەدەكات. كەس چەپڵەی لێنەدا، هەر دەڵێی دەردە مامر لێیانی داوە، لەوە دەچوو، ئەگەر جێگای نووستن رابخرایە، یەكسەر هەموویان خەویان لێدەكەوت.

فۆن ئاشلۆخ : ئەی خەڵكی شاری نارنج و پرتەقاڵ ، ئەی خەلكی شاری شووتی ، هەنار و كاڵەكی شیرین ، ئەی ئەوانەی وا شارەكەتان كاروانسەرای ڕێگای كەشمیر و چین بووە ، شارە پیرۆزەكەتان ، لە ڕۆژی چوارشەمە ڕێكەوتی٩٦٦/ ٨٧٧/ ١٥٠٧١١٥٠٤ ، سەعات دووی پاش نیوەڕۆ لەدایك بووە !...

حەمە عەلی وتی : ئەم كەرانباوگاوە بە پۆستاڵی سەربازییەوە هاتووە و لاف و گەزافی زانست لێدەدات . ئاخر پۆستاڵ لە پێ ، چی لە زانست دەزانێت "

پاشان زانا ئینگلیزەكە وتی : ئەوە ڕاست نییە ، بەگوێرەی پشكنین و لێكۆڵینەوەكانی گاپتێ ئەدوارد و بە گوێرەی قووڵایی نەوتەكە ، شارەكەتان لە ڕۆژی شەمە ڕێكەوتی٤٤٤ / ٢٢٢/ ١٩٨١٩١٨ دا لە دایك بووە !

نازەنین : دەڵێن ئەم كابرایە بە بۆنی نەوت سەرخۆش دەبێت ، خالۆ جومعە بە چاوی خۆی بینیبووی وەكو مشك لووتی لە عەرزەكە توند كردووە .

مام نایف وتی : باوكم ، ئەمانە دز و جەردەن ، دەڵێن ئێمە شارستانیەتتان بۆ دەهێنین ، ئاخر شارستانییەت چ پەیوەندیەكی بە لەشكركێشیەوە هەیە !

نەسرەدین : ئەمانە ئەم خوێن ڕشتن و جەردەییە بە بڕیاری دیموكراتی و ئازادی ناو پەرلەمانەكانیانەوە بەرپادەكەن ! جیۆلۆجی چی ، فریان پێوە نییە !

زانا یونانییەكە وتی : بەگوێرەی شارەزاییمان ، شارەكەتان ڕۆژی هەینی ڕێكەوتی٩٩/٣٣٣ / ساڵی چواردە بلیون و هەشتا و هەشت و یەك پ.ز لە سەعات شەشی بەیانی بەبێ یارمەتیدانی مامان لە دایك بووە ! .

لەو ناوە دوو زانا هەبوون پێكەوە كاریان دەكرد ، یەكێكیان سویدی بوو و ئەوی تر ئیسلەندی ، فێری زمانە باوەكەی شارەكە ببوون ، وتیان : ئەرێ ئەم چاوچنۆكانە چی دەڵێن ؟ و پێكەوە گۆرانی " خەرەگە مەمرە وەهارە ... خەرەگە مەمرە وەهارە ..." یان وت . هەموو خەڵكەكە گەشبوونەوە و پێكەوە بە دەنگێكی بەرز " خەرەگە مەمرە وەهارە " یان وت ، كەرەكانی ئەركەوازیش كەوتنە زەڕین ! . هەر بەم چەپڵەڕێزانەوە بلاوەیان لێكرد ، منداڵەكانیش هاواریان كرد " هەركی وە ماڵ باوگی ... تەنەكە ( كێر خەر ) وە كوس دایگی "

لە ڕێگای گەڕانەوەدا ، لە لای پاشاكۆپری چەند زانایەكی گینیا بیساوی و ئۆسترالی تەپڵیان لێدەدا وگۆرانی :

رەیحانە ڕەشە ... خۆمی پێ ڕەش كەم ..

لە دوای باڵای تۆ ... دڵ وە كی خۆشكەم ... یان دەوت

هەر لە پاشا کۆپری هەتا لای باخەکانی تەنیشت چایخانەکەی ئەبو شوکور بوو بە رەشبەڵەک ...
لەو کاتە حەمە نەقارە زەوقی گۆرانی هەستا " ئەمان ئەمان ... ئەمان ئەمان ... ( بۆی نەهات ) و بە ئاوازی گۆرانیەکی سریانی شیعری گۆرانی ئەڵوەنزادەی وت :

دەممان ئەگرن لە گۆرانی ئەی رۆبسون

ئەی بولبولم ، ئەی بولبولی هەڵۆ باڵ

ئەی هاوڕێی رەش خاوەن دانی مرواری

لێ ناگەڕێن دەممان پڕ کەین لە وتن !

سەید ئەحمد ووتی : ئەمڕۆ رۆژی لە دایك بوونی شارەکەمانە !! شاباش ، شاباش لە کیسەی ئەڵوەن ...
لە رۆژی دواییدا رۆژنامەنوسەکان بە مانشێت قسەکانی کابرای ئینگلیزیان بلاوکردەوە و چۆن هەندێ سنجاوی و کەلهوڕ پاسەوانی نەوتەکەیان کردووە .

کە یحیا بە قەشمەری بازاڕیەکەی ئەڵمان و ئینگلیزەکانی زانی ، شێت و هار بوو ، یەك بە یەکی خەڵکی شارەکەی دەگرت و پێ دەوتن : بێجگە لەوەی کە ئەو زانایانە لە گوێی گادا نوستوون ، گرنگ نییە شارەکە پێش ئەوەندە تریبلیون ساڵە ، یا پێش بلیون ساڵ یا ئەوەندە هەزار ساڵە لە دایك بووە . ئەم بۆچونانە هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی نیە لە نێوانیاندا ، هەروا هەمووی تەنها قسەی قۆڕن . ئەو ئاڵچاخانە باسی شارەکەیان دەکرد بە بێ ئەوەی ناوی ئەڵوەن بهێنن .

یەکەم جار شارەکە ئەڵوەن بوو، ئەڵوەن ، ئەمیش هەموو رۆژ و سات و چرکەیەك لە دایك دەبێت ، هەمیشە لە دایك بووندایە . ئەوەی بیەوێت یادی رۆژی لە دایکبوونی شارەکە بکاتەوە ، دەتوانێت هەموو کاتێك بە درێژایی رۆژ چەپکە گوڵی سووری باخەکانی شارەکەی ـ نەك گوڵە ژەهراوی و بێ بۆنەکان ـ پێشکەشی بکات .

محێدینیش وتی: ئەی چۆن! ئەڵوەن دایە گەورەی ئۆقیانۆس و دەریا، رووبار و کانیاوەکانە. ئەوانە لە باوەشی ئەڵوەندا پێگەیشتن و فێری شێوەزمانە شرینەکانی شارەکەی کردن، هەر بۆیە بەبێ گیروگرفت و رقەبەری فێری زمانەکانی تریش بوون. کە گەورە بوون، ئەڵوەن بە فرمێسکی خۆی کراسێکی شینی ئاسمانی بۆ دوورین، بە ئاوازی قەرەجەکان و هۆرەی جاف بۆنی لێدان، بە گوڵ پەلکیانی هۆنیەوە و عەرەقچینی کردە سەری هەندێکیان. کاتێك بەڕێکەوتن، کەس ماڵئاوایی لە کەس نەکرد، هیچ لایەکیان هێز و چۆکی ئەوەی نەبو ماڵئاوایی بکات. ئەڵوەن تەماشای قەد و باڵای دەریای دەکرد، شەپۆلەکانی ئارامیان لێبڕابوو، دەریا بە نهێنی تەماشای ئەڵوەنی دەکرد و بە بێدەنگی ڕێگای گرتە بەر ...
ئۆقیانۆس وەك وروگێژێك لەو ناوە، لەم سەر بۆ ئەو سەری ئەڵوەن دەهات و دەچوو، زۆری برسی بوو، بەلام دڵی نانی نەدەبرد ، لە جەلە خورماکە دانە خورمایەکی خوارد و وەکو کۆستکەووتویەك کەوتە ڕێ ...

پیری زەمانە، عیدانە جەلەوەیی وتی" ئەڵوەن، ئەم بەری لە پەلکەزێرینە دەسچین کردووە، ئەو بەری لە دەنگی بلوێر. لەو رۆژەوە هەتا ئێستا، کاتێك رەحیم لە دەشتاییەکەی ڕێگای مەنزەریەدا بلوێر دەژەنێ، ئەو بەر خۆی بە دنیا پێشان دەدات. ئەوەی چاوی پێدەکەوێت، رووخساری گەش دەبێتەوە، لە خۆشیاندا ئارەزووی زاوزێ و ڕەشبەڵەکی سێ پێیی دەکات ! " ...

دەڵێن شارەکە ، هەموو شارەکانی دنیا و دانیشتوانەکانی بە خۆشەویستی خۆی دەزانێت، وەکو سیڤای خواوەند کە لە یەکێك لە تیشکەکانی ڤینۆس لە دایکبووە، خۆشیانیدەوێت ـ کاتێك ژنەکەی گیان لە دەست دەدات، سیڤا بە شان هەڵیدەگرێت وحەوت جار بە دەوری جیهاندا دەیگێڕێ ـ .

دەڵێن، ڤینۆس لە خاك وخۆڵی ئەو شارە پێکهاتووە. گوایە لە سەردەمە کۆنەکانی مێژوودا، لەو سەردەمەی کە مرۆڤ بە تاق و تەرا هەبوون، بە زمانی شالوور و ئاو و چیا و سەوزایی قسەیان دەکرد، لەو کاتەی کە هێشتا وشەی جەنگ، پاڵەوان، دەسەڵات، ئایین، فاشیزم، نەتەوە و موڵکایەتی تایبەتی، پۆرنۆگرافی و پۆلیس بە سەر زاریاندا نەدەهات، لە شارستانییەکی ئیدیالدا دەژیان، ئەوە نەبێت گەشەسەندنی تەکنیکی ئەمڕۆیان نەبوو ، بەرهەمی بەرفراوانی کیمیاوی لە ئارادا نەبوو، تەنانەت کەرەواتشیان لە مل نەدەکرد، کەس لەکەس بێزار نەدەبوو، هەر بۆ خۆیان پێدەکەنین، هەندێ جار لە حەیبەتی پێکەنین میزیان بە خۆیاندا دەکرد بە بێ ئەوەی دەرپێ گەلاًییەکانیان تەڕ بێت .

لەو سەردەمەدا کە هێشتا زەمین وەکو ئێستا سفت و رەق نەبوو، رەشەبا و گەردەلوولێکی زەبەلاح هەڵیکرد و بەشێك لە خاك وخۆڵی ئەو شارەی لەگەڵ خۆیدا لوولدا. ئەو وردە خاك و خۆڵە، رۆژ لە دوای رۆژ لە حەلحەلەی ئاسماندا، نەختێك نمەی باران و تۆزێ با و رۆشناییان بەرکەوت و بەیەکەوە نووسان و لە خۆشی و زەوق و نەشوەی بەیەکەوە نووسانیان درەوشانەوە، سەرەنجی هەموو دنیایان بۆ خۆ ڕاکێشا و مرۆڤەکان ناویان لێ نا ڤینۆس .
ڤینۆس رێك لە سەر شارەکە جێگایەکی بۆ خۆی هەڵبژارد و ماچ و خۆشەویستی بە سەریدا دەبارێنێت ، شەوانیش لە گەڵ یەکتریدا سەرەتاتکێ دەکەن . لەو رۆژەوەوە شەوانە دەدرەوشێتەوە و شادی لە سەر رووی مرۆڤەکان دەنەخشێنێت ، بە تایبەتی بۆ ئەڤین داران و ئەو ئافرەت و پیاوانەی وا رۆژیان بە کۆڵ هەڵگرتووە، نائارامی و مەترسیان لادەبات و تینوتیشیان دەشکێنێت . هەروا دەڵێن ڤینۆس سمبۆلی خۆشەویستیە، کەسیش نازانێت ئەو نهێنیە لەکوێوە سەرچاوەی هەڵگرتووە !
وەحیدە وتی " ئەلوەن شەو و رۆژ هەردوو دیووی شارەکەی لە ئامێزگرتووە، ئێستاش و رەنگە تا ئەبەد تامەزرۆییان بۆ یەکتر نەشکێت". بەڵام هەندێ کەس هەبوو وایان دەگێڕایەوە، کە ئەلوەن لە ترسان شارەکەی لە ئامێزگرتووە، گوایە ، هەر هەموو نهێنێکانی گەردوونی لەلایە نهێنی شەوە نەبێت، بۆیە نە دەسبەرداری ئەم بەر دەبێت ، نە ئەوبەریش. رەسمیەش وتی" وایە هەردووبەری بە قەد یەك خۆشدەوێت، نازانێت کامەیان یەکەم جار لەسەر زەمین دابنێت، ناشیەوێت دڵی هیچ لایەکیان بشکێنێت. ئەلوەن دەزانێت دڵی ئەو دووانە چەند ناسکە ، بۆیە کۆرپەکانی هەر وا لە باوەش هەڵگرتووە و هەتا ئێستاش نەیتوانیوە بڕیارێك بدات. ئەوە ملیونەها و ملێونان ساڵە بەو حاڵە ماوەتەوە " .

مەحەمەد کەرەم وتی"مرۆڤ ، ئەو زمان شیرینەیە، ئەو دەنگە سازگارەی کەمال و سۆز و ئاشتیەیە، ئەو بوونە جوان و رەنگاوڕەنگە دەگمەنەیە، لە خەونێکی شرینی قەتێ لە دایك بووە " .
ئەم رووداوە بۆ هەتا هەتایە روی ئەم بەر و ئەو بەری جیهانی گۆڕی. ئەوەی لە نێوان هەردووکیاندا هاوبەش بێت ، تەنها کەمال و سۆزە. ئەم جفتە جەیرانەیە ئەوەندە لە ناو یەکدا ئاڵاون ، هیچ کەس هەتا ئێستا پێینەکراوە تایبەتمەندێکانیان دیاری بکات .
کاتێك قەتێ بۆ خۆراك هێنان دەفڕێ، لە گەڕانەوەیدا، ئەگەر گوێی لە جیکەی برسێتی بەچکە قەتێیەکی تر ببێت ، بۆ لایان دەفڕێ، خۆراکی خۆی و بەچکە برسیەکانی بەوان دەدا. پاشان سەر لە نوێ دەفڕێت و خۆراك بۆ جگەر گۆشەکانی خۆی دەهێنێت ...
بەڵام ئێستا هەندێ گیان لەبەر هەن، بە شێوە لە مرۆڤ دەچن، چاو و دەستیان هەیە، لە شیری دایکیان خواردووە و پێشدەکەنن، بەڵام مامەڵەکردنیان دژ بە کەمال و سۆزە. ئەمانە رێك بە پێچەوانەوە، زۆر بە لنگەوقووچی بۆ شتەکان

دەڕۆن و بیردەکەنەوە. ئەمانە نەك هەر خۆراك بە منداڵی برسی کەسێکی تر نادەن، بەڵکو ئەگەر بۆیان بلوێت، کاری سوخرەشیان پێدەکەن ، گۆشتی دایك و باوکیان دەخۆن. ئەوەی دەنگیش هەڵبڕێت ، دەنگی دەبڕن ....

چەند کەسێك لە خەڵکی ئەو شارە بڕوای سەیریان هەبوو، کەس نەیدەزانی لە قوتووی چ عەتارێکدا دۆزیویانەتەوە. ئەمانە بڕوایان بەوە هەبوو، کە هێزی تاقە پردی شارەکە(جاران) و توانای بەرگری لە" تورەیی رووبارەکە"، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ، گوایە ئێرانییەکان، پردەکەیان بە ئاوی سەروپێ درووستکردووە. یحیا دەلی بەم قسەلۆکە زۆر پێدەکەنی، بەلام لە هەمان کاتدا زۆر توورە دەبوو، دەیوت"خالۆ، ئێرانی چە، سەروپێی چە؟؟ چامورر عالیاوە باشوزە، پردەکە سەر پەنجەکانی ئەلوەنە، کوێراییتان هاتووە، پەنجەکانی نابینن؟ عەیب و شورەیی، گەز و گران. ئەلوەن لە دەورووبەری پردەکەوە دەسپێدەکات و لەلای کوورەی خشتەکان کۆتایی پێدێت ! ڕاستە لە سەرەوە بەرەو خوارەوە دەڕوات ، بەلام لە ژێرەوە مەنگی خواردووتەوە . ئەوانەی دەڵێن"لە ڕێژاوەوە دەست پێدەکات"ئاگایان لە هیچ نیە. ئاخر چۆن ئەلوەن هەناوی ئەم بەر و ئەوبەری خۆی بەجێ دەهێڵێت ؟ هەر باشە هەردوو بەری شارەکە لە بەر ئەو جۆرە کفرانە دڵیان ناتەرەکێت ! . پێش بەجێهێشتنی ئەو جۆرە کەسانە، یحیا پێیدەوتن" نان بۆ نانەوا، گۆشت بۆ قەساو"، برا برۆن بە پەی کارتانەوە ...

بڕوایەکی وایش هەبوو، کە گەرماوەکانی شارەکە پڕن لە جنۆکەی شەڕ، بێجگە لە گەرماوەکەی گەڕەکی عەبدوڵلا بەگ . جەلیل فەرەج سوێندی دەخوارد، کە بە چاوی خۆی، پیاوێکی درێژی دشداشە لەبەر و ردێن سپی بینیوە، کە چاوی بە جەلیل کەوتووە ، خۆیی کردووە بە پشیلە و بۆ ناو توونی گەرماوەکە رایکردووە ! ئەمە نیشانەی مەلایکەتی خێرە !

عەدولی ئەلوەن زادە وتی: لەو سەردەمە تاریکەدا، بنەماڵەی قەرەج لە گەڕەکی ئاغاوخەلیفە نیشتەجێ بوون. ئەمانە مرۆڤەکانیان بە ئاواز و هەڵپەرکێ سەرمەست دەکرد. ڕۆژێکیان شەوە زەفەری بە ئۆکوردیونی تاقە کۆرپەکەیان برد. بۆ ئەم بەسەرهاتە ، ئەلوەن چل ڕۆژ و چل شەو فرمێسکی ڕشتبوو. لەو ڕۆژەوە هەتا ئەمڕۆ، قەرەجەکان، نەوە لە دوای نەوە، بۆ تاقانەکەیان پرسە باری خۆیان دەردەبڕن، هێشتا هیوایان بەوە هەیە، جێپەنجەیەکی کۆرپە ئەلوەنێکەیان بدۆزنەوە، لە ولاتەکاندا وێڵ و سەرگەردانن. لەم ناوەڕاستەدا، ڕێگای ئەلوەنشیان وونکردووە ، ئێستا شیوەنەکەیان بووە بە دوو شیوەن ، هەر بۆیە بەکەمانیش مۆسیقا دەژنن ...

لەو ڕێگا دوور و نزیکانەی وا لەو شارەوە هەتا پایتەختەکانی جیهان راکێشراون، هەموو هیوا و شکستیە ئەبەدییەکان، لە سووچ و کەلەبەرەکانیدا هەلگرتووە . ئینتما و بێ ئینتما ، هەڵپەرکێ لە سەر ریتمی ئازادی سەربڕاو و فەنتازیای گێرانی ڕۆڵی ولاتی ئازادی، ڕەشبینی و گەشبینی هومانی لە سەفەرە درێژەکانیدا. لە نێو وردەکارییەکانی هەموو ئەو دژانەدا، لە نێو شیوەنە زۆرەکان و ئەو شادیە بچکۆلانانەی وا هەتا ئێستا گەورە و زاڵ نەبوون ، نەناسەکە هەموو ڕێگاکان، هەموو ئەو ڕێگایانەی وا لە ئەلوەنەوە دەست پێ دەکەن و لەم بەر و لەو بەری شاری یاڵە وەنەوشەییێکان و دڵە شەوبۆکان کۆتاییان پێدێت ، دەگرتەبەر .

لە نێو ئەو ڕێگایانەدا، مرۆڤەکان بریتیبوون لە چاوەڕوانی و ئارەقەی ڕەنج، دەستەکانیانیش لە سۆز . سروشتیش هارمۆنیەکی دەگمەن بوو .

ئەم بەر پرسیاری کرد: " ئەوە کێیە وا سەفەر بەلکی دووبارەکراو بۆ شارەکە دێنێت ؟ نامۆیی بلاودەکاتەوە؟ ئەوە کێیە وا لە شارەکە ، کوشتن و وێرانی دەچێنێت ؟ لە شارێکدا کە کوشتن و وێرانکردن یاساغە !

ئەوبەر پرسیاری کرد: ئەوە کێیە تەلار و دەرگای ئاسنین و تەلبەندی بۆ هێناوە؟ لێرەدا، هەر بە حوکمی سروشت، بە بێ چەند و چوون ئاو و بەروبووم وەکوو ئاسمان و با، وەکوو خۆشەویستی و مردن هاوبەش و یەکسانن .

ئەڵوەن وتی: ئەوە شتێکی کەڕ و کوێر و بێزمانە، سۆزی لە لیکاوی گورگ هۆنراوەتەوە، شەیدای خوێنڕشتنە و لە ناویدا سەما دەکات !

لە گەڵ تۆمە ئەی ئەوەی وا گوێت لێمە تڕ زلی و خۆ پەرەستیت بۆ چیە ؟ لێگەڕێ لێ، هەمووتان وەکو یەك ماڵئاوایی دەکەن. تۆ بڵێیت شانازی بە گۆڕە گران بەهاکانتانەوە بکەن. ئەگەر وەکو فرعەونێکانیش بە داودەرمانی نهێنی بتانپێچنەوە، سوودی نییە ، بگرە کارەساتترە، چونکێ وەکوو ئەوان رسواتان دەکەن ، دەتانکەن بە سینەما لە ناو مۆزەخانەکان. لێگەڕێن لە کوشتن و تۆقاندن !

ئەم قسانەی من بە چی دەچێت ، ئەگەر ئەمانە کەڕ بن ؟؟...

نەناسەکە رێگای گرتەبەر بۆ گەیشتن بە شتەکەی تر ، بەوەی وا روح و گیان دەبن بە هەناسەی ژین و ئۆخەی بۆ یوسف و ئەوینە سووتاوەکان: بە خەون، بە سەرنجدانی رووخساری ئەوانەی هاتوچۆدەکەن، بە کارکردن لە نێو لاپەڕەی پەرتووکەکان، بە خۆشەویستی، بەتیرۆر و زەبروزەنگ، بە گەمە، بە ئارەق ڕشتن لە کارە پیس و سەختەکان، بە تورەیی و گریان، هەروا بە شوبهاندن و تواندنەوە لە ناویاندا، لە هەوڵدانێکی هۆشیار و ناهۆشیار، ڕوکەشانە، لەپڕ، بە سوێندخواردن لە سەر ئەوەی کە ئەو دیمەنە یا وێنەی ئەو جوڵانەوەیە، ئەو رووخسارە ، لە جوڵانەوەی، لە رووخسار یا وێنەی فلانە کەس، لەو شت یا داروبەرد و ئاوی ئەو شارە دەچێت . ئەو شارەی وا لەشکری ئینگلیز و ئێران و سەربازەکانی قەیسەر و پۆلۆنێکان زەوتیاندەکرد . لەوێدا ، ئارا خاجۆدوریانی ئەرمەنی، عەبو ترکێفی، قدوری یا قادر حەدادی عەرەب ،یورا ساموئیل عودیشوی ئاسووری ، لویسی کلدانی، چحلە و مۆشیحایی جوو، جارەڵلای صوببی ، صوحبەت تورکومان ، یەزیدی ، چیکوسلۆفاکی پێکەوە دەژیان . ئەمانە هەموویان فێری زمانی خەڵکی شارەکە بوون ـ خۆیان خەڵکی شارەکە بوون ! ـ بەڵام بە ئێکسێنتی زمانی دایکیان قسەیان پێدەکرد. هەر کەسێك بۆ شارەکە بهاتبایە ، یەکەم جار منداڵەکان وەکو بای شەماڵ ، دەم بە پێکەنین پێشوازی گەرمیان لێدەکردن. دایك و باوکان خێرا ئەڵوەنیان بۆ دەبردن یا ئەڵوەنیان دەدایە دەستی منداڵەکان و پێیان دەوتن" لە سەفەر بوونە ، یەکەم جار تینوویانە". ئەمە نیشانەی پەیمان بەستنی ئاشتی و نیازپاکی ودۆستایەتی بوو ، هەر بۆیە کەسانی یاخی و ماڵ وێرانیش روویانکردۆتە ئەو شارە. زور کەس هەر نەیاندەزانی باوباپیرانیان کێن و لە کوێوە هاتوون ! کاتێك لە رووپاکیان پرسی : باپیرە گەورەتان کێیە ؟

رووپاك : " نازانم، دەڵێن سەید بوونە، لە ئاویان داوە، ئاوەکەیان ووشك کردووە ! ".

پرسیار : باشە چۆن ؟ .

رووپاك : وەڵڵا کوڕەکەم نازانم .

ئەی دایکی سوارچاك ، ناوی چی بوو ؟

رووپاك : نازانم ، کورم ، خۆشیان نەیانزانیووە ناویان چی بووە !

لەو شارەدا، وەکو ولاَتە" شارستانییەکان"هێشتا بنکەی زانستی بە دەسەڵاتی تێدا دانەمەزراوە، لاف و گەزافی خۆ بە زل زانین لێنادات، وەکوو شارەکانی تر فەیلەسوفی تێدا هەڵنەکەوتووە ، بەڵام وەکو ئەوان جوویان ڕاونەناوە، دەستیان بە خوێنی جووو سوور نەبووە . کاتێك جووەکان ویستوویانە شارەکە بە جێبهێڵن، بە قسەی حەمدیە و سۆفی فاتمە" هاوسێکان تکایان لێکردوون نەڕۆن ، بەدرۆ و دەلەسەی ئەم و ئەو بڕوا نەکەن ، کورە کەس نازانێت چیتان بەسەر دێت ... ئێرە ولاَتتانە .... بەگریان و رەنجەڕۆیی ماڵئاواییان لێکردوون. ماوەیەك کەس دڵی نەهاتووە بچێتە ناو ماڵەکانیان، دەڵێن گوایە تەنها پاشا عینایەت پێیخۆش بووە ...

یەکێکی وەك فازل عەرەب جلوبەرگی کوردی لە بەر دەکرد، تەنانەت یەکەم بارەگای حزبێکی کوردی لە ساڵی حەفتا، لە ماڵی ئەوان کرایەوە، بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە پەیوەندیەکی بەوانەوە هەبێت. خەلیل عەرەب و سەلاح تورکومان و ماڵی توتنچی، ماڵی مام حوکمانیش لەماڵەوە هەر بە عەرەبی قسەیان دەکرد، دوو کوڕی بوون بە پێشمەرگە . پیاوە رەشپێستەکەش ، کە کەس نەیدەزانی چۆن رێگای بەو شارە کەوتووە، بوو بە(پێ میم) و لە شەرێکدا گیانی لە دەستدا . قادر حەداد لە سەر مەسەلەی کورد زیندانی کرا، رێداری کوڕی چەند ساڵێك لە ئەبو غرێب زیندانی بوو، تەنانەت کوڕە گەورەکەیشی چەکی کردە شان . کە رۆژگار رەشتربوو ، کاتێك منداڵە بچوکەکانی لە گەڕەك دەبوو بە شەڕیان لە گەڵ منداڵەکانی تر ، پێیان دەووتن " عەرەبە پیسەکان"! ! . ئەم دەربڕینە سامناك و درندەیە، لە گەڵ هاتنی لەشکرێك شێرپەنجە ئاسا بلاوبوبوەوە، چاویان وەکو چاوی دەهەش ڕەش نەبوو، وەکو چاوی من سەوز نەبوو یا وەکو چاوی عادل شین نەبوو یاخود وەکو چاوی جارەللا زەرد نەبوو . رەنگی چاویان سوور بوو سوور ! عەگاڵێکی سووریشیان لە سەر بوو ، چەکەکەی دەستیشیان ئاسایی نەبوو . ئەمانە ترسیان بلاودەکردەوە ؛ کۆمەڵ کۆمەڵ بە ناو شارەکەدا دەرۆیشتن یا لە سەر ئۆتومبیلەکانیانەوە هاواریان دەکرد " ئەحنە البەدو ... وێنە العەدو! ... ئەحنە البەدو ... وێنە العەدو ...ئ ... و

منداڵەکان لە هەموو کەسێك زیاتر مێشکیان بەم دروشمە گێژبوبوو! نەیاندەزانی کێ بەدووە و کێ عەدووە ، دەیانووت " ئەمانە بەدو نین ، سەگی هارن! ... ئەمانە درۆزنن "... دەیانووت ئەمانە "مرۆڤ کوژن ... هیچیان لە ئومەتی ئەڵوەن ناچێت " .

منداڵەکان مەسەلەکەیان لەگەورەکان باشتر پێکابوو . فوئاد عەباس قەنەقینە وتی" ئەگەر ئەمانە بەدون ، ئەی حوشترە دڵناسکەکانیان کوا ؟" ئەکرەمی کوڕی مام یاوەر وتی"ئەگەر ئەمانە بەدون، ئەی رەبابە دەنگ خۆشەکانیان لە کوێیە ؟ بۆچی گۆرانی ناڵێن، وهەر وەکوو گورگ لوورەیان دێت ؟ "

محەمەد نایف وتی" ئەگەر ئەمانە بەدون، بۆچی پۆستاڵیان لە پێدایە؟ مەحمودی حاجی وتی" بەراست بۆچی دشداشەیان لە بەردا نیە ! "حەمە رەق وتی" شیری حوشترەکانیان زۆر بە لەزەت بوو، دەمێکە بەدوای حوشترەکانیان نەکەوتوین، خۆزگا ئێستا لەم ناوە دەردەکەوتن! یوسف مەحە وتی" ئەمجارە ئەگەر هاتن ، من رەشمەی حوشترەکانیان رادەکێشم "،فاتمە رەزای دایکی سەلاح و سەباح گوێی لە قسەکان بوو ، وت" چێشتێك خوێی بەدوەکانی تێدا نەبێت ، تامی خۆش نابێت"! ئەدیبە وتی" خۆزگە جەژن بهاتبایە ، هەتا بەدویەك گۆرانی بە باڵای محەمەددا بلێت". کاك شوکور ووتی"بەدوەکانیش خۆشەویستی ئەڵوەنن"، سەلام حەمید وتی " ئەم جارە بێنەوە منیش وەکو حوشترەکان میزدەکەم .

یوسف مەحە "منیش"

ئەدیب" هەموومان پێکەوە ! بۆ ئەوەی منداڵەکانی تر قێزیان بێتەوە و نەیەن بۆ شیرخواردن .

منداڵەکان زۆر جار بۆ شیرخواردن هەتا نزیکی دەرگای سەراکە دوایان دەکەوتن، پەنجەکانیان لە سەر یەك ریزدەکرد و مژیان لە قامکە گەورەکەیان دەدا و دەیانوت"خودا چەند خۆشە ! ". ئەوەکەی تر لە نیوەی رێگا دەیوت" من تێر بووم ، با نەفەرێکی تریش شیری بەرکەوێت" و دەگەڕایەوە ، بەڵام هەندێ منداڵ هەبوون دەیانوت" ئەوە شیرەکەی نیە ، میزەکەیەتی " .

هەموو خەڵکی شارەکە لە منداڵەکانەوە تێگەیشتن، کە ئەوانە بەدو نین! دەڵێن گوایە یحیا دەلی بە فەیزە کەبابچی وتووە" ئەمانە بەچکە شەوەن ، دەیانەوێت ڕەنگەکانی پەلکەزێرینە تێك بدەن و بلوێرەکەی رەحیم بشکێنن ! ئەرێ ، راستیان وتووە" قسە لە شێت یا لە منداڵ "!

بارودۆخی رەنگاورەنگی شارەکە وای کردبوو ، زمانەکانیش لەناو یەکدا تێکەڵ بن. موختار کە عـەرەب بـوو، هـەر بە تورکومانی قسەی دەکرد. باوکی عـادل و بـاوکی نـەجم بـە زمـانی عـەرەبی لەگـەڵ یـەکتر دەدوان، بـە تورکومـانی جمێنیان بە یەکدەدا و هەردووکیشیان کورد بوون. باوکی عادل لە ئەڵوەنەوە فێری دڵپاکی بوبوو ، هەموو تەمەنی لە سەر شوعیەت سووتابوو . لەو سوتانەش منداڵـەکانی بێبـەش نـەکردبوو، کـە پرسـیاریان لێـدەکرد"چـۆن بوویـت بـە شوعی" ـ زۆر جار ئەم پرسیارەیان لێدەکرد ! ـ لـە وەڵامـدا "مـن بچـووکترین کرێکـاری کۆمپانیـای نەوتەکـە بـووم . رۆژێکیان کرێکارێکی رەشپێست ، خەڵکی شارەکانی خوارو بوو، پێیگوتم " سبەی بـڕۆ بـۆ سـەر ئـەو ئۆتۆمبیلـە، لـە کاتێکدا کرێکارەکان لەوێ کۆدەبنەوە، هاوار بکە: چیتان دەوێت ". رۆژی داهـاتو، کرێکارەکـان لـەلای ئۆتۆمبیلەکـە کۆبوونەوە ، منیش هاوارم کرد "چیتان دەوێت ؟ "، کرێکارەکـان بەیـەك دەنـگ"زیـادکردنی کرێـی کـار"... چیتان دەوێت" کـەم کردنـی سـەعاتی کـار "، پاشـان بڵاوەیـان لێکـرد. بـۆ رۆژی دوایـی، وەکـو هـەمو رۆژێکـی تـر لەگـەڵ کرێکارەکان بە ئۆتۆمبیلی کۆمپانیەکە بۆ سـەرکار چـووم، بـەڵام لـە بـەر دەرگاکـە دایانبەزانـدم و نەیانهێشـت بڕۆمـە ژوورەوە . پێیان ووتم " نـاوت لـە نـاو لیسـتە رەشـەکەدایە" ! . لـەو رۆژە بـەدواوە دەگـەڕام بـۆ تێگەیشـتن لـە هـۆ و ناوەرۆکی ئەو بەیانیە و بووم بە شوعی، چونکە بڕوام بە رەوایی داخوازیەکانیانم کرد ، بەڵام بەبێ ئـەوەی فـرم پێـوە هەبێت و قوڕ بە سەرمداکرا، ئەم هەموو پەتپەتی و نەگبەتییەم بە سەرهات تا ئاخرم بـەم شـێوەیەیە کـە دەیبیـنن ، ئەوەندە نەهاتە . هەی رەحمەت لە گۆڕی مردووەکانی کاکە ڕەشە ، ئەگەر ئـەو نەبوایـە، ئـەوا منـیش وەکـو شـوتور موخبار ، عەلی مرتەب ، کاول خەتاسـە، تایـەر خـوفێر و رفعـەش ئەفەنـدی دەمـردم ونـەدەبووم بـە ماسـیەك لـە نـاو ئەڵوەن !

لەو شارەدا گەمە و گاڵتە دەستی بالایان هەبوو، جا چییان بۆ دەمێنێتەوە. هەندێ لەو گەمانە ئەوەندە پڕ مانا بـوون ، مەگەر مرۆڤ لە زاری زانا گـەورەکان گـوێی لێبێـت ، کەچـی کرێکـارێکی ئاسـایی وەك ئەدهـەم بـاقی دەیـوت : سـێ مەسەلە هەیە قەد سەرناکەون ... نـە شـوعێکان دێنـە حـوکم ... نـە فەلەسـتین رزگـار دەبێـت ... نـە کوردسـتانیش دەبێتە دەوڵەت . رۆژێکشیان بە سەرخۆشی وتی: بەڕاستی حکومەتێکی کەرمان هەیە ! !

جەماعەت: یائەڵلا خێر ، ئەڕا دەمت ناگریت ؟

ئەدهەم: دەم جە بگرم باوە، حکومت یەك دنیا پارە دەدە تۆپ و تەیارە ئـەڕا ئـەوەی کـورد بکـوژد و کـوڕ عالەمەگـە بیەد وەکوشت ، ئەیە فرە خەرایەتیە !

جەماعەت : ئەڕا

ئەدهەم: ئەی قەتڵ عامە نێتواد، خۆ لەلای هەر جەوەڵیگ دەوڵ و زوڕنا بیەد لە لێ، کوردەگـان گشـتیان چـەگەگانیان فڕە دەن و وە هەڕا تێنە خوارەو و دەس کەنە هەڵپەرکێ، ئەو وەختەش حکومەت تواند وەبی خـوین ڕشـتن گشـتیان بگرد و دوایی یەك عفو عام بیەدو ئاو بار دەس بشور . ئاخر بیژ تایر یحیا و تایر خوفێر ئەی گەوادیە ئـەڕا چـەدانە ؟.

چایخانەکانی شارەکە گۆڕەپانی باسە بێ کۆتاییکان بوون ، لەوێوە پرۆژە و پرۆگرامی کودەتـا و نەخشـە کێشـان بـۆ تـوڕەکردن و گاڵتـە پێکـردن و رۆژ بردنـە سـەر و دەربڕینـی ئـازار و ئەشـکەنجەکانیان دەسـتی پێدەکرد ، نیمچـە تەمەڵخانەیەك بـو بـۆ خـۆی، بـە سـەعات خـەریکی شـەش بـێش... پێـنج جـەهار ... زارەکانیـان دەگـردە دەسـت و فویەکیان لێدەکرد و دەیانووت "یاشێخ عەبدولقادر خۆت و هیمەتت ، با دوو شەش باد ! " ... قاپی باغڵەمە ... کش مات... شاخ ... لەولاویشەوە یاری ئەزنیف بە چوارقۆڵی دەکرا ، توند دۆمینەکـەیان دەدا بەسـەر مێزەکـە... خـودا حەقمان بسەند !

ـ فەرەج گەواد دوو چای بار !

فەرەج : پۆخ یە ، مەوەڕن ...

بەگشتی پیاوەکان لێرە ژیانیان بەسەر دەبرد، ماڵەوە بۆ ژەمەکانی نانخواردن بوو لە گەڵ خەوتن ، بەکورتی چایخانەکان گۆڕەپانی ژیان بوو شان بە شانی کولە مەرگی کاری هەرزان. ئەو رۆژە، هۆشیار، بورهان ، ئیبراهیم مەدحەت ، تەحو ، ئیبراهیم حەسەن و برادەرەکانی تر، لە ناو چایخانەکەی ئەبو شوکور خەریکی گەمە وگاڵتە بوون . لەم کاتەدا عەرەبێکی خۆمانی بە دشداشە و عەگاڵەکەی بە بەردەمیاندا تێپەڕی. هۆشیار هاواریکرد: قاز گێڵدە ! ـ واتە ، قاز هات ـ بەو عەرەبانە دەوترا ، کە رژێم بە تەماح یا بە زۆرەملی بۆ شارەکەی هێنابوون ، یا راورووتکەربوون -

کاکی عەرەب لە شوێنەکەی خۆی ووشك وەستا، بە غەزەبێکەوە: کورە هەی داڵگ حیزەگان، وەقنەوکریایەگان، چەنی تر لەناودان بووم، هەتا وەمنیش نەیژن قاز، من کەی قازم ! موعێب عەلێکم ! !

کورگەل کردیان بە چەپڵە لێدان و فیکە کێشان : حلوە، زیاتر ، زیاتر . هۆشیار و ئیبراهیم قەنەفەیەکی چایخانەکەیان هەڵگرت وەك میکرەفۆن لێیان نزیك کردەوە : ئیسە ختاب بیە ، با عالەمەگە گشتی گوش لە قسەگاند بوود ...

مام عەرەب: ختاب چە بیەم ، ختاب کوسەگەی دایگدان بیەم ؟

تەحو: چەس ئەیە ، ئەڵلاە وئەکبر ، ئەڕا ئەی قسە خۆشانە !

بورهان : عەرەبانەگەد بکیش ، باوە گوی خواردین ، وازبار ، گەمەکردین ، ئەرا نێزانی ...

هۆشیار : جور عەرەبانتك یاولد .... مام عەرەبیش بە پێکەنین و سەربادانێکەوە ، رێگەکەی گرتەبەر .

کابرا نەناسەکەش ، وەکو شارەکە ، لەو ناوەراستەدا ببوو بە رادیوی چەند مەوج، لە ماڵەوەیان بە جافی قسەیان دەکرد، لە گەرەکەکەیان بە کەلهوڕی، لە مەکتەب بە عەرەبی دەیخوێند و شاکر فیلیش لەو لاوە دەهات و دەیووت" کۆپەك ئۆغلە، ئێمە فێری زمانی ئێوە بووینە و بە جافی لە گەڵتان قسە ئەکەین، تۆ بۆچی فێری تورکومانی نابیت ؟ " .

مەحمود مەسعود ( باوکی شاکر فیلی برای نەناس ) هەندێ جار بە عەرەبی قسەی دەکرد ، هەندێ جار بە تورکومانی ، وێنەیەکی خۆیشی بە عەگاڵێکی هاشمیەوە لە ماڵەوە هەڵواسیبوو . دەیانوت ئەمانە لەو هۆزەن کە دەڵێن ـ بۆ نموونە ـ " مەرتەك و مەرت مال ئانی ، راحەو للسەوزەلانی ، والگیا جای للزرانی " لە لایەکی ترەوە مەدحەتی حەماڵ و هاوسەرەکەی لەگەڵ نعمەتی کوڕیان لە ناو کۆڵاندا هاتوهاواری" چێشکەرۆ و چێشمەکەرۆ " بوون ، دەبوایە نەناس ئەمەش حاڵیبێت . بەیانیانیش بۆ ماست کڕین دەبوایە لە گەڵ سنجاوێکان قسە بکات ، بۆ قەیماغ کڕین دوو هەنگاو لەولای سنجاوێکانەوە لە گەڵ عەرەبەکان کە بە شێوە زمانێکی تازەداڕژراو قسەیان دەکرد ، بدوێت . لەوانەیە زمانەوانەکان هەتا ئەم کاتە ئەم شێوە زمانەیانە نەیاندۆزیبێتەوە(عەرەبی بازاڕی تێکەڵ بە کەلهوڕی و جافی) .

شان بەشانی ئەمانەیش، کە خزمانی بەغدا((دوو بەش بوون )) بۆ سەردان دەهاتن، بە کوردی قسەیان دەکرد ، بەڵام رۆحم بێت بە قوربانی ئەو زمانە کوردیە. ئەمەیان تێکەڵ بو لە عەرەبی و فەیلی"من وتم پێی، ئەڕا شارعەگە عەبر ئەکەی" ئەوانەی بەم شێوەیە قسەیاندەکرد ، پێکهاتبوون لە خزمانی (( باب الشیخ))، هەندێکیان نەیاندەزانی بەکوردیش قسە بکەن ، بە هەزار حاڵ نەختێ فێری زمانێك بووبوون ، گوایە زمانی کوردیە ! ! . بەشەکەی تریان ئێستاش نازانم کوردن، تورکومان، فارسن، هەندێکیان بە جافی تێکەڵ بە فەیلی و عەرەبی قسەیان دەکرد . زمانە کوردێکەی سەلیم تێکەڵبوو بە فەیلی و جافی لەگەڵ تورکومانی و عەرەبی، هەندێ جاریش بە تورکی ئەستەنبولی قسەیدەکرد ، خزمیشی لەوێ هەبوو. جارێکیان چووبوو بۆ سەردانیان ، کە گەڕایەوە ، بە شان و باڵی ئەتاتورکی

گۆڕبەگۆڕدا هەڵگوت. خانزادیش پێی دەوت"با بڕوات ، وڵلاهی سەلیم ئێرانیە ، خورما خواردی فیڕانییە. بە غەیبەت نەبێت ، کاتێك سەلیم بۆ ئەو شارە دەهات ، دەبوو بە کورد ، لە گەل عەرەبانیش ، دەبو بە عەرەب ، بەیناوبەینیش دەبوو بە تۆرانیەکی تۆخ ! .

ئەوەی قوڕەکەی هەر بەجارێك خەستکرد، ئەوە بوو، کە ماڵی ئەبو سوندوس بوبوون بە هاوسێ ،دانیشتوانی شاری بەدرەوجەسان بوون و خزمیان لە بەغداش هەبوو ، شێوەزمانەکەیان یەکەمجار پێکهاتبوو لە عەرەبی ، فارسی ، کوردی فەیلی. دایکی سوندس هاواریدەکرد : سوندوس، سوندوس بیا ئەنجا .. ولچ وێن صرتی .. گیسد بوڕن ، بەورەو. لە پاشاندا"خوا لێیان رازیبێت "شێوەزمانی شارەکەشیان تێهەڵکێشا ! ...کە منداڵێکیشیان بوو، لە خۆشەویستی ئەڵوەنەوە، ناویان لێنا (وەندە) ! . ئەڵوەن بوو بە ناو و ناز ناوی خەڵکەکە، وەك خۆشنووس مرشد یا نافع ئەڵوەنی ...

هەموو شتێکی ئەم شارە تێکەڵ و پێکەڵ بوو ، هەموو شتەکانی نێو ماڵە قوڕەکانی ، شەوە و خو و ڕەوشتی شەوە نەبێت ، مەرکەزی پۆلیسەکە نەبێت ، ساڵەهای ساڵە باوکی عادل نەیدەوێرا ، با بڵێم نەیدەویست بە بەردەمیدا تێپەڕێ ، دەیووت "روخساری پۆلیسەکانی بەر دەرگایەکە دەمترسێنن ، لە گیان لەبەرێکی نائاسایی دەچن ، نە لە ئەڵوەن دەچن ، نە ئەڵوەن لەوان دەچێت "

فەرەج پێیدەوت" برا ئەوە شاکرە ، شاکری خۆمان ، پێویست ناکات لێی بترسیت "

باوکی عادل "من لە شاکر زگ زل وئارەق خۆر و جرتکێش و روو بەپێکەنین ناترسم ، بەلآم کاتێك ئەو جلوبەرگە لەبەر دەکات، بە شاکری خۆی نامێنێت ، دەبێت بە دڕندە ، دەیکەن بە ئامێرێك لە ناو دەزگایەکی زلهێز نە سەری هەیە نە بن ، هەر هەموویان قورمیش دەکرێن .. راست ..چپ ..راست .. چپ ! " ...

ئەوەی راستی بێت ، هۆی تریش هەبوو ، کە وایکرد باوکی عادل لە بەردەم مەرکەزی پۆلیسەکەوە تێنەپەرێت ؛ قەرزاری مەهدی بوو، لە شەرماندا نەیدەویست رووی بە رووی بێتەوە ، پێش ئەوەی قەرزەکەی بداتەوە ...

ئەو تێکەڵ بوونە ، بە هونەر و شیعریش تێکەڵ بوو ، ئەو جارە کە خۆپیشاندانێك لە شارەکە رێکخرا ، ئەدهەم باقی خوای فشقیات و گەمە و گاڵتە ، چوو بە سەر تانکی ئاوە قوپاوەکەی تەنیشت دوکانەکەی ئەحمەد پاسکیلچی و بە دەنگێکی بەرز ئەم شیعرەی وت:

هەی ئەنگلیز نایم و نەعسان

أترید تصیر ملك العوربان

وەحق ئەلی جاب ئەلقورعان

ئانی فەقیر و سەرگەردان ! ...

لە وەتی هەیە، مرۆڤەکان تەنها یەك دایکیان هەبووە ، بەلآم لەو شارە وێران و بێکەسەیەدا، منداڵەکان دایکێکی زۆریان هەبوو، هەر منداڵێك بەلای کەمەوە سێ تا چوار دایکیان هەبوو. کابرای نەناس، بێجگە لە دایکە سەرکەش و نەترسەکەی، باجی شەفیقە، دایکی شاکر،باجی، میم حوسنی، رەعناش دایکی بوون - لە بەر کەم ئەقڵی و خەڵەفاویی نەناس، رەنگە لە بەر شەقی زەمانەش بێت ، ناوی چەندین دایکی تری لە بیر چوبووەوە. ئەمەیە نمەك حەرام - بە هەر حاڵ جارێکیان وتی" گەورەکان خولیای زێر وپوولن، منیش بۆ نان و باوەشەگەرمەکەی باجی شەفیقە ! ".

پاش بارکردنەکەی شەفیقە بۆ بەغدا ، ساڵانە بۆ سەردان دەهات، یەکەم جار بە پێکەنینەوە دەیوت" کۆپەك ئۆغڵە بەو ئەڕا ئەیرە"... دەیگرتە باوەش، ئەوجا بەسەریدا دەگریا ...

هەروا بێجگە لەخوشك و براكانی خۆی، برا و برادەرێكی زۆری هەبوو، هۆشیار، حەربی، عەبدولوەهاب ، كەنعان ، زەكی ، ئیبرایم ، شوكور ، عەبدو ، فوئاد ، مونیر ، مورشد ، وەلی، مەحەمەد و ئیسماعیل كەرەم عەلی. و خوشكان وەحیدە، رافیدە، سەمیرە، غەریبە. ئەم ناوانە و یادگارەكانیان، لەناو ماڵە قوڕەكانی ئەو كۆڵانە كۆنەیەدا و لە ناو بیرەوەرێكاندا بۆ هەمیشە ڕەگی داكوتاوە ..

ناوەڕاستی شەستەكان بوو ، ئاژانسی دەنگوباسەكان هەر باسی ڤێتنام و لاوس و كەمبۆدیایان دەكرد ، ڕۆژ نەبوو هەواڵی ئەم وڵاتانە پەخش نەكرێت ... نەناس لە سەر سەكۆكەی ماڵی مەحمود مەسعود ، لە تەنیشت كاك شوكورەوە راوەستابوو ، رادیوكەیان كرابووەوە"لە فێتنام .... لە لاوس ... كەمبودیا ..."

نەناس : كاك شوكور ئەوە چیە هەر باسی ئەو وڵاتانە دەكرێت؟

كاك شوكور : ئەمریكا وڵاتەكەیانی داگیركردووە، و شوعێكان لە دژیان شەڕ ئەكەن !

نەناس : ئەی هۆشی مینە كێیە ؟

كاك شوكور : ئەوە سەرۆكیانە ، پیاوێكی ئازایە .... !؟

شارەكە، شێواز و لایەنە لادێیەكەیی وونكرد، دوكانی سەڕافەكان، لە باتی ئەوەی بچن بۆ ناو بۆرسە جیهانێكانەوە، داخران"جا بە من چی؟". دوكانی توتن و دەبە فرۆشەكان داخران. نانەواكان كە زۆربەیان ئافرەت بوون وەك: میم خاتون، ژنەكەی ئەحمد كافر، دایك خەلی ، میم شەرەفە ، باجی شەفیقە، مەلیحە نانەوا، نازە نانەوا، جەواهیر نانەوا، میمگە زێڕی . ئەمانە سەرەرای نانە بەلەزەت و جوانەكانیان ، كارەكانیان لە دەستدا .

ئەم كار لە دەستدانە، پەیوەندی بە پروپاگەندیەكی نائاساییەوە هەبوو دەربارەی فرنێكی ئۆتۆماتیكی، گوایە لە نانی تەنور زۆر هەرزانتر و خۆشترە، لە سەعاتێكدا هەزار سەموون دروست ئەكات ! كاتێك كرایەوە، بەیانیان بە سەدان كەس ریزیان بۆ دەگر، دەبوایە كڕیارەكان یەك لە دوای یەك راوەستن، بە پێچەوانەی سەرەگرتن لە پێشی نانەواخانەكەی مەلیحەی دایكی حوسێن یا ناو بازار. لێرە خەڵكەكە بە تێكەڵی و بەگەلەكۆمەكی رادەوەستان، هەندی ناكەس بەچە خۆیان بە ئافرەت و كچ و منداڵەكانەوە دەنوساند ، شاگرد نانەواكان دەبوایە هەتا دەكرێت خێرا نانەكان ئامادە بكەن. هەندێ شاگردنانەوا بە بینینی ڕۆژە حەشرەكانی بەیانیان چاویان زیتەی دەكردو زەوقیان هەڵدەستا. هەرچەند دەیانوت"باوكم ، ئافرەتان بە جیا راوەست ، پیاوەكان بەجیا" بەلاّم هەر هاوار بوو، هیچی نەدەخایاند، سەرلەنوێ هەندێ لە پیاو و گەنجەكان خۆیان لە گەڵ ئافرەت و كچەكان تێكەڵ دەكرد، ڕۆژ نەبوو بەبێ شەڕ یا هەرا تێپەر بێت. ئەوەی جێگای سەرسورمان بوو، فرنە ئۆتۆماتیكیەكە ئەو نانەوایانەی پەك خست كە تەنها یەك تەنوریان هەبو، بەلاّم هێزی بەسەر ئەو نانەواخانانەدا نەشكا كە دوو سێ تەنوریان هەبوو، بۆیە نەیتوانی درێژە بە كارەكەی بدات و داخرا !

ئارایشتگاكان و كوتاڵفرۆشەكان كە زیاتر لە سەر كڕین و فرۆشتنی كالاّ و شمەكە قاچاخەكان راوەستابوون (حەمە شمێرانی نەبێت شتی قاچاخی نەدەفرۆشت و لە ناو دوكانەكەی دادەنیشت و هەر قورئانی دەخوێند). لە كۆتایی حەفتەكان خەڵكی لە بەغداوە، بەدەیان پاس و قەمەرە بۆ كڕینی شتی قاچاخ بۆ ئەو شارە دەهاتن ، لە پاشاندا باری قاچاخچێكان شڕ بوو . هەر لەم كاتەشدا چیتر برا سنجاوێكانمان نەبینی . دوكانی ئاسنگەرەكان ، كە داس و بێڵ و ناڵ و پەنجەرەو دەرگایان دروستدەكرد داخران. مرۆڤ دەیبینی ئەمانە چۆن پارچە ئاسنە بێكەڵكەكانیان دەكرد بە ئامێرێكی بەكەڵك، دوو كرێكار بە چەكوشی گەورە بە ئاسنە سووركراوەكەیاندا دەكێشا، لە گەرمان كراسەكانیان دادەكەند، چین چین ئارەقەیان دەكرد و بە سەر هەموو لەشیاندا دەهاتە خوارەوە ، بازویان بە قەد بازوی

پاڵەوانەکانی لێهاتبوو ، لە کاتی کارکردندا دەنگێکی سەیریان لێوە دەهات. هەندێ کەس هەبوون دەیانوت"راستە ئەمانە بە چەکوشەکە بە ئاسنەکەدا دەکێشن، بەڵام بە هێزی دەنگیان ئامێرەکان دروستدەکەن ".

کورتان دۆزەکان، خانەکەی سەیفوڵلا سیوڵی، چایخانە باریك و تاریکە بچکۆلانەکەی بیغلی، دوکانی دەباغەکان لە( تاریکە بازار) داخرا . حوسێن حەداد بێکارکرا ، لەو ماوەیەدا بوو بە ئارەقخۆر ، زۆری نەبرد بوو بە دەروێش ، سەری دەچوو بەڵام نوێژی نەدەچوو، بە غەیبەت نەبێت، دەیانوت لە پاڵ دەروێشێکەیدا هەتیوبازیشدەکات .

پاش ئەوەی شریف جەوادی دوکاندار، ماڵەکەی کرد بە تەکیەی کەسنەزانییەکان، بە غەیبەت نەبێت گوایە دەروێش و هەتیوبازە، لە دەروێشی وازی هێنا و پرچی تاشی، بوو بە باخەوان . شەریف ، ماکەرێکی سپی جوانی هەبوو ، هەمیشە لە دوایەوە دەڕۆیشت ، بە پێچەوانەی ئەو پیاوانەی کە سێ چوار مەتر لە پێش ژنەکانیانەوە دەڕۆیشتن. کەرەکە هەمیشە ماندوو دیاربوو و سەری لەخوارەوە بو، ئیتر... هەندێ گەنج شەوانە بە دزیەوە دەچوونە ماڵەکەی شەریف، جارێکیان هەستی پێکرد و خۆیی ماتەکرد ، هیچی نەمابوو دوو سێ کوڕی گەڕەك بگرێت. جارێکیان نزیکەی شەش گەنج بۆ نیوەڕۆکەی کەمینێکیان بۆ ماکەرەکەی نایەوە، چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد شەریف ئەفەندی لە باخەکە دەرچێت بۆ ئەوەی بە شەش نەفەری بێن بە زاوای . کەریم وتی: ئەوەندە کابرایەکی بە شەرەف بوو، ماکەرەکەی قەد بە تەنهایی بەجێ نەدەهێشت . خواوڕاسان هیوای جەماعەت هاتەدی و بە چەپڵە رێزان وگۆرانی : ((هەلهلە وێرن بۆینە ....دەستە گوڵ وێرن ئەلنە ....)) بۆ ناو باخەکە کەوتنە ڕێ. ئەکبەر یەکێك لە زاواکان بوو وتی: ماکەرەکەمان بەسەر پشت خست، فلان قاچی راستی گرت، فیسار قاچی چەپی ، دووانیش قاچەکانی دوواوەوەی ، ئەمجار بەنۆرە بە حەیرانی بووین ".

کاك حوسێن بوو بە کرێکاری بیناسازی، ئەم ومام شەریف لەگەڵ تاڵو شەقاوە زۆر کۆك بوون، بە غەیبەت نەبێت تاڵو دەروێش، هەتیوباز، ئارەقخۆر و شەلاتی بوو. ئەمانە توخونی عەباس نانەوا نەدەکەوتن، هەروا ئەمیش پێویستی بەوان نەمابو ، بەیانیان، پاش فرۆشتنی نانەکانی، دەیان سەربازی ئازای دەروازەی رۆژهەلاتی مسۆگەر دەکرد، پاشان کلاوەکەی دەهێنایە سەر ناوچەوانی ، بۆ سەرنج راکێشان دشداشەکەی بۆ سەرەوە دەبرد، بە ناو جادە گەورەکەی شارەکەدا دەڕۆیشت. لە بەرچاوی هەموو خەڵکەکە، بە قن بادان و بە لەنجەولار، دەم بە پێکەنین و گۆرانی وتن دەگەڕایەوە ماڵەوە. بە ئاشکرایی باسی گاندانەکانی خۆی دەکرد، بە باڵای فلانە سەرباز و فیسارە رەئیس عورەفایدا هەڵدەگوت، زۆر بە لۆگیگ وەڵامی قسە و سوکایەتی پێکردنەکانی خەڵکی دەدایەوە ، پێیان دەوت " عەباس بۆچی گان ئەدەی ؟". ئەمیش زۆر بە هێمنی دەیوت " وەتوو چ ؟ باوگمی؟ برامی؟ ووتمە بەو تووش قن بییە؟ زەرەریگم هەس ئەڕاد؟... کوڕم " مەی بخور ... منبەر بسوزن ...بچو گان بیە ، مەردم ئازاری نەکنید"... ئەگەر حەز کەید توش بچو بییە، بەڵام نان مِن نەوڕید" یا دەیووت وەڵڵا ئەگەر مِن نەووم جوندێگان خوشك و دایگدان گان، شارەگەمان کەنە قەحپەخانە ، هەر منم موحافەزەی شەرفدان کردمە ..." کە تووڕەیش دەبوو لە هەندێ زەلام، دەیوت من ئەگەر خودا یارم بوود، دوو سێ جوندی بەدبەخت سوار خۆم کەم، لکن ئیوە صەدام شەو و روژ خۆدان و دایگ و خۆشگدان گاد، وەختی من دوینن خۆدان وەگیان من کەنە شەریف! . وەڵڵا هەر صەدام و دوو گەوادەگەی تر ئەڕا ئیوە خاسن"

کاك حەسەن وتی: ئەگەر هەڵبژاردنی ئازاد بکرێت، من عەباس هەڵدەبژێرم ، هیچ نەبێت خوێن رێژ نیە، شت و مەك ئاودیو ناکات. برا ئەگەر ئەڵتەرناتیف نەبێت، ئەوا ئەم زۆر لەوان باشترە !

قادر: بکە رێی خوا ئاخر نەك عەبوسی !

نەناس : جا بۆ نە؟ چ زەرەرێکی بۆ خەڵك هەبووە؟ ئەیدا نایدا بە قیر، بە من و تۆ چی؟

فازیل: ئەگەر وێنەیەكی عەباسم دەست بكەوێت، گەورەی دەكەم و لە ژوور سەرم هەڵی دەواسم !
عادل: بۆ پێشەوە پێشمان كەوە عەباسە
گەورەی ئێمەی، تۆمان هەبێ بەسمانە
یش زۆر بە هێمنی دەیوت"وەتوو چە ؟ باوگمی؟ برامی ؟ ووتمە بەو تـووش قـن بییـە؟ زەرەریگـم هـەس ئـەڕاد ؟ ... كوڕم" مەی بخور... منبەر بسوزن ...بچو گان بیە، مەردم ئازاری نەكنید " ... ئەگـەر حـەز كەیـد تـوش بچـو بییـە، بەڵام نان من نەوڕید"یـا دەیـووت" وەڵـلا ئەگـەر مـن نـەووم جونـدێگان خوشـك و دایگـدان گـان ، شـارەگەمان كەنـە قەحپەخانە ، هەر منم موحافەزەی شەرفدان كردمە... " كە توڕەیش دەبوو لـە هەنـدێ زەلام ، دەیـوت "مـن ئەگـەر خودا یارم بوود، دوو سێ جوندی بەدبەخت سوار خۆم كەم، لكن ئیوە صەدام شەو و روژ خۆدان و دایگ و خۆشـگدان گاد ، وەختی من دوینن خۆدان وەگیان من كەنە شەریف! . وەڵلا هەر صەدام و دوو گەوادەگەی تر ئەڕا ئیوە خاس "
كاك حەسەن وتی: ئەگەر هەڵبژاردنی ئازاد بكرێت ، من عەباس هەڵدەبژێرم ، هیچ نەبێت خوێن رێـژ نیـە، شـت و مـەك ئاودیو ناكات. برا ئەگەر ئەڵتەرناتیڤ نەبێت ، ئەوا ئەم زۆر لەوان باشترە !
قادر : بكە رێی خوا ئاخر نەك عەبوسی !
نەناس: جا بۆ نە؟ چ زەرەرێكی بۆ خەڵك هەبووە ؟ ئەیدا نایدا بە قیر، بە من و تۆ چی ؟
فازیل: ئەگەر وێنەیەكی عەباسم دەست بكەوێت، گەورەی دەكەم و لەژوور سەرم هەڵی دەواسم!
عادل: بۆ پێشەوە پێشمان كەوە عەباسە
گەورەی ئێمەی، تۆمان هەبێ بەسمانە
( ئەوا دەبێتە هەرا ، وەلید بەهەرایەكەوە وتی: جەماعەت وەخودا عەباس فرە لە صەدام و ـ اڵخوە الاعداو ـ خاسترە : عەبوسی ... سە ... رۆك... مانە ... عەبووسی ... سە ... رۆك ... مانە ...)
هەندێ جار بۆیان پێوە دەنا " عەباس ئیمڕوو وەل دوو زیل عەسكەری مەوعدی هەس ". جا دوو زیل چییە؟ زەلامـی وا هەیە لە بەر چاوی هەموو دونیا دوو فەیلەقی سەربازی مێوانـداری دەكـات . یەكـەم جـار سـواری خۆیـانی دەكـات پاشان دەكەوێتە پێشیان و ماڵ بە ماڵ سواری یەك بە یـەكی خـەڵكی شـارێكی كـەورە دەكـات ... ئـەو رۆژە فرمـانی شـایی و زەماوەنـد درا ، لەسـەر هـەر كۆڵانێكـدا دەهـۆڵ و زوڕنایـەكیان دامەزرانـد ... ئـەو رۆژە بـە رۆژی ئـازادی و سەركەوتن ناو برا. كاكە عەباس ، وانەزانی تەنها هەر ئەو جارە ئەو دوو فەیلەقەیانە مێوانداری كردووە ، نەخێر ئـەوە پیشەیانە . جارەكەی پێشوو پەنجا هەزار جەندرمەیان مێوانداری كردبوو . كاكە عەباس، خۆشی ئەو رۆژە هەر تـەواو نابێت ، كورە بێ قەزا بیت، بە دەرپێی دایك و خوشكەكانمان چۆپییان دەگرد ... ئەوانە ، ئەوەی پێیدەڵێن شەرەف نەیانماوە، ناوی تۆیان بە جارێ سریوەتەوە ... ئەرێ ، هیچ نەماوە تەنها بازرگانی بە خوێن، بـە وشـە، بـە نـان، بـە كارەبا، بەخاك، بە دەرپێی ئافرەتەكان و بە هەموو شتێك ... كە پێیان ووترا بۆچی وا دەكەن ؟
سووك و ئاسان وتیان: تەك...تی...كە ... تەكتیك، مرۆڤ بۆ ئەوەی سەركەوتن بە دەست بهێنێت دەبێ زۆر نەترسانە هەموو گەڵ بە گاندانین بدات ... كەسانی سادە وەكو ئێوە لە سیاسەت تێناگەن ، هێشتا بۆنی شـیرتان لـە دەم دێت ... فەرموون ، سەربازێك لەم ناوە دەبینن ؟؟ ئەی چۆن سیاسەت زیرەكی دەوێت ...
عەباس تۆیش دەبێ لەوانەوە فێری تەكتیك بیت ... ئەوانە مامۆستا گەورەی تۆن ... پیاوی دانایان تێدایە ؛ دكتۆر و ئەندازیار، رۆشنبیر و پارێزەر ، تەنانەت شارەزای سۆسیولۆگیشیان لە گەڵە، نـاوی هـەموو شـەراب و ئـارەق و جن و مەجونیان لەبەركردووە ، بەبێ ئەوەی تەماشای كتێب بكەن یا قۆپیە بكەن ... گوێیان لێبگـرە عـەباس ، لێیـان فێـر ببە ... عەباس نانەوا كەسانی وا هەن یەك ناوچەی پان و بەرین بۆ مەلاكان سیغە دەكەن، ببورە نەك تەنها مەلاكان ،

بەڵکو شاخنەکانی ئەو خوارەیش، کردویانە بە نۆرە ، هەر جارێك لایەنێك دەهێنن ... کاکە عەباس هەر جارێك لایەنێك، هەر ئەڵێی( مەلهای ليالي الحمراء) یە هەموو کەسێك بۆی هەیە بێتە ژوورەوە.( شەعارە گەورەکەش) وەکو کەردەجاڵ بە هۆنراوە و چەقەنە لێدان و بادانەوە جاڕیان بۆ دەدات ... بە هەر حاڵ ئەوەی عەباس پێش سیی ساڵ دەیکرد، ئێستاش بە هەموو حیزەکانی ئەوروپا ناکرێت ، بەڵام ئەوەی مامۆستاکانی عەباس کردیان و دەیکەن، لە هەموو دنیا دەگمەنە ...

کەریمە وتی : جارێکیان شوعێکانیان دەسگیردەکرد ، لە هەمان کاتدا عەباس لە سەر حیزایەتێکەی دەسگیرکرا، پۆلیسەکان کەلەپچەیان کردبوو ، بەرەو مەرکەز دەیانبرد . لە سەر رێگا خەڵکەکە پرسیاریان لێکرد"عەباس ئەوە خێر ؟. لە وەڵامدا دەستی هەڵبڕی و بە دەنگێکی زوڵاڵ وتی: ئەیەش لە سەر حزب الشيوعي.

هۆشیار وتی: جارێکیان وا رێکەوت، خۆپێشاندانێك لەشار رێکخرا، عەباسیش بەشداری تێداکردبوو . چەند کەسێك ئەمەیان پێقبوڵ نەبوو، داوایان لە عەباس کرد، لە ریزی خۆپێشاندەرەکان بچێتە دەرەوە ، ئەویش بەمە زۆر سەخڵەت بوو، ووتی" قابيلە هەر من حيزم، ئيسە وە کلگ حيزەکان تر دەسنيشان بکەم ؟ ".

هەر لەم سەردەمەدا بوو، خانی عەرەبانچێکان کە جاران بنکەیەکی عوسمانێکان بو ، روخێنرا و ناچار بوون لە دەرەوەی شار ، لە تەنیشت باخەکەی ماڵی خەلیل واشە دەوار هەڵبدەن و لە پاشاندا چەند ژوورێکیان لە قوڕ درووست کرد و درێژەیان بە کارەکانیان دا. بەڵام زۆری نەخایاند ، ئەمانیش کارەکانیان لە دەستدا ، مسی عەرەبانچیش بێکار کرا . بە هۆی دامەزراندنی یانەی فەرمانبەرانەوە، مەیخانە کۆنەکەی شارەکە و دوکانی ئارەق فرۆشێکەی لویس مەی فرۆش کاریان کزبووەوە، لویس بە خێزانەکەیەوە بەرەو ئەمریکا کۆچیان کرد، خانەکەی باوکی فوئاد ، دوکانی بەرگدرووی کەواو سەڵتە و مۆدێلە کۆنەکان داخران، بەرگدووری نوێ هاتنە ناو بازاڕ . خانەکەی مەحە قەساو و ناوخاسیش داخران . ناوخاس بوو بە ئەلکوهولیکە. تۆزباقە بوو بە ناتر لە گەرماوەکانی شارەکە بۆ ئەوەی، بە پلەی یەکەم ، پارەی شووشە زەحلەکەی مسۆگەر بکات . پانتۆل وکراسە قۆڵ کورتە شڕەکەی وێنەی قوربانیەکی هاوچەرخی پێشاندەدا، تەمەنی لە چلەکان بوو، بەڵام هێشتا خێزانی دروست نەکردبوو، زۆر بە ئاسایی لە پاڵ دەڕابەی دوکانێکی داخراودا دادەنیشت و شووشە ئارەقەکەی بەدەستەوە دەگرت ، وەکو پاشای پاشاکان، بەبێ ئەوەی هیچ نرخێك بۆ قسەڵۆك و شەرفرۆشتنی هاتوچووکەرەکان دابنێت ؛ هێمنانە ئارەقەکەی نۆشدەکرد . بارودۆخی ژیانی فەخو زۆر لە ئەو کارەساتربوو ، لە بەر فێگرتنەکەی لە کاتی سەرخۆشبوونیدا ، تووشی چەندین جۆر برین دەبوو، بەتایبەتی لەسەر دەم و چاوی، بۆ نەگبەتی دەستێکیشی گۆج بوو. قوڕ بە سەر ئەوەی شەری بە فەخو دەفرۆشت، چونکە دەرپێی دایکی ئەو کەسەی دەکرد بە ئاڵا و بە ئارەزووی خۆی شنە و بای پێدەکرد .

ئەم مرۆڤانە پاڵەوانی بێهیوایی بوون، سەرەرای ئەوەش درێژەیان بە ژیان دەدا، لە ناخەوە پێدەکەنین، جمێنیان بە ئاسمان و ئەوەی تێدایە دەدا ، بەکوڵ دەگریان، بێ ئەوەی باوەشێکی گەرم ، باوەشێکی ناز بیانگرێتە خۆی ، بەڵام لە تەنگانەدا یارمەتی دەدران. ئەوەی جێگای سەرنج بێت ، ئەگەر کەسێك ماڵئاوایی لە ژیان بکردایە، هەر ئەم کەسایەتیانە بوون، لە پێشی پێشەوە فریای تاتەشۆر و تابووت دەکەوتن یا قولنگ و بێڵیان هەڵدەگرت و دەچوون بۆ گۆرستان بۆ گۆڕ هەڵکەندن ...!

ئەمانە و دەست و دایەرەی عادل کەموتەرباز وکەمال، یا دەست و دایەرەکەی مەلا تەقی ئێواران بە کۆمەڵ ، بۆ سەر چەمی ئەلوەن دەچوون. کە سەرخۆشدەبوون ، دەنگیان بە قۆریات و مەقام و بەستە بۆ خۆشەویستەکانیان،

بۆکارەساتی نامۆبوونیان و شەقی زەمانە بەرزدەکردەوە، تەنها کەمال نەبێت، ئەم تەنها بە قورئان خوێندنەکەی عەبدولباست عەبدولسەمەد سەرخۆش دەبوو.

ئەم دەنگ بەرزکردنەوەیە دەبوو بە هۆی بێزاربوونی مەلا محێدین ، بەلاّم بەبێ ئەوەی دلّشکاندن و تۆراندن بێتە ئاراوە . هەروا مەلا محێدین خۆیشی بە قەڕابە دەیخواردەوە، بە خواردنەوە، ئەوەندەی تر بێدەنگ دەبوو و لە ناو پێکە شەرابەکەیدا دەتوایەوە . مەلاکەمان زۆر خەریکی بەزم و ڕەزمی"ئەوەت لەکوێ دەستکەوتووە ! " بوو، بەدەم ڕاوە ماسێکەیەوە مێشکی بۆ دونیای شیعر و هونەر و ئەوانی تر دەچوو ، بە دەگمەن ماسی پێ ڕاو دەکرا. لە هەمان کاتدا ڕاوە ماسێکەی، جۆرە ڕاکردنێك بوو لە باروودۆخە نائارامەکەی مالّەوەی .

" ئەلّوەنە شێتەی رووح، ئەلّوەنی باوان" بە شەپۆلە هێمن و ماندووەکەی هاوینی، بەشداری خەم و پەژارەیانی دەکرد. سالّەهایە لە ناو دلّی خۆیدا جێگایان بۆ دەکاتەوە ، نەك تەنها بۆ دانیشتن ، بەلّکو بگرە لە ناوەراستەکەیدا کەپریان دادەمەزراند، تەماتە وخیار و لۆبیەیان دەچاند، بۆ مەزەکانیان بەکاریان دەهێنان و بۆ ئەوەی پاشان بە زگی برسیەوە نەخەون . سالّەهایە گوێ لە فشقیات و ژان و ئاخ و ئۆفیان دەگرێ، سالّەهایە شەونەخونیان لە گەلّ دەکێشێ، وا لە یەك راهاتوون و جێگای متمانەی یەکترن ، کە بەبێ یەکتر ژیانیان مەحالّە . لە دایکیان باشتر دەیانناسێ! هیچ دوور نیە ئەلّوەن بەبێ ئەوان ووشك بکات ! .

دەلّێن ئەلّوەن لەداخاندا باریك بۆتەوە . هەندێ کەس دەلّێن" لە بەر ئەوەی شەوە، لەم بیست سالّەی دواییەدا ، بە زۆرەملی دانیشتوانی شارەکەی بۆ ئێران، رەمادی ، ناسریە وکەلار شاربەدەر کردووە". هەندێکیش دەلّێن" گوایە لەبەر ئەوەی ، ماسیەکانی رێگای کۆچکردنیان گرتۆتە بەر" .

لە وەتەی ئەلّوەن، ئەلّوەن ، رۆژگارێکی وا ڕەشی بەخۆیەوە نەبینیووە. ئاخر لە چ زەمانێکدا ماسیەکانی کۆچیان کردووە؟ بۆیە ئێستا وەکو تەتەرەکانی حەقە، نیوەی ئەلّوەن بەدوای ماسیەکانی عەودالّ بووە .

حەمید کەشکول و ئازا حەمە ئەمین وتیان"ئەو رۆژە لە مالّمۆ، ماسی راوکەرە سوێدیەکان هەوالّێکی سەیریان بلاّوکردوەتەوە ،گوایە شەپۆلێکی بچکۆلانەیان بینیووە، بەحالّ هێزی تیاماوە ، وەکو مرۆڤ نوزەی کردووە، بە هەناسە سواریەکەوە ویستوویەتی پرسیار بکات ، بەلاّم ئەوەندە ماندوو بووە، خەوی لێکەوتووە. بۆ شەوەکەی هەردووکیان خەویان بە ئەلّوەنەوە بینیووە .

حەمید وتی : لە خەوما ، لە گەل وەلی چوومەتە سەر چەم ، لەو کاتەی وەلی باسی عاشقبازێکانی کردووە ، ماسیەك خۆی هەلّداوە و دەمووچاوی وەلی شەرەفەی تەڕکردووە . پسام لە پێکەنین و لە خەو بێداربوومەوە . بەو شەوە حەزم کرد پیاسەیەکی سەر دەریاکە بکەم ! کاتێك گەیشتمە ئەوێ ، دەبینم هەمان ماسی ، بە هەمان گەورەیی ، سەدان جار خۆی بۆ دەرەوە هەلّدەدات ، لە هەمان کاتدا ، دەنگێکی سەیر بەرزدەبووەوە و دەیوت: بێرۆ ، کورم بێرۆ .

حەمید : بۆ کوێ

دەنگ : بۆ کەنارەکەم ، لە حەیبەتی ئێوە وا وشك دەبمەوە ! ئەی نەهات !

حەمید : کەنارەکەت لە ناو هەناومە ، من ئەلّوەنم ، تۆ کێی ؟

دەنگ : من هەناوتم ، دێوانەی رەنگ و بۆ و ئاوازتم ، بێرۆ ...

حەمید : بێرۆ ... بێرۆ ... چین چین ئارەقەم دەکرد ، زەمین منی بە خۆیەوە نەدەگرت . بە مەلولی بەرەو تاقە ژوورەکەم گەڕامەوە .

ئەوە ژووره یا گۆڕێکی پێش وەخت ؟ ئاخر کێ بەتاقی تەنها لە ناو یەك ژوور دەژیا ؟؟ بۆچی بۆ هەر کەسێك ژوورێك تەرخان کراوە ، تەنانەت هاوسێ ، هاوسێ مالّی خۆی ناناسێت ؟ بۆچی بەتەنهایی دەژێن و بۆ ئەوەی هەست بە تەنهایی نەکەن سەرو سەگێك یا پشیلەیەك بە خێو دەکەن، بۆ لای سەرتاش دەیانبەن، تەنانەت گۆرستانیان بۆ تەرخان کردووە "مەسرەفی بە خێوکردنیان بەقەد مەسرەفی ئەو یارمەتیە کۆمەلاّیەتیانەیە کە بە هەژارەکان و بێکارەکان دەدرێت ! ! مرۆڤ لە باوەشی ئەلۆەن لە ناو خێزانی گەورە پێدەگات و بەبەردەوام لە گەلّ یەکترن، پێکەوە نان دەخۆن. سەرەرای هەموو کارەساتەکان بەدەگمەن هەست بە تەنهایی دەکەن و بەبەردەوام سەرقالّن! ئەوەی پیر بێت لە خانەی پەککەوتۆکاندا بە بێ کەسی مالّئاوایی ناکات. بەراستی من نازانم چی روویداوە ! هەندێ کەس دەلّێن" ئەو بارودۆخە پەیوەندی بە ئاووهەوای ساردی ئێرەوەوە هەیە "

نەناس : ئەی باشە لەوێشدا بەفرێکی زۆر دەبارێت و زۆریش سارد، کە چی پەیوەندیە کۆمەلاّیەتێکان بەو شێوەیە نیە کە تۆ باسە دەکەی! . لەوێش مرۆڤ هەست بەتەنهایی دەکات بەلاّم بە شێوەیەکی تر، ئائا بە شێوەیەکی تر. هەموو دەورو بەری مرۆڤ ئاگرە و بە تەنهایی ئابلوقە دراوە ، بۆ هەرکوێ دەروات هەر نامۆیە و هەر هەرەس . ئەم جۆرە ژیانە شایەنی پیرۆزی و جوانی مرۆڤ نیە !

حەمید : من نازانم ، هەیە دەلّێن " لە ژێر زەبری خۆپەرەستی و ئاستی ئابووریان ئەم جۆرە پەیوەندیانە هاتۆتە ئاراوە . ئەمانە خۆیانیش لە ژێر سامناکی تەنهایی و نەبوونی گەرمایی خۆر دەنالێنن ! هەندێ جار لە تەلەفزیون مرۆڤ بە چاوی پڕ فرمێسکەوە پێشان دەدەن، پرسیاریان لێدەکەن " بۆچی دەگرین ؟ " لە وەلاّمدا دەلّێن " کەس نیە لە گەلّماندا قسە بکات ...

شەمسەدین : دە واز بار ، ئەڕا دلّمان کەیدە کەباب ، دلّمان فرە خۆشە ! .

ئازاد: ئەو شەوە لە خەوما ، من وئەلۆەن لە سەر رێگای قۆتابخانەی دواناوەندی کچان پیاسەمان دەکرد . لە گەڕەکی پاشا کۆپری ، مەحەمەد کەرەممان بینی ، پێکەوە لەوێ راوەستاین ، لە ولاوە شاهین کۆر هات ، لە لامان ڕاوەستا ، لەوە دەچوو زۆر ماندوو بێت .

مەحەمەد : ئەمڕۆ چەند بەرمیلت بۆ سەر ئۆتومبیلەکان سەرخست ؟

شاهین : چل و حەفت بەرمیل !

ئازاد : جەماعەت ، ئەزانن موفاوەزاتە ؟

ئەلۆەن : موفاوەزاتی چی ؟

ئازاد : گەوادەکەی سان پاولّی و شەوە !

شاهین : ئاخر ئەفەندی ،کەس نەدیدەو ، صەدام قندەر نەود ؟

ئەلۆەن : هەتەر و مەتەر ، یەك لە یەك بەتەر !

مەحەمەد : عەبدولە هات ، حەول ! !

ئازاد : وا پۆلە ئاسکەکان هاتن . هەموو رۆژەکە چاوەروانی ئەم ساتە دەکەین !

ئەلۆەن : کوڕم منیش چاوەروانی کوێری کردم ، دەبێرەوە !

ئازاد : تۆ کێی ؟

ئەلۆەن : هەموو کاتەکە پێکەوەین ، کەچی تازە بە تازە پێم دەلّێی تۆ کێی ! من ئەلۆەنەکەتم . کوڕەکەی حەمەمین ، تۆ وات لێهاتووە ، دەنگم نەناسیتەوە ؟ هەی شەوە بمانباتەوە ...

ئازاد : شەوە ! بەدەمیەوە بێداربووم ، دەبینم رووەمەتم تـەرە ... زۆری نـەبرد ، درا لـە زەنگـی دەرگاکـە ... حەمیـد خۆی کرد بە ژووردا ... بۆنی ئەڵوەن ئەو ناوەی گردەوە، ئێمەش لەناو بێدەنگیدا حەپەسـابووین ، نەمانـدەزانی ئـەو رۆژە چۆن بەسەر چوو ...

شارەکە، شاری دایکانە ! دایکێك وەك فەخاو، سمبۆلی موقاوەمەتی ئافرەتان، جارێکیان بـە نەعلەکـەی لـە قایمقـامی شارەکەی دا ! . دایکە خازە، چونکێ ئافرەتێکی یاخی بووە ، ئەڵوەن حـەزی لـە هاوسـایەتی کردبـوو . ئـەم ئافرەتـە ملی حەمەمینی بەگزادەی جافی بە سەر ئەسپەکەیەوە لارکـردەوە. سـیما وت" ئـەم بەگزادانـە، ئەوەنـدە خـوێری و خوێری بەچەن، لە ماڵی قازی فەرەج شەویان کردۆتەوە، بۆ بەیانێکەی بە سواری ئەسپەوە، قامچیان داوە بە ئـەرزدا و داوای سەرکارانەیان لێکردوو. هەر خەریکی راورووتکردن بوون، کەچی خۆیان بە پیاو ماقولێ دەزانـن ! . دەڵـێن لـەو رۆژەوە منداڵەکان گۆرانی :

حەمەمین بەگ ... سواری سەگ ...

سەگ هەڵپەڕی ... حەمەمین بەگ تڕی ... ! ، دەلێن .

هۆشیاری ئەڵوەنزادە وتی " لە مارەیی دایکم واز ئەهێنم ، بەڵام لە دانە گـەنم و جـۆ دزراوەکـان واز نـاهێنم ، دەبـێ ( ئەو بەدزادانە ) نرخی دانە بە دانەیان بۆ خەڵکەکە بگەڕێننەوە، وەکو سەگێکی خوێری بە ناو دێهاتەکان بیـان گێـڕن و لە جووتیارەکان و نەوەکانیان داوای لێبوردن بکەن " !

خوشکە سوها ، خەتەرناکترین کاری نهێنی حزبێکـی قەدەغـەکراوی دەکـرد، نامـە نهێنێکـانی نێـوان رۆژهـەڵگرەکانی بەمۆ و هەمیارەکانیانی دەهێنا و دەبرد .

شارەکە دایکێکی هەژار و نەخۆشی وەك جوانی هەبوو ، بۆ ئەوەی منداڵـەکانی بـەخێو بکـات و بتـوانن بـۆ قوتابخانـە بڕۆن ، ناچاری سۆزانێتی بوو ، منداڵەکانی نموونەی ڕەوشت بەرزی و سالاری بوون .

نەناس هەموو جارێك هەناسەی ساردی بۆ جوان هەڵدەکێشا و دەیوت: جوانی جوانـەکان وەکـوو هـەر دایکێکـی تـری شارەکە بوو ...ئۆ جوان خـان ، سـوێند بـە تـۆ، بـە هەژارییەکـەت، بـە سـۆز و میهرەبانییەکـەت ،بـە کـراس و نەعلـە شڕەکەت . شەرەف و ناو وکەرامەتی تۆ زۆر لە شەرەفی سەرتاپای شێخ، ئەفەنـدی ،مـەلا ،ئاغـا، سـەید و بەگـەکان، پیاوە ماقوڵەکان و ئەوانەی وا خۆیان بە شەریفی مەکە دادەنا ،گەورەتر و بەرز و بەرێزترن .

ئەوانەی جوانیان زەوتدەکرد دەیانوت " باشە زۆر هەرزانە ، بە روبعە دینارێك سواری ئەبیت ، بە سـەد فلسـیش رازی دەبێت " - بۆ کەرە ، ئەسپە ، ماینە ، سەیارەیە سواری بن ؟؟ - . ئەمانە نەیاندەویست لەو راستییە تـێ بگـەن ، کـە جوان دایکیانە ، بە خوێن و گۆشت و رۆح دایەیانە ، دایکێکی زۆر ئاسایی ، ئـەوە نـەبێت نـەختێك لاواز و بیمـار و بـێ دەنگ . رێك بە پێچـەوانەی وەهیبـە، ئـەوەی " سـواری دەبـوو " پێـدەوت : گـەواد تەواوبـە و بـەتف و نەعلـەت لـە ماڵەکەی دەری دەکرد .

جوان بە رەنگ و بۆوە دایکێکی ئەڵوەنییە، ئەڵونیەکی زێبا ... زۆر زێبا ...کەچی ئـەو پیـاوە بـێ ناموسـانە لـە گـەڵ دایکی خۆیان دەنووستن ، لەگەڵ جوان ... بـەڵێ لـە گـەڵ جـوانی دایکیـان ، ئـەوە نـەبێت بـە پارەیـەکی هـەرزانتر ، پاشانیش شانازیان پێوە دەکرد ! ئـۆ جـوانی بـاوان ، قـوڕاوی پێڵاوەکـەت لـە گـۆڕی کـوڕە بـە ناوبانگەکـەی خێڵـی قورەیش پیرۆزترە ...

محێدین وتی " هیچ یاسا و دیسپلینێکی ئەڵوەنی نیە بۆ ناچارکردنی دایکێك بە کاری سۆزانچێتی " !

بەمۆ وتی : ئەوانەی بەم کارە هەڵدەستن ، ئۆدیبێکن بۆ خۆیان . ئۆدیب نەیدەزانی چ کارێکی سامناکی کردووە ، کـە پـێ زانـی ، چـاوی خـۆی هـەڵکۆڵی و لـە دەشـتەکاندا بـوو بـە خـۆراکی دڕنـدەکان ، بـەڵام ئەمانـە دایکـی خۆیانیـان

زەوتدەکرد و پاشان سمێڵیان بادەدا . هەر بەراست کەسانی دایك خۆگێن ، تاوڵە و دومینـەیان دەکرد و بەدەمیـەوە باسی شەرەفیان دەکرد ، خۆشیان بە قارەمان دادەنا . ئەرێ ، ئەمانە هەموو شتێکیان هەبوو شەرەف نەبێت !

زەکی وتی : خوشکی هەر یەکێك لە ئەوانەی باسی شەرەف و ناموس دەکەن گـەنجێکی خۆشـدەوێت ، ئـیتر هـەر لـە ماچ و مووچ بگرە هەتا هەلی لە دواوە"سوار" بوون، چونکە هەموو کەس ترسێکی بێ ئامانیان هەبوو لەوەی کچـەکان پەردەکانیان لە دەست بدەن . راستیەکەی وا بوو ، هیچ دەرگایـەکی ئاسـنینیش نـەی دەتـوانی رێگـەیان لێبگرێـت . ئەگەر ئەو پیاوانە بەزەبر ئەوەشیان پێکرابێت ، ئەوا با دڵنیا بن لـەوەی کـە خوشـکەکانیان ناچـار کـردووە دەسـپەڕ لێبدەن وخەو بە  تواندنەوە لە گەڵ سواری خەونەکانیانەوە ببینن . کە دەبوو بە باسی شـەرەف ، دەیـانوت" ئەگـەر خوشکەکەم شتی وا بکات سەری دەبڕم " ، ئەمەش فشە بوو ، چونکە هیچ کچێك سەر نەبردرا! ! ! ..."بەرێزەکان " ئەگەر سۆزانی بە کارێکی نابەجێ و شەرم ئـاوەر و سـووك دەزانـن ، هۆگارەکـانی لـە نـاو بـدەن، رێبـەن ، رێبـەن بـا خۆشەویستی وەك ئەڵوەن رێگـای خـۆی بگرێتـە بـەر ... رێگـا بـۆ قـەد و بـاڵای بـەرزی راسـتێکان ئاوەڵـە بکـەن ... گەورەکان ! بە بێژنگ رێگای رۆژ ناگیرێت ... با ئۆخەیەك بکرێت !

شارەکە دایکی بە غیرەت و ئـازای وەك دایکـی یحیـا و خـانزادی هـەبوو ، بـە کولەمـەرگی سـەر و حـەوت منـداڵیان بەخێوکرد . هەرچەندە لە جوانی ، زۆرجوانبوون و هەموو پیاوێك خۆزگەی بۆ دەخواستن ، بەڵام وەکو نیشانەیەك بـۆ خۆشەویستی و وەفاداری بۆ مێردەکانیان ، سوێندیان خواردبوو جارێکیتر مێرد نەکەنەوە !

شاری دایکە نەرمینە ، ئەو ئێوارەیە بەردی خستە ناو مەنجەڵێکی ئاو وجوان سەری نایەوە و بـە منداڵـە برسـیەکانی وت " ئێوە نەختێك بخەون ، کـە پەتاتەکـە پێگەیشـت ، بێـدارتان دەکەمـەوە " . کـە منداڵـەکان خـەویان لێکـەوت ، دایکەکەم هۆن هۆن بۆ منداڵە برسیەکانی فرمێسکی دەرشت ، ئەو منداڵانـە کـە بـەو شـێوە دڵتەزێنـە گـەورە بـوون ، یەکێکیان بە دەستی خۆشەویستەکانی خۆیەوە دەسرێژی لێکرا . ئەگەر ئـەوەی بەسـەر نـەهاتبا ، بـۆ رۆژی داهـاتوو دەچووە ریزیانەوە ! یەکێکیان بۆ ئەوەی نەکوژرێت و لە جەنگ بەشداری نەکات ، نارنجۆکێکی تەقاندەوە بۆ ئەوەی بەنجەی خۆی بپەرێت، کە چی پێیان زانی و لەبەر ئەو کارە حەوت ساڵ زیندانی کرا . یەکێکیشیان لە بەر چاوی دایك و باوکی گولە باران کرا !

دایکە سەبیحە ، لە ناو گەڕەکەکەدا ، بە بەرچاوی هەموو خەڵکەکە بەدوای مـام غەریبـدا رایـدەکرد بـۆ ئـەوەی گـونی بگرێت ، ئەمیش  دشداشەکەی بۆ سەرەوە بەرزدەکردەوە و بە هەموو هێزێکەوە دەیقوچاند ، بۆ ئـەوەی لـە دەسـتی رزگاری بێت . هەندێ جار رزگاری دەبوو ، و هەندێ جار کـاك ڕەفعـەت و کـاك شـوکور رێگایـان لێـدەگرت و سـەبیحە دەگەیشتە سەری و زیرەی لێ هەڵدەستاند ، بەدەست ماچکردن و پاڕانەوە بەریدەدا .

ئەم ڕەفعەت و شوکورە گۆبەن چیەك بوون لەو ناوە ، جارێکیان کەروێشکێکیان دایـە دەسـتی نـەناس ؛ پێیـان وت " بیدە بە دەستی میم خاتوون ، با سەری ببڕێ "

نەناس : کەروێشکەکەم برد و یستم راسپاردەکە بە میم خاتوون بلێم ، لەم کاتـەدا خـاتوون لەبـەر تەنورەکەیـەوە بـە قیژە و هاوار هات وتی"ئەو پشیلەیە چەس سەگ باوگ " ویستی پـەلامارم بدات ، بەڵام من لە گوێی گادا نووستبووم ، نەمدەزانی مەسەلەکە چییە ، هەر باش بوو فریای خۆم کەوتم   و بەکۆڵانەکەدا رامکرد و پێستی خۆم لە مەقاشـەکەی دەستی خاتوون رزگارکرد و گەیشتمە لای گۆبەنچێکان، ئەمانیش کە منیان بەو حاڵـە بینـی ، لـە حەیبەتانـدا خـەریك بوون میز بە خۆیاندا بکەن. فەرهادیان دەگرت و بە سەر عەرزەکەدا درێژیان دەکـرد و مـووی بـەریان ڕادەکێشـا.  بـە دوو قۆڵی شەڕیان بە مام یاوەر دەفرۆشت " مـام یـاوەر عەیبـە ، چـەس ئەیـە ، خەرەگـەد لـە ینـاوە مەوسـن ، هـەر سەعات وکیری هەڵسند ، عەیبە لەیناوە ژن تێد ، ژن چن ، ئەیە توو فێری کردیدە لێوا بکەد ؟

مام یاوەر : نە وەڵلا من فێری نەکردمە ، ئەی خاسە ژنەگان حەقیان چەس لە کیر خەرەگەم ، ئەرا تەماشای کەن ، غێر خۆیان کوسیان خورد . ئەمجار ڕەفعەت و شوکور دەیانکردە ڕۆژی خۆیان ، دەکەوتنە گیانی مام یاوەر و کێریان ڕادەکێشا و پێیان دەوت " گیر خەرەگەد حەیا و شەرم لە مەحەلەگە نەهیشتیە ، ئەوانەی وەل یەکەو شەڕکەن ، وە گیر خەرەگەی توو جمان وە یەکتر دەن " ئەم ئەڵوەنزادانە بە راست ئەڵوەنی بوون ...

شارەکە ، کۆمەڵێ گەنجی هەبوو ، ڕۆژیان دادەگیرساند ، زستانان یارییان پێدەکرد ، بە تایبەتی یاری باڵە و هەندێ جار لە گەڵ منداڵەکان تۆپێنیان پێدەکرد ، بە هاوینیش بە کۆڵ هەڵیاندەگرت . شەوان مانگیان بۆ ئاسمان بەرزدەکردەوە . ساڵەهای ساڵ ئەمە کاریان بوو ، بە خۆشەویستی و وەفاداری ڕۆژیان لە ئامێز دەگرت . ناوەکانیان ئێستاش لە گوێی ڕۆژهەڵگرەکانی ئەم بەر و ئەوبەردا دەزرنگێتەوە ، وەك نەمر نەسرەدین مەجید ، کە بە شەوانیش بۆ ڕاوە شەوە دەچوو . لە کۆتایی شەستەکاندا ، لە جادەی ئەبو نەواس خەریکی ڕاوە شەوە بوو ، فیشەکێکی چەتەکانی شەوە بەر شانی کەوت . لە سەرەتای حەفتاکاندا بەجکە شەوەکان ڕفاندیان ، لە کونێکی تاریکدا توندیان کرد ، پاشان لاشە لاواز و بریندارەکەیان دایە بەر فیشەك و لە سەر ڕێگای شاری عەزیزیەدا فڕێیاندا . جووتیارەکانی ئەو ناوچەیە لاشەکەیان دۆزیەوە ، و هێنایانەوە بۆ شارەکە . هەموو خەڵکەکە دوای تەرمەکەی کەوتن ، هەر لە ماڵەوە هەتا سەر قەبران بە بەرزی دەست هەڵیانگرد ، نەك بە سەر شان . کاتێك پرسیارکرا : بۆچی ؟ لە وەڵامدا وتیان " لەبەر ئەوەی شەهیدێکی ڕۆژهەڵگرە " !

هەروا شەهید جەبار حەلاج کە هەر وەکو حەلاج کوشتیان و پارچە پارچەیان کردبوو . شەهید مەجید کەریم ( غاندی ) ـــ جەماعەتێك هەیە ، بە نارەوایی بە شەهیدی خۆیانی دادەنێن - شەوە یەکەمجار چاویلکەکەیان شکاند ، نەیاندەزانی ، غاندی هەر دەمێکە شتەکان بە دڵ ڕوونتر دەبینێت و هەر بە دڵ دەگری ، بە دڵ تیشکی ڕۆژی ژێردەستەکان دژی دەسەڵاتی کۆت و زنجیریان دادەبەزێنێت . دەڵێن ، لە دوا دیدەنی لە گەڵ هاوسەرەکەیدا وتبوی " ئەوە من ئەڕۆم ، داخەکەم منداڵی خۆمم نەبینی ... لە بەر من ژیانی خۆت تاڵ مەکە ، هیوای ژیانێکی بەختەوەرت بۆ دەخوازم . لێم ببورە " ! بۆ بەیانیەکەی شەوە خنکاندی. شەهید مامۆستا عەبدولوەهاب سەفەر ئاغا ، ڕەنگە دایکە میهرەبانەکەی ، ئێستاش چاوەڕوانی گەڕانەوەی بکات ، کەس نەیدەوێرا هەواڵە جەرگ بڕەکەی پێڕا بگەیەنێت . کاك خەلیل و جەلیلی کوڕی و خوشکەکەیان وەردە بە کارەساتەکەیان دەزانی . زۆران عەزیز پشتیوان ، ڕۆژهەڵگرێکی ماندوو نەناس بوو . هەر بە زگماگی مرۆڤێکی یاخیبوو ، زۆر پەلە پەلی ڕۆژهەڵهاتن بوو ، شەوان خەوی لێ نەدەکەوت ، پاسەوانیی شارەکەی دەکرد ، بە ینـاو بەین چاوی بە خەدری زیندەش دەکەوت ، پێکەوە نانیان بەسەر برسیەکاندا دابەش دەکرد ، بە هەموو هێزێکیەوە فووی لە ڕۆژ دەکرد ، هەتا زووتر هەڵبێت ، بە تاقی تەنها زیرەی بە بەچکە شەوەکانی ناو شارەکەی کردبوو . سیروانی برای ، شۆڕەسواری دوانزە سوارەی مەریوان بوو ، ئەمیش نەیدەزانی مەرگ چیە. سەلام عەبدولرەزاق ، ڕۆژهەڵگرێکی کرێکار و هەژار بوو . مەحەمەد ئەسەد، نەجم، ماموستا حەمید ، پەپوولەیەکی وەك سابر رەشید ، تارق حوکمان ، سەباح فەرەج ، حەسەن ڕەزا ، کوڕەکەی میم بدور... لیستێکی دوور و درێژ لە ناوی ڕۆژهەڵگرانی بنەماڵە هەژارەکان و لاوانی بێتاوان ، شەونخوونیان دەکرد بۆ رزگاری مرۆڤ لە جەورستەمی باڵادەست بە سەر ئەو شارەدا ، کە دڵی بۆ ژیانێکی ماچ ئاسا لێدەدات ، ئەو شارەی وا هەزاران ڕووخساری هەیە و ڕووبارێکی زیندوو .

چەند ئەڵوەن نەناسێك پێیان دەوت " ئەڵوەنە شێتە ". ئەمە جۆرە زوڵمێکە دەرهەق بە ئەڵوەن لە لایەن ئەوکەسە بێمروەت و گێلانەوە ، گوایە جەنابیان نازانن کەی لافاو هەڵدەسێت . ئەوانەی وایان دەووت، لە لایەکەوە لە بیریان دەچوو ، کە خۆشیان نازانن کەی ئاشق، تووڕە، یاخی دەبن . تەنانەت نەیاندەزانی کەی لە دایکبوون ، لە لایەکی

تریشەوە نەیاندزانی ، کە ئەڵوەنیش وەکو خۆیان پێویستی بە گیان شۆردن هەیە. بەبێ بەزەییانەوە گوواو و چڵکاوی هەموو ئەو دەور و بەرەی تێدەچوو، تۆوی ژن و پیاوەکانی قەسرە زەردەکە و ریزە کەلاوە و ێرانەکانی تەنیشتی دەهاتە ناوی . کە ئەڵوەن خۆی دەشۆرد، سەرلێشێواوەکان پێیان دەوت" شێتە". پاشان گوناهە ئەڵوەن بهێنرێتە ئاستی سەرشێتی ، سەرشێتی تەنها یەك خەسڵەتی بوو . جا کێ لەم سەردەمە شێتەدا ، سەرشێت نابێت ....نازانم بۆچی باسی ئەوە ناکەن کە ئەڵوەن راستگۆیە و راستی فێری دانیشتوانی شارەکە دەکات ؟

کاتێك خێزانێکی هەولێری بۆ خوازبێنی کچێکی ئەو شارە هاتن ، دەم راستەکەیان زۆر بە حورمەت و بە جدی وتی"باخچەکەمان هەموو جۆرە گوڵێکی تێدایە ، تەنها یەك گوڵ نەبێت ، بەبێ ئەو گوڵە باخچەکەمان زۆر جوان و دیار نابێت . ئەو گوڵە لە باخچەکەی ماڵی ئێوە دەسدەکەوێت . جا بۆ ئەوە هاتووین ئەو گوڵەمان بدەنێ ! پاشان هەموویان بێدەنگ بوون و چاوەڕوانی وەڵامیان کرد !

قەدری شوفێر لەم سەر بۆ ئەو سەر تەماشای مەجلیسەکەی کرد ، بیرێکی لێکردەوە ، وەکو بڵێی قسەکانی کابرای زۆر بە دڵ نەبوو و گاڵتەی پێدەهات . هەموو دانیشتوان تەماشای دەمی مام قەدری یان کرد، پاشان قەدری بە هێمنی وتی: "نێزانم من شێت بیمە یا ئێوە ... باوە تو باس چە کەی ؟ گوڵ چە... حەدیقەی چە، .. خەرگ عالیاوە چە... ئەی کلاو کلاوە چەس ؟ ئەڕا قسەی راست نێکەن ؟ ئەی خۆ بویشن، باوە لە هەولێر کوسیگ نەکەفتێسە دەسمان ئەڕا کیر کوڕەگەمان ، ئەڕا ئەوە هاتینەسە ئیرە، داوای کوس دوێتەگەمان ئەڕا کوڕەگەدان کەن! ئیتر ئاو بار و دەس بشوور ... ئەی سورتك بازاریە چەس . خاڵو من حەقم نیە . ئەوە دوێتەگەس و سوئال لە خۆی بکەن ... "

ئەڵوەن: راستگۆیی بەرزە، بەڵام خۆشەویستی و پێکەوە ژیان لە کوێ و وتەکەی مام قەدری لە کوێ! ئاخر ئافرەت چۆن دەهێنرێتە ئاستی لەش!

ئەڵوەن لە درۆ و دووڕوویی شێت دەبوو . هەندێ کەس هەن وا دەزانن کەس درك بە درۆ و دەلەسەکانیان ناکات ، نازانن لە پاشاندا تیزیان پێدەکرێت .

بۆچی ئەو بێمروەتانە باسی ئەوە ناکەن، کە ئەڵوەن، ئەڵوەنی رۆژی تەنگانەیە. ئەو جارە لاتووخە دەیویست بە تەپتەپەکەی (ماتۆرسیکلە کۆنەکان) سەندوقێکی چای قاچاغ دەرکات، پۆلیسەکانی گومرگ بە سەیارەوە دوای کەوتن . لاتووخە پەنای بۆ ئەڵوەن برد و تەپتەپەکەی بە سەندوقە چایەکەوە بە باوەش هەڵگرت و دایە ناو ئەڵوەن و گەیشتە ئەوبەر ! هەرچەندیش فیشەکیشیان پێوە دەنا ، بەری نەدەکەوت !

هەندێ کەس هەبوو دەیانوت " لاتووخە هاواری کردووە یا عەلی ، ئیمامی عەلیش ، فریای کەوتووە". ئەو کافرانەی وا قسەی دواکەوتوانەی بێ سەروشوێنی وایان بلاودەکردەوە ، نەك هەر دوا رۆژیان نیە ، بەڵکو بگرە هەر ئێستاش گاڵتە بە خۆیان و خەڵکەکە دەکەن ، چونکە ئەوانە لە رۆژە رەشەکاندا ، نە ئیمامی عەلی، نە عەلی بەگ، نە عەلی رەزایش فریایان کەوت. راستە لاتووخە پیاوێکی بەهێز و بەقەڵافەت بوو، بەڵام ئەگەر ئەڵوەن نەبوایە، پێی نەدەکرا تەپتەپەیەك و سەندوقە چایەکی١٠٠ کێلۆیی هەڵگرێت ، کاری وا لە هێزی مرۆڤی ئاسایی بە دەرە. ئەوە ئەڵوەن بوو لە کاتی تەنگانەدا ، فریای لاتووخە کەوت .

بۆچی باسی ئەوە ناکەن ،کە ئەڵوەن دانیشتوانی شارەکە فێری خۆشەویستی مرۆڤ وخۆبەختکردن لە پێناویاندا دەکات ئەڵوەن وتی: ئەوەی خۆی بە خۆشەویستی من دەزانێت ، دەبێ بەقەدژمارەی نمە بارانەکانی ئەم چەند تریبلیون ساڵە دواییانەی مێژووی من و شارەکە ، مرۆڤی خۆشبوێت .

بۆ ؟

ئەڵوەن : لەبەر ئەوەی مرۆڤەکان مێوانن . سەرباری ئەوەیش ، هەندێ جار هەست بە تـەنهایی و بێزاری و بێهـودەیی دەکەن،ناچـاری گریـان و لانــەوازی و نــەداری دەکـرێن . هێشـتا مێوانیەکـەیان تــەواو نــەبووە ، دایـك و دۆسـت و خۆشەویستەکانیان ماڵئاوایی دەکەن. هەندێ جاریش وا رێك دەکەوێت، لـە رێگـای رۆیشـتنیان بـۆ دەعوەتـەکانیان ، خۆیان ماڵئاوایی دەکەن. ئەو رۆژە بە چاوی خۆم رێبوارێکم بینی، هەرچەند هاوار و دادی دەکرد"دایکم مـەڕۆ ، کچـی خواکە مەڕۆ ، هێشتا وەختە ، پەلەپەلی چیتە ... محەمەد کـەرەم ، مـەڕۆ ، بـۆ کـوێ دەرۆی ، هـیچ نـەبێت بیکـە بـە خاتری برادەرایەتیمان . هیچ ، هەر هیچ سوودی نەبوو، هەر ئـەڵێی لـە گـەڵ ئـەوانم نیـە ! ئـاخر چـۆن دەبێـت بـەبێ ماڵئاوایی برۆن ؟ ئەمە چە رۆژگارێکی رەشە ...؟ "

هەروا مرۆڤەکان ناچار دەکرێن رووداوی دڵتەزێن ببینن : منداڵێك بە دەمدا دەکەوێ بە سـەر و برینـدار دەبـێ .دەڵـێن رووداوی سامناکتریش روویداوە و روودەدات.

ئەڵوەن وتی : مـرۆڤ دەبـێ بـە نـاوی ئـەو خۆشەویسـتیەوە ، بـەرەنگاری شـەوە بێتـەوە . ئـەوەی لـە گـەڵ شـەوە و بەچکەکانی تەوقە بکات، بە هەر مەبەست و نیازێکەوە لێی نزیـك بێتـەوە ، پـێ لـە سـەر دڵـی مـن و بـاران و ڤینـۆس دەنێت و ...

لەو زستانە شوومەدا ، کاتێك ئاگردانی ناو چایخانەکەی ئیبرایم نایفە ئاگر دەسـێنێت، ئیـبرایم هەوڵیـدا بـە دەسـت ، تەنەکە نەوتەکە، کە توند بە کۆڵەکەکەوە بەسترابووەوە، بۆ دەرەوەی چایخانەکە ببات، لەگـەڵ هـەر تەکاندانێکیـدا، پرژی نەوتەکە بە خۆی دەکەوت ، تەنەکەکەی لێکردەوە و بەراکردن دەرچووە دەرەوە . لەم کاتەدا خۆیشـی ئـاگری تێبەربوو وکەوتە سەر زەوێکە ، لە نێو ئەو هەموو پیاوە جەربەزانەدا ، منداڵێکی بچوك بلوزەکەی داکەند و ئاگرەکەی سەری ئیبرایمی کوژاندەوە ، بەڵام ئاگرەکە کاری خۆی کردبوو و زۆر درەنگی بە سەر هاتبوو . هەرچەند هاوار دەکـرا " ئەی ئاگر ، ببە بە زوقم و ئاشتی بە سەر ئیبرایمدا ... ئەی ئاگر ، ببە بە زوقم و ئاشتی بە سـەر ئیبرایمـدا ... ئـەی ئاگر ، ببە ژین و ماڵ، ببە بە پێکەنین بۆ برایم..."

ئەم هاوار و سکاڵایە هیچ ، هەر هیچ سوودی نەبوو ، ئاگری بە نەعلەتی بوو ، کارە ترسناکەکەی خۆی کردبوو . پـاش چەند سەعاتێك ماڵئاوایی لێکردین و رۆی ... برایمی سورکەلەی سمێڵ ئەسـتوورخنەیی و جەربـەزە رۆ ... بـرا ڕۆ ... هۆ برا ، هۆ برا ڕۆ ، کوڕە شرینەکەی نایف ڕۆ ... کوڕە چاو نەترسەکەی نایف رۆ ...

مەحمودی برای وتی " گووی وە قەور باوگ ئاگر ، وە هی قورعانیش ، ئاخر گوناح نیە کاکەم سوزاند ... ئەیە چـەس ! "

هەرچەند خەڵکەکە وتیان " برایم ، بیکە بەخاتری منداڵەکانت مەڕۆ ، کورە برایم منداڵـە شـرینەکانت هێشـتا گچـکەن ... جاری زووە ... ماڵ وێران جاری زووە ...!

تازە هیچ ... دایك و خوشك و برا و ژن تازە جەرگیان سوتا ... کاکم برایم ئەسپەکەیشی هـەتیو کـرد، تـەنها هـەر بـە خۆی راگیرولغاو دەکرا . ئەسپەکەش لە خەم و پەژارەدا سەری خـۆی هـەڵگرت و رۆی ، دەڵـێن لـە داخانـدا لـە دەورو بەری دێی ( یوسف بەگ ) گیانی لە دەستدا ...

ئەگەر برایم ئەڵوەنی نەبوایە ، ئەو کارەی دەکرد ؟ ئەگەر ئەو منداڵە ئەڵوەنی نەبوایە ...؟

خۆشەویستی زمانی ئەڵوەن بوو ...

خۆشەویستی لە نێوان کچ و کوڕەکان زۆرجار بریتی بوو لە یەکتری بینین !

ـ فلانە کاتژمێر وەرە پێش دەرگاکە یا فلانە کاتژمێر تۆ وەرە پێش ماڵی فلان ، هەتا منیش لە پەنجەرەکـەوە بتبینـم !

نەناس، ئێستاش شتەکانی تر لە تۆی ئەو پەنجەرەیەوە دەبینیێ و بۆی دەڕوات ، پەنجەرەیەکی ئاسایی، بەلاّم لە سات ...دەقەی ... چرکەی رۆژانی ... ساڵی ... هەموو خواکان دەبوون بە نیگا ، نیگاکان دەبوون بە پرد ، هیوا و ئارەزۆکانیش بە سەریدا تێدەپەڕین .

حەمید : بۆ کویێ ؟ بۆ پەنجەرەکە ؟

نەناس : نەخێر ، بۆ ئەویێ ! بۆ جێگایەکی نادیار ، ئێمەیش تێدا وون دەبووین ، بۆ ئەو جێگایەی وا هێشتا مرۆڤەکان وشەی هەندەران ، زیندان ، تەنهایی ، نامۆییان بەکار نەدەهێنا و لە ناو تێڕوانینەکان دەتوانەوە .

حەمید : لە پشت پەنجەرەکە وا بوو ؟

نەناس : بەڵیێ ، لەپشت ئەو پەنجەرەیە دەرگایەك هەبوو بەرەو سەردەمێکی کریستاڵی ، خۆشەویستی زادەی بوونی مرۆڤەکان بوو ، هێشتا هۆکانی سۆزانچێتی رووخساری مرۆڤەکانی شەرمەزار نەکردبوو ؛ نە ترس و نە لەرز ، هەروا دەنگی تۆپ و فرۆکەیشی لێوە نەدەهات . تەنانەت ئەلۆەنیش لە نیوەڕوانی هاوینەکاندا لە سێبەری ئەو پەنجەرەیەوە تەماشای قەد و بالاّ رووتاوەکەی چیای کەلاّتی دەکرد .

یحیا دەلی وتی " پێش هەزار و نۆسەد و نەوەت و هەشت ساڵ ، کچ و کوڕەکان لە سەر کەلاّت بەزم و ڕەزمیان دەکرد ، ژێر دارەکانی شاهێدی هەزاران چیرۆکی دڵداری بوون . ئەویێ تەکیە گاهی ئەوین بوو ، تەنانەت چیای بەمۆیش حەسوودی پێدەبرد .

هەندیێ کەس دەیوت " لەو رۆژەوە بەچکەکانی شەوە مۆلگایەکیان لە سەر دامەزراند ، دارەکانی سیس بوونەوە ، بۆیە ئێستا وا رووتەڵە " چەند ئەلۆەنزادەیەك مەسەلەکەیان بە شێوەیەکی تر دەگێڕایەوە، دەیانوت" کاتیێ کەلاّت چاوی بە بەچکەکانی شەوە کەوتووە ، بە دارەکانی وتووە ، بڕۆن، لەم ناوە نەمێنن، با سێبەرەکانتان نەکەن بە پەنا ... "

دڵدارەکان زۆرجار دوور بە دوور دڵدارییان دەکرد ، یان نامە و بۆنی خۆشیان بۆ یەکتری دەنارد . یەکێکی وەك شەهاب وەهاب ، بۆ ئەوەی خۆشەویستی خۆی بۆ چیمەن پێشان بدات ، رەنگی وەنەوشەیی لە بەر دەکرد ، هەر لە قات و کراسەکەیەوە بگرە هەتا کەرەوات و پێلاّوەکەی ، تەنانەت دەستەسرەکەیشی وەنەوشەیی بوون و گوڵێکی وەنەوشەییشی لە یەخەی کراسەکەی دەدا .

هەڵبەت جووتەی وایش هەبوو ، زۆر لەوە زیاتریان دەکرد . کەسانی بەدبەخت و چارە رەشیش هەبوون ، بە ساڵ شەیدای کچێك دەبوون ، بە بیێ ئەوەی کچەکە پیێ بزانێت، بۆ هەلێك دەگەڕان بە کچەکە بڵێن "خۆشتم دەوێت "، کە هەلەکەیش رێکدەکەوت پێیان دەوتن " تۆ خوشکمی " . عەلۆش بە هەزار حاڵ غیرەتی کۆکردەوە ، لە سەر ڕێگای قوتابخانە، بە دوای پەریی خەونەکانیدا دەڕۆیشت ، هەتا لێی نزیك بووەوە، لە باتی ئەوەی پیێ بڵێت"خۆشتم دەوێت"، پێی وت " قەحبە"! کچەکەش رووی‌کردە دواوە ، نامەردی نەکرد، تفێکی لە روویکرد. لەو رۆژەوە عەلۆش ، چیتر لە بەردەم ماڵی باش حەماڵەکە رانەوەستا ! ئەمەیە نەهاتی !

مەگەر ژن هێنانەکەی جەمال بە قەد بەزمەکەی عەلۆش سەیر بێت . کاتێك براکەی جەمال ژنی هێنا ، جەمال رۆیشتە سەر بانەکەیان و هاواریکرد " منیش ژن توام ، وەخودا ژن ئەڕام نەیەرن خۆم خەمە خوارەوە " . هەموو خەڵکەکە کەوتنە رجا و تکا ، بەلاّم جەمال تازە شێتییەکە دابووی لە کەلەی .

ــ بەوە خوارەو ، وەڵلا ژن ئەڕات تێرین

جەمال : هەر ئیسە ژن توام !

ــ ئاخر ئیسە نێود ، وەی سەعاتە کی ئەراد بارین

جەمال : نێزانم ، کی تێرن بارن ! وە ڵلا ئیمروو خۆم کوژم ژن ئەڕام نەیەرن !

ـ کورە بکە ڕی خودا سویرەگەمان مەکە وە شیوەن

( جەمال ، عەشق دابووی لە کێری، بە چەپۆك دەیدا بە سەری خۆیدا و باوکە ڕۆی دەکرد، وەکو نۆحە و ڕەوزە خوێندنەکەی ڕۆژانی عاشورا لەو سەر بانەوە هاواریدەکرد... ژن توااااام، دایە ژن توااااااام . بەرد شەقی برد هەتا لە سەر بانەکەوە دایانبەزاند، چەند ڕۆژێکی پێ نەچوو ژنێکیان بۆ هێنا ! ). لەو ڕۆژە بەدواوە، بوو بە پیاوی ناو پیاوان ، و باوکێکی ڕەنجدەر، بە کاری کەناسی و باقڵە فرۆشتن نانی دەردەکرد .

ئەم ژن هێنانە زۆر بێوەی بوو لە چاوی ژن هێنانەکەی کەریم. باوك و دایکی ڕۆیشتن بۆ ماڵە خزمێکیان و داوای کچە بچکۆلە ١٥ ـ ١٦ ساڵیەکەیان کرد و بۆ کوڕە کەڵەگەتەکەیانیان هێنا، کراسی بووکێنەیان لەبەر کرد ؛ گەنج و کچانی گەڕەك بە کراسی جوان لە گەڵ ژن و پیاوە ماقووڵەکان هاتن بۆ شاییەکە، بۆنەکانی بەردەم دەرگا گەورەکەی شێخ عەبدولقادر ئەو ناوەی گرتەوە، هەڵپەرکێیان دامەزراند ، هەلهەلە لێدان و چەپڵە ڕێزان لە گەڵ گۆرانیەکانی حەمە نەقارە و نورە کوێر و حەسەن زیرەك و ( بەنات ئەلریف ) تێکەڵبوو، دەنگی دەهۆل و زورنا هەڵپەرکێکەی ئەوەندەی تر گەرم کرد .

کات بوو بە پاش نیوەڕۆ، بەر بووك لە گەڵ بووکەکە چووە ژوورەوە، بوکەکە سەری لە بەر خوی نابوو و ئارەقەی کردبوو، بۆیە ئارایشتەکەی تێك چوو بوو .

پاشان زاواکەیان بە کلکە قنێ بۆ ژوورەکە بەرێ کرد، لەم کاتەدا پێیان وت" ئەگەر خێرا بە زاوا نەبی ، زاوات ئەکەین! " برادەرێکی تری پێووت " کورە بتبینم ها ، وەك پیاو زاوای بکەیت " .... "خواکەی پێ نیشان بدەی " ... "چەتوای ، ئەرا خۆت تێر تێر بکەرەی"باوکی پێوت " کورم حەیامان نەبەیت ، شەرەفمان نەشکێنیت ، خێرا وەرە دەرەوە ، و ماچێکی کرد".. دایکی دەستی کردە ملی و ماچی کرد"ڕەبی وە حەلاڵت بود" ... هەلهەلەی لێدا ... زاوا بە چەپڵە ڕێزان و گۆرانی :

" هەلهەلە وێرن بۆینە... دەستە گوڵ وێرن ئەلنە " کرایە ژوورەوە. هەڵپەرکێکە ئەوەندەی تر گەرم بوو ... فسکە فسك کەوتە ئەو ناوە... پێکەنینی مەکربازانە دەستی پێکرد ... کوڕەکان لە نێوان خۆیاندا ، یا پیاوێك ؛ دایکێك بە کوڕەکەی خۆی یا کوڕەکان بە یەکتریان دەوت " ڕۆژێکیش بۆ تو ... نوخشە بێت لە تۆ " هەندێ کچیش دەیانوت " چەند بێ ئەدەبن ... عەیب ناکەن لە خۆیان " .. یا هەر لە نێو خۆیاندا پێدەکەنین و زۆر شتی تر ... زاوا دەرنەچوو ، هەندێ کەس سەبریان نەما ... لە دەرگاکەیان دەدا ، و هاواریان دەکرد "چیتکرد ؟ .. دە دەرچۆ " ..." عومرت نەمێنێ ، ئاخر تۆ پیاوی " ... " زانیمان ئەو کوڕە نیت " ... نائارامی و مقۆ مقۆ کەوتە ئەو ناوەوە ... ئەم بارودۆخە سەعاتێکی خایاند ، خزم و دۆستانی زاوا تووشی هەستریا بوون ... زاوا بە سەر شۆڕیەوە هاتە دەرەوە ... بە پسکە پسك لە گەڵ یەکتر قسەیان دەکرد ... باوکەکە وتی " تف بکەی لە ئاسمان ، دەکەوێتە ناو چەوانی خۆت " ... هەندێ برادەر دڵی زاوایان دەدایەوە ... مەسەلەکە پاش چەند دەقەیەك ئاشکرا بوو " بووکەکە لە ترساندا تۆقیبوو و ڕێی زاوا نەدابوو توخنی بکەوێت ! ! " ... پاش نیو سەعاتی تر زاوا سەر لە نوێ بە پاڵ کرایە ژوورەوە ... هەڵپەرکێکە سەر لە نوێ گەرم کرایەوە ... نیو سەعاتی تری خایاند ... زاوا بە سەر شۆڕی هاتەوە دەرەوە ...

دایکی شەماڵ وتی : وەڵلا دوعایان لێکردووە .

سوعاد : دوور نیە چاوی پیسی لێدرابێت.

ئەحمەد : برا ، کەریم کابرایەکی شەرمنە ، ڕەنگە لە بەر شەرمەکەی هیچی پێ نەکرێت .

چەند ئافرەتێك چوونە ژوورەكەی تەنیشتی ژووری زاوابوون ... دەرگاكەیان داخست ... دوو سێ كەس لەبەر دەرگاكە راوەستان ... پاش نزیكەی دە دەقیقە دەرگاكەیان كردەوە ... پاشان دەم بە دەم بڕیارێك بڵاوكرایەوە ... دەبێ پشوویەك بدرێت، زاوا بوون بۆ شەو دەمێنێتەوە ... بووك لە ناو ژوورەكە مایەوە ... چەند ژنێك چوونە ژوورەوە ... زاوا وەكو پێشتر نەدەكەوتە بەر چاو ... نانی ئێوارە خورا ... بۆ شەوەكەی پیاوە بوو بە زاوا ... بەیانی بووكەكە نەیدەتوانی ئاسایی بڕوات ... دەیانوت زۆر ئازاری پێگەیشتووە .. زۆر ترساوە ...

هۆشیار ئارەقەی ناوچەوانی سڕیەوە : ئەمە باسی هاوسەرێتیە یا زەوتكردن ؟

نەناس: ئەرێ، دەقاودەق وا بوو، زەوتكردنێكی رەسمی بوو و بۆی هەڵدەپەڕین، مەلایەكەش بە ناوی خواوە رێگای بۆ خۆشكردن ، هەر بۆیەش كەس پرسیار و گومانی پێشان نەدا .

هەر لەو ماوەیەدا تابانی نازدار وەك نارەزایی دەربڕینێك دژی براكەی لە شووكردنی بە دولبەرەكەی ، خۆی سووتاند ، لە نەخۆشخانەكە هێشتا گیانی تێدا مابوو، وتی " من نەمویست خۆم بە یەكجاری بسوتێنم ، نامەوێت بمرم " بە دەم ئەم قسانەوەوە، زۆر درەنگی بە سەر هاتبوو، كچی خواكە رۆی ...

كاتێك هەواڵی مەرگی تابان بە نەناس گەیشت ، بە ناسیاوەكەی وت" نازانم بۆچی یاران ئەوەندە پەلەپەلیانە ، ئاخر برادەر گیان هێشتا زووە زوو . ئەم ماڵ خراپانە بۆ كوێ ئەڕۆن ؟؟ ..." بێدەنگی باڵی بە سەر خامۆشی شەو داكێشا، ووشەكان بایەخی خۆیانیان لە دەستدا و فرمێسكەكانیش زۆر دەمێكە ووشكیان كردووە، لە بری ئەوە قوڕگم بەیەكەوە دەنووسێت و ئازارم دەدات . نازانم بۆچی ئەم حاڵەتە جێكای فرمێسك و گریانیان گردۆتەوە ؟ گریان جۆرە لاسایی كردنەوەیەكی ئەڵوەنە ...

مەبەستم ئەوە نیە كە لێرە باشترێكە لەوێ ، نەخێر من عەفوی وام نەخواردووە و نایخۆم . ئێرەیش وەكو ئەوێیە بەڵام بە شێوەیەكی تر، بە ناوێكی تر !

ئازاد : ئاخر وا نیە ، ئێرە و وڵاتی ئازادیە .

نەناس: بەڵێ وایە ! ئازادی بڵاوكردنەوەی دەیان گۆڤاری پۆرنۆگرافی، فیدیۆی و فیلمی سێكسی ڤیزئاوەر، تەنانەت لە گەڵ منداڵان و كەر و سەگ و پشیلە و مەیموون و چۆلەكە ئەوانی تر . ئازادی تۆریستی سێكس لە وڵاتانی تر . ساڵانە سەدان هەزار پیاوی وڵاتی شارستانیەت بۆ " سیغەكردنی" منداڵ و كچی تایلەند و سیریلانكا و فیلیپین و وڵاتانی ئەمریكای لاتین سەفەر دەكەن ، بەڵام بە بێ مەلا و وێنەی ئافرەتەكان ! . بەرهەمهێنانی زەوتكردن و كوشتنی كچی ٦ ـ ١٤ ساڵی. بەڵێ لێرەدا ئازادی هەیە ، بۆیە رۆژنامەكان چەند لاپەرەیەكیان تەرخان كردووە بۆ گەڕان بە دوای خۆشەویستی و هاوسەر، كەناڵی تەلەفزیونەكان دەوری گەوادی شەرعی دەبینن، ئافرەتی رووت پێشاندەدەن لە گەڵ ژمارەی تەلەفۆنەكانیان : تەلەفۆن بكەن بۆ ژمارەی ٢٢٢ ١٢٣ ٠١٧ ، زۆر هەرزانە ، دەقەی بە ٨٠ فینكە ! ! بێجگە لەو كەناڵانەی كە تەنها بۆ سێكس تەرخان كراون . ئەوەی بیەوێت تەماشایان بكات ، دەبێ بەجیا هەقدەست بدات! . سەر دیوارەكان، یەكەم لاپەڕەی گۆڤارەكان بە وێنەی ئافرەتە رووتكراوەكان دەرازێننەوە. بە گشتی بودجەی ساڵانەی حكومەتە دیموكرات و پاڵپشتەكانی مافی مرۆڤ لە بازرگانی سێكس دەگاتە شەش ملیارد مارك . بەكورتی ئەم حكومەتانە، رێك و رەوان حكومەتی گەوادەكانە، بە پارەی باج وەرگرتن لەسەر ئەم كارە دڕندەیە دەسەڵاتەكانیان بە رێوە دەبەن! . بێجگە لە مانەیش، ژیانەكەیان ئەوەندە ئاڵۆزكردووە، مرۆڤەكانیان ئەوەندە نائارام و بارگران كردووە ، خۆشەویستی جوانەكانیش لە ژێریدا دەناڵێنن و تووشی دەیان گیروگرفت دەكرێن ...

ئازاد : تۆ تەنها لایەنە رەشەكەیان دەبینی ، ئەی لایەنی باشیان نیە ؟ بەراستی تۆ راستیان بە نیوە چڵی دەبینیت . بۆ باسی ئەوە ناكەی كە لە بوارێكی زۆرەزو مافی ئافرەتان مسۆگەر كراوە ؟

نەناس : وایە لە هەندێ لایەن مافیان مسۆگەر کراوە ، بەڵام لەویش لە هەندێ لایەن مافیان پارێزراوە ، هەموو لاکان گوواویە ! !

ئازاد : ئەی تەکبیر ؟ ئاسمان بەرز ، زەوی سەخت ! . چارە چیە ؟ مرۆڤ بۆ کوێ سەر هەڵبگرێت ، بۆ ئەوەی وەکو مرۆڤ بژێت ؟

نەناس : هیچ چارەیەکمان نیە بێجگە لە هەوڵدان بۆ نزیك بوونەوە لە راستیەکان ، و هەوڵدان و کۆشش بۆ گەیشتن بە شتەکەی تر بدەین، بۆ نزیك بوونەوە لە ئەلۆەن، بۆ بوون بە ئەلۆەن ! ...

ئەو کەسانەی وا تەنها یەك لایەنی ئەلۆەن دەبینن، تاوان دەکەن. بەڵام ئەلۆەن لێیان دەبوورێت، راستییەکەی ئەوانە بەبێ ئەوەی خۆیان پێ بزانن، یەك بە یەکیان ببوون بە ئەلۆەن و هەموو خەسڵەتەکانی ئەویان پێوە دیار بوو ، لە لای واحد سیوڵی و رەقیب بەزاز نەبێت ... ساڵی هەزار و نۆسەد و شەست و سێ بوو، کۆڵانەکە چۆڵ وهۆڵ بوو، نزیکی نیوەڕۆ بوو، پێم وابێ دەنگە وەڕەسینەکەی بانگدانەکە هێشتا بەرزنەبوبوەوە،چەند منداڵێك لە دەرەوە یاریاندەکرد، رادیۆگەورەکەی ماڵی کەمال یاسین کە لە پەنجەرەی تەنیشت دەرگاکەیانەوە دایان نابوو، هەموو دەنگیان بەرزکردبووەوە، کابرایەك بە عەربی دەیلووراند ... نەناس گەڕایەوە ماڵەوە،دەبینێت شیرینی ماڵ وێران و مەلیحەیش گوێ لە رادیو دەگرن .

نەناس : دایە بۆ گوێ لە رادیو دەگرن ؟

دایك ، تەماشایکرد و بەتورکومانی پێی وت " باخ ، باخ ، بلله بیر شەی ئۆلب ! "

نەناس : دایە ، باوە کەی دەگەڕێتەوە ؟

دایك : چەند رۆژێکی تر ، .

نەناس رۆیشت بۆ بەر دەرگای ماڵەوە... واحد سیوڵی گەواد باوك، سمێڵی بە قەد پێڵاوەکەی رەشە پاقەوی دەبوو، خۆیی تەیار کردبوو، بە جلوبەرگی میلیشیا (پاسەوانی نەتەوە)بەرەو ناو بازارەکە دەڕۆیشت. لەو رۆژە بەدواوە، حەسەن ئینزیباتی گەواد ، خەڵکی شارەکەی دەتۆقاند . ماڵەکەی بەرامبەر دوکانەکەی حلمی بوو ، هەر بۆیەش حلمی فزەی لێبڕابوو، لە داخا رۆژ لە دوای رۆژ رەقەڵەتر دەبوو ، ماڵی مام دەربەندفەقەرەییش لە تەنیشت دوکانەکەی حلمی یەوە بوو، ئەمانیش لە(قەدەغەکردنی هاتووچۆی گشتی) بەردەوامدا بوون، سەریان لە دەرگاکەوە دەرنەدەهێنا، جەلیل خەیات، لە ترسی ئەو گەوادە سەری لە سەر مەکینەی دروومانەکەی بەرزنەدەکردەوە، جەلعودێك بوو بۆ خۆی. تارق قەسابیش پێڵاوەکەی رەشە پاقەوی لە سەر لێوی شۆرکردبووەوە ، پێکەوە لەگەل ژنەکەی شەڕیان بە خەڵك دەفرۆشت : ئێوە کوردن، خزمتان لە لادێکان هەیە، بە کەواو سەڵتە و رانك و چۆغەوە دێن بۆ ماڵتان !

نەناس : ئەی خۆ ئێوەش کوردن .

تارق : ئێمە حکومەتمان خۆشدەوێت . ئەوەی قسە بە حکومەت بڵێت، پۆلیسی دەهێنینە سەر،زیندانیان ئەکەین.

بە غەیبەت نەبێت، ماڵەکەیان وەکو ماڵە زەردەکەی لێهاتبوو، پیاوەکانی ئەمن و جێگری ئەفسەرەکانی پۆلیس ، بە ئارەزووی خۆیان هاتوو چۆیان دەکرد ، هەر بۆیەش خەڵکی بە راستی لێیان دەترسان .

لە زیندانی پۆلیسخانەکە جێگا نەما ، هەرچی ژوور هەبوو کران بە ژووری زیندان . لەو رۆژە بەدواوە ، ئەلۆەن ، وەکو جاران نەما ، زیاتر لافاوی دەهێنا ... باوکی نەناسیش زیندانەکانی موسەیب و دیوانیە بوون بە ماڵی . چەند ساڵێك بە سەر چوو ، هەتا رۆژێکیان گەڕایەوە . دایکی نەناس ، لە بەردەم هەموو گەڕەکەکە باوەشی بە مێردەکەیدا کرد .

دایك ئەکرەم چاوی بەوە کەوت ، ووتی: وی ، گیست بوڕن ، خۆ عیب ناکەد لە خۆی ، لە بەر چاو عالەمەگە ماچ شوێگەی کەد ...
نەشمیل وتی " ئێ قەی چەس ، ئەوە چەند ساڵە شوێگەی لە سجن بیە ...
کاتێك دایکی عادل گوێی لەو قسانە دەبێت ، بە توڕەییەوە وتی " ئەوەی قسە ئەکات ، با گوو بخوات ، وریا هەم مێردمە و هەم کوڕی ماممە ، بۆچی عەیبە دەست بکەمە ملی "
لەو رۆژەوە هەتا بەردانی باوکی عادل ؛ دایکی نەناس ، شەوان هەندێ شیعر و گۆرانی بۆ نەناسی دەخوێند :
زارەکە ، زەلیلەکە ...
دەمەی قەمبەر خەلیلەکە
ئەم شەو ، شەوی نورانە
رەسولە الله میوانە
دەمی مار ، دەمی عەقرەب ، دەمی هەرچی ئەجناسێك هەیە
بچێتە دەم قەمتەر ، تا سوبحی سەحەر
سەر نەهێننە دەر ، یا سولەیمان پێغەمبەر ...
رەقیب بەزازیش تاوانێکی وای کردبوو ، قەت لە کۆڵی نابێتەوە ، هەتا هەتایە بە روو رەشی دەمێنێتەوە . موژدەی کچی و لاوچاك ئەمین حەزیان لە یەکتری کردبوو . رۆژێکیان لە خۆشەویستی ئەڵوەنەوە لە ناو یەکتریدا توابوونەوە، هەر لە هەمان رۆژ ، ئەڵوەن لە خۆشی ئەوانەوە گەشابووەوە ، بەرگی ئاسمانی لە بەر کردبوو ، هەر دەتووت بە سەر شەوەدا زاڵ بووە، دار هەنارەکان زووتر گوڵیان کردبوو، لە دەشتەکەی گەڕەکی کرێکاران ، دۆمەلانێکی زۆرتر لە ساڵەکانی پێشو هەڵتۆقیبوو، رەحیمیش لەو رۆژەوە بە بلوێرەکەی ئاوازی " بەو بەو ... بەو بەو .. بەو بەو ... خانمە خاسەگەم ... پا بنە وەبان دیدە راسەگەم ....
بەو .. بەو .. بەو .. بەو .. بەو مەچورەوە .. ئیمشەو لە لای خۆم ... روژ بکەرەوە"ی دەژەنی .
بە لەناو یەکتری توانەوەکەی موژدە و لاوچاك ، بەچکە ئەڵوەنیەك دروست بوو . لە ترسی دڕندایەتی رەشی رەقیب بەزاز بە ترس و لەرزەوە لە ماڵی ناسیاوەکانی لاوچاك رۆژیان بە سەر دەبرد ، نزیکەی حەوت مانگ بە سەر ئەم شەرفمەندایەتیەدا تێپەڕی ، موژدە و لاوچاك ترسیان نەما ، بۆیە پێکەوە بۆ ماڵی مام ئەمین گەڕانەوە . لێرەدا وەکو پارێزێك ، موژدە بۆی نەبوو دەرگا بۆ کەس بکاتەوە . بەلآم لەو رۆژە رەشەدا ، لەوە ئەچوو ڕقی رەش هەموو کاتێك لە سەر بانەکەیانەوە چاودێری ماڵەکەیانی کردبێت ، زانیبووی کەس لە ماڵەوە نەماوە تەنها موژدە نەبێت ، لە دەرگاکەیانیدا ، بۆ چارەرەشی ئەڵوەن ، موژدە دەرگاکەی کردەوە .
ئاخر بۆچی دەرگاکە ئەکەیتەوە ؟ بۆ ؟ بۆ ئەوەی پێشانی خەڵکی شارەکە بدەی ، چەند دڕندەن ؟ بۆ ئەوەی تف لە ناوچەوانمان بکەیت ؟ بۆ ؟ بۆ .. بۆچی دەرگاکەت بۆ گورگەکە کردەوە ؟
قینەی ڕەش، پرچی کچەکەی گرت و بۆ دەرەوەی ماڵەکەی رایکێشا ، وەکو خوێریەك موژدەی کچی دایە بەر فیشەك، چەند فیشەکێکی ئاراستەی زگی کردبوو و هاواری کرد" شەرەفم پاکەوە بوو... شەرەفم پاکەوە بوو". بەلآم شەرەفی هەتا هەتایە گواوی کرد .
خەڵکینە ، موژە خوشکێکی خۆشەویستمان بوو، و بێگومان دەبوو بە دایکێکی پڕ سۆز ، وەکو دایکەکانی تر لایە لایەی بۆ کۆرپەکەی دەکرد، باسی خۆشەویستی ئەڵوەنی بۆ دەکرد، بەماچ و ناز بەبەکەی گەورە دەکرد، ئەو گەوادە

کوشتی. ماڵتان بروخێ چۆن قبوڵ دەکەن یەکێك تف لە رووی ئەڵوەن بکات ؟ نازانم چۆن ئەڵوەن رووی نەکردە ماڵی قینەی رەش و تەفرو تونای بکات ؟ .. هەردووکیانی کوشت ، ئەزانن ئەمە چی دەگەیەنێت ؟؟

لە سەر گیانی موژدەی بەرەبەیانی خۆشەویستی ، لە ناو گۆمی خوێنە پیرۆزەکەی خۆی و کۆرپە ئەڵوەنێکەیدا ، گورگە فرسەت تەلەبەکان لە خۆشیاندا کردیان بە شایی زەماوەند . پاشان بۆ ماوەیەکی کورت زیندانیکرا و بەربوو ...

هەمان تاوان دەرهەق بە عەباسەی بەستەزمان کرا ، تاوانەکەی ئەوە بوو ، پێش حەڤدە ساڵ کچێکی راغبی خواستبو و پاش ماوەیەك تەلاقی دابوو . پاش حەڤدە ساڵ ، راغب دەڕوات بۆ دوکانەکەی عەباس و بەر فیشەکی دەدات، کە دەگاتە بەر چایخانەکانی گەڕەك هاوار ئەکات " ئینتقام کردم ... شەرەفم پاك ئێتم " ....

بەرامبەر بەم تاوانانە، هەبوو دەیووت، دەستیان خۆش، ئەگەر وا نەکەن، سبەی هەرکێ بۆ خۆی دەستی کچێك دەگرێت و وەکو حەیوان سواری دەبیێ. بەلام زۆربەی خەڵکەکە دەیانوت" کوشتن گوناحە ... ئەگەر شەرەفیان هەبوایە کچەکەیانیان نەدەکوشت "،" باوکەکە گەوادە، ئەگەر گەواد نەبێت، کچی خۆی ناکوژێت ؟ " راغبیش گێلە پیاوێکی گەلحۆ بوو ...

فاتمە ، یەکێك بوو لە سۆفیەکانی شارەکە ، بە درێژایی رۆژ تەلیلەی دەکرد ، و کاتێك یادی شێخ حسامەلدینی دەکردەوە بە کوڵ فرمێسکی دەڕشت ، بە بەردەوام دووبارەو و هەزار بارە ناوی خوای دەهێنا ، لەگەل جولاندنی هەر دانە قەزوانێکی تەسبیحەکەی، کە بە شانازیەوە دەیووت"لە بیارە هۆنراوەتەوە"، ئەوەندە"ئەڵلا ..ئەڵلای"پێدەکرد، خودی دانە قەزوانەکان بوبوون بە ئەللاَ ، بەکفر نەبێت ، سەد و یەك خودای هەبوو . جارێکیان بە نەناسی ووت " کوڕم تۆش گەورە بووی ، دەست بکە بە نوێژکردن ، بۆ ئەوەی تۆش بچیتە بەهەشت، لەوێ دەبیت بە خاوەن سەد حۆری . نەناس پێیووت " کە واتە تۆ ئەم هەموو نوێژە بۆ ئەوە ئەکەیت ، لە بەهەشتدا سەد پیاوی بەهەشتیت دەستبکەوێت ؟!

بەدەم پێکەنینێکەوە دەستی برد بۆ نەعلەکەی و بەڕووی نەناسیدا کێشا، ووتی"هەی کافرە خوێڕی بڕۆ، جەهەنەم جێگات بێت" ... . کاتێك سۆفی فاتمە دەچووە خەڵوەت، لە بەر خۆیەوە، بە فرمێسك ڕشتن و دەنگێکی هێمن، بە هەورامی و باجەلانی گۆرانی خەمناکی دەوت :

ئەڵوەنە شیتە و دایم خێڵەنی

گە ساڵ ئەی وەختە ، لە نویای خێڵەنی

ئەڵوەن هاتگە و وە بەرزی داران

ریگە بریگە و لە شووڕە سواران

ئەڵوەنە شێتە بگە بگارم

با سەری بیەم لە قەوم و کارم ...

ئەو رۆژەی کە ئاسمان سوور هەڵگەڕا ، سۆفی فاتمە وتی: ئەمە هێمایەکە بۆ توڕەیی خوا لە سەر تاوانێکی دڵتەزێن. کوڕەکانم بڕۆنە دەرەوە و لە تەنەکە بدەن، ئەمڕۆ رۆژی قیامەتە "! بەلام رۆژی قیامەت ، بە گوێرەی بۆچونی ئەو نەهات ، بەڵکو هەموو رۆژێکمان بوو بە رۆژی قیامەت! !

ئەڵوەن کارتێکردنێکی تایبەتی هەیە لە یادی مرۆڤەکانی ئەو شارە. لەوێ و لە هەندەراندا بە نهێنی و خەمی لاوەکان و مانگە شەوان و شتی تر دەستچینکراوە. ئەمانە تەنها خەڵکی ئەو شارە لێی تێدەگەن !

خەڵکی دەربارەی دانیشتوانی شارەکە دەڵێن "خەڵکی ئەو شارە دوو جۆرن، یا زۆر باشن، یا سەگ کوڕی سەگن ؛ ناوەراستیان نیە ".

ئەم جۆرە بڕیاردانە جێگای داخە، بە راستی زۆر سەختە، شارێك بەو رادەیە دڵدار بێت، جوان و دێرین، شارێك ئەوەندە خوانەناس، بە ئارەقەی ناوچەوان و بازووی مەحمود ئەحمەد، قەیسگە، مەحمەد عەلی، هۆشیار و ئیبراهیم ئەسوەد خشت و چەمەنتۆ و گەچەکەی باردەکرا و بە دەستی سەلام بەنا ، تەها بەنا، ئەحۆلە، حەمید ، مەجید بەنا دادەمەزرا. سەربانی ماڵەکانیش بە رەنجی عەلی شەرەفە سواق دەدرا. ئەمانە و سەدان کەسی تر شارەکەیان گەورە دەکردو لە وێرانی دەیانپاراست وەك براکانیان، ئەوانەی پەرژینی چین و عەشتار و ئەهرامەکانیان دروستکرد . کە چی لە پەرتووکەکانی مێژوودا نووسراوە ، فیرعەون ، نەبوخوزنەسەر و نازانم کام پاشای چین ئەو شتە مەزنانەیان درووستکردووە .

عەلی شەرەفە وتی : با ئەرا خۆیان گوی بخۆن ، ئەو فیرتەڕەماش و نەبو خوزجرت و پاشا ترحێو و ئەوەی وەکو ئەوانن ، گەوادی کردنە و کور عالەمەکە دانەسە کوشت !

شاری حەمید چکچکانی ئەڵوەنزادە ، کە بە پێیەك لە سەر پەتێکی باریك دەرۆیشت و لە سەریدا پاسکیلی لێدەخوڕی، بە دارە سیحراوێکەی هێلکەی بە خەڵك دەکرد، لە ناو شەفقەکەی دەیان کۆتری دەردەکرد . ئاخر باسی چیبکەم ، شارێکی پیس و شەرمن ، منداڵەکانی لە ناو جۆگەی چڵکاو و پیساوی ناو ماڵەکان گولوانیان دەکرد، شارێك کە نەخۆشەکانی بە منداڵ و گەورەوە ، بە ژن و پیاوەوە تەنها بە حەبی ئەسپرین وپەنسلین، لەوانە گرنگتر بە ئاوی پونگە چاکدەبوونەوە . قورگ ئێشانەکەیان بە فروت باش دەبوو و زۆر بە ئاسانی. مرۆڤ دەچووە بەر دەستی دکتۆرە خانزاد ، ئەمیش پەنجەیەکی تەڕدەکرد و فروتی دەخستە سەری، هەتا پێیدەکرا پەنجەی دەخستە ناو قورگیان، ئیتر بۆ خۆی باش دەبووەوە ...

شاری سەگ و پشیلە بێ خاوەنەکانە، بەڵام لە برساندا نەدەمردن ، ئەوە نەبێت بەیناو بەین بە کۆمەڵ راودەکران ! کورە بێ قەزا بن، مریشك و پشیلەکانیشی کوردی و عەرەبی و تورکومانی تێدەگەیشتن ، هاوسەرەکەی حوسێن نەشعە بە بەردەوام لە گەڵیاندا خوتەی دەهات. شارێك بەو شێوەیە بێت ، هەڵبەت بەو رادە زۆرە لە چاوی چاوچنۆکەکان دەترسێت ـ ئای کە زۆرن ـ جا ماڵتان وەکو ماڵی من نەشێوێت ، ئەی چۆن نەترسێت ؟ سەختە هەموو لایەنەکانی ؛ هەموو روخسارەکانی وەکو خۆی بەراستی دەستنیشان بکرێت ...

لە هەر هەمووی جوانتر و خۆشتری ئەو شارە ، ئەوەیە ، کە لە دیوی رۆژئاواوە رووی تێدەکرا ، کاتێك ئۆتۆمبیلەکان نزیك مەخفەرەکەی لای عەباس کوژیای دەبوونەوە، جادەکە هەڵدێر و نشێوی هەبوو، مرۆڤ هەستی بە دڵ داخورپاندن و بە ختوکەدانێکی تایبەتی دەکرد ، هەر بۆیەش حەمید سایەق بە دەنگی بەرز جارپیدەدا : ئوممممممەت ئەسلالالالالام ، گانەگەەەەەس، یەڵلا گاااااااان بکەن! لە نشێوەکەدا دەیووت" ئای کە خۆش بی" ئیتر ئەو هەقی نەبوو نەفەرەکان کێن و کێ نین . ئاخر چی بێژم ! پاشان ، وەختێ ئۆتۆمبیلەکە لە هەورازە بەرزەکەوە سەردەکەوت، لە پڕێکدا ، بە بێ ئەوەی مرۆڤ بزانیت، بە بێ هیچ چاوەروانیەك، شارەکە بە هەموو هێزێکیەوە باوەشی پێدادەکردی، هەر وەکو ئاشقێکی دێوانە، کە خۆشەویستەکەی دۆزیبێتەوە ! رێك ئەو بەرزاییە، دەروازەی هەمو گەردوون بوو، بەڵام ئەو بنکەیە وا رێك لە دیوی دەست راستی جادەکەدا بوو ، ئەو چرکە پڕ ئارەزو و دیتەنیەی وا بەدەگمەن دەهاتە پێش ، دەکوشت، وەکو بڵێی شەوەیەکی بەردەوامت تووشهاتبێت ، هەستت دەکرد دەوروبەرت بە نەحس و نامۆبوون ئابلوقەدراوە .

کاتێك رووبەروو دەبوویت لەگەڵ پەیکەری سوارە شمشێر لە دەستەکە، لە فلکەکەی زەعیمدا، لە دابەزینە شادمانێکەدا، هەستت بە خنکاندن دەکرد، هاوارێکی زەبرلێکراوی ناو ناخت، سەرشێتانە نەیدەزانی روو لە کام خودا بکات! لەگەڵ چاوهەڵبرینێکت بۆ چەند مەترێکی دوورتر، چاوت بە پاشماوەی باخی پرتەقاڵ و هەنار دەکەوت، بە پاشماوەی دارەخورما سەربڕاوەکان ...

شارەکە، شارێکە، دانیشتوانەکەی ئۆخەی ناکەن لە گێرانەوەی باس و بەسەرهاتەکانی . باسەکان هەرچەند درێژە بکێشێت ، هێشتا هەر بابەتێك دەمێنێت کە باس نەکراوە. تەنانەت هەندێ جار لە ناو یادەکانیاندا بۆ هەندێ بابەتی بێنرخ یا بێتام و لەزەت و دووبارەکراوە دەگەڕێن ، خوا نە خواستا مەبەستم ئەوە نیە حەز لە بوختانکردن دەکەن، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە کاتێك دوو کەسی ئەو شارە یەك دەگرنەوە ، ئیتر لێنەبڕاوانە، ئەو باسانەی لە بیری خاوەنەکانیشیان چووبێتەوە، زیندووی دەکەنەوە ، وەکو بڵێی هەر ئێستایە، لە پاڵیشیەوە بێ رەحمانە قەیچیەکیش دەگرنە دەست و بە ئارەزووی خۆیان ئەو خەڵکە دەبڕن ، ئیتر" باس باس دایگ عەباس "ە. هەر کەسێکیش باسی کەسێکی لە لایە، ئازاد باسی مامۆستا مەجید، مامۆستای جوگرافی لە ناوەندی سەلاحەدین دەکات: رۆژێکیان لە کاتی دەرس ووتنەوەکەیدا، لە سەر تەختە رەشەکە بابەتەکانی دەنووسی، لە دوایشەوە ، دوو قوتابی خەریکی قسەکردن بوون، مەجید ئەفەندی تووڕە بوو، چوو بۆ لایان و پێیوتن" ئەگەر واز لە قسەکردن نەهێنن ، ئەوا سەر توو نەمە کوس دایك ئەو، سەر ئەویش نەمە کوس دایگ توو! . قوتابیەکانیش دایانە قاقای پێکەنین،مەجید(حەماوەکەی ئەوەندەی تر بەرزبووەوە)و فەرمووی"ئەوەی بخەند، کەمەی! ".

خەلیل باسی مامۆستا سلێمانی کرد، مامۆستای وانەی زمانی ئینگلیزی بوو"بێ ئەدەبی نەبێت دەعباکەی هەتا ئەژنۆی شۆڕ بوو ، لە کاتی دەرس ووتنەوەکەیدا یەکێك لە قوتابێکان سەرنجی ئەوێدا ؛ مامۆستا گەورەکەمان بە قوتابێکەی وت " ئەێ کوڕم ، من لێرە رانەوەستاوم بۆ ئەوەی تەماشای دەعباکەم بکەی ، باشترێکە تەماشای تەختەرەشەکە بکەیت ".

هۆشیار هەر باسی یادگار بەنای دەکرد"رۆژێکیان یادگار دەچێت بۆ سینەما فیلمی رینگۆ ببینێ ، لە فیلمەکەدا لافاو هەڵدەسێت، یادگار لە ترساندا هاوار ئەکات: باوکە ڕۆ ئاو بردمانی ، ڕانکەکەی بۆ سەرەوە دەبات و بە سەر کورسییەکاندا بۆ دەرەوەی سینەماکە دەفڕێ ..". هەروا حەمید خەریکی غەیبەتکردنی مامۆستا فەیزوڵا و کەمان ژەنینەکەیەتی" ئاوازی گۆرانیەکان هەرچیەك بووایە ، فەیزوڵا هەقی بە سەرەوە نەبوو، هەر ئاوازەکەی :

کەتان کەتانە ... دوێت مەشەی ...عومرم کتانە ...

لێدەدا " ئاخر بڵێ حەمید تۆ چیت لە مامۆستا دەوێت ؟

هۆشیار : ئەی نوری حاج ، نوری حاجی ئوتوچی لە بیر ماوە ؟

دنیا هاوین بوو ، هەموو خەڵك کراسی قۆڵ کورتیان لە بەر کردبوو ، کە چی نوری حاجی ئەلۆەنزادە بە قاپوت و مل پێچ لە دەرەوە پیاسەی دەکرد !

برادەران پرسیاریان لێدەکرد " ها کاك نوری خێرە ، بۆچی بەم گەرمایە قاپووت و مل پێچت لەبەرە ؟

نوری حاج : کاکە ئەی چی لە بەر بکەم ؟ رادیو وتی ، ئەمرۆکە لە مۆسکۆ دوازدە پلە ژێر سفرە، منیش هاریکاری لە گەڵ کرێکارانی سۆفێتی دەکەم! . نوری ئەوەندە خەریکی هاریکاری دەبوو پانتۆل لە دوای پانتۆل ، کراس بە دوای کراسی خەڵکی بە دەستیەوە دەسووتا !

بۆ نەگبەتی، ستۆدیوی وێنەکێشانەکەی بەهجەت لە تەنیشت دوکانەکەی نوری حاج بوو. وێنە گرتنەکەی بەهجەت هەموو خەڵکی گێژکردبوو. ئەگەر بەهجەت وێنەیەکتی لە بەر دەرگای ماڵەکەتان بگرتایە، لە سەر کەرێك خۆتت

دەبینیەوە، ئەگەر لە چایخانەدا وێنەتی بگرتایە ، خۆتت لە تۆی جل و بەرگی وەرزشیدا دەبینیەوە ! لە باوە مەحمود وێنەی بۆ دەگرتی، کە دەتهێنایەوە ، دەتبینی لە سەر رەسمەکە ، لەبەر دەرگاکەی عەلەمداردا راوەستاوی! بە بەردەوام لەبەر دوکانەکەی هات و هاوار دەکرا. بۆیە بەر دووکانی ئەو دووانە قەلەبالَغ بوون!

مرۆڤ هەرچی بووتایە ، بەهجەت لە وەلآمدا دەیوت: ئێ چ جیاوازیەکی هەیە، لە سەر کەرێك بیت ، یا لە چایخانە دانیشیت ، گرنگ ئەوەیە ئەو رووخسارە هی تۆیە ، ئیتر چیت دەوێت ، دەبچوو ملت بشکن !

لەکاتی راوە شوعیەکاندا ، هەموو کەسێك خوا خوایبوو دەسگیر نەکرێت ، بەلآم سەمینەی ئەلۆەنزادە لە بەردەم بنکەی پۆلیسخانەکە هاتوچۆی دەکرد ! زۆر حەزی دەکرد زیندانی بکرێت .

مولازم هاشمی جەلاد دەرکی بەمە کرد و پێیوت : سەمینە روحت دەربچێت دەسگیرت ناکەم ، خۆشت ئەوەندە ماندوومەکە بە جرت و فرت لە بەردەم پۆلیسخانەکەدا !

کە پیلانەکەی سەری نەگرت ، سەمینە بۆ قزرەبات سەفەری کرد و یەکسەر گەڕایەوە. لە سەیتەرەی پشکنینی رێگای شارەکە ، سەمینە لەبەر چاوی ئینزیباتەکاندا پەڕەیەك قووت دەدات !

ئینزیبات : ئەوە چی بوو قوتتدا ؟

سەمینە : وەڵلا هیچم قوت نەداوە !

ئینزیباتەکە دەستگیری دەکات و رەوانەی پۆلیسخانەی شارەکەی دەکات ، لە خۆشیاندا دەفرێت ، نەیدەزانی چۆن سوپاسی ئینزباتەکە بکات ، بەلآم خۆشیەکەی درێژەی نەخایەند ، کە هاشم چاوی پێکەوت ، یەکسەر فەرمان دەدات ئازادی بکەن ! سەمینەیش شادیەکەی بوو بە شین!!

ئەی هاوار ، پیاوێك وەك باوکی هێلانە تازە بە تازە وەك منداڵێکی چوار- پێنج ساڵە بیری گۆرانی :

پەخشە قپ گرد لە سینەم

لە خۆیەو من سەکینەم

پەخشە قپ کرد لە ڕانم

لە خویەو من سەکرانم !

ئەم باسانە لەم سەر بۆ ئەو سەری دنیا ، بوون بە باسی رۆژانەی ئەلۆەنزادەکان ! لە بەر تاڵی دووربوون لە ئەلۆەن ، و سەختی و ئاڵۆزی ژیانی شارە دوورەکان ، پەنا بۆ خەیاڵ و یادەکان دەبەن ، ڕابردوو دەهێنن و دەیکەن بە سارێژی دەردەکانی ئەو سات و جێگایەیانە ، لە دواییشاندا یەکێکیان گۆرانی " غەریبی شاران کار وە پیم کەردەن ..." دەڵێ ، و یەکێکی تر دەڵێت " پێشینان راستیان وتووە"بەرد لە جێگەی خۆی سەنگینە"! !.نەناس وتی"ئێمەومانان نە بەردین، نە جێگامان هەیە ، نە خاوەنی چارەنووسی خۆشمانین. بۆ ئەوەی وەزعەکە درامی نەبێت جوامێر گۆرانی خۆشەویستەکەی دەڵێت

" ئینە وەهارەن ... مەحەل جویَ زەردەن

چێرش چێشکەرۆ ... شۆلە ئاو بەردەن !

ئەگەر کەسێکیش پیاڵەکەی شەرابی تێمابا ، دەمە لاسکێی کابرای ئەوبەری دەکردەوە " بحۆمەد ، نەحۆمەد ...یەڵلا بحۆمەد ... "

جا چیتیایە چی ! ئەم باسانەش دەربارەی خۆشەویستەکەیە، دەربارەی ئەوەیە وا کەس لێی وەڕس نابێت . دەربارەی ئەوەیە وا هیچ بەکتریایەك ؛ هیچ چڵکاوێك کاری تێناکات. چی پیسایی شارەکە هەیە دەچووە ناو ئەلۆەن

، منداڵەکان تێدا یاریان دەکرد و لێیان دەخواردەوە. بە پێچەوانەوە ، ئەوەی گوناح کاریەك بکات ، بە قومێك لە ئاوەکەی ئەڵوەن گوناحەکەی دەوەرێت !

- ئای گەر بزانن چۆن چاوەکانیان وەکو خەون ، سنوور و زەمەنەکان دەبڕن - !

شارێکی بچکۆلانەیە لە هەموو شوێنێکدایە ، بە ناچاری جێگاکەی بە جێ دەهێڵێت وسەر هەڵئەگرێت ، سەرهەڵگرتن بووە بە پیشەی، لەگەڵ شارەکانی سەرتاپای دونیا یەکدەگرێتەوە . قەسرییاخ کەوتۆتە جادەیەکی کۆپنهاگن. بڵێم چی، کە ناوی کۆپنهاگن دێت ، تووشی دڵەکوتە دەبم، سۆفی فاتمە نەیدەزانی درۆ چییە، جارێکیان وتی"رۆڵە وەلی دێوانە خزممانە"، نەناس لە بەر خۆیەوە ووتی" تۆ بڵێی دەمارە حیزانەکەی وەلی دێوانە هێشتا لە سەردەمی کۆمپیوتەر و کۆپیکردنی مرۆڤ کاری خۆی بکات ؟". نەناس وتی" بۆ من ئەو شارە بووە بە بەشێك لە بوونم . کاك فازل قسەکەی پێ بڕی ، و پرسیاریکرد: "مەبەستت کام شارە ؟"

نەناس : بەڵێ ؟

کاك فازل : باسی کام شار دەکەی ؟

نەناس: بۆچی لەم دونیایە چەند شار هەیە ؟ بۆ من هەموو گەردوون لەو شارە و لە درێژەپێدەریە بەشەریەکەی پێکهاتووە ... باسی ئەو شارە دەکەم، کە بولبولەکانیشی، بە باڵەکانیان ، خاکیان بە سەر خۆیاندا دەکرد، وا وەیلایان دەکرد، بە خەمگینیەوە لە سەر لقی دارە پرتەقاڵ و هەنارەکان پرسەیان دەگێرا ، کاتێك منداڵەکان ، بەچکەکانیان دەفڕاندن . دایك و خوشکەکان لەوانەوە فێری چەپۆك بە سەر کێشاندا بوون بۆ لە دەس دانی خۆشەویستەکانیان !

من ئەو دارە سەربڕاوانە، ئەو بولبولانەم دەوێتەوە !

ئاخر درۆی چیبکەم، تازە ئەو لەوێ هەناسە هەڵدەکێشێت، بۆیە بۆ من ئەوێ بووتە باخچەی شارەکە، ئەوێ بۆتە لانکەی رۆژانی جەژنی لێواری ئەڵوەن، بە بەشێك لە نهێنی بەردەوام بوونم ! !

کاك فازل: بەدبەخت ، تۆ بەدوای کڵاوی بابردوو کەوتوویت ، پاشان عەیبە بۆ تۆ، خاوەن دوو منداڵی ، هەروا رەنگە ئەویش ئێستا خاوەن سێ منداڵ بێت ...

نەناس : هیچ وەکو راکردن بە دوای کڵاوی بابردوو خۆش نیە ، مرۆڤ دەبێ سۆزێکی دێوانانە و هێزێکی نەبڕاوی هەبێت، دەبێ بتوانێت ڕابکات، وەکو ئەسپە سپێکەی بناری دۆڵمازەلە، چۆن بە ناو بەفرەکە رەوتی دەکرد، ملی دەنا و دەرۆی، تەنها جێ سمی لە سەر بەفرەکە بەجێ دەهێشت ، ئەوە هەزاران هەزار ساڵە خۆری خۆشەویست ، لە خۆشی دەس لە مل کردنی ئەو جێی سمانە هەڵدێت، ئەگینا هیچ هۆیەکی تری نیە بۆ هەڵهاتن بێجگە لە بێزار بوون . بەڵام بەداخەوە ، هێشتا تیشکە ئاڵتونیەکانی بە ژووانەکەی نەدەگەیشت، ئەم لە جێگای خۆیدا دەتوایەوە، سەرەرای ئەم سەرئەنجامە دڵتەزێنەش ، خۆر هەر بەردەوامە لە ڕاکردن بە دوای کڵاوە بابردووەکەی...دڵنیام لەوەی کە ئەسپە سپیەکەش نەیدەزانی بەرەوکوێ مل دەنێت، هەر ئەوەندەی دەزانی بە بوغرابوونێکەوە تێیتەقاند . برا ئەزانیت ، کە بەو راکردنە ، هەزاران خەیاڵی زەردوو سوور دێنە بەر چاو، ئیتر وەکو بڵێی مرۆڤ ئومێدێکی دیاریکراوی هەیە، ئەی ژیانی بێ ئومێدی بۆ چی باشە؟. ئومێد جۆرێکە لە کەماڵ، مرۆڤ هیچ رێگایەکی لە بەردەمدا نامێنێت غەیری ئەوەی لە ناویدا بتوێتەوە... کەمالیش تەنها ئەوانە پییدەگەن و تێیدا دەژێن کەوا بە جۆرێك لە جۆرەکان خزمایەتیەك، رەگێك ، ناسیاویەکیان لەگەڵ ڤینۆسدا هەبێت ...

کاك فازل : ئەوە سەرابە ، سەراب ...

نەناس : تۆ جارێك دەڵێی ، ئەوە كلاوی بابردووە ، جارێكی تر دەڵێیت ، ئەوە سەرابە، من هەردوكیانم پێقبوڵە، چونكە متمانەم بە ئاوەكەی ئەڵوەن هەیە ، هەروا من راهاتووم بە راكردن بە دوای سەرابی كلاوی بابردوو ... ! !

تەنانەت پاشاكۆپری كەوتۆتە زیورخ، مەزرەعە كەوتۆتە ستۆكهۆڵم، یەكێك لە كۆلانە باریكەكانی گەرەكی عەبدوڵلە بەگ كەوتۆتە مۆنتریال، ماڵەكانی رێگای مەنزەریە، ئەوەتە لە ئەمریكا، گەرەكی سالح بەگ لە ئەستەنبوڵ، كۆردەرە لە ناوەراستی شاری مالمۆیە، حەی ئەلعومال، ئەوەتە لە مانهایم، گەرەكی عەبدوڵلا بەگ كەوتۆتە گوێتنگن، گەرەكی حەمیدیە و تێل خانە كەوتوونە پاریس و ئوریبرۆ، ... هتد . شارەكە هەتا مەرگ دڵداری دەكات، چاوەروانی دوا سەفەری دەبێت ، بۆ ئەوەی سەر لە نوێ بۆ بە گژاچوونی تاریكایی و مەرگ رێگای سەفەر بگرێتە بەر ...

شارێكی ئەفسانا وییە بەبێ ئەوەی یەكێك بێت لە حەوت سەرسوورهێنەرەكانی جیهان . شاری خانووە قورەكانە ،كە لە زستاندا پەرێشان دەبوون . زۆربەی دانیشتوانەكەی ناچاردەبوون بۆ سەربانەكانیان سەربكەون و درزەكان بكوتنەوە. لەناو ژوورەكانیش، سەتڵ و قاپ و قاجاغیان دادەنا بۆ ئەوەی دڵۆپە جەرگبرەكان ، ئەو ناوە زیاتر وێران نەكەن، چش لە نووستن، زۆرجار ئەو هەوڵانەش هیچ سوودی نەدەبوو . ئەمجار تف و جمین رووی لە ئاسمان دەكرد، جمێنی سەیر سەیر ...

سەیرتان لێ نەیەت، كە خەڵكی ئەو شارە لە خودای باو و ئاساییەكە و رۆژی حەشر و مەشر ناترسن . ئەم پێخاوس و ماڵوێرانانە نامرن ، بەڵكو دەبن بە ماسی. هاوینان كاتێك خەڵكی شارەكە بۆ مەلەوانی دەرۆیشتن ، دەیانبینین ، تەنانەت لە گەڵ یەكتری یاری چاوشاركێیان دەكرد، كاتێك ئەوان قونتەیان دەدا ، ماسیەكان خۆیانیان بۆ دەرەوە هەڵدەدا ، بەو شێوەیە یەكتریان نەدەدۆزیەوە، بەلام هەندێ جار لە كاتی ئەم یارییەدا وا رێدەكەوت ، ماسیەك، لەگەل برادەرێك یا منداڵێكی خزمی یا ناسیاوێكی خۆشەویستی یاریدەكرد، لە خۆشەویستیەوە، حەزیاندەكرد پێكەوە نانی ئێوارەش بخۆن، ئیتر، وەكو دەزانن دەمەتەقەی شەوان تەواو نابێت، هەر وا باسەكانیش زۆر زۆرن، ئیتر بۆ خۆیان خەویان لێدەكەوت. بێجگە لەوەش هەندێ منداڵ یا گەنجی وا هەبوون كە چاویان بە باوك یا برا، خوشك یا خزم یا برادەرەكانیان دەكەوت ، حەزیاندەكرد لەوێ بمێننەوە .

جەمال وەفیق ، یەكێك بوو لە باشترین مەلەوانەكانی شارەكە، كەچی رۆژێكیان نازانم كێ بینیبووی ، و حەزی لە نوكتەكانی ئەدهەم باقی هەبوو ، جەمالیش هەموویانی دەزانی ، ئیتر هەر نوكتە لە دوای نوكتە گێرابویەوە، درەنگی بە سەردا هاتبو و لەوێ مابووەوە .

سەیر ئەوە بوو، هەندێ لە ناحەزانی ئەڵوەن دەیانوت"باوەگەزی هەموو ساڵێك یەك دوو منداڵ دەخنكێنێت"، هەموو خەڵكەكە دەیانزانی، ئەمە قسەیەكی قۆرە و هیچی تر . یحیا دەلی كە خۆی ئاگەداری زۆر شت بوو، لەم بارەیەوە فەرمووی"باوە گەزی، عەزیزی ئەڵوەنە و ئەو جۆرە شتانە ناكات، هەتا ئێستا تەنها یەك شتی كردووە . ئەوەیش ، جارێكیان محەمەد دلگ لە داخان ، لە سەر پردەكەوە خۆیی هەڵدایە خوارەوە، دەیویست خۆی بكوژێت، باوە گەزی ئەمەی زۆر پێ ناخۆش بوو، وەكو بلێی هەڵەیەكە، هیچ كەس لێی نابورێت. باوەگەزی، دەستی لێوەشاند"! محەمەد خۆی دەیگێرایەوە"من جاران وا نەبووم، پرچم وەكو تەلەكانی خۆر زەرد زەرد بوو، چاوم وەكو ئاسمان شین شین بوو، پێستم وەكو بەفر سپی سپی بوو". جا لەبەر كەم ئەقلی دەیووت " فریشتەكان دەستیان لێوەشاندم ، بۆیە ئێستا وا ناشیرینم" .

هەر هەمان ئەم مەحەمەدە سپلەیە ، كە وا دلی باوە گەزی لە خۆی رەنجاند ، پێشتر ، كاتێك سەربازی هەلاتوو بوو ، ئینزیباتەكان راویاننا ، كاتێك گەیشتبووە سەر پردەكە، خۆیی هەڵدابووە خوارەوە . لە بەر ئەوەی ئەم جارە لە

تەنگانەدا بوو و پێویستی بە یارمەتی هەبوو، ئەڵوەن باوەشی بۆ کردەوە، هیچی لێنەهات و بە قونتەیەك سەری لە ناو تانکی ئاوەکەی ماڵی رەفیق ئەفەندی دەرکرد !

ئەحمەدە قەنە لە زمانی باپیرە گەورەیەوە دەیگێرایەوە"مەحەمەد دلگ لە نەوەی خوا ئاساییەکەیە، کە ئەڵوەن قێزی لێدەکردەوە، چونکە کابرایەك بووە ، لە رادە بەدەر فشەباز و تـرزل، درۆ و دەڵەسەکانی خەڵکی وەڕس کردووە، زۆر خۆیی لە مرۆڤ بە گەورەتر داناوە . ئەڵوەنیش بەو گەورەییەی خۆیەوە ، بۆ حورمەتی مرۆڤ ، سەری بۆ دادەنەواند .

هەمان بۆچوون لە سەر مامۆستا زەلیل هەبوو . ئەم بۆ خەڵکی دەگێراوە"کاتێك زەردەشتی کوڕم لە دایك بوو، یەکسەر هاواریکرد: باوکە"! . ئەم مامۆستایە هەر خەریکی فشە بازی بوو و راستی دەشاردەوە، بەڵام رۆژێکیان کوڕگەل بۆ رابواردن ، لە بەردەم قەسرە زەردەکەی سەرپێڵ ریزیان بەستبوو، لەم کاتەدا زەلیل ئەفەندی لە ژوورەوە بوو ، لە درزی دەرگاکەوە چاوی لێیانبوو، نەیدەویست لە ژوورەکە دەربچێت ، بەڵام ئافرەتەکە دەیویست پارەی نانەکەی دەربکات، لەم کێشمەکێشەدا ئافرەتەکە بە پاڵ زەلیلی دەرکرد
کوڕگەل: ها مامۆستا زەلیل تۆ چی ئەکەی لێرە ؟
زەلیل ، بە سەرشۆریەوە ووتی " تەبیعیە ... تەبیعی" . هەر ئەم کارە حیزانەیەی راست بوو ، کەچی حاشای لێدەکرد ! . .

سەباح چاو شین و عەلی زەریفە و خەلیل شەوقی بە چاوی خۆیان بینیبوویان ماسییەکان لە دەوروبەری قولاپەکەی مەلا محێدین کۆبوونەتەوە ؛ نانی سەر قولاپەکەی دەخۆن ؛ پەرداخە ئارەقەکەی دەرێژن ، وخۆیان دەمی پێوە دەنێن ؛ یاریان لە گەڵ دەکرد ؛ هەندێ جار ، سەریان دەنایە سەری ، قولاپەکەیان رادەکێشا و هەموو شیرازەی بیرکردنەوەکەیان پێدەبڕی و بە ئاگایان دەهێنایەوە . لەم کاتەدا دەبینێ سەدان ماسی شەبوت ؛ گەڕە ؛ زەردە دەوریان لێداوە و پێی پێدەکەنن . جا چۆن پێنەکەنن ؟ مەلا ، ئەڵوەنی لێ رازی بێت ، ئاگای لە دنیا نەدەما، دەڕۆی ... دەڕۆی بۆ لای نهێنیەکان ، بۆ لای ئەو نهێنیانەی وا:"بە ناوی مرۆڤی بەخشندەو میهرەبان، بە ناوی نان و ئاوی هاوبەش، بە ناوی ئەڵوەن، بە ناوی ئەم بەرو و ئەو بەر"دەستی پێدەکرد ! هەندێ جار سوورەتی یوسفی مام عەزە زلابیە فرۆشی دەخوێند، بە قەد نەمامێك بوو ، ناچاری کارکردن بوو . ئەو سوورەتە یوسفەی ، کە لە کتێبی کافرەکاندا ناوی هاتووە ، کارێکی حەسوودانە و ناشەریفانەیە، کۆپیەکی بەدە بۆ یوسفەکەی ئەڵوەن .
رۆژێکیان براکەی باوکم ، بۆ پشوودانی نیوەرۆ گەڕایەوە بۆ ماڵەوە ، لە کاتی چوونەوەی بۆ سەر کار ، لە بەردەم دوکانەکەی سەید قوتب کەوت و گیانی لە دەست دا، سێ شەو و سێ رۆژ ناوەوە و دەرەوەی ئەڵوەن پرسەیان بۆگرت.

هەندێ جار وا دەهاتە پێش چاو ، ماسییەکان محێدین راودەکەن ، لەوەیش زیاتر ئەڵوەن و شارەکە لە ناو ئەودا وون دەبوون . ئاخر بڵێم چی ؟ پێکرا لە ناو یەکتریدا وون دەبوون ! لەم کاتەدا دانیشتوانی شارەکە گوێیان لە :
هەیاران و مەیاران

یاخوا ببارێ باران

بۆ فەقیر و هەژاران .

منداڵەکانیش، یەك لە دوای یەك لە ماڵەوە دەردەچوون، کۆمەڵ کۆمەڵ لە جێگایەك کۆدەبوونەوە، بە ناو کۆڵانەکاندا دەرۆیشتن و پێکەوە هەیاران و مەیارانیان دەووت ، هەموو شارەکە گوێی لەم کۆراڵە مەزنە دەبوو. تەنها یەك کەس لەم یەکانگیرییەدا تێدەگەیشت ، ئەوەش ، یحیا دەلی بوو !

یحیا ئاگای لە هەندێ نهێنیە گەورەکانی سەرەوە و ناوەوەی گەردوون بوو . لە چلەی زستان ، لە ژێر باران، لە کاتێکدا ئەڵوەن هەڵدەستا، یحیا مەلەوانی دەکرد، قوتابیانی فێرگەی سەلاحدینی ئەیوبی و ناوەندی کچانی شارەکە لە پەنجەرەکانەوە چاویان لێ دەبوو . بە چاوی خۆیان دەیانبینی ، یحیا قونتە دەدات و نایەتە سەر! کەچی پاش چەند رۆژێك لە ناو شار ، لە تۆی دشداشەیەکی تەنك و بە پێخاوسی دەیانبینی .

ـ یحیا ئەیە چەند رووژە دیار نید ؟

یحیا بە حال بزیەکی دەکرد و دەیووت : ها ؟ !

ـ لە کورە بید ؟

یحیا : کیانەگەی باوگد ، تەباشیرو وار ؟ ـ ئەم پرسیارە بە بەردەوام لە سەر زبانی بوو .

ـ تەباشیر لە کورە ئەراد بارم ؟

یحیا لە گیرفانە زلەکەیەوە پارچە تەباشیرێکی دەردەهێنا ، و لە سەر دیوارە قوڕاوێکان وێنەی پشیلەیەکی ئەفسوناوی دەکێشا، پشیلەیەك بە پەنجا ـ شەست پێووە ، یا وێنەی هەزار پێ دەکێشا . سبەی لە سەر دیوارەکاندا وێنەی دەیان پشیلە و هەزار پێی دەبینران ، لە نێوان هەر پشیلەیەك و پشیلەیەکی تر هێڵێکی رادەکێشا. بە هۆی یحیاوە هەندێ لە خوێندکارەکانی شارەکە سلفادۆر دالیشیان ناسی . کاتێك یحیا برسی دەبوو ، تەنها داوای لەتە نانێکی دەکرد و بەس. هەموو ماڵ و شەرەف و ناموسی شارەکە بە دەستی یحیاوە بوو .

یحیا بۆی هەبوو سەر بە هەموو ماڵێکدا بکات، چەند ماڵێکی دەوڵەمەند نەبێت، ئەوەی راستی بێت خۆی بێزی نەدەهات بچێتە ئەو جۆرە ماڵانەوە. لەوانە ماڵی جاشێك وەك دایەر خوفێر ، حاجی عەلی مەرتەب (ئاخر بڵێ عەلی مەرتەب تۆ کە ئاوەکەی ئەڵوەنت لە بەردەستدا بێت، چ پێویستیەکت هەیە بۆ لای بەردە رەشەکە بڕۆی؟ بڕا ڕۆ گوناهی تەواو نابێت)یا ماڵی کاول خەتاسە،خاوەن فابریکی سەهۆل و ئاشەکە بوو، ئەو فابریکەی کە دەنگە هەراسانەکەی هەموو گەڕەکەکەی بێزار دەکرد ـ ئای نەعلەتی بۆ دەچوو ـ هەروا خۆشیی دەنگی شەمەندنەفەرەکە و زەنگی کلێساکەی لێ تێك دەدایەن . ماڵی هادی ئەفەندی مەلاك ، کە گفتوگۆ و مەزەنەی جیا جیا لە سەر ژمارەی کچەکانیان دەکرا، هەندێ دەیانووت بیست کچن و هەندێ کەسیش دەیانوت ژمارەیان دەگاتە چل کچ! تەمەنیان لە سەرووی چل ساڵ بوو، هەموویان جلوبەرگی رەشیان لەبەردا بوو، زولفیان هەمووی سپی بوو، پەلکیان لێ هۆنیبوەوە، باوك و باپیرەیان لە ترسی ئەوەی موڵکەکانیان لە دەست نەچێت، لە وەیش خراپتر بە هۆی هەست بە عەیب و عارکردن ، کەسێك ـ هەر کەسێك بێت ـ کچێکیان بخوازێت، بە سوونەتی خوا و پێغەمبەریش قایل نەبوون! یەك کچیان نەبێت سەرپێچیکرد و ئازایانە مێردیکرد، بە بێ ئەوەی عەیب وعاریان بە سەرەوە بێت! ! هەمان شت لەگەل سێ کچی حاجی بەختیاری مەلاك روویدا و چەند خوشکێکی قەحتان ئەفەندی بێناموس! . ئەم قحتانە بەرێوبەری شارەوانی شارەکە بوو ، رۆژێکیان بە ئەڵوەن زادەیەکی یاخی وەك ئامەدی کەناسی ووت: ئەمڕۆ دەبێ پاچینەکەی بەردەم ژوورەکەم پاکژ بکەیتەوە .

ئامەدی لە وەڵامدا وتی : بچو باوە بچو ، حزبەگەمان وەل حزبەگەدانەوە توریایە . عەرەبانە وگزگەکەی دایەبەر و گەیشتە قوڵەکەی تەنیشت گەراجەکەی شارەوانی ، لەوێ عەرەبانە و گزگەکەی هەڵدایە ناو قوڵەکە !

ئەحسان ـ ئەمەی بینی ـ و پرسیاری کرد : ئامەدی ئەرا لێوا کردی ؟

ئامەدی : زەرەر لە حکومەت دەم . گوی وە قەور باوگ بەکر ئیجا قەحتان، پاشان رێگای باخەکانی قەسریباغی گرتە بەر ...

یاخیبوونەکەی ئامەدیش هەر لە ئەلوەنەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەگینا لە کام ئەستێرە، شتێکی وا روودەدات؟ ئەلوەن هەر لەیەکەم رۆژەوە تەلقینی لە دایکبووەکانی شارەکە دەخوێنێت:" چەوسانەوە یاساغە ، هیچ هۆیەکی ئەلوەنی نیە بۆ چەوساندنەوە".

بە پێی ئەم یاسا سروشتیە دێرینەیە ، رەمەزان کەچەڵ ، کە بە تەنەکە ئاودەسەکانی شارەکەی پاکدەکردەوە ، جارێکیان ئاودەسەکەی حوسێنیەی گەورەی پاك دەکردەوە. لە کاتی ژماردنی تەنەکە گووەکان ، سەید چوار تەنەکە کەمتری حسێبکرد ، بەڵام کاك رەمەزان زوڵم لە کەس قبوول ناکات و نەیکردووە ، بۆیە پەنجەی بە چاوی سەیدا کرد و پێیوت " ها سەید ، توای چوار تەنەکە گوی من بخۆید ؟

سەید : نە وەڵلا رەمەزان ، و الحسین چان ١٢٧ تەنەکە .

رەمەزان : سەید ، من عومرم لە ناو گووی خەڵاص کردمە ، خۆم حسابیانکردم و١٣١ تەنەگە بوی ، خۆد زانید ، من گوی حوسێنیە نێخۆم .

سەید : هەسە قابل من چوار تەنەکە گوی توو بخۆم ، یابە و العەباس قابل نەدارەد

رەمەزان : سەید بوڕەوەی ، کردمەی خێر ئیمام حوسێن ، یەڵلا عافێتد بوود !

ئاخر سەید چۆن ئەتوانێت چوار تەنەکە گووی ئەلوەن زادەیەك بخوات ؟ - نەچە هەر کیم بۆ خویدە ... شاری ورتە ! - بەڵام ئەڵێی چی ، رەمەزانیش وەکو هەر کەسێکی تری ئەو شارە ، میهرەبان وبەخشندەیە ، بۆیە گەردنی سەیدی ئازادکرد .

فەنتازیای خەڵکی ئەو شارە و بڕواکانیان سنووربەزێن بوون. بڕوایەکی باو هەبوو دەربارەی ئەوانەی کە بە نامەردی کوژراون ، گوایە لە گۆرەکانیانەوە راستبوونەتەوە و هاواریان کردووە" بۆچی .. بۆچی .." وەکو پرۆتێستێك دژی تاوانبارەکان . کەسانی وا هەبوون سوێندیان دەخوارد ،کە بە شەوان گوێیان لەو هاوارانە بووە ! ئەم بڕوایە رێککەوتبوو لە گەڵ کوشتنی کابرایەکی بێوەی وەك عەبی قەساب، لە شەوێکدا بە نامەردی تەقەیان لێکرد، نەمرد هەتا چاوی بە سەمیعەی کچە گەورەکەی کەوت ! پۆلیس ئەم تاوانەی دژ بە نەناسراوێك تۆمارکرد.. هەروا هاوارودادی ئەو ئافرەتەی وا دژ بە ژیانە کارەساتاویەکەی خۆی سووتاند، لاشە پیرۆزەکەی لە ناو ژوورە تاریکەکەی کەوتبوو . هەندێ پیرە ژن دەیانووت " کچێکی باشبوو ، بەڵام نەعلەتی لێ بێت، کافرە و دۆزەخ جێگایەتی ... خوا مرۆڤی دروستکردووە بۆ ژیان و تەنها خۆی بەرپرسیارە لە سەر روح سەندنەوەی ... بەڵام ئەم ، شەیتان فرمانی پێ کردووە خۆی بسوتێنێت و سەرپێچی لە ئیرادەی خوایی کردووە ... هەی نەعلەتی لێ بێت "...

شاری خەمی شێتانە و سەرنجدان و عەبەسی ئەو رێگا بێسەرو شوێنانەی وا مرۆڤەکان هەر لە سەردەمی بێ سەردەمەکانەوە پێداچوونە ... بوێرانە زەق زەق چاو لەناو چاوی مەرگ دەنێن و لە گەڵیدا چەپڵەرێزان بۆ ژیان لێدەدەن بۆ ئەو ژیانە پڕ مەرگەساتە ! ... ئەمە جۆرێك بوو لە کۆتایی پێهێنان بە مەرگ و کارتێکردنەکانی لەسەر ناخی بوون .

کاتێك ئۆقیانۆس بۆ سەردان دەهات دەیوت : لەهیچ جێگا و رێگایەك نمبینیوە و نەمبیستووە بەو شۆخی و نەبەردایەتیەدا مەرگ، ئەو مەرگە دڵ شکێن و سامناکە ببەزێنرێت. ئەم کارە تەنها بە مرۆڤە ئەلوەنێکان دەکرێت ، بەوانەی کە خەڵتانی خوێن بوونە، ئەوانەی کە بۆ ساتێکی چاوپێکەوتنی باخەکانی شارەکە ، شەوان ملی رێگای مەرگ دەگرنە بەر ...

هۆشیار : ئەی هاوار ئەم کارە بۆ ئەکەی کەنعان ... کەنعان مەکە ! کورە دەفەوتێیت ، بەچکە شەوەکان رێگای ملەوکناریان و پەلەچەفتیان گرتووە...

محێدین : من ئەزانم تۆ شێتی باخەکانی ، بەلاّم وا مەکە تیابچیت ... کەسانی تریش هەمان شتیان پێدەوت ، بەلاّم کەنعان لەناو میحرابی بۆنی دار هەنار و دەنگی شالوور وگوگوختێکان ئەسیر بووبو و هەر بۆیە سەرەڕای بێ ماڵ و بێکار و بێ حاڵبوونی بە گەشبینیەوە، بە گۆرانی ولاّمی تەمێ و ئامۆژگارێکانیانی دەدایەوە :

دنیا سەفەرە ... گشتمان میوانین

کەی تێیمنە دنیا ... کەی چیمن نێزانین

روژگارە و چوگە سەر ... هەر وەك ریگەی سەفەر

وە بی دەنگ و بی خەوەر ... سەفەرە هۆ سەفەرە

سەفەرە هۆ سەفەرە هۆ ... هۆ هۆ

سەفەرە هۆ سەفەرە هۆ ... هۆ هۆ

لەی دنیا مردم خۆشی نەدیمن

لەی دنیا مردم خۆشی نەدیمن

هەر ئاخە وکیشیم حەتا مریمن

هەر ئاخە وکیشیم حەتا مریمن

رۆژگارە و چوگە سەر ... هەر وەك ریگەی سەفەر

سەفەرە هۆ ... سەفەرە هۆ هۆ

سەفەرە هۆ سەفەرە هۆ هۆ سەفەرە ...

لەم کاتە دەنگێك دەڵێت " مادر بگو ... مادر ... مادر ... دە بیژ ... قسەیەك بکە !!"...

جا قسە ماوە هەتا بیکات ؟ نەیشی دەویست بە گریان بدوێت . لە چرکە تایبەتێکاندا ووشەکان بایەخی خۆیان لەدەست دەدەن ، چاو چێی زمان دەگرێت و فرمێسکەکان چێی ووشەکان ... دەیـــزانی ، ئەو دەیزانی بەم زوانە سەفەر دەکات !! ... لە ... سەر ... سەفەرە ...

رێبین وتی : سەفەرت بەخێر ... تۆ ، ئەی ئەشکی نەهات و چاوەڕوانی رۆژی خەندە باران ، بەخێر بچیت . بەخێر بچیت باوانەکەم ... بە ...خێر ... ئەڵوەن ئاگادارت بێت ... گلەیەکانت وە بان دیەم دایکی خۆم ... بە فرمێسك و بێدەنگی ولاّمت دەدەمەوە .

ایـــــن أشـــــك هـــــــای شـــــور ...أز کجـــــا مـــــــی یایـــــــد ، مـــــــادەر ؟

.........................................................................................................................

.....

شاری هەژارەکانە ، مەحەمەد عەلی ئاسا کە هیچی نەبوو ، تەنها جێی نووستن و چەند مەنجەڵ و قاپێك بۆ خواردنی خۆی و رادیویەکی رووسی . ئەگەر کەسێك حەزی کردبا تووڕەیی و جمێن بەبار بە سەریدا ببارێت و بێتە سینەما و قەشمەری ناو چایخانە،بەسی بوو تەنها بڵێت" رادیوی رووسی یا پیشەسازیی رووسی خراپە". حەمە دەیکرد بە رۆژی خۆی، چەناگەی خۆی دەگرت، قوڕ دەچو بە سەر کابرا، لە جوێنەوە دەستی پێدەکرد هەتا تفلێکردن، کابرای بە جاسوس و کرێگرتەی ئیمپریالیزم لەقەڵەم دەدا، خوشك و دایکی کابرا دەکران بە(سەیحاجی)، سەیر لەوەدا بوو ، کابرا(هەر کەسێك بوایە) وەکو سۆنە بە هیچ شتێك تەڕ نەدەبوو، جا یەکێك وەك تەحو، بەدەبۆد یا(مەم..) ـ نموونەیەکی بەرجەستە بوو بۆ مامۆستای تڕ زل، دەبەنگ و جەیش ئەلشەعبی ـ ، بە چی تەڕ دەبوون، بەتایبەتی ئەگەر دەریاکە حەمە عەلی بێت!ئەمانە خواخوایان بوو ، کەسێکی وەك حەمە عەلیان دەست بکەوێت.

ئاشکرا بوو بۆ هەموو کەسێك، کە کاکە حەمە بێتاوانە و پیاوێکی بە حورمەتە، وکەسەکەی تر شەرفرۆشە، خوامکردبێ مەلا عارفیش بێت !

شارێکی ئاسان وەکو حوسێن نەشعە، ئەگەر نۆکاوە گەرم و زۆر هەرزانەکەی مام حوسێن نەبوایە، دەبوو زۆر جار منداڵەکانی گەڕەك بە برسێتی بچنە قوتابخانە. لە هەمان کات یارمەتیەکی دەگمەن بوو بۆ دەیان گەنجی بێکاری گەڕەکەکە هەروا بۆ ئەو دایکانەی وا نەیاندەپەرژا خێرا ژەمی نیوەڕۆ ئامادە بکەن .

شاری خاڵو پەنجەلی هەنار فرۆشە، چاوێلکەکەی بە جۆرەها زەمق و تەل و پەت دەبەستەوە، هاوینان سەبەتە هەنارێکی بچوکی دەهێنا و لە تەنیشت ماڵەکەی ئەحمەدە قەنە دادەنیشت وەدەیفرۆشت، منداڵە ئاگرتێبەربۆکان پێیان دەووت"خاڵو پەنجەلی ... پەنجەگەد وە چەنی"... شاری مام کاکلی فرەزان و دڵتەڕە، ئەگەر پرسیارت لێبکردایە"ماسەکەت چۆنە؟ "یەکسەر تاقە وەڵامەکەی دووبارە دەکردەووە"ماسەکەم شیرینە "، خەنی دەبوو، کاتێك گەنجەکان ، حەبەشیان توڕەدەکرد !!

گەنجە تووشەکان وەك باهرە رەش و فایقە، دەستیان بۆ گونی حەبەش دەبرد و پێیان دەوت" گەواد تو کیر نەیرید ، ئەڕا ئەوە ژن نایەرید. حەبەشیش دریغی نەدەکرد"ئێ، خۆشگەگەد ئەڕام بار ، حەتا نشاند بیەم دیرم یا نەیرم !"

" کوره گەواد بچو، من چوین خۆشگەگەم ئەرا بی گونیگ تێرم" ئەویش ئیتر پەتی دەبڕی و بە تورکومانی دەستی پێدەکرد "ولە دیەرەم سەنە هەی گوێتێران گێت، سیچەم بەبەو بەبەسن گوێرنە ...هتد "

شارێکە تەنها بۆ کار و ژیانی هەرەوەزی لە دایك بووە ، هەر لە بناغەوە بە پیتە ؛ جۆرەها بەروبوومی تێدا سەوزدەبێت ، سەرتاپای نەوتە .

هۆشیار : بەڵام نەوتەکە هیچ رۆڵێکی نەدەگێڕا ، سوودی هەر بە قەد سوودی کێری کەرەکەی مامە یاوەر بوو .

بورهان : هەر بە جارێ هیچ رۆڵێکی لە پەرەسەندنی ژیانی رەش و رووتی شارەکەدا نەبینی ، وەکوو بڵێی ئەو نەوتە کوللەیە، بڵێم چی،" مامە و کاکەیە"، بونی و نەبوونی وەکو یەك وا بوو . خەڵکی شارەکە بۆیان هەبوو تەنها بۆنی بکەن، کەس نەیدەزانی چۆن ئاودیوو دەکرێت، نرخی رۆژانەی بەرمیلێك بە چەندە، بایەخی کار و رەنجی مام جومعە لە بازاری جیهان و بۆرسە و بانقەکان چەندە، بۆچی خانوو و کۆڵان و رێگا و بانی شارەکە وەکو ریاز یا دۆحەی لێنەهات؟.

ئازاد : یاری خواردنی شیری حوشترەکان لە نەوتەکە بە کەڵکتر بوو بۆ شارەکە، هەر بە قەد هاتنەکەی تاهر یحیا بایەخی هەبوو .

محێدین :(بەپێکەنینەوە)ئەگەر بۆری نەوتەکە لە تەنیشت ماڵی عەلی شەرەفە، یا هۆشیار برۆیشتایە ، ئەوا هەموو گیروگرفتەکان چارەسەر دەبوون، بە هاوسانی دابەش دەکرا و خەڵکی شارەکەش رۆژی دوو سێ سەعات بە ئازادی لە بوارێکی خولقێنەردا کاریان دەکرد و زۆربەی خەڵکەکە سوودی لێوەردەگرت ، بەڵام ئەڵێی چی ؟ .

محەمەد: نەوتەکە زیاتر زیانی هەبوو لەوەی قازانجی هەبێت ، خاوەن و بەرهەمهێنەرە راستەقینەکانی ، وەك خاڵو جومعەی کەڕکرد، حەمیدی باوکی یاسینی کەڕ و گێژکرد ، باوکیشم تاقەتی نەمابو قسەش بکات . نەوتەکە بوو بە ئاگر بۆ گیانی خەڵك، سەید ئەحمەد بە خۆی و منداڵەکانیەوە بۆ هەولێر شاربەدەرکران ،کرا بە کرێکار لە کارگەی جگەرەکە ، لە گەل نەناس و فوئاد لە یەك ژووردا دەژیا ، پێش ئەوەی منداڵەکانی بۆ هەولێر ببات ، جارێکیان وتی"ئاخر نەوت و جگەرە کوجا مەرحەبا". لەو شارە نە فرۆکە خانەیەك ـ بە گۆڕەپانی دووگۆڵیەکەیان دەووت فرۆکەخانە ، چونکە هەندێ جار هیلوکۆپتەری لێدەنیشتەوە ـ، نە جێگای تەلەفۆنێکی سەر جادە، تەنانەت نرخی بەنزین و نەوتەکەشی هەرزانتر نەبوو و بە دواکەوتووترین شێوە دەفرۆشا ، با بڵێم بۆ سوێندیش ، جێپەنجەیەکی ژیان

و مرۆی شاری نەوت بەرچاو نەدەکەوت ، تەنها کرێکارە هەژارەکان و سەفەر تاسەکانی دەستیان و پەنجە ئەستورەکانیان و نەخوێندەوار و جامانە و مشکی لە سەرەکان نەبێت، کە بە بێ ئەوەی جارێکیش لە لەندەن ژیابن یا پورێکیان لەندەنی بێت ، بە باشی زمانی ئینگلیزی فێربوون و قسەشیان پێدەکرد ...

محێدین : لە راستیدا شارەکە توانای ئەوەی هەیە بە تاقی تەنها خۆی بەرێوەوە ببات ، هەڵبەت ئەم جارەیان پاش شەوە و بەچکە شەوە قڕان ، بە شێوەیەك چیتر هەتا هەتایە سەر هەڵنەهێنن . دەبێ دەستبگیریت بە سەر هەمو بنکە و تفاق و ماڵ و موڵکی دەزگاکانی داپڵۆسیندا، نەوتەکە خۆماڵی بکرێت وکۆلەکتیف بەرێوە بچێت، خودی کرێکارەکان بریاری ئاستی بەرهەمهێنان و سەعاتی کار، بیمەی تەندروستی بدەن، بە هۆی ئەوەی داودە ئەعا ساڵەهای ساڵە کرێکاری بۆ سەوزەی نەفت فرۆش دەکرد، زۆر جار هەر ئەو بە تاقی تەنها لە بەنزینخانەکە بەرمیلە زلەکەی پڕ نەوت دەکرد و بە سەر شانی ئەسپەکەوە دەیبەست، بۆ فرۆشتن بە ناو شاردا دەیگێرا. داود شایەنی ئەوەیە، بکرێت بە بەرپرسی دابەشکرنی نەوتەکە ونوێنەرایەتی کومونەی شارەکە بکات بۆ پەیمانبەستن و کۆبونەوەکانی نەتەوە یەگرتوەکان. مانیفەکتۆرەکانی دارتاشەکان یەکبخرێن و بکرێت بە یەك کارگە . فابریکەکەی کاول خەتاسە لە لایەن کرێکارەکانەوە داگیر بکرێت و خۆیان بەرێوەی بەرن و دەبێ دەستبەجێ بۆ جێگایەکی کەنار شار بگوێزرێتەوە . دوکانی فیتەرچێکانی ناو گەراج و خانەکان یەکبخرێن و کارگەیەکی کۆلێکتیڤ لە لایەن خۆیانەوە دابمەزرێنن، تراکتۆر و ئۆتۆمبیلی سەرۆك عەشرەت و ئەفەندیەکان ، پاش دەست بە سەراگرتنیان ، بکرێن بە موڵکی هەرەوەزی لادێکان و زۆر شتی تر .

هۆشیار: من خۆم دڵنیام لەوەی، کە گەنجە هەژارەکانی گەڕەکی جەلەوە ـ شان بە شانی خالۆ ئەحمەد(یەکێك لە کۆنترین کرێکارەکانی کومپانیای نەوتەکەیە)لە کار دەرکرا و کردیان بە شوفێری پرۆژەیەکی ئاو لە هەولێر، هەموو رۆژێك قاپێك ئارەقی زەحلەی عێنکاوەی دەخواردەوە.خالۆ ئەحمەد جارێکیان وتی: لە وڵاتانی تر ئەوەی سیی ساڵ لە جێگایەك خزمەت بکات ، پاداشت و مەدالیەی دەدەنێ ، کە چی من پاش سیی ساڵ لەکارەکەم دەردەکرێم، کارێکم دەدەنێ کە نەمکردووە ! ) و هاورێکانی، دەبن بە ناوکی کار و دیسپلینی کۆلێکتیڤانە، چونکێ، ئەو گەنجانە لە هەموو هاوینێکدا بە هەرەوەزی و بە بێ پارە، پردێکیان دروستدەکرد، دەیان بەرمیلیان ریزدەکرد و پریاندەکرد لە بەرد . بەم شێوەیە هەموو دانیشتوانی جەلەوە بە شێوەیەکی خێرا و ئاسان دەگەیشتنە ناو شار، پێویستیان بەوە نەدەما لە تەنیشت ماڵی حەسەن ئەفەندی و بە سەر پردە" کەلە هەرزەکە"یا لە تەنیشت ماڵی قەحتان ئەفەندی خوێڕی ، بەرامبەر بە بەرێوبەرایەتی ئەمنەکەوە و لە پێشی ماڵی قایمقامی کۆن و حوسێنیەکەوە تێپەڕن ! .

هەمان کاری هەرەوەزی لە کاتی سەرام یا بۆ رنینی هەنارە قەڵشیوەکان ئەنجام دەدرا، تەنانەت بۆ شوشتنیش، ماڵێك گەرماوەکەیان گەرم دەکرد و هاوسێکان لەوێ خۆیان دەشوشت. باوکی عادلیش ئەوەی هەژار بوایە نرخی دەرزی لێدانەکەی لێ وەرنەدەگرت ، زۆر کەس پێیدەوت" نەگبەت تۆ خۆت هەژاریت ، منداڵەکانی خۆت پێویستیان بەو پارەیە هەیە"بەلاَم باوکی عادل گوێی بەو پیاوە هۆشمەندانە نەدەدا ، بە هەمان شێوەیش ، خۆی و دوو کورەکەی لە لای ئەدهەم حەلاق و پاشان لە لای خەلیل حەلاق سەرتاشینەکەیان بە خۆرایی بوو ... !

دانیشتوانی گەڕەکی جەلەوە دەیانوت: حەوت ئەستێرە درەوشاوەکەی ئاسمان ، حەوت خوشك و براکەی ئەو بەرن ماڵەکەیان لە تەنیشت ماڵی سەلاح بەختیار و محسن ئەحمەدە لە کەناری"شێتەکە "، هەتا ئەو دواییانەش ژوورێکی تاریکیان هەبوو، بەلاَم کەس نەیدەوێرا بچێتە ناوی ! .

دوور نیە ئەمە نیشانەیەك بوبێت بۆ چارەنوسی مسۆگەری خەڵکی ئەو شارە لە پەرش و بلاَوی و لانەوازبوونیان بە سەر هەر پێنج کیشوەرەکەدا . بوونی حەوت ئەستێرەکە کارێکی جادوکەرانەی دەکرد. خەڵکی ئەو شارەی لە

هەست بە تەنهایی کردن رزگار دەکرد. هەندێ جاریش حەسوودیان پێدەبرێت ، چونکە ئەوان لە جێگا بەرزەکانیانەوە، چاویان بە شارەکە دەکەوێت، رەنگە گوێیان لە قسە قۆرەکانی جاسم ئەفەندی یا کەنعان ئەفەندیش ببێت یا لە پێکەنین بە تەوفیق ئەفەندی و فولکس ڤاگنە چەکنەفسەکەی خشەبکەن، یا شیوەن بۆ بارکردنە ناهەقەکەی ماڵی باوکی ئەسکەندەر بکەن !

بلێم چی، نەناس، خۆیشی سەیری بە هەندێ بروا و بۆچونی خەڵکی ئەو شارەدا دەهات، جارێکیان باسی ئەوەیان کرد کە"خدر زندە، کە گوایە شارەکە بە دیوی رۆژئاواوە دەپارێزێت ، هێشتا زیندووە، شەوان بە جلوبەرگی شڕەوە لە کۆڵان و شەقامەکاندا سواڵ دەکات ، هەرچی نان و پارەی دەست دەکەوێت ، بە سەر هەژار و شێتەکانی شارەکەدا دابەشیدەکات .

بە هەمان شێوەش دەیانوت: باوە مەحمود، کە مەزارەکەی لە سەر گردێکی بەرزە، لە ناوەراستی دەشتاییەکی بەرین، شارەکە بە دیوی باکورەوە دەپارێزێت و بەرەکەتی بۆ دەهێنێت. شەوان"مێردەزمە میهرەبانەکان، ئەوانەی شاخیان هەبوو"بە شێوەیەکی تایبەت دەپارێزێت. هەروا دەشیان وت: ئەوەی بروات بۆ خزمەتی و تکای لێ بکات ، بە موورادی بگەیەنێت، مورادەکەی جێبەجێ دەکات. ئەم بروایە بە شێوەیەکی تایبەت لە نێو دڵدارەکاندا باو بوو ، بەڵام بە مەرجێك حەوت بەرد لە بەردەکانی تەنیشت گۆڕەکەی لە سەریەکەوە ریز بکات . ئەوانەی پێیاندەکرا بەردەکان لە سەر یەك ریز بکەن، لە خۆشیاندا دەفڕین، پێیان ئەرزی بەخۆ نە دەگرت، لە مەزارەکەیەوە وەکو فرۆکە دادەبەزین بۆ خوارەوە . پیرەژنەکان خەریکی بخور داگیرساندنبوون، لە بەر خۆیانەوە هەر دەیانرپسی ، کەسیش لێیان حاڵی نەدەبوو ، بێجگە لە ـ برا ڕوو، باوگە ڕوو... یا، باوە مەحمیید بکە خاتر ... مرازەگەم حاصڵ بکە .. " .

لەو ناوە هەواڵێك بڵاوبووەوە، کە دەیانگێرایەوە، هەزار سوێندیان بۆدەخوارد ، گوایە یەکێك لەو عەرەبە قوڕبەسەرانەی کە وا رژێم بە زۆر یا بە تەماح بۆ لادێکانی ناوچەکەیان هێنابوون ؛ لقە دارێکی لە باخەکەی نزیکی باوە مەحمود بڕیبوو، ئەویش کە چاوی لێ دەبێت، تورە دەبێ و دەستێکی لێ دەوەشێنێت و گۆجی دەکات. هەندێ کەس دەیانوت، باوە مەحمود ناسیونالیستە ! بۆچی دەس لە گەنجەکانی ئەو شارە ناوەشێنێت ، کە ساڵانە بە لایەنی کەمەوە سێ جار بۆ سەردانی دەهاتن. لەو سێ رۆژە ئارەقخۆری و شەلاتی بازاری و لۆتێتی دنیایان دەکرد، کەچی بە خەیاڵیدا نەدەهات. دەستوەشاندنی چی، تەڕەماشی چی، هەندێ کەس دەیانوت، لەو سێ رۆژە باوە محمود لە کەرامەت و باوکایەتیەکەی خۆی دەکەوت، دەبوو بە قەشمەرێك لەو ناوە .

تەنانەت جارێکیشیان خدر زندە بەشاهینە کوێری وت: تۆ بۆ ئارەق دەخۆیت ، نازانیت ئارەق خواردن حەرامە ؟

شاهین : هەر تو نوقسان بیت ، توش دەم کردیدەوە ، بیژە پیم ، ئەڕا ، ئەڕا خودا حەرام نیە کورم کردیە ، لە رووشنایی دنیا مەحرومم کردیە ، لکن ئەڕا من حەرامە عەرەق بخۆم ؟

باوە مەحمود : قسەگەد فرە حەقە ، راست کەید ، یەڵا لە من عاجز نەوە ، ئەویش با هەر ئەڕا خۆی گوی بخۆد ، عەرەقەگەد بخۆ ، نوش گیاند بوود ...

عەلەمداریش ، گوایە شارەکە بە دیووی رۆژهەڵاتەوە دەپارێزێت ، بەڵام هیچ نەبوو هەر فشە بوو ، چونکە هیچ نیشانەیەکی پێشان نەدا و هیچ تۆڵەیەکی بۆ دارخورما سەربڕاوەکان نەسەندەوە . خەڵکیش چیتر متمانەیان پێنەما و بۆ زیارەتی نەدەچوون، بۆیە ئەویش لە خەجاڵەتیدا سەری هەڵگرت !

هەر لەم کاتەشدا ، خەڵکی هیچ گوێیان بە ئیمام عەباس نەدەدا ، رێزی عەباس نانەوایان زیاتر دەگرد لەوەی رێزی ئەو بگرن. دەڵێن ، هەندێ پیرەژن لە ئیمام عەباس کۆبوونەوە و هەرچی قوڕی عالیاوە هەیە بە سەریاندا کردووە، ئەویش خۆێری خۆێری فزەی نەکردووە !

له ناوەراستی حەفتاکاندا ، له دەور و بەری ئەو شارەدا ، له نزیك یەكێك له رەبایەكانی ئینگلیز ،گۆرێكیان دۆزییەوە، بە بیّ هیچ لێكدانەوەیەك خێرا ناویان لیّ نا ئیمام تازە . هەتا ئەو دوواییانەش هیچ ئاگاداریەك دەربارەی ئیمام تازە نەزانرا و هیچیشی بۆ نەكرا، هەرچەند دووریش نیە، گۆری سەربازێكی ئینگلیز بێت ، یا گۆری شایەتێك بێت لەسەر تاوانێكیان ؛ بە هەمان ئەندازەش ، دوور نیە گۆڕی بێتاوانێك بێت ، بە دەستی ئینگلیزەكان كوژرابێت ، وەكو تۆڵە سەندنێك بۆ وونبوونی یەكێك له سەربازەكانیان . دەگێڕنەوە رۆژێكیان سەربازێكی ئینگلیز ویستویەتی ئافرەتێك زەوت بكات، ئافرەتەكەش سەربازەكەی بردۆتە ماڵەوە، كاتێك له هەموو شتێك دڵنیابووە، هەستاوە سەربازەكەی كوشتووە و فڕەیداوەتە ناو بیری ماڵەكەیان ...

هەر لەم ساڵانەشدا بوو ، مەلا تەیارە(ئەوەندە خۆی بە"ماركسی و چەپ"دەزانێت ، هێشتا خزمەتكارێكی وەفادارە له بەردەم دەرگای جەلە جەلەهو . ئەو پاڵەوانە له لینین و یوسفە سمێڵ زلیش رازی نیە، كە چی بە بەڕێوەبەری كارەباكەی سلێمانی ڕازیە !! ) .

نانەوایان زیاتر دەگرد لەوەی رێزی ئەو بگرن. دەڵێن ، هەندێ پیرەژن له ئیمام عەباس كۆبوونەوە و هەرچی قوڕی عالیاوە هەیە بە سەریاندا كردووە، ئەویش خۆێری خۆێری فزەی نەكردووە !

له ناوەراستی حەفتاکاندا ، له دەور و بەری ئەو شارەدا ، له نزیك یەكێك له رەبایەكانی ئینگلیز ،گۆرێكیان دۆزییەوە، بە بیّ هیچ لێكدانەوەیەك خێرا ناویان لیّ نا ئیمام تازە . هەتا ئەو دوواییانەش هیچ ئاگاداریەك دەربارەی ئیمام تازە نەزانرا و هیچیشی بۆ نەكرا، هەرچەند دووریش نیە ، گۆری سەربازێكی ئینگلیز بێت ، یا گۆری شایەتێك بێت لەسەر تاوانێكیان، بە هەمان ئەندازەش، دوور نیە گۆڕی بێتاوانێك بێت ، بە دەستی ئینگلیزەكان كوژرابێت، وەكو تۆڵە سەندنێك بۆ وونبوونی یەكێك لە سەربازەكانیان. دەگێڕنەوە رۆژێكیان سەربازێكی ئینگلیز ویستویەتی ئافرەتێك زەوت بكات، ئافرەتەكەش سەربازەكەی بردۆتە ماڵەوە، كاتێك له هەموو شتێك دڵنیابووە ، هەستاوە سەربازەكەی كوشتووە و فڕەیداوەتە ناو بیری ماڵەكەیان ...

هەر لەم ساڵانەشدا بوو، مەلا تەیارە( ئەوەندە خۆی بە"ماركسی و چەپ"دەزانێت ، هێشتا خزمەتكارێكی وەفادارە له بەردەم دەرگای جەلە جەلەهو. ئەو پاڵەوانە له لینین و یوسفە سمێڵ زلیش رازی نیە، كە چی بە بەڕێوەبەری كارەباكەی سلێمانی ڕازیە !! ) .

باوكی هێلانە وتی"خوا بكەم كەس وەكو مەلا تەیارە خۆی نەكا بە پەند " .

مەلا تەیارە له سەر ئۆتومبیلەكەی بەردەم بارەگای جەلالیاندا جاڕی دەدا :

مەلا بمریّ خوێنی هەرزانە

جەلال بمریّ خوێنی گرانە ...

لەم كاتەدا ، ئیبرایم رەئووف وێنەیەكی بچوكی مەلا موستەفای له گیرفانی چاكەتەكەی دەركرد و بەرزی كردەوە و كەوتە جاڕدان ، بەڵام بەم شێوەیە :

جەلال بمریّ خوێنی هەرزانە

مەلا بمریّ خوێنی گرانە ...

كابرایەكی ئەركەوازی خوێنی گەرم بوو :

ئەسبەگەی مەلا قن كردە بەرزی

ئیران و عیراق له تاوی لەرزی ...

(( هەی ترحێو حاكم ئەفەندی )) !

هۆشیار وتی: کاتێك ناوی ئەمانە دێت ، قسەکەی کابرای عەرەبم دێتەوە یاد " ئوفێش ریحەت هەلی ...".

ئەوەی سەرنج راکێش بێت ، ئیمام و ئەسحابەکانی دەوروبەری ئەو شارە ، قەد لە بەزم و رەزمی جوانان و سەرخۆشی و گێچەڵەکانیان تووڕە نەدەبوون ، لەوەیش سەرسوڕهێنەرتر ، قەد بێزارنەدەبوون لەو کەسانەی کە رۆژیان لە سەر شان هەڵدەگرت و هیچ غەزەبێکیان لێ نەدەگرتن . هەمان هەڵویستیان هەبو بەرامبەر ئەو کچ و کوڕانە ، کە بۆ فرسەتێك دەگەڕان ، یەکتری لە باوەش بگرن یا ماچێکی یەکتر بکەن ... ئووو ، ئیمام و ئەسحابەکانمان چەند مۆدێرنن، چەند مەردانە و دڵباش بوون . لەو شارە کەس باسی شیعە و سونێتی نەدەکرد ، هەموو پێکڕا لە رۆژانی عاشورادا سنگ و زنجیریان دەکوتا ، تەنانەت شوعێکانی گەڕەکی مەیدان، لە دەستەکانی رۆژانی عاشورادا ئاڵای سووریان بەرزدەکردەوە لە پاڵ ئاڵا رەشەکان (ئاڵای شیعە ئەنارشیستەکان)، لە خۆیانیان دەدا و بە یەك دەنگ هاواریان دەکرد :

ئیمە لە مەیدانەوە

وەناو شوعێگانەوە ( شەهیدانەوە )

بۆ حەسەن و بۆ حوسێن

ئێمە رەش پۆشەوە

بەلاّم کاتێك عادل ئەمن و بەها ئەمنی گۆڕبەگۆڕ ـ رۆژێکیان لە هەولێر نەناسەکە و جەبار واشە بۆ کۆڕێکی ئەدەبی چوبوون ، دەبینین بەها لە پێشی پێشەوە دانیشتووە ، کاك واشە بە پێکەنینێکەوە وتی" ئاخر بەها خەر ، توو و ئەدەب کوجا مەرحەبا "ـ گوێیان لە بەستەی شوعیەکان بوو، بە پۆلیسێکی زۆرەوە هاتنەگیانیان ، بەدار و شەق کەوتنە ناویان، ئیتر ئاڵاکان بەلایەك دەکەوتن، وکوڕگەل هەر کەسێ بەلایەك ـ هەر ئەتووت ساڵی حەفتاونۆیە ـ، لەولایشەوە تەعزیەبارانی ئیمام حوسێن و سەید چاوەڕوانی دەستەی خوێنگەرمەکانی گەڕەکی مەیدانیان دەکرد !

ئەوەی راستی بێت زۆربەی گەنجەکان بە نیازی دڵداری بەو کارە هەڵدەستان، رۆژەکانی عاشورا خێر و بەرەکەت بوو بۆ ئەوان، سنگیان رووتدەکردەوە، توند سینگیان دەکوتا ، هەتا سنگیان باش سوورەوە بێت، نەك بۆ ئیمام حوسێن ، بەڵکو بۆ ئەوەی کچەکان دڵیان پێ بسوتێت " هەیڕوو چوین سینەی قرمز بییە، وای بومە قوربانت عەزیزەگەم" !

کاتێك دەستەکان دەگەیشتنە ناو حەوشەی حوسێنیەی گەورە یا حوسێنیەی بچوك لە گەڕەکی مەزرەعە ، گەنجەکان ئەوەندە زیاتر لە خۆیان دەدا . بەلاّم لە هەمان کات چاویان دەبڕیە سەربانی حوسێنیەکە ، چونکە زۆربەی کچەکان لەوێ دادەنیشتن . تەنانەت جارێکیان شێخ موراد لە سەر مینبەرەکەوە بە تووڕەیی هاواریکرد" السماو ینزر الی الارز ، و الارز الی السماو ، ئاخر هەی قندەر وە قن کراوەگان ، هەی قەحپەگان ، ئیوە هاتنە ئەرا تەعزیەی ئیمام حوسێن یا ئەڕا عاشقبازی ؟ ". ئەمجار حیمایەکەی بەدار دەکەوتە گیان ئەو قوڕ بە سەرانە ، ئیمام حوسێنیشیان لە بیر دەچوو، قەشمەر بازیەکەیش دەستی پێدەکرد . کاتێك شێخ موراد دەیبینی حوسێنیەکە چۆڵ بووە، بە دەست و دایرەکەی دەوت "بانگ ئەو قحپانە بکەن با بانەو، ئەڕا ئەوەی قندەرەگانیش بانەوە" .

شێخ موراد لە یەکێك لە خوتبە بەناوبانگەکانی فەرمووی " بکەنە خاتر خودا و قەورەگەی ئیمام حوسێن ، مەیلن دوێتەگاندان مینی جۆب بکەنە وەر، با حەیا و شەرفمان نەچد، لەم کاتەدا عەلی کاکل ، کە یەکێك بوو لە کورە قۆشمەکانی شارەکە وتی : شێخ سوئالیگم هەس .

شێخ : کوڕم فەرموو .

عەلی کاکل : ئەی یاشێخ ، دوێتەگان خۆد ئەرا مینی جۆب کەنە وەر ؟

شێخ موراد : کوڕم لە بەر ئەوەی ، دوێتەگانم لە دالگیان حیز ترن " .
عەلی کاکل ( بە چەپڵە لێدان و فیکە کێشانەوە ) یاحوسەین ، یاحوسەین ، رەحمەت لە باوگ ئەوەی سینە کوتت ...
لە بەر ئەوەی عەلی کاکل شەرمی نەدەکرد و رووی هەبوو لە بەرچاوی هەزار کەس قسە و پرسیاری خۆی بکات ، بۆیە زیاتر ئەم بوو ، کە قسەیەکی نابەجێی ببیستایە ، رێك دەهاتە مەیدان و شمشێر و قەڵغانی هەڵدەگرت ! .
شێخ موراد لە خوتبەیەکی تردا فەرموی " ئیمامی عەلی پیاوێکی زۆر بە هێز بوو ، هەموو زەمینی هەڵگرت و خستیە سەر شانی "
عەلی کاکل ، هەستایە سەر پێ ، دەستی بەرزکردەوە و وتی : یاشێخ پرسیاریگم هەس .
شێخ موراد : هەم چەس ، خێرە ؟
عەلی کاکل : وەختی ئیمام عەلی زەوی خستە بان شانی ، پای لە کورە بوی ؟
شێخ موراد : کوڕم پای ئیمام عەلی لە کوس دایگد بوی .
علی کاکل : یا حوسەین ، یا حوسەین ...
هەموو خەڵکەکە دەیانکرد بە پێکەنین و رۆژی خۆیان ...
هەندێ کەس هەبوو دەیوت "عەلی کاکل بە فیتنەیی کەمال دەلی ، ئەم قەشمەری بازارییە دەنێتەوە"هەشبوون دەیانوت"برا شێخ موراد خۆی کابرایەکی قۆشمە و زمان شیرینە و هیچ لە دلێ ناگرێ، هەر بۆیەش تەمەنی گەیشت بە سەد و پێنج ساڵ ". کەسانی وایش هەبوون دەیانووت " ئەڵوەن لە بەر خاتری شارە خەمناکەکە دەس بە تەمەنی شێخ مورادەوە دەگرێت ، چونکە شێخ باوك مردوویش دەهێنێتە پێکەنین " .
ئەم بار و دۆخە بە گشتی زۆر لەوە گەورەتر و ئاڵۆزترە ، سەرەرای باشی و دڵ نەرمی ئیمام و ئەسحابەکان ، ئەو خەڵکانەی کە بڕوایان بە خوا ئاساییەکە هەبوو، لە سەر هەبوونی ، گومانیان لێ پەیداکردبوو . ئەم گومانە پەیوەندی بە مەلایەکەوە هەبوو بەڕاست خواناس بوو ، رۆژێکیان قورعانی ناو پەڕۆ سەوزە شرەکەی و هەموو پەرتووکە ئاینێکانی کۆکردەوە و لە بەر چاوی هەموو خەڵکەکە سوتاندنی ، وەکو پرۆتێستێك دژی بڕیاری رووخاندنی دێی تولە فرووش ـ کیلومەترێك لە شارەکەوە دوور بوو ـ . لە کاتی سوتاندنەکەدا ، مەلاکە ، لە بەر چاوی بینەرە تاساوەکان ، کەوتە دووان لە گەڵ قورعانە سووتاوەکەدا : ئەگەر بەڕاست خودا هەیە و تۆ کتێبی ئەوی ، دەبێ لە سەر ئەم زوڵم و زۆرە تۆڵەمان بۆ بسێنیت . پاشان رۆیشت .
ئەو خەڵکانەی لە دەوروبەریدا بوون تێنەگەیشتن ، بۆچی مەلاکە لەو کاتەدا سەرنجێکی قووڵی لە کوڕە رۆژهەڵگرەکەی دا ؛ وەکو بڵێی ساڵەهایە چاوی پێنەکەوتووە ؛ کوڕەکەی خۆی نیە ، کە بە هەموو شێوەیەك بە باشی دەیناسێت . دەڵێن ، مەلاکە لە نوێژ وازی هێنا و پاش گەیشتنی هەواڵی هەڵواسینی کوڕەکەی بە بێدەنگییەکی ترسناکەوە گیانی لە دەستدا .....
ئەوەی راستی بێت ، قورئانەکە نە تۆڵەی بۆ خەڵکەکە سەندەوە، نە شتێکی بە مەلاکەیش کرد ، بۆیە کۆمەڵێ ، کە هێشتا لە خۆشەویستی ئەڵوەن دوور بوون، بڕیاریاندا لێی نزیك ببنەوە . یەکێکیان حەوت شەو و حەوت رۆژ بە دوای یحیا دەلیدا گەڕا ، هەتا عیدانەی بینی، ئەمیش پێی ووت لە کوێ یحیا دەبینێت . کابرا چوو بۆ لای یحیا و پاش سەلام ، پرسیاری لێکرد : کێ ئەڵوەنیە ؟
یحیا دەلی : ئەڵوەنی ئەو کەسەیە ئاوەکەی نۆشی بێت، لە تەنیشتیەوە رۆیشتبێت، خۆی پێ شۆردبێت، خەوی پێوە بینیبێت . ئەڵوەنی ئەو کەسەیە ، هەناسەی کەسێکی ئەم بەری یا ئەو بەری بەرکەوتبێت، لە تەنیشتیەوە دانشتبێت، چاوی پێکەوتبێت، گوێی لە هاژەی بوبێت .

کابرا : ئەی ئەگەر شەو بوو و کەس نەیبینی ؟
یحیا دەلی: ئەڵوەنی ئەو کەسەیە ، ئەگەر کەسێکی ئەم بەری یا ئەو بەری پێی بە سەر خاکەکەی دابنێت !
کابرا : ئەی ئەگەر خەڵکی ئەو شارە پێیان بە سەر خاکەکەشیان دانەنا ؟
یحیا دەلی : ئەڵوەنی ئەو کەسەیە ، هەرچی ئەکات ، با بیکات ، بەڵام کەس ئازار نەدات و ئازاردانی کەسیش قبوڵ نەکات . ببێت بە نان بۆ برسیەکان ؛ بە ئاو بۆ تینوەکان، بە ماڵ بۆ لانەوازەکان، بە پەنا بۆ بێ پەناکان !
کابرا : ئەی ئەگەر پێی نەکرا ئەو کارانە ئەنجام بدات ؟
یحیا دەلی : ئەڵوەنی ئەو کەسەیە ، توانای لە ڕادە بەدەری هەیە، دەتوانێت بە سۆز، بە گریان، بە گۆرانی، بە هەڵپەرکێ، بە ماچ، بە تفەنگ، بە مۆسیقا، بە لە باوەش گرتن ببێت بە یاری بێ یاران !
کابرا : ئەی کەسێکی پێست زەرد یا ڕەش بۆی هەیە ببێت بە ئەڵوەنی ؟
یحیا دەلی : من دەتبینم دوو چاوی ساغت هەیە و دوو گوێی زلت پێوەیە ، بۆچی خۆت وەکو کوێر و کەڕ پێشاندەدەی ؟ (کابرا ویستی خۆی بچەمێنێتەوە و بکەوێتە سەر دەستی یحیا )
یحیا دەلی بە توڕەییەوە دەنگی هەڵبڕی ، لە هەموو ماڵەکاندا بیسترایەوە : ئەڵوەنی ئەو کەسەیە ، بۆ کەس ناچەمێتەوە و ڕێ نادات کەسیش بۆی بچەمێتەوە !
کابرا بۆ لای کەس و ناسیاوەکانی گەڕایەوە و فەرمودەکانی یحیا دەلی گێڕایەوە ...
یەکێکیان وتی " لە ئەڵوەنەوە هاتووین و بۆ ئەڵوەن دەگەڕێنەوە " ئامین !
ئەوی تریان وتی " بە ئەڵوەنی ئەژێم ، بە ئەڵوەنی ئەمرم ، بە ئەڵوەنی ئەی دەم وەڵامی قەبرم " ئامین !
کەسێکی تریان وتی " یا ئەوەتە تا ئەبەد بە چۆك دادان دەمێنینەوە ، یا بەیەکجاری ڕۆژ دەهێنینە خوارەوە و بۆ ملی منداڵەکان ملوانکەی لێدروست دەکەین " ئامین !
بەڕێزەکان !!
گوێتان لە دەنگدانەوە یا پێکەنین و گۆرانی خەڵکی ئەو شارە بووە ؟ بە سەر غوربەتیاندا تێپەریوون ؟ ئەی لە سوچێکەوە چاوتان لە بێدنگبونیان بووە ؟ ئەی ...؟ یا ...؟...
ئەگەر ویستتان لەو هەموو شتانە تێبگەن ، بڕۆن بۆ قوڵایی سەرسامبوون ، زۆر دوور بڕۆن ... بگەڕێن بۆ واتای شەپۆلەکان و بۆ ئەو سۆزانەی وا بە ژانە قوڵەکانی ناو هۆرەی جافاندا تێکەڵ بووە . بگەڕێن بە دوای شەیدابوونیان ، کە بە هەر دڵۆپێکی ئەڵوەنەوە ئالاوە .
ئەگەر حەزدەکەن هەموو جیهان بە نیگایەك لە بەرچاوتان بێت ، بڕۆن بۆ سەر کەلات ! ببینن چەند خەرابادە ماڵ ... چەند خراباتە حاڵ و ڕۆح !
شارێکی گلگامشیە، خەمێکی گلگامشیە بۆ لە دەستچوونی ئەنکیدۆ .. بیهودەییەکی بەردەوامی گلگامشە لە هەموو ڕێگا و بانە بێکۆتاییەکان . بێهیوایی و شکستی ، بەبێ هەراوهوریا لە وێدا خۆیی مات دابوو ...
یحیا دەلی پێی وت" تۆ زەفەرم پێ نابەی، تۆ ناتوانی زەفەر بە من ببەی ... من هەمیشە بەرەنگاریت دەکەم ... ڕۆژ دەکەم بە مێوانی شەوە درێژ و تاریکەکانی شارەکەم ! تۆ هیچ ، هەر هیچ نیت ...
مەلا محێدین : دایکەکانم ، خوشکەکانم ! موژدە بێت ، وا ئاوازی بەهاری شارەکەمان بەڕێوەیە ، ماسییەکان پێیان ووتم "جادووکەرەکانیش بۆ ئەوەی بتوانن جادوو بکەن ، یەکەم جار بە هەموو زمانەکان ناوی ئەڵوەن دەهێنن، ناوی ئەم بەر و ئەو بەر ...

عیدانە وتی: گوتیان ئەوە چارەنووسە ! بەڵام ئەگەر چارەنووس واتایەکی هەبا ، بوونی ئەو شارە و درێژەپێدانە بەشەرییەکەی ، چارەنووسێکی جوانە ، لە ئاونگی سەر گەڵای دار پرتەقاڵەکان دەچێت، ئەو سروودەیە ،کە لە هەموو بەشەکانی دنیاوە بەرزدەبێتەوە :

ئاخر ئەوە نامۆبوونە، مرۆڤ هەتا رادەی جەرگبڕین ئازاربکێشێت ، پاش تێپەربوونی بلیۆنان ساڵ لە نامۆبوون ... چاوەڕوانیش لە نێو ماوەکاندا بکوژێتەوە ...

هۆشیار : هۆ برا ، لە جیاتی چاوەڕوانی ، بە ئاوەکەی ئەڵوەن کەمال دەچێنین . کەمال بۆ مرۆڤە ، خودی مرۆڤ کەماڵە .. !

حەمید : ئای لە شەوانی درێژی تەنهایی

پێم بڵێن :

کام سۆز ،

کام هاورێی باوەش گەرم

کام نیگای پڕ لە چاوەڕوانی

کام بەیان ، لە تۆ رزگارم دەکات !

ئەی نەناسی نامۆ ، تۆش چراکەت بکوژێنەوە ... ئەوە بەیانیە

شارە شۆخ و جوانەکە ، بە دیار ئاوازی شتەکەی ترەوە بە مەلولیەوە رەشپۆش و رەنگ زەرد دانیشتووە

لەوە دەچێت لە سەر رێگای ژووان بێت لە گەڵ ... ! !

رەحیم بە بلوێرەکەیەوە دەچێت بۆ لێواری ئەڵوەن ، دەس لە ملی دەکات ، و پرسیاری ماسییەکان دەکات ! ...

ئەڵوەن : رەحیم ، بڕوانە چۆن پەلکەزێرینە و ڤینۆس بە دوای یەکتریدای ڕادەکەن !.. رەحیمی برا ، رۆژانی سەما و خەندەکانمان بە رێگاوەن ...

رەحیم بلوێرەکەی دەرکرد ، پێش ئەوەی دەستی پێبکات وتی " بە ناوی مرۆڤی بەخشندە و میهرەبان ، بە ناوی نان و ئاوی هاوبەش ، بە ناوی ئەڵوەن ، بە ناوی ئەم بەر و ئەو بەر " پاشان پارچە ئاوازێکی ژەنی ، پەلکە زێڕینە ، پەلەسریك ئاسا بە سەر جیهاندا لەم سەرەوە بۆ ئەو سەر دەفڕی ... مەلا محێدینیش قولاپەکەی دەستی نایە لاوە و بۆ یەکەم جار لە تەمەنیدا ، لە سەر چەم هەڵپەڕی ... جەماعەتیش لە خۆشیاندا خەنی بوون ...

ئەرێ ئەوە چی رووی داوە ؟؟

لە دەرەوە ، دەنگی مەلەکان بەرز دەبنەوە ... گوێم لە گرەی ئۆتۆمبیلەکانە ، ئەوا رۆژێکی نوێ دەست پێدەکات ... هەست دەکەم لە گەڵ برادەران لە سەر چەم پێکەوە پیاسە دەکەین ، نەختێك داخی دڵمان بۆ یەکتری هەڵدەرێژین ... بەڵام راستیەکەی شتێکی ترە ، دەبینم زۆر لێیانەوە دوورم ، بە تاقی تەنها لە ژوورەکەمدا دانیشتووم .

ئەم شەو ، شەوی یەڵدایە ، وخەویش لە چاوم ناکەوێت ! ! کەسیش نیە ، ئەگەر هەشبێت ناتوانێ هیچم بۆ بکات ، ئەمەش راستیەکی تەڵخە و دەبێ بینۆشم ..

ئەڵوەن : تۆش برا تۆش ، بۆچی تۆ لە کوێیت ؟؟

١٩٩٠/١٠ ـ ١٩٩٨/٥/٣

........

**گومانە یاخێکانی**

**کەلآت**

**(ئەلۆەن و ئەمبەر و ئەوبەر٢)**

پێشکەشە بە ئەوانەی لە کاتی نووسینی ئەم رۆمانەدا لە بەر چاوم بوون:دایك وباوکم، کلارا و لیسی، ئی.م، و(ب)
بە یاران و خەونە هاوبەشەکەمان !

١٩٩٩/٣/٨
گوێتنگن/ئەلمانیا

(١)

ئەم بەیانییە ژیان ونەمان یەك واتایان هەیە بۆ من!کە بێدار بوومەوە پێموابوو هێشتا خەوتووم وئاگـام لە دنیا نییە،لە ناو خەوێکی قوڵدام،لە مردن دەچێ،لە نێوان هەردووکیاندا مابوومەوە،هەڵبەت دەکرێـت یـەکێك نـاوی لـێ بنێت وڕینە،وەك بڵێیت،ژیان ئامـادە نییـە باوشـیم بـۆ بکاتـەوە وبـە گـەرمی پێشـوازیم لــێ بکات،لـەوە دەچـێت پەلەکێش دەکرێم، دەزانم ئەو هیچ پێویستییەکی وای بە من نەبووە ونییە !ڕۆژێك لـە ڕۆژان هێنایـانم بـۆ ئێـرە، بـەبێ

ئەوەی زەمینەیەکی لەباردا هەبێت بۆ لە دایك بوونم، گەشکە بمگرێت وئۆخەی بکەم، زەمینەیەك کە لە پاشەڕۆژدا پەشیمان نەبمەوە بۆ بە سەربردنی رۆژگار وشەوە تەڵخ و پڕ مەینەتەکان، بە بێ ئەوەی پرسیارێکیشم لێ بکەن"خەرە مەلی خەرەگەت وە چەن"،داخۆ دەمەوێت بەم حاڵە بژێم یا نە، ئێستایش لەوەیش تێگەیشتووم کە وا بە خۆشیان کۆتاییان پێ دێت وبەبێ ماڵئاوایی،ماڵئاوایی دەکەن،منیش لە ریزم و چرکەیەك دێت،لە هەر چرکەیەکدا بێت،منیش کۆتاییم پێ دێت، باشە،کە زانیان کۆتاییم پێ دێت،بۆچی هێنایانم؟نەدەبوو پرسیارێك لە خۆیان بکەن؟ ئەمەتە سەرئەنجامەکەی،نە پێشوازیم لێ دەکرێت بۆ ژیانێك لایەق بە مرۆڤ، ئەو ژیانەی کە خۆم دەمەوێت،نە منیش دڵم پێی خۆشە، ونەیش قبوڵ دەکەم بەم جۆرە بژێم، لە بری ئەوەی ببین بە تەواوکەری یەکتری، خزمەتکاری یەکتری بکەین، دڵمان بە یەکتری خۆش بێت، کراوین بە دژ، کەسمان چارەی ئەوی تری ناوێت،نە ئەو دەیەوێت،نە من،بەڵام وا چارمان ناچارە،ئەو هەیە ومن هەم و هەست بە بوونی ئەو وخۆم و دەورو بەر دەکەم،لە دواییشدا دەبێ هەر خۆی لە باوەشە پان و بەرینەکەیدا بستێك جێگام بۆ بکاتەوە،نەیشیکا هەر بە قیر!

دەڵێن:رۆژی حیساب هەیە،لەو دنیا هەموو لە دایکبووەکانی سەر ئەم زەمینە بە ریز رادەوەستین،هەر یەکێکمان ژمارەی خۆمانمان بە دەستەوەیە، با بڵێین وەك ریزگرتنی بێ کارەکان لە ناو بەڕێوبەرایەتی کار،چاوەڕوانی چارەنووسەکەمان دەکەین،یا دەچین بۆ بەهەشت یا بۆ جەهەنەم،لەو ناوەراستەشدا هیچ شتێکی تر نییە،هیچ بوارێك نییە بۆ بیرکردنەوە،هەمو شتێك پێشتر پێوراوە،مەلایەکەتێك ناوەکان دەخوێنێتەوە:فلاَن کوڕی فلاَن، بۆ دۆزەخ! فلاَن کوڕی فلاَن:بۆ بەهەشت!
هیچ بەدرۆخستنەوەیەك یا پارێزەرگرتنێك،قسەی شایەتەك نایخوات:هەموو کار و کردارێکی مرۆڤ لە ناوچەوانی نووسراوە،بەرتیل داینیش نییە!

دەڵێن:پەتێك هەیە،ژێرەکەی دۆزەخە،ئەوەی ساڵحان بێت بەسەریدا تێدەپەڕێت ودەگاتە بەهەشت، ئەوەی خراپەکار بێت،لە نیوە رێگا دەکەوێتە ناو دۆزەخ وبۆ هەتا هەتایە بە ئاگرەکەی دەبرژێت!
دەڵێن:تۆ مەتەریت،تەنها حاڵەتەکەت دەگۆڕێت،دوور نییە ببیت بە گوڵ و ئاشقان بۆنت بکەن،یا بە خاکێکی بە پیت یا بێ پیت یا بە پەپولەیەك!

دەڵێن:مردن نییە،رۆحت دەچێتە ناو گیانێکی تر وەلسەلام!
دەڵێن:مردووەکان، هەموو ساڵێك لە رۆژی کۆچکردنەکەیاندا دەگەڕێنەوە! مۆمیان بۆ دادەگرسێنین، ژوورەکەیان بۆ دەرازێنینەوە، ئەو چێشتەیانە بۆ لێ دەنێین کە کاتی خۆی حەزیان لێ بووە،ئەو باسانە دەکەین کە تێدا بەشداریان کردووە!
دەشڵێن:رۆژی حیساب هەیە،بەڵام لە سەر ئەم زەمینە ئەفسانایەدا، خەڵکەکە،یا دەڵێن" لەولاوەوە بچێت،حەوت بەردی بە دوا، هەی..،یا بە چەپکە گوڵی سوور و رەیحانە ناوی دەهێنن!

پاشا و مەلیك و فەرمانرەواکان زانیویانە کۆتاییان پێ دێت وبە بێ سێ و دووکردن پرۆتیناتەکانی گیانیان بە هەمان شێوە،وەك پرۆتیناتەکانی لەشی دوژمن و دیلەکانیان، گەدا یا هەر گیان لەبەرێکی تر،دەبن بە کرم و هەر لەو جێگایەی تێدا دەنێژرێن،پاشماوەکانیان بۆ ماوەیەك لەوێ دەمێنێتەوە وهیچ شتێکی تر روونادات،هەر هیچ!!

ئەم راستييەيانە پێ قبوول نەبووە،بۆيە بە درێژايي مێژوو سەدان ئەفسانەيان لەمەڕ مردن دروست كردووە،ولە هەر جێگايەك بە شێوەيەكى تر!بەلاّم هيچ كام لەو ئەفسانەيانە تەسكينيان بە هۆشمەندى مرۆڤ نەهێناوە...

بێجگە لە هەندێ لەو باسە بێ سەمەرانە،دەسەلاّتدارەكان هيچ هۆيەكى تريان بۆ نەماوەتەوە،ئەوەندە كەللە پوتانە دەست بە موڵكايەتى وفەرمانرەوايى بگرن وهەموو شتێك بخەنە خزمەتى، لە پێناويدا لە هيچ تاوانێك نەسەلّمێنەوە وژيانى كابرايەكى وەك من"وە پەرێ سەرى بڕيەى"بەم بەيانييە ئەوەندە ناهەموار بكەن!
ـ ئەى تۆ بۆچى باوەشى بۆ ناكەيتەوە؟ بۆ بە گەشبينييەوە ناچيت بە پيريەوە؟ بۆ ئەوەندە رەشبينانە بيردەكەيتەوە!

من بير لە شتى وا ناكەمەوە،من باوەشم هەميشە كراوەيە!هەر وا من هەميشە گەشبينم بەوەى كە رۆژێك دادێت هەموو كەسێك دان بەم راستييە دەنێت: مالّى دنيا هيچە، كێ مرد و شتەكانى لە گەلّ خۆيدا برد،جا بيشيبا چى لێ دەكات.كەس چيتر بير لە فەرمانرەوايەتى ناكاتەوە!بەلاّم ئەو رۆژە هێشتا نەهاتووە،ومرۆڤ واى لێ كراوە مرۆڤ بخوات!ئەم بەيانييەش،پاش ئەو وڕێنەيە يا ئەو بەسەرهاتەدا،با بلّێم پاش ئەو خەوە نائارام و خەونە هەراسانەدا،ديسان چاوم بە دنيا كەوت،دلّم وەكو رۆژەكانى تر كارى خۆى دەكات،ئەوە نزيكەى چل و دوو سالّە هەر ترپەترپى دێت،هەندێ جار بەرز لێدەدات وهەندێ جار نزم و هەندێ جاريش هەيە لە حەيبەتاندا خەريكە راوەستێت،خۆيشم خۆزگە بە راوەستانى دەخوازم!كە هاتمە سەرخۆ،چاوم بە دەوروبەرەكەم كەوت و لەبەر خۆمەوە وتم"ديوارەكان،وێنەكان،كتێب وگۆڤارەكان بەيانيتان باش"وهەر بە خۆم وەكو كابراى جوتيار كە دە قوتابى زانكۆ مێوانى بوون، هەموو رۆژێك بە پيجامەكەى بەريانەوە لە خەو هەلّدەستان وخاولێكانيان دەخستە پشت مليان و يەك لە دواى يەك بە ريزەوە بەيانى باشيان لێ دەكرد،تا بەيانييەك هات پێيانى وت" كورە دەباشە باش ...باش، بەيانى باشى چى؟باشى لە كوێ هەيە؟ كێ باشە؟ هەموو دنيا قوڕى چوگە سەر"منيش ئێستا گەر باشى هەبوايە،لە سەر ئەم جێگا وشوێنەدا چيم دەكرد؟نە قەلّەبالّەغييەك،نەگەرمى رۆژ ونە هەراوهورياى مندالّەكانى گەڕەك،وئەم بەيانييە نامۆيە!ئاخ گەر ئەوەندە خۆشەويستى بۆ ژيان وجوان وجوانى چاوپێكەوتنى ئەلّوەن وئەلّوەنياندا لە دلّم نەبوايە،هەر بەخۆم رامدەگرت ودەحەسامەوە، ئيتر نە ئاخ ونە ئۆفم دەكرد،نە چاوم هەر جارێك بە بينينى كارەساتەكان كوێر دەبێ،ونە گوێم لە هاوار وسەرهەلّگردنى ياران دەبێ!ئەوەتە وێنەكەيان لەبەر چاومدايە...
- ئەرێ خۆشيتان بينى لە ژيان؟
- نەخێر !جا دايك و باوكێك كوڕى وەك تۆيان هەبێت خۆشى لە ژيان دەبينن؟
- ئەى ئاسودەيى؟
- نەخێر!تۆ جارێ زوانت ببڕيت باشترە؟
و هەر وا ولاّمەكان تەنها،نەخێر .. نەخێر .. نەخێر .. ئەو رۆژەيش كە بە مامۆستا سوعادم وت"رۆژ زۆر كورتە!"
مامۆستا،چەقۆى گەص بڕينەكەى دەستى هێنايە خوارەوە و بە نيگايەكى كزومات وتى:چۆن وا دەلّێى،شەو هەرنايەت،رۆژ زۆر درێژە!" هەردووكيشمان يەك بۆچون ويەك مەبەستمان هەبوو:ئەمە چ زوخ ودەردێكە، نە رۆژمان رۆژە و نە شەومان شەو!

لە ژێر باری ئەم نەهامەتیەدا،لە ناو ئـەم ئەزمونـە خەتەرناکەدا،ئـەڵوەنیش بـەم بەیانییـە لـەو لاوە هـاتووە و یەخـەی گرتووم:بۆچی تۆ لە کوێی؟

ئاخر بڵێ هەی ماڵ خراپ، من جوزانم لە کوێم،پاشان ئەگەر پێی دەڵێم"لە لای تۆم،گوێم لە سـیمفۆنیا نەمرەکەتە،لـە ناو ماتەمی خۆشەویستەکاندام، هەر وەی، ئەگەر دەڵێم لەوێدام،لە پشـت یاڵـە هـەزار بـە هەزارەکاندا،ئـەوا دوو وەی، برینـی دەکولێنمەوە،سـەرهەڵگردنەکەی دەریـا و ئۆقیانۆسـی بـە بـیر دەهێنمـەوە"دارێکـە و هـەردوو سـەرەکەی بـە گووە".ئاخر ئەگەر چارە رەشی من نەبێت،بۆچی ئەڵوەنی باوان،ئـەڵوەنی لانکـەی منداڵی،ئـەڵوەنی دەنـگ و رەنگـی سەرتاپای جیهان لەم کات وسات وجێگەیەدا ئەم پرسیارە لە من دەکات؟ئەی خۆ من تاقە کەس نیم لـە نـاو دەرونـی خۆیـدا بـۆ خـۆی دەگـەڕێم، هەنـدێ جـار بـە خـۆی دەسـتم دەگرێـت و رێگاکـانم پێشـان دەدات،کەچـی هێشـتا پێنەگەیشتووم؛لەم دوورەوە وەك ساوایەك پرسیاری لـێ دەکەم:ئەم شەو دەتگەمێ؟.

- ئەی سبەی،یا دوو سبەی؟

- ..

- بۆ چەند رۆژێکی تریش بێت،دەتوانم خۆم راگرم؟!

- ..

- ئێمە کەی گفتی وامان بە یەکتر داوە؟باوکم گەمەم کرد!

شەوان دێت ودەڕوات ئەڵوەنم لێ دەرناکەوێت.

پرسیار لە ئەڵوەنیان دەکەم" منیش وێرانی ئەڵوەنم"

پرسیار لە بای شەماڵ دەکەم" منیش عەوداڵی ئەڵوەنم "

پرسیار لە با و باران دەکەم" منیش شەیدای ئەڵوەنم"

پرسیار لە بتەکانی هیندۆ دەکەم،لە مانگاکانی هیند،لە خواکـانی یونان،لـە موسـا و لـە عیسـا و لـە بـودا و لـە خـوای ئیسلامەکان،هەر هەمویان تەقەی سەریان دێت،باسی چرووك وبـەتاڵم بـۆ دەگێرنـەوە.پێیـان دەڵێم،کورە هـەی مـاڵ خراپـەکان مـن تینوومـە تینوو،ئـەی هـاوار،من جـامی شـەرابی سەرمەسـتیم دەوێـت .. ئەڵوەن،ئەڵوەن،ئەڵوەن،مـە ئەڵوەنە شیتە توام؟

پێم دەڵێن: تبت یدا أبا لهب .....

پێم دەڵێن: دەریا بوو بە دوو شەق .....

پێم دەڵێن: عیسا کوڕی خودایە...

پێم دەڵێن: دەبێ بخور داگیرسێنیت

پێم دەڵێن: چوارمشقی دابنیشە، کۆنسنتراتسیون بکە .....

پێم دەڵێن: بارە باڕی مانگا دەنگی خودایە....

هەر دەڵێی گوێزم بۆ دەژمێرن،لـە مرۆڤبـوون وکەسـایەتیم کـەم دەکەنـەوە و لەبـەر خۆمـەوە گۆرانی" هـەی لـە مـن یاخی،هەی لە من یاخی،تۆ گوڵی ناو باخی" دەڵێم ...

چاوم بەقەد پانتایی ئاسمان دەکەمەوە، کەچی لە کنارە دوورەکاندا دەس لە ملی دەریاکان دەنێ و پەیتا پەیتا باران دەبارێنێ،تاریکایی زەینم کوێردەکات،بەرۆژیش بە حەسرەت کێشانی ئەڵوەنیان زەینم کوێر دەبێت، دەگەڕێم بۆ جیهانێك،بوونێك لە دەرەوەی شەو و رۆژە زاڵە ئاساییەکان، ئەمیش هێشتا لە دایك نەبووە،نامۆیی تەنی پێ چنیوم،لە پارچە پەڕۆیەکی سەر سیرکەوانەکەی کۆردەرە دەچم!

((بەم بەیانییەشدا منداڵەکان لە کاتژمێری حەوت لە خەو بێدار دەبن...بەڵام من چاوم پێیان ناکەوێت.

- چی تیایە،با نەیانبینیت،ملیونان منداڵی بێ باوك هەیە،یا باوکیان لە بەرەی جەنگە،یا بە جێیانیان هێشتووە !

- وایە،بەڵام من هەم !

- وای دابنێ بوونت نییە !))

- ئاخر هەم،ئەمە خۆمم،بوونم هەیە،و وا وەك شایەتێك پێ لە سەدەی بیست و یەکی پاش تریبلیون بلیون ساڵ دەنێم،دەترسم کابرایەك لەبەردەم دەرگاکەی راوەستابێت وپێم بڵێت:هەی بەخێر نەیەیت! ئەمە هاتنە؟ !وەك خاوەن ریستۆرانەکەی ناو سەنتەرەکەی برۆکسل پێم بڵێت:تۆ بۆت نییە بێیت بۆ ژوورەوە ...

- بۆچی؟

- ببورە بۆت نییە ! !

حەمید:چۆن شتی وا دەبێت؟ئەوانە خاوەن شارستانییەتن،چۆن بەو شێوە نا ئینسانیانە هەڵسوکەوت دەکەن؟

- با !خۆیشم گێژ بووم! سەر مێزکان بە گوڵ و مۆم رازابوونەوە و کابرایەك پیانۆی لێ دەدا،ئاووهەوایەکی رۆمانسی بوو،منیش لەو کاتەدا پێویستیم بەوە هەبوو،زۆر ماندووبووم،کەچی بەو شێوەیە لە گەڵمدا جوڵانەوە !

- دیارە پارەت پێ نەبووە ؟

- نەیانپشکنیم تا بزانن پارەم پێیە یا نا، نەخێر ئەو جارە پارەم پێ بوو!

- دیارە جل وبەرگەکەت نارێك بووە !

- نەخێر،جل و بەرگێکی ئاساییم لەبەر بوو،بەڵام کەرەواتم لە مل نەبوو، من چی بکەم بە کەرەوات؟ ئەگەر بیبەستم هەست بە خنکاندن دەکەم!تۆ بڵێیت لەبەر نەبەستنی کەرەواتی گەواد دەریانکردبێتم؟بڕوا ناکەم،خۆ بە کەرەوات نان ناخۆم!

کاکە شارستانییەت لەلای مەنسور کەواوچی و شەمە جگەرییە،ئەوەی بچوایە بۆ لایان،بەدڵ و بەگیان بە خێرهاتنیان دەکرد،ئەحواڵیان دەپرسی و نانەکەیشیان دەداییێ،هەندێ جاریش هەر لەسەر حیسابی خۆیان! دەستیشیان تەنها خوێنی کاوڕ و مانگای پێوەوە بوو،وەك ئەمان نین؛ خوێنی مرۆڤی رەش و سپی لە نێوان پەنجەکانیان چکە دەکات!

هەمید:ئەوە جاران بوو،پێشی سەد ساڵ،ئێستا وا نین،تۆبەیان کردووە !

- تۆبەی گورگ مەرگە !

(٢)

بەڵێ؟ ئەوە کێ بوو؟ ...چی؟ بەڕاست؟ بڕوا ناکەم !دەی با جارێك وا بێت! ڕۆژیان دێت!

- تۆ گوێی نادەیتێ!

- من گوێی نادەمێ؟ ئای کە سەیرە!وا بووم بە کەباب!خۆزگەم بە ئەقڵت مام هەمید!

دەڵێن ڕۆژێکیان دوو شەریك لە یاری رایسس دەدۆڕێنن،یەکێکیان جوێن و هاوار وکوفری دنیا دەکات،کە لا لە شەریکەکەی دەکاتەوە،دەبینێ بە هێمنی دانیشتووە وهەردوو دەستی لە گیرفانیدایە،بۆیە لێی تووڕە دەبێت و بە هاوارێك پێ دەڵێ:سەگ باوك،دۆڕانمان،کەچی تۆ هەر وا دانیشتووی و هیچ هاوار وناسزاییەك ناکەیت،تۆ هیچ گوێی نادەیتێ!

شەریك:من گوێی نادەمێ؟ هەردوو دەستی لە گیرفاندا دەردەکات و دەیانکاتەوە !کابرا لە داخاندا هەردوو گونی هەڵکەندبوو و هەر دووبارەی دەکردەوە:من گوێی نادەمێ؟

جا هەمید ئەفەندی،من گوێی نادەمێ؟

- گەر وەفاتان دەوێت،فەرمون ئەوە جوانی!

- جوانی چی؟ جوانی ماوە،تۆ چی ئەزانیت،کامە جوانی؟تۆ لێرە نیت، هێشا لەو دوورەوە هەر خەو دەبینیت،هەستە ... هەستە لە خەو،بێرە هۆشی خۆت!

- گەر هەنار وهەنجیرتان دەوێت،ئەوە کویچە باخ و ڕێگای کۆپری شەلال، ئەوە کەلێنی دیوارە روخاوەکەی باخی مام حەمە دەمار ...

(( ئێستا منداڵەکان دەڕۆن بۆ قوتابخانە و باغچەی منداڵان،چەند حەز دەکەن بەنۆرە هەتا ئەوێ بە قەڵادۆشکانی بیانبەم،چەند حەز دەکەم چاوم بە پێکەنینەکانیان بکەوێت!

- نابێت!

- بۆ نابێت؟

- وتم نابێت،بەستا! تۆ بە جێت هێشتین!

- من تۆم بە جێ هێشت،نەك ئێوە!

بە هەموو هێز و سەبرێکمەوە هەوڵم دا بمێنمەوە،هاتوهاوارەکانیم قبووڵ دەکرد،هەر جارێك پێم دەوت:"تۆ ڕاست دەکەی"!بۆ ئەوەی کۆتایی بە هەراکانی بهێنم،چەند جار فرسەتم پێدا،نەختێك لە شەڕفرۆشتنەکانی کەم بکاتەوە،بەڵام ئەو وەك دەسەڵاتدارێك هەڵسوکەوتی دەکرد،ودرێژەی پێدەدا تا وای لێ هات منیش کۆڵم دا!))

- سالاری؟

ئەوە برایم باجەلان ودایکی ئیباو ومەلا عارف،ئەوە دادو و زەکی ودایکی وەلی مەحمود حاجی و کەنعان وباوك عەدنان عەزیز،رزگار،ئەوە خالۆ رەزا و مورتەزا و سەی تالب....

((منداڵەکان بۆ ماڵەوە دەگەڕێنەوە،من بۆم نییە دەستیان بگرم و بە دوای یەکتر را بکەین،یا خواردنەکەیان بۆ گەرم بکەمەوە و پێکەوە نان بخۆین، بەبێ زۆرکردن،وفەرمان کردن:دەبێ هەمووی بخۆیت .. ها دیسا ئەو ناوەت پیس کرد!)).

- پەندی پێشینان؟

- ئەوە گەردانەی ئەڵوەن.

((مێواندارى كراوم بۆ ڤین،حەز ئەکەم منداڵەکانیش لە گەڵ خۆم ببەم.

- نابێ!

- بۆ چی تێدایە؟

- خەیاڵت خاوە!

- ئەگەر حەز دەکەیت تۆش وەرە!؟

- نایەم!))

- نموونەی ستەم و زۆرداری؟

ــــ ئەوە سەد گۆرنیکا! هەموو رۆژێك تاوان،هەموو رۆژێك دەرکردن، هەڵواسین،سەرنگوم کردن،زیندانکردن،سەرهەلگردن،ماڵ وێرانکردن،وباغ سوتاوێك!

((منداڵەکان دەڵێن:کەی بۆمان هەیە لە لای باوکمان بمێنینەوە!با لە دوو یا سێ هەفتە جارێك لە لای من بمێننەوە.

- نابێ!

- ئەزانی چی؟ شیرین لەسەر دیواری ماڵەکە،وێنەی من وخۆیی کێشا، هەردووکمان قاوەڵتی دەکەین،هەردوکمانی بەقەد یەك وێنە کێشا،و وتی" باوە رەنگی پرچت رەشە"!ئەزانی ئەمە چی دەگەیەنێت؟

- نازانم،بەڵام جارێکی تر بۆت نییە بهێڵی لەسەر دیواری ماڵ رەسم بکات!))

- پێڵاوتان دەوێت ؟

ئەوە کاکەبیە کلاش دۆزەکەی بەرامبەر دوکانەکەی خالۆ ئەحمەد،لە تایەی ئۆتۆمبیل کلاشی دروست دەکرد؛کە باری ژیانی لێژ دەبوو دەیگۆ"شەریکەی باتە وکلاش هەرسینی ئێران وە کۆی زوخاڵ بوگ،یانە ماڵمان رمانن، عالەمەگە لە ری دەرکردن..." ؛چوپی تایەکەشی بە منداڵەکان دەفرۆشت، دار لاسیقیان پێ دروستدەکرد بۆ راوە ریشۆڵە وکۆتر ومەلوچك....

((منداڵەکان دەچونە ناو جۆلانەکە و دەیانوت:با پێکەوە بۆ ئەفریقا سەفەر بکەین.

- گەڕاینەوە،بۆ ئوستورالیا سەفەر دەکەین!))

- چیتان دەوێت؟ دلداری؟

ـ ئەوە ئەڵوەن وئەم بەر وئەو بەر،ئەوە نموونەیەکی لە بەرچاو بۆ هەموو سەردەمەکان:ڤینۆس ...

((شیرین:من لێرەوە تا ئەمریکا خۆشتم دەوێت!

ـ من لێرەوە تا ئەوپەڕی ئەمریکا خۆشدەوێت!

ـ ژیان:من لێرەوە تا کوردستان خۆشدەوێت

ـ من لێرەوە تا لای خۆر خۆشدەوێت))

ـ سۆزی دایکایەتی؟

ئەوە نوقڵە گیان،ئافرەتێکی ئاسایی وەك هەر دایکێکی تر،وەك شوێن پێ هەڵگر، شار بە شار و دێ بە دێ بە دوای کوڕەکەی کەوت،نە لە لافاوی سیروان سڵیکردەوە،نە لە زرییپوشی شەوە و نەیش لە ساواك و پاراستن! ئای سەرشێتی وێران بوو!لە بیرتە سەردانی زیندانت کرد؟بەچکە شەوەکان کوڕەکەتیان وەك ئاوەڵەکانی عەبرەت کردبوو،لە زیندانێکانی ناو(کۆنستراتسیون لاگەر)ی هیتلەر دەچوو،لە تەنیشتیەوە ڕۆیشتی نەتناسییەوە... کێ ژنەفتێسی دایکێك کوڕی خۆی نەناسیبێتەوە؟ ئەوە چییان بەسەر هێنابوو؟چییان بەسەر من هێنابوو؟

(( باوکە،دایکم وتی،باوکتان ئێوەی خۆش ناوێ!تەنها وای پیشان دەدات!

ـ دایکی خۆم،من ئێوەم لێرەوە تا لای خۆر و لە وێوەوە تا ئێرە خۆش دەوێت،ئێوە گوڵەکەی باوەن!))

ـ دا؟ یەکسەر باوەشت لە مل کردم،نەمهێشت قسەیەك بکەی،خێرا پێم وتی :دەقەیەك پێش ئەوەی شتێك بڵێیت،دووساڵ زیندانی کراوم وناوی کەسم نەهێناوە،باشە؟"

دایك:باشە کوڕم،بەڕاست؟

ـ بەڵێ

ئەم جار بووی بە پێکەنین و وتت:باشە،"بەس نییە ناوی کەس نەهاوردیە،هەر ئەوەندە بێت باشە وچووین بۆ ناو بەشی" قوتابخانە"، تۆیش شوکر ساڵانێکە بە بۆنەی باوکی نەجم ئاشنای بە زیندانەکانی موسەیەب و حەبانییە و دیوانییە،لە بیرت ماوە ئەو جارە لەبەر دەرگای زیندانەکەی دیوانییە سەربازی بەر دەرگاکە هەموو خواردنەکەی ڕشت،بە دەستی بەتاڵەوە چووین بۆ سەردانی باوکم؟ئەی جزدانەکەم کوا؟ئەوەی باوکم بەزەنگیانە کۆترێکی ئاشتی دەنوك سووری لە سەر چنیبوو،دەوروبەری بە زەنگیانەی شین،لە سوچی سەرەوە بەدیوی چەپ،لە تەنیشتی زەنجیری داخستنەکەی،ڕۆژی چنیبو و دیوەکەی تریشی ڕەنگی ئاسمانی!لەو کاتەوە نە ڕۆژمان هەڵهات و نە کۆترەکە لە شەقەی باڵی دا. هەرچەند بە دوای را دەکەم،چەپڵەی بۆ لێدەدەم بەڵکو بفڕێت،بەڵام هیچ،ئەڵێی لە ناو قەفەسدایە، ئەڵێی باڵیان شکاندووە!ئەوە ئێستایش کۆترەکەی سەر جزدانە بە تاڵەکەی باوکم نەهاتووەتە فڕین،خۆی کۆترەکە بوو،دەیویست بۆ ئاسمانی بێ سنور بفڕێت،بەڵام...

دەی تۆش ئەمە یەکەم جارت نییە سەر لە زیندان دەدەی،بە بۆنەی حەمەی برایشتەوە،پێشتر هاتووی بۆ ئێرە،بە هێمنی باسی ڕۆژە ڕەشەکانمان دەکرد(( ئەو دایکەی وا پێش ئەم دێڕە قسەم بۆ دەکرد و ئەویش وەڵامی دەدامەوە و پرسیاری لێ دەکردم،کۆچی یەکجارەکی کرد!کۆچێکی زۆر سەختی کرد، وەك ژیانی!من مەرگیم لە بیر چووەتەوە،پێم وا بوو زیندووە،ئەی مرۆڤ!!)) لەو کاتەدا مەحمود وارانی کە وا پێشتر وتبوی:"ئەگەر کەس

وكارەكانمان هاتن،نابێ بگرین،دەبێ زۆر ئازایانە هەڵس وكەوت بكەین،كە چی كاتێك خوشك وبرا و خالد سەوزە بە گریانەوە خۆیان كردە ژوورەوە،باوەشیان پێكرد،مەحمود وتی:دە نەگرین... كورە ئویشم نەگرین... بەسە نەگرین... ئێ دە بەسە گیان باوە مەگرین،ئەگەر بگرین منیش گیرم ها..."ودەستی كرد بە گریان و باوكە ڕۆ...! .كەنعان خەیاتیش كە زۆر بێ"تاوان"بوو،نەیدەزانی چی بە باوكە كرێكارەكەی بڵێت،وتی:بەس وە باوگم بویشم حەفت ساڵ حوكوم بیمە یەكسەر دڵی وسد،خۆی نەخۆشی دڵی هەس،خودا درووی چە ئەڕای بكەم،بیژم لە سەر چە گریامە .."،باش بوو كە باوكی هات بۆ سەردانی، پێوت:ڕوڵە مایدە؟ هەزار شوكر،كوڕم كەنعان هیچ ئەڕام مەویش،چەند جار وەتمە پید نەچوو ئەڕا سلێمانی،هەر وە قسەم نەكردید،گیانەگەی باوە بویشە پیم،چەند ساڵ حوكم بیدە؟

كەنعان:وە گیانەگەی باوە،وە سی جزمەی قورعان باوە دوو ساڵ حوكم بیمە!

باوك:بویشە پیم،بەیاناتەگان لە كورە ئەشاردیدەو؟

كەنعان:بەعزە جار ئەخستمەیانە ناو دشپولەگە و بەعزە جار ئەخستمەیانە ناو تایەر سپێرەگە. ...

لەبەر ئەوەی كەنعان بەرگدووری دەكرد،وچاوی بە ئەفسەر وسەربازەكانی موخابەرات و ئەمن دەكەوت،ببوو بە باشترین پەیامنێر و پەخشكەری هەواڵەكانی ئەمنستی وبەربوون،تازە ترین هەواڵی لەلا دەست دەكەوت،هەر ڕۆژێك دوو سێ هەواڵی پێ بوو،و هەر جارێكیان هەر هەواڵێكی بە شێوەیەك تام و خوێی دەكرد،لەلای هەر كەسێكیش بە جۆرێك دەیگێڕایەوە،هەندێ جاریش هەر بە خۆی دەیوت:دروو كەم،عالەمەگە گوناحە،با توزی دڵیان خۆش بكەم!كاتێك حوسێن گوێی لێ دەبوو پێكەنینی پێ دەهات،حوسێن چاوەڕوانی شتێكی تری دەكرد:دەیویست بەشە نەوتەكەی پێ بدرێت وهەر لەبەر ئەوە زیندانیان كردبوو،ڕۆژێكیان لە بەردەم بەنزینخانەكەی(شێخ عومەر) ڕادەوەستێت و هاوار دەكات:ئەو هەموو نەوتە هەیە،كوا بەشەكەی من ... بۆچی من هیچم نییە؟ئیتر دەیگرن و پازدە ساڵ مەحكومی دەكەن زیندانییەكی تر هەبوو نەیدەزانی بۆ گیراوە،كە پرسیاریان لێ دەكرد:لەسەر چی گیراوی؟

كابرا:قەڵەباڵەغێكە لای كێیە؟

یەكێك وتی:لەلای كۆمەڵەیە!

كابرا:ئێ!منیش لەسەر كۆمەڵە گیراوم!

- بۆچی بووی بە كۆمەڵە؟

كابرا:وتیان ئێمە بە كۆمەڵ كار ئەكەین منیش وتم وابێ باشە منیش لە گەڵتان دەیكەم!قسەی عەنتیكە عەنتیكەیان دەكرد،باوك مردگیان دەهێنایە پێكەنین،ئەو جارە كادرێكیان كۆبونەوەی پێ كردین،وتی"داروین سەلماندویەتی كە ڕەچەڵەكی مرۆڤ مەیمونە،لەم كاتە مامە عەول وتی" مامۆستا كە واتە من لە مەیمونە سوورەكەم!"...

ئەی قەهار؟باڵا بەرزە بە خۆكە،دڵی لە شوشە دروستكرابوو،كەسێك باسێكی دڵ تەزێنی بكردایە،ئەم یەكسەر چاوی خوڕەی دەكرد؛هەفتەیەك ئەشكەنجەیان كردبوو،پێیان وتبو" گەواد دانی پێ بنێ،تۆ جاسوسی بۆ سوریا دەكەی"ئەمیش هەر وتبوی"نازانم".....من هەر بەراستی نەمدەزانی مانای جاسوس چییە،هەتا وتم با پرسیاریان لێ بكەم جاسوس چییە،حاڵیان كردم، منیش چیتر بەرگەی لێدانم نەما،لە بەر ئازار وتم چی ئەبێ با ببێت،هەڵواسین لەم

حاڵە باشترە،پێم وتن:لە بەر ئەمە لێم دەدەن؟بەسە لێم مەدەن،بەڵێ من جاسوسم وبۆ دە ساڵ مەحکومیان کردم،قورِم بەسە،ئەم دە ساڵە بە چی دەچێتە سەر،ژن و منداڵەکانیشم سەرگەردان بوون! "

قەهار هەموو رق و قینەکەی ئاراستەی ژیانی شار دەکرد،دەیوت:دەربچم، یەکەم جار ئەرۆم دەوارێك بۆ خۆم دەکرِم وچەند سەر حەیوانێك ولە گەڵ ژن و منداڵەکانم لە دەشتەکان دەژێم"وە نعەل ئەبولمەدینە و یابو للی خەڵەفە" لەولایشەوە حەمید بەرقوق کە گوایە جاسوسی سۆڤێتە،دەیکرد بە گاڵتە و گەپ لە گەڵ خالد وەهاب و ریاز،پێکەوە دەیانوت"یا قەهار،عەرەب وێن، تەنبورە وێن"هەڵبەت هەر ئەم وای نەدەوت،حوسێن کلاسیکیش،کە ئێستا لە "مەنفا"یکەلاردا کراوە بە مودیری شارەوانی داهاتووی شارەکە،مشکیلەکی لە سەر پێچابوو،لەسەر عەرزەکە بەرِەیەکی راخستبوو و باڵشتێکی زلی لە سەر دانابوو؛لە سەری پاڵی دەدا و پێی دەنایە سەر یەك،سبیلێکی درێژیشی بە دەستەوە دەگرت و سەماوەرەکەی بۆ دادەگیرساند،هەناسەیەکی بۆ هەڵدەکێشا ودەیوت:کورِگەل ئی جارە دەرچم،چەند سەر حەیوانیگ ومامر و کەڵەشێر سینم و لە دەشتەگەی تولەفروش دەواریگ هەڵدەم و ئەرِا خۆم مەعیشەت کەم! " ئەحمەد سالح پێوت:"واز بار لەی خەیاڵ پلاویە،عالەم رەسێسە کورە و تو باس چە کەی"،کاتێك خالد وەهاب سمێڵی تاشی،حوسێن چاوی لێ زەق کرد وپێی وت:هەی بی شەرەف شواربەگەد ها کو؟
خالد بە پێکەنینەوە:حوسێن عاجز نەو،گیانەگەی باوە وە کلاش هەرسینی لایەگی تاشیم و لاگەی تر ریاز تاشییەی ئەرِام وخسمەیانە ناو تەنەکە زبڵەگە!حوسێن بەم قسەیە زەرد و بۆر بووەوە،تێر جوێنی کرد،دوو مانگی رەبەق لە گەڵ خالد و ریاز قسەی نەکرد...

بەشی "قوتابخانە"پرِ بوو،قەرەوێلەی دوو قاتییان هێنا،دەبوایە لە بەینەکانیشدا جێگا بۆ خۆمان بکەینەوە،رۆژێکیان فوئاد بانگی کردم،کە گەیشتمە تەنشتی،دەبینم کەسێك لەو دیو پەنجەرە بۆیاغ کراوەکەوە دەڵێت: براگەم مە کرماشانیم،ئەسیر کریامە،مەترسێ بویژ،تو کورەیید؟
فوئاد:مە خەلقە ...
تومەز ئەوە دەنگی برایەکمە،بردویانە بۆ بەرەی جەنگ،نە رق ونە قینە لە نێوانماندا هەبوو،دوو برا بووین،ئەو گیرۆدەی دەستی شەوەی ئەو دیو ببو، نە ئەو جەنگی دەویست،نە من،بە من بوایە لە بری تۆپ باران،ئەو دیوی سنورە بەسەر داسەپاوەکەم گوڵ باران دەکرد،ئەویش لە بری کوشتن،ئەم دیو سنورە بەسەر داسەپاوەکەی خەندە باران دەکرد ..

لەم کاتەدا بوو فایەقیش زیندانی کرا،پێش مانگێك سەری لێدابن،کاڵتەی پێ دەکردین:ئێوەو سیاسەتیان نەوتووە،خێرا دەسگیرکران،دەبوایە وەك من سیاسەت بکەن!سەباح صلێوە کرێکار بوو لە سەر شوعێتی دەسگیرکرا بوو، لە کاتی دەسگیرکردنەکەیدا هاوسەرەکەی دوو گیان بوو،تازە لە ژووری هەڵواسین رزگاری ببوو،حوکمەکەیان کردبوو بە حوکمی موئەبەد،بە بێ باکییەوە دەیوت:" مننەتیان بە پێڵاوەکەم،با ئەو فاشیستە خوێریانە هەڵمواسن!... من نازانم حزب بۆ لە گەڵ ئەم جەلادانە بەرەی بەست، حزب نەیدەزانی ئەمانە خوێنرێژن؟ ئەی لە شەست وسێ چییان پێ نەکردین! "
خۆشی سەردانی هاوسەرەکەی ببوو بە دوو خۆشی:خۆشی ئیعدام نەکردنی هاوسەرەکەی ولە دایك بوونی سەلامی کورِیان.. ئەو جارە ماڵەوەیان گۆشتی بەرازیان بۆ هێنابوو و ئەمیش هەر وا لەو ناوە دانابوو،پێیوابوو کەس بێزی

نایەت گۆشتی بەراز بخوات،بەڵام خالد و ریاز وهۆشیار بە قووتدان قوتیان دا، سەباح هاواری لێ هەستا:هەر من مەسیحیم لەم قاوشە،کێ لە ئێوە گۆشتی بەراز دەخوات؟ هەڵبەت"دار هەڵبگرە،سەگی دز دیارە" ئەویش وتی:" هەی هەی،خۆش موسلم... نۆشی گیانتان بێت،بە ماڵەوەمان دەڵێم ئەم جارە گۆشتێکی زیاتر بهێنن!"

باوکی خالد هەندێ جار بە هێواشی حەیرانی بۆ دەوتم،شەرمی دەکرد گوێیان لە دەنگی بێت،تەمەنی حەفتا و دوو ساڵ بوو،تاوانەکەی:باوکی پێشمەرگەیەکە!

سزا:بیست ساڵ زیندانی!

حوسێن،کرێکاری شەرکەتی تەماتەی دهۆک:بێ تاوان!

سزا:پازدە ساڵ زیندانی!

حەسەن،شوفێری پاسی گشتی دهۆک:بێ تاوان!

سزا:پازدە ساڵ زیندانی!

دوو کەس لە پرۆسێسی ئەمانە سزای ئیعدام دران،پێکەوە لە مەحکەمەکەی هەیئە خاسە حوکم دراین،نزیکەی سی و شەش کەس بووین،هەموو پرۆسێسەکە دوو سەعاتی خایاند.

حاکم :ئەمە قسەکانی تۆیە،هەمووی راستن؟

زیندانی:بەڵێ!!!

کێ خۆی گێل دەکات،بڵێت:نەخێر ئەو قسانە هەمووی درۆن،راست نین، هەمووی لە ژێر زەبری ئەشکەنجە وتوومە بۆ ئەوەی لە لێدان رزگارم ببێت، عاقیبەتی قسەی وا بە خراپتر بەسەر خاوەنەکەی دەگەڕێتەوە،زیندانێکە سەر لە نوێ بۆ هەیئە خاسە دەگەڕێننەوە،لێدانەکە سەر لە نوێ دەستی پێ دەکات،کەسیش نازانێت لەوێدا چەندی تر دەخایەنێت تا سەر لە نوێ مەحکەمە دەکرێت،پاشان کێ ئامادەیە سەر لە نوێ بۆ هەیئە ببرێت؟ کەس!بۆیە چاکترێکە مرۆڤ ئەو وڵامە بدات کە ئەوان چاوەڕوانی بیستنین: بەڵێ وایە!

حاکم:هیچ لاریەك هەیە لە مامەڵەکردنت؟

زیندانی:نەخێر!

حاکم:سوپاس...!

یەکێك لە سزا دراوەکان بە هەڵواسین عارەبی نەدەزانی،حاکمەکە پێوت:مەحکەمە بڕیاری سزای ئیعدامی دای،ئەم وتی:ئا،بەڵێ!!

کە زانییان تێنەگەیشت،بە وەرگێرە گەنجەکەیان وت،سزاکەی بۆ وەرگێڕە، ئەویش هاتە تەنیشتیەوە،وپێی وت:کوڕم تۆ عیدام دەکرێیت،باشە؟

زیندانێکە:بەڵێ باشە!

پاش ئەم تاوانە بردیانین بۆ زیندان،لە ناو ئۆتومبێلی پۆلیسەکان ئەوەندە تاریك بوو،کەس کەسی نەدەبینی یەکێکیان وتی:من تازە ئیعدام دەکرێم، ئێوەش ناتوانن هیچم بۆ بکەن،من ئاگام لە هیچ نییە،برا رۆ کێ نانی منداڵەکانم دەدات،بە کێ بڵێم ئاگای لێیان بێت،فرمێسك بارانی کرد؛کەس دەنگی لێوە نەهات،ئەوەی گریا،

گریا،یەکێك وتی"خودا حەقتان بسێند" ئەوی تریش هیچی پێ نەدەوترا، هەر یەکێکمان رق وقینەیەکی بێ وێنەی لە دڵدا بوو،ئەشکەنجە وزەی کەسی نەهێشتبوو...

ئوستاد نیهاد،هەمیشە پەلە پەلی بوو" ئیژی مینەی موختار کەیگن"،وەکو گوللە دەرۆیشت،خێرا خێرا جەمی خواردنەکەی دەخوارد و بە پەلە پەلیش قسەی دەکرد،هەندێ جاریش زمانی تەتەڵەی دەکرد،بەو تەمەنە وەرزشی دەکرد،لە هەندێ گەنج باشتر رایدەکرد،زۆر لە ئەندازیارەکە باشتر بوو،ئەم کابرایە وەرزشی ملی دەکرد،جلوبەرگی وەرزشی لەبەر دەکرد،و لەبەرچاو هەموو زیندانییەکان بە سەعات ملی دەسوڕاند و ئەم دیو و ئەو دیوی پێدەکرد،ملی بەقەد ملی بەرازێکی لێ هاتبوو،نیهاد ئەفەندی گوایە لە کەرکوك نارنجۆکێکی لەناو سینەمایەك تەقاندۆتەوە !بەڵام ئاگای لە هیچ نەبووە؛بە درێژایی یەك مانگ دارکاریان کردبوو،پێیان وتبوو:داوای عەفو بکە،بەرت دەدەین!

نیهاد:ئێوە دەبێ داوای عەفو لە من بکەن،لە هیچ و خۆڕایی دارکاری دنیاتان کردم،ئەشکەنجە لە دوای ئەشکەنجەم دەدەن،هێشتا من داوای عەفو لە ئێوە بکەم... !کە باسی عافواتیش بهاتبا،نیهاد دەیوت:من دەرناچم، ولێرە دەمێنمەوە هەتا ئەو سەگ بابانە خۆیان داوای عەفوکردنم لێ دەکەن !لە شەوی پێش رۆژی سەردانی کەسوکار و برادەر و ناسیاو،نیهاد گوایە ریشی دەتاشێت،بەڵام هەموو رووومەتی خەڵتانی خوێن دەکرد،هەر جارێکیش هۆیەکی دەهێناوە !

نیهاد:دەستم زیاد رۆی ... تیغەکە زۆر تیژ بوو... قسەیان لە گەڵ کردم... بیرم دەکردەوە... "ئێ خۆ بویش زەوێگە چەفتە و تەواو! "کاتێك بەو حاڵە لە بەردەم نەوزاد تێدەپەڕی ئەم پێی دەوت:ئوستاد عافێت ئۆڵسو،موبارەك! ، نیهادیش بە بێ ئاوڕدانەوە،تەنها بەدەست سوپاسی دەکرد !

رۆژی سەردان هەرچەند دەگمەن بوو،لە لایەکەوە رۆژێکی خۆش بوو بۆ ئەوانەی سەریان لێ دەدرا،و رۆژێکی سەگ باوك بوو بۆ ئەوانەی کەمتر سەریان لێ دەدرا یا هەر بە جارێك سەریان لێ نەدەدرا،ساڵانێکە لە زیندانن، کەس وکاریان چیتر خولقی سەردانیان نەمابوو،یا لەبەر دەست کورتی، چونکێ سەردان پارەی دەوێت،ئەمانە پێکەوە پیاسەیان دەکرد و دڵی یەکتریان دەدایەوە یا وایان پێشان دەدا وەك بڵێی هیچ نەبووە وگوێی نادەنێ و مەسەلەکە ئەوە ناهێنێت،بەڵام لە ناوەوە دەسوتان،وەك من چۆن هەندێ جار ئێسقانیشم دەسوتا،هیوایان دەخواست کەسێك سەردانیان بکات؛رۆژێك بوو؛وەك ئەم بەیانییە نەدەچووە سەر!زیندانەکە ئەوەندەی تر رەشتر دەبوو!

" ئەی پێنوس،تۆ چاکەیەکم بۆ بکە، بیکە بە خاتری ئەوەی خۆشتدەوێ، بیکە بە خاتری ئەوەی تۆی خۆش دەوێت،بیکە بە خاتری ئاهی بێ گوناهان،دەکرێت بیکەی بە خاتری شینایی نێوان مۆم وئاگر،یا بۆ خاتری سۆزی بەردە بێ سۆزکراوەکانی ئەڵوەن،کە وا کاتێ بۆ ناو ئەڵوەن هەڵدەدران،دەفرین و بە هەمو هێزێکیانەوە خۆیانیان دەخستە باوەشی،بیکە بە خاتری"موغربی موغاربان"تۆ باسی دایکە کراس رەش لەوەرەکان بکە، ئەوانەی سەرپۆشی رەشیان لەسەر بوو،و پێڵاوی لاسیقیان لە پێ بوو، پێنوس هاوار بۆ تۆ دەهێنم،کڕنوش دەبەم،بە تەنها بە جێم مەهێڵە،باسی کزی دەنگیان بکە،بیکە بەخاتری حورمەتی ئەم فرمێسکانە،قەڵەم تەنها تۆ شایەتی وێران بونمی،باس بکە،بنووسە،بنووسە،بنووسە ئەڵوەنەکەم،هەی ئەڵوەنی ئاوازی ئاوازەکانم،بنووسە؛گەر دەتەوێت هاوار بکە،شیوەن بکە، بڵێ،چۆن نزیك دەبوونەوە،چۆن بە چاوێکی کز،بە چاوێکی کز وخەمگین، فرمێسکەکانیان شۆڕ

دەبووەوە،لە کەڵێدا لێوەکانیان دەلەرییەوە و بە دەنگێکی کز،نەبا کەسێك گوێی لە پرسیارەکەیان بێت:کوڕکەمتان بینیوە؟ناوی ... خەڵکی... باڵای ...؟

وڵامی چی بدەمەوە؟ زبان و دەنگ لە کویێ بهێنم،بڵێم نەخێر دایە گیان،.. دایە گیان نەخێر نایناسم،دایکەکەم من ئەوم،من کوڕەکەتم،گەر قبوڵ دەکەیت من بە کوڕی خۆت قبوڵ بکە،من ئەڵوەنیم دایکەکەی دایکم، ئەڵوەنی،بەچەی ئەڵوەنیش کوڕی گشت دایکێکە،دەسە پیرۆزەکەت بێنە ماچی بکەم،فرمێسکەکانت بە گلێنەی چاوم دەسرمەوە،دایە،دایە،هەناسە ساردەکەت بە گلاّ پونگەکانی جۆگەکانی ئەم بەر و ئەوبەر سارێژ دەکەم، پرسیارەکەت بە قوڕگە وشك بووەکەم ولاّم دەدەمەوە،بە باوەشێك ئەستێرە، گەر رازی دەبێت ئەوە،عادل،عەزیز،عومەر مەنسور،خەلیل عەبدو،ریاز، مەحمود تاماز،جەهاد،کامل،حوسێن شێخی ئەڵوەنزادەکان دەبن بە کوڕت، ئەوە هەموو چیاکان،ئەوە کەلاّتی عەزیزم،باوکی هەموو چیا وهەور وگومانەکان،هەر هەموویان بۆ تۆ!
دایکەکان هیچیان نەدەویست،وێڵی کوڕەکانیان بوون،کۆڵیان نەدەدا لە پرسیار کردن!
ـ براکەم،.. دەناسیت؟
ـ کوڕەکەم،... بینیوە؟
بە سەرپۆشەکەیاندا رومەتیان دەسڕییەوە ... زەمین لەبەر نائۆمید بوونەکەیان دەلەرزی،وشەیش زەلیلە لە دەربڕینی چرکەی چاو دانوقاندن و سەرداگرنیان لە کاتی بە جێ هێشتن و گەڕان بە دوای کەسێکی تر و دوبارە کردنی هەمان پرسیارە دووبارە کراوەکان!

.. ی...!!!!!! غەوزەکەی بەغدا،هاوار،هاوار،هاوار پەنا بۆ تۆ دەبەم، خێری باوانت،لەم چرکەیەدا ژێر باڵم بگرە یاغەوز،یا غەوزەکەی سۆفی فاتە،بیکە بە خاتری ئەو نانە وردیلانەی دەمدا بە کۆترەکانی ناو حەوشەکەت،کورە دەستم بە دامێنی تۆ غەوزەکەی بەغدا،دەخیلت بم فریاد،فریاد رزگارم بکە لە بینینی نیکا شکستەکانی دایکە عەرەبەکانم،لە بیرمیان ببەرەوە،ئەمە حاڵ نییە تێدام بەم بەیانییە،لە ناو ئەم حوجرەیەدا:
من تەنها و مەرگ تەنها!
من تەنها و شکست بونی مرۆڤ!

ـ تف لەو ولاّتەی وا زیندانی تێدایە.

ـ کورە غەوزی چی؟ کە حاجی عەوڵڵا لە دوورەوە چاوی بە تۆ دەکەوت لە رێگاکەی میلان، دەیوت" هۆ .. هۆ ... هۆ ئەوە زوڕنا لێدەرەکەی جەهەنەم هات،سەگە سوورەکە هات؟
ـ کە بەیەك دەگەیشتین،" دەستی یەکترمان مۆچ دەکرد".. جارێك ... دوو .. سێ ..پێدەکەنی،دگانە بەڵە زەرد هەڵگەڕاوەکەی لە گەڵ هێڵە قوڵەکانی سەر روخساری ژیانێکی بەرینی ئەمان و بانگەشەی بەهار بوو،کارکردن و تینی رۆژ لە ناوچەوانی بەبێ پرسیارکردن دەبینرا،گۆچانەکەی دەستی دەکەوتە پێشی،دەچوینە ماڵەوە،پێکەوە چاکەمان دەخواردەوە...باسی راز و نیازەکانمان دەکرد،گەمە و گاڵتەمان دەکرد،کە قورئان هەڵگرەکان؛کە ئەولادی ئەو قوریشییە بازرگانەی وا کچی نۆ ساڵی زەوتکردە،کە سەعد و خالد و بەکر وعەلی وحەسەن وحوسێن شالاّوی ئەنفالیان هێنا،حاجی عەولاّیان لە گەڵ خۆ برد،لە ناو مۆڵگاکەیان قایمیان کرد،لە شەوێکدا پێیان وت:برۆ بۆ ماڵەوە!!

حاجی عەولاَ:ئاخر بەم شەوە بۆ کوێ برۆم،نە پارەم پێیە،نە ماڵی ناسیاوێك دەناسم،با ئەمشەویش لێرە بمێنمەوە !
کە رۆژ ببوەوە،حاجی خۆی کۆکردبۆوە،بەلاَم بەر نەدرا،گولەباران کرا..

حاجی هەزاران باقە گولّ لەسەر گۆرەکەی بێت،منداڵێك بوو،منداڵێکی ردێن سپی،دلّ پاك و بە حورمەت،منیش وا ئێستا بەم بەیانییەدا،گوێم لە دەنگی هۆرەکردنەکەیتی بۆ ماڵئاواییەکەی قازی،سەری نەوی کردبوو،گۆچانەکەی دا بە بەر خۆیدا و بە چەماویەوە رووی کردە یاڵەکە:هۆ، هۆ هۆ،هۆ،هۆ برا اااا،برااااا هۆ...
تفەنگەکەی شانت،پەنجا پیاو بوو بە دواتەوە هۆ هۆ هۆ برا...
یاڵەکە وکوچکی خرەکە وجۆگە ئاوە درێژەکە کە حاجی بە تاقی تەنها بۆ ئەو بەری رونیّ هێنابوو دەنگیان لێوە دەرنەچو،هیچ مەلێك نەدەفری، روخسارەکان تەنها سکوت بو و مەرگ و گیانی هەناسە وجولّە لیّ براوی تا ئەبەدی حاجی.من لەویدا بۆ یەکەم جار چاوم بە مەرگ کەوت ..

هۆرە ئاوازێکی ئێجگار غەمناکی ئەلّوەنە،ئاوازی وەرزی پایزی ڤیڤالّدی لە ئاستیدا لە هەندیّ گرفتی ماسی بچکۆلەکەی سەمەد دەچیّ،هۆرە تەجەلاتەرین هەست دەربرینی تەنهایی مرۆڤە ..
ئەزانن چی؟ " تیئۆرەکان رەنگیان بۆرە ... بەلاّم داری ژیان هەمیشە بە سەوزی دەمێنێتەوە ! ! "

من ئێستاش هەوم،هەروا غەوزیش شوعی زەمانی خۆی بوو! ئەوساکە سنگم دەرگای غەوز بوو،بۆ کوێر و شەل و پەککەوتوو نەدار وبرسییەکان کراوە بوو،بە خۆرایی شۆربایان دەخوارد.لە یادمە،لە تەنیشتی دەرگاکەی ژوورێك هەبوو،پیاوێکی بە تەمەن،کراس چەرمی،ردێن سپی لیّ دادەنیشت،نوری لیّ دەباری،پیاو حەزی دەکرد تەماشای بکات،هەر جارێك لەویّ تێپەرییبام،رادەوەستام و تێر تێر تەماشایم دەکرد،لە نهێنی دەچو، چەند جارێك لە پێشی دەرگاکەی دەهاتم و دەچوم،دەمویست بزانم چی دەکات،تەنها بەیەك شێوە دەمبینی:بە کۆمی دانیشتبو و خەریکی خوێندنەوە بوو،بەحالّ ماوە مابوو لە نێوان چاو وکتێب و لاپەڕەکانی بەردەمی ! .
ـ ئەمە کێیە ؟
ـ کوڕم ئەمە فرەزانێکی گەورەیە،موریدێکی بەناوبانگیغەوزە ..

هەندیّ جار بەو دایکانە دەوترا:دایە گیان دوور نییە، کوڕەکەت لە پشت ئەو دەرگایەیەدا بێت کە وا بە رەنگی سوور لەسەری نوسراوە:لاگەر!
ئەوە لاگەری کالاّ وکوتالّ نەبوو،لاگەرێکی بەشەری بوو!هەندێکیش هەبوو درۆی سپییان بۆ دەکردن،یا دلّیان دەدانەوە !دایکێکی زۆر دەهاتن بۆ پرسیاری جگەرگۆشەکانیان،دەیانویست تەنها چاویان پیّ بکەوێت،لە باوەشیان بگرن،بە سەریانەوە بگرێن،دلّیان بدەنەوە و هیچی تر.
ولاّتەکەم،ولاّتەکەم !
هەی وێران بوو و زیندانەکەم

کووا ژیان،کووا بەفا؟!...

ئا .. ئا،وڵاتەکەم پێڵاوە لاستیقەکانی پێی دایکەکانمە...

لەم رۆژەدا هەندێ لە وانەی هاوسەریان هەبوو،پەنایان دەبرد بۆ دۆست و برادەرەکانیان،لە کاتی پێویست پارەیان دەدا،بۆ ئەوەی وەك چاودێرێك لە بەردەم ئاودەستەکە راوەستن و خۆشیان لە گەڵ هاوسەرەکانیان بۆ ناوی برۆن،بە پەلە پەل تێکەڵاوی یەکتر بن.

- خۆت داکەنە،دەی خێرا... خێراکە ... هەموی دامەکەنە ... ئەوەندە بەسە! هەناسەیان سوار دەبوو،بەحاڵ دەنگیان لێ دەردەچوو ...تکات لێ دەکەم خۆت راگرە،دەنگ دەرمەکە .. تۆ جارێك خێرا .. تۆزێکم ماوە .." کەس نەهات؟"

- تۆقت دەرچێت،خەریك بە بۆ خۆت،نەخێر کەس،لێدە بۆ خۆت!

... بە قوربانت بم .. ئۆخەیش ...!

ئاودەستەکەی قاوشی ژمارە سێ ببو بە باشترین ژووری نوستن!

ئا... ئا،وەتەن ئاودەستخانە بوو،بۆنی گوواوی لێ دەهات،ئاڵاکەیشی ئەو دەستەسڕلە بوو،کە زیندانی وهاوسەرە شکست وخەمبارەکانیان خۆیانیان پێ پاك دەکردەوە!

- ئەی یاسا؟

- شەرمەزاری وتۆقین و تەل بەند!

- رەوشت؟

- رەشاشی پۆرسەعید و پەتی خنکاندن !

- زانست؟

- بە کۆمەڵ کوشتن و رەش بگیر!

- بیروباوەر؟

- یەکگرتن،ئازادی،سۆسیالیزم ... دەوڵەتێکی بە هێز،شارستانییەتی نەتەوەی عەرەب،سەرۆکی گەورە و مەزن!

- خۆشەویستی؟

- سەدام.

- تابلۆی هونەری؟

- سەدام.

- خەون؟

- بەرێوبەرایەتی ئاسایشی گشتی .

- پێکەنین؟

- پیلانێکی دوژمن

- سروود؟

- یەکێتی پارچەکانی وڵاتی عەرەبی

- فەلسەفە؟

ـ گەلی عەرەب نامرێت!...

نەوزاد ئازەری، کارمەندی ئۆرزدی باك لە کەرکوك وفایەق تازە ببوون بە زاوا،سەریان دادەنا لەلای یەك و هەر خوتە خوتیان دەهات وهەندێ جاریش لە داخاندا بۆ خۆیان بە ئەم ئەو رایان دەبوارد ولە پاڵیەوە هەناسەی ساردیان دەکێشا بۆ باری لاری ژیان و چارەنووسەکەیان!
نەوزاد:ئەم خوێنرێژانە نەیانهێشت،شاییەکەیان لێ تاڵ کردم،کورە هەی باوکەکەیان بگێم بۆ ئەم حاڵەی بەسەریان هێنام،ئاخر ئەمە حاڵە!پاش حەوتساڵ تێدەچم! کێ دەزانیت چیم بەسەر دێت کێ دەڵێت ئەو هەتا ئەو کاتە چاوەڕوانیم دەکات!

فایەق:براکەم حاڵی چی،بۆ حاڵ ماوە،بەڵام ئەڵێی چی،ئەمانە وەحشن وەحش و توشمان بوون،دەی کورە ئەمەش تەواو دەبێت!تۆش پێویست ناکات ئەوەندە رەشبین بیت،پێویست ناکات لە ئێستاوە ختورە و ترسی بە جێ هێشتن لە دڵ بگریت،ئەزانی تۆ قسەی قۆر دەکەی،مرۆڤ دەمێکە بە تەنها بە جێ هێڵراوە،پاشان ئەو مافی خۆیەتی چاوەڕوانی دەعبایەکی وەك تۆ بکات یا نەکات ،تۆ جارێ برۆ سمێڵ قەڵەمێکەت بگۆڕە،یا هەر وەك خالد بیتاشە!

نەوزاد:مافی چی؛من خواستومە.. بەجێم بهێڵێت سەکتە دەکەم!

فایەق:وا ئەزانی تاپۆت کردووە؟ راستە ناخۆشە،بەڵام ئەڵێی چی،ژیان وایە!

هەندێ جاریش فزەیان لێوە نەدەهات؛کەسیان ئاگای لە وی تر نەدەما، دەتاسان،روخساریان جارێك مۆن دەبوو و جارێك بزەی خەندەیان دەهات!
نەوزاد:بە کوێ گەیشتیت؟
فایەق:نازانم،ئەی تۆ؟
نەوزاد:لە لای ئەو بووم،باسی شاییەکەمان بۆ یەکتر دەکرد!.دنیایەکمان پێك دەهێنا لە هەموو رەنگەکان(بێ دەنگی)... نەدەبوو رۆژێك ..سەعاتێك درەنگ تر بمگرن؟.سەر رومەتی تەر دەبوو... برا،ئەگەر نەگریم چی بکەم؟ ئەوجا گریان چ سودێکی هەیە؟سەد ساڵی تریش بگریم هیچ نابێت!لێرە تاوانبار و بێ تاوان جیاوازیان نییە:هەردووکیان دەبێ سزاکەیان بە سەر ببەن!من تاوانم نییە،بەڵام بۆ ئەوان تاوانبارم،وا دەزانن گیڤارەیان دەست کەوتووە،تاقە تاوانی من ئەوەیە،مرۆڤم،وەك هەر مرۆڤێکی تر،تەنها نەمدەویست ببم بە دەنگیان،ئەمەش زۆر بوو بۆ ئەوان،با با،من هەر بەراستی گیڤارەیەکم بۆ خۆم،دەنا بۆ دەمگرن؟ لەمن دەترسان بۆیە زیندانیان کردم،بە گرتنی من چی گۆڕا؟ هیچ،هەر هیچ!چۆنە ئێستا بۆ لای بەرێوەبەری زیندان برۆم،پێ بڵێم:کە بە گرتنی من هیچ نەگۆرێت بۆچی ئازادم ناکەن؟ هەروا منیش تاقەتی زیندانم نەماوە،بەسە ئیتر"ئەگەر هەوەسە،بەسە"،دەمەوێت بۆ لای هاوسەرەکەم برۆم،ئەو چاوەروانم دەکات! ئەرێ فایەق چۆنە بڵێ:باشە،فەرموو،بە خێر بچیت،داوای لێ بوردن دەکەم؛هیوادارم دڵتان لە ئێمە نەرەنجێت،سەڵاوم هەیە بۆ هاوسەرەکەت!

فایەق:خۆت ئەوەندە کەر مەکە،ئەمانە وشەی وا نازانن بە کار بهێنن، ئەمانە کوڕی گەوادن،بۆ نازانیت؟هەزار ئاوی گەوادیان خواردۆتەوە،باکیان بە من و تۆوە نییە،بە شەق تێرت دەکات،دوریش نییە بڵێت شێت بووی و بە دارکاری بتبات بۆ ناو زیندانە تاقە کەسێکان!ئەوجار چی دەکەی؟...

نەوزاد:ئەگەر وام لە گەڵ بکات،بە هاوارێک پێ دەڵێم" قوڕت بەسەر نەگبەت،تۆیش زیندانیت،دڵت بە چی خۆشە؟ئەوە نییە تۆیش شەو و رۆژ لێرە بەسەر دەبەیت،تۆ گاڵتە بە خۆت دەکەی"فایەق جا وا نییە؟ جیاوازێکە هەر ئەوەندەیە،ئەو جلوبەرگی سەوزی لە بەرە و من جلوبەرگی بۆریان لەبەر کردووم،ئەو رازییە بەو رەنگە،بەلاّم من بە زۆر لەبەریان کردووم،من بە زۆر بۆ ئەم جێگا بێ تام و لەزەتە هێناویانم،ئەو خۆی بۆ ئێرە هاتووە،های های،باشە ئەو کابرایە بۆ ئەوەندە کەرە؟ کەر لە چاوی ئەو پاشایە،هەموو شتێکی ترسناکیان لێ چاوەڕوان دەکرێت!

فایەق:گرنگ ئەوەیە مرۆڤ نەکوژێتەوە، هەر وا بە گیرساندنەوە بمێنێتەوە، ئەوان مەرگ بلاّودەکەنەوە،ئێمە ژیان!ئەمە هەموو مەسەلەکەیە!

نەوزاد:گیرساندنەوەی چی؟ تک...تک.. تاک ...تک ...تاک... دەبێ بە درێژایی حەوت ساڵ لە سەر ئەم جێگایە بە تەنهایی بە سەر ببەم؛کات دەڕوات و ناگەڕێتەوە،منیش دەبێ دووبارەی هەمان شتە دوبارەکراوەکان بکەمەوە،لە دەرەویش شتێکی وا ئومید بەخش بەدی ناکرێت..!

فایەق:نەوە کەلە زل،پێموابێت،ئەمانە پێشتر زانیویانە ئێمە حەز لە چارەی زیندان ناکەین،بۆیە لە بن ملیان گرتین و بۆ ئێرە هاوردیانین!...

نەوزاد:بێ تاوان!

سزا:حەوت ساڵ زیندانی

فایەق(هونەرمەند) کوڕی کرێکاری نەوت سازی:"تاوانبار"!!

سزا:حەوت ساڵ زیندانی!

چارەنووس:پەنابەر لە نەمسا

نەوزاد مەحەمەد:بێ تاوان!

سزا:حەوت ساڵ زیندانی!

کەنعان شیرزاد،کوڕیکرێکاری نەوت سازی:بێ تاوان

سزا:حەوت ساڵ زیندانی!

تاوانەکەی ئەوە بووە،رۆژێك براکەی مێوانی هاتبوو ئەم چایی پێشکەش کردبوون!

کەنعان:خۆزگا لە جیاتی چای،قوزەڵقورت بیامە پییان،ئەوە کەی چای بی،ئاگری بی و چویە عومرم،من جوزانم!

(وەرگی)ش لەولاوە دەیوت:گووی وە خودای خالّو جومعە،ئەی ئەی،خۆ دروو دروو هاوردەمە ئەبو غرێب،ئاخر ئەیە کار بی کردیدەی!

مەحمود سەوزئەلی (کرێکاری بارهەڵگر):بێ تاوان.

سزا:دوو ساڵ زیندانی

چارەنوس:...

جەهاد(کرێکاری هوتێل):بێ تاوان

سزا:دوو ساڵ زیندانی

چارەنوس:...

عادل باوە موراد(سەرباز):بێ تاوان !

سزا:دوو ساڵ زیندانی !

چارەنوس:... !

عومەر مەنسور(سەرباز):...

سزا:دوو ساڵ زیندانی !

چارەنوس:بێ کار

عەزیز مەلا حەسەن(کوڕی دوکاندار)،قوتابی ئامادەیی:تاوانبار !

سزا:حەوت ساڵ زیندانی !

چارەنوس:پەنابەر لە ئەڵمانیا.

خالد وەهاب(کوڕی کرێکار)،فەرمانبەر:تاوانبار ! !

سزا:پازدە ساڵ زیندانی !

چارەنووس:لە سلێمانی تیرۆرکرا !

تالیب مەحەمەد(کوڕی کرێکار)،یاریدەری پزیشك: ... !

سزا:دە ساڵ زیندانی !

چارەنوس:... !

ئەحمەد ساڵح(کوڕی کرێکاری نەوت سازی)،فەرمانبەر:...

سزا:دە ساڵ زیندانی !

چارەنوس:... !

ریاز سەلاّح(کوڕی ئاسنگەر)،قوتابی زانکۆ: ...

سزا:حەوت ساڵ زیندانی !

چارەنوس:... !

مەحمود وارانی(کرێکاری دارتاشی): ...

سزا:حەوت ساڵ زیندانی !

چارەنوس:شەهید.

سەلام عەبدوڵلا،کوڕی کرێکار،(مامۆستا):...

سزا:دوو ساڵ زیندانی !

چارەنوس:پەنابەر لە ئەڵمانیا.

عەبدولخالق غەریب(کوڕی پۆلیس)،کارمەند:...

سزا:حەوت ساڵ زیندانی !

چارەنوس:بازرکانی دۆڕوا !

حوسێن قاسم (کرێکار):تاوانبار !

سزا:پازده ساڵ زیندانی !

چارەنوس:بێ کار.

فوئاد عەلی(کارمەند):تاوانبار ! !

سزا:حەوت ساڵ زیندانی !

چارەنوس:... !

تالب رەئوف قەیتەران:...

سزا:پازده ساڵ زیندانی !

چارەنوس:بازرگانی دۆڕاو !

کامل خورشید(کرێکار):...

سزا:حەوت ساڵ زیندانی !

چارەنوس:شەهید.

جومعە عەزیز(کوڕی هەژارێك)،کرێکار:تاوانبار ! !

سزا:پازده ساڵ زیندانی !

چارەنوس:لە ئێران کوژرا !

ئەکرەم(کرێکار):...

سزا:پازده ساڵ زیندانی !

چارەنوس:لە کاتی خزمەتی سەربازی گولەبارانکرا

مەحەمەد جاسم(بنەماڵەیەکی هەژار):بێ تاوان !

سزا:حەوت ساڵ زیندانی !

چارەنوس:لەکاتی سەفەر بۆ مۆڵگەی سەربازی،لە ناو ئۆتومبیل سوتا.

خەلیل جەلال:(کرێکار):...

سزا:دوو ساڵ زیندانی !

چارەنوس:...

عەدنان شیرزاد(کوڕی کرێکار):تاوانبار ! !

سزا:دە ساڵ زیندانی !

چارەنوس:پەنابەر لە سوید.

حوسێن سەید(کوڕی مەلا) کرێکاری دارتاش:...

سزا:حەوت ساڵ زیندانی !

چارەنوس:...

یەکێك وەك عادل و مەحمود بەیناو بەین بەر لووتی(...)دەکرت و زمانیان کول دەکرد !

عادل پێی دەوت:وەڵلا گشتی تاوان مشکێگەدە،ئێ داکەنەی ئیتر،ئیژی مەیمونی !

مەحمود سەوزئەلی:وە حەماڵێگە رازی بیم،تو بەدبەختم کردید،بەلاّم گەردەنەت ئازاد بود،تەعزیەگەیان خەر ئەتراند!
هەر کەسێکیش تاوانی گرتنەکەی دەخستە ئۆبالّی کەسێکی تر،تا رادەیەك لە گەڵ چارەنووسەکەیان راهاتبوون،هەڕەشەی دنیاش دەکرا بۆ پاشە رۆژ،ئەو بەربوونەی کە وا هیچ لەزەتێکم لیّ نەبینی،نە بای ئازادی و نە پێکەنین، زۆربەی برادەرەکان لە ناو زیندان دەمێننەوە،بە تەنها دەرچوون تامی نییە وەك ئەوی بە کۆمەڵ بەربوون،دەرەویش زیندانە،زیندانێکی گەورە،ودەنگی بۆمباکردن هێشتا هەر کپ نەبووەوە،ئەوە نییە ئێستایش لەیرە و لەویّ دەنگیان دێت،ئەلێی برا ئەگەر جەنگ نەبێت،گەنم سەوز نابێت!نان تەنها بە جەنگاوەران دەدرا،شەوە دروشمی"هەموو شتێك لە پێناوی جەنگ"دا هەلگرتبوو،شارستانییە سپی رەنگەکان،ئەوەندە تۆپ و فیشەکیان بەرهەم هێنابوو(هێناوە)،بەشی چوار جەنگی جیهانی تر دەکات،ئەلێی دیموکراتییەت لەسەر نوکی فیشەکەکان بەرێوەوە دەچێت!

- ئەی خۆ ئەمان نەهاتوون بە زۆر چەکەکانیان بەوان بفرۆشن
خۆیان بوون بە سەگی هار بە گیان خەڵکەکە،شەر بەرپا دەکەن
- ئەمانە دروستی دەکەن،ولە هەر جێگایەك دەسکردەیەکی خۆیان قیت کردۆتەوە،دە گیروگرفتیشیان سازداوە،بازار هەی بازار،هەزار پییانۆ دەکەن بە قوربانی بالّی فرۆکەیەکی جەنگی!

... لەولایشەوە،گوگوختییەك فێر ببوو هەموو رۆژێك لەسەر دیواری گۆرەپانی زیندانەکە دادەنیشتەوە،دووریش نەبوو هەر جارێك گوگوختیەکی تر بوویێت،کە دەفڕی هەموومان ئاواتمان دەخواست ببین بەو گوگوختییە بەلاّم پۆلیسی سەر بورجی چاودێریکردنەکە خەندەی سەر لێوەکانی سارد دەکردەوە،نەیاندەهێشت لە گەڵیاندا بفڕین، باڵەکانیان دەشکاندین بەلاّم هیچ هێزێك نەبوو رێگا لە خەونەکان بگرێت،شەوان خەون حوکم رانی دەکرد، بە نهێنی دیوارەکانیان دەروخاند،دەفڕین و لە لێواری ئەلوەن دادەنیشتنەوە، یا لە باوەشی گەرمی خۆشەویستەکان دادەبەزین...هەموو رۆژێك خەوم بە ئەوینەکەم دەبینی،باوەشی گەرمی بۆ دەکردمەوە"کیّ دەڵیّ من زیندانیم؟"زۆربەی شەوان لە لێواری ئەلوەن شایی ولۆغان بوو،کە بێدار دەبومەوە لە قەرەوێلەکەوە سەرم دادەگرت،پێش ئەوەی بەیانی باش لە فایەق و نەوزاد بکەم،خشەیان دەکرد لە پێکەنین!
فایەق:ها؟دیسان؟
- ...
نەوزاد:ئەڵلاهو سیکەم ئۆغلاّن!
- فایەق:ها... ها... ها... فرۆید وتی...!
کورە فرۆیدی چی،فرۆید کەلە شەکری شکاندووە!مرۆڤ لە واقیعدا لە ئازادی بیّ بەش بکرێت،بە خەون پێدەگات،خەون مانێفێستی زیندانێکانە، خەون،پەپولەیەکە،سولتانێکی جەربەزەیە کەس نییە بتوانێت زەفەری پیّ ببات،هەر رۆژێك بە جۆرێك بکوژەکان هەلا هەلا دەکات،لە چرکەیەکدا هیواو وئاواتەکان هەرچەندێکیش دوور بن،دەهێنێتە بەر چاو و دەڵێت: فەرموو لە ناویدا هەڵپەڕیّ،ئەوە ئەلوەن،ئەوە پردی ڕۆح،ئەوە ئەوینەکەی تەمەن،هەر یەکتری لە باوەش بگرن تا خەوتان لیّ دەکەوێت،ئەوە نان و ئاوی هاوبەش،ئەوە ئاوازە بالاّ بەرزەکان،ئەوە کەلاّت،ئەوە بلوێرەکەی رەحیم،ئەوە... ئای چەند بەختەوەر دەبووم،گەر پاسەوانەکان بیانزانیبایە،

هەم خۆم و هەم خەونەکانمیان لە گۆر دەنا"سوپاس بۆ نهێنی پاراستنی هەردوو لامان"با جەلادەکان هەر بۆ خۆیان بڵێن:تۆ زیندانیت،تۆ لە ژێر دەسەڵاتی ئێمەی،ژیانت بە دەستی ئێمەیە؛نق بکەیت،نقێنت دەبڕین!ئەم قسانە هیچ نرخێکی نەبوو،هەندێ جار وام دەزانی خەو دەبینم،کە زیندانییە سیخورەکە شەڕی پێفرۆشتم،خۆیشم نەمزانی چۆن لە بەردەم هەموو زیندانێکان سەرو گوێلاکیم داگرت،بەڵام پاشان شەلاقێنێکی وایان پێکردم، نەمدەزانی لە کوێوە بە سەرم دادەبارێن،چی خەون هەبوو لە لووتیانەوە دەرکردم! بەڵام پاشان هەر خەونەکان بوون،دەهاتن و پێکەوە رامان دەکرد، لە تۆی دیوارەکانەوە دەردەچوین ودەرۆیشتین؛بە پەلەی تیشك هەموو دنیامان دەبینی ...

دەڵێن:خەون راستی مرۆڤە!

دەڵێن:نەخێر خەون مامانی مرۆڤە!

دەڵێن:خەون خۆ هەڵخەڵەتاندنە!

دەڵێن:وا نییە مرۆڤ خەونێکی لە بن نەهاتووە!

دەڵێن:هەردووکیان یەك شتن،نە خەون دەتوانێت بەبێ مرۆڤ بژێت، نەیش مرۆڤ بە بێ خەون!

دەڵێن:گەر خەون لە ناو مرۆڤ مرد؛مرۆڤیش دەمرێت!

ـ" ئاگاداری .. ئاگاداری:یا ئەه...ال...ی مەدینەت... ئەلکیراااارام،چەند دەتوانن خەونەکانتان بەرین بکەن،تا دەتوانن خەونەکانتان لە پانتایی زەمین گەورە تر بکەن،لە کەلات بەرزتر،سواری سەر شانی ئەڵوەن بن و چەپکە گوڵی سووری باغەکانی شارەکە لە یەخەی زەمین هەڵواسن،بە سەر ئەستێرە دوورەکان دابەشی بکەن،با پرژی ئەڵوەنیش بەر روخساریان بکەوێت،گوێی هەموویان بە ئاوازەکانی شمشاڵەکەی رەحیم پڕ بکەن. ..

جارێك پیلانی زیندان شکاندن هاتە پێشەوە،ئەسعەد وتی: هەمانەی غازەکان بە کار دەهێنین...

یەکێکی تر وتی:دەتوانین بە شەو بەسەر دیوارەکەوە باز بدەین.بەڵام هیچ رووی نەدا....

(جەلادەکان،

ئەم شەو سلولەکەم

بە وشەی ئازادی دوو گیان کرد!(زیندانییەکی تشیلی نەناسراو)

لەولایشەوە شەوە چاك و خراپەی مێژووی گەلی عەرەبی خستبووە دەستی باوکی ویداد،ناوی لێ نابوو شمشێری دەوڵەت،کابرایەکی رەنگ زەردی گۆشت خاوی بالاکورت،رۆیشتنەکەی نائاسایی بوو،تەماشای هیچ لایەکی نەدەکرد،هیچ نازێکی پێوە نەبوو،رەنگی کوشتن و تۆقاندن پێوەوە دیار بوو، ئەتگۆ هەر بۆ ئەوە دروست بووە ببێت بە ئامێرێك بۆ پەت خستن بە ملی مرۆڤ،هێشتا قوربانییەکانی پەلەفرتکێیان دەکرد،ئەو سەعات وپارچە ئاڵتونەکانیانی دەدزی،پارەکانیانی دەخستە گیرفان.

چۆن دەیتوانی بژێت؟مەبەستم،چۆن ژیانی ڕۆژانەی بەسەر دەبرد؟پێدەکەنی ؟ خۆشەویست یا منداڵی هەبوو؟ئەی برادەر و دۆست؟... پاسەوانەکانیش قسەیان لە گەڵ نەدەکرد،تەنانەت لێیشی دەترسان!ئەو جێگایە ئەوی لێ بنوستبا کەس لە سەری نەدەنوست!ئەوە کێ وای لێکردووە ببێت بە ئامرازی کوشتن؟

محێدین:گرفتەکە ئەمانە نین!گرفتەکە ئەوەیە،بۆچی وشەی زیندان کەوتووەتە سەر زاران؟زیندان بۆ هەیە؟سوودی چییە؟خۆیان زەمینە بۆ تاوان دروست دەکەن،پاشان دێن هۆکانی لەناو نابەن،مرۆڤەکان سزای زیندان دەدەن!خۆیان خوڵقێنەری زیندانن، خۆیان ڕۆح و گیانی زیندانن،بەبێ وی ناتوانن هەبن،ناتوانن درێژە بە تاوانەکانیان بدەن،بۆیە دەبێ بەبەردەوام تاوان بەبەرهەم بهێنن!

((باوکە،بۆچی گورگە بەدخۆکە ناکوژن؟

دایکی خۆم،هەوڵی کوشتنی دەدرێت،بەڵام گورگە سپییەکانی هاو خووی زۆر دنداںیان تیژکردووە،بۆیە هەتا ئێستا زەفەری پێ نەبراوە،بەڵام بۆ کوێ دەچێت،هیچ جارەی نییە!))

(٣)

ئەم بەیانییەم لێ بووە بە زیندانێکی گەورە،هەرچەند بەر تەسك ترە لە زیندانە ئینفرادێکان،لە تووی خانەیەکی ناو مێشکمدایە،بەڵام جێگام تێدا نابێتەوە،بە عەمەلیاتیش دوور ناخرێتەوە هەر بۆیە منیش یاران،یارانی زیندان شکێن،شکێنەری هۆکانی زیلەت:دڵ هەر یەکێگە وسەوزە بردگەسەی!

سەوزەیش دوورە ...و"خێڵی دوژمن دەوری داوە..."

ئەم بەیانییە دەمزانی توانام بە سەر گۆڕینی شتەکان ناشکێت،سەردەمی پاڵەوانچێتی هرقەل و عەبدوڵلا و شەمشون و رینگۆ و عەنتەر ئەبن شەداد دەمێکە بەسەر چووە وهەر وا خۆ بە حەزی من نابێت، دەشزانم دەستەلاتی کەسەکان لە مێژە زەوتکراوە،کابرا هەرچەند بە خۆی بنازێت وفشە فش بکات سودێکی وای نابێت!بە تایبەتی لەم سەردەمەی ئێستادا،زەمین ئەوەندە بچوك بووەتەوە،دەوڵەتەکان بوون بە گەڕەکی بچوك،هەندێکیان بە گەڕەکی بن بەست،دەریا وئۆقیانۆسەکانیش پیس کراون،وەکو سەرچاوەکەیان بەر تەسك بونەتەوە،مرۆڤیش هەست

به جیّ تەسکی دەکات،بەلاّم نەمدەزانی بۆچی پاش هەمان بەزمە قۆڕەکان: میزکردن،دەست ودەموچاو شۆردن ونابەدڵی چا لیّ نان و خۆزگە بەوەی کیسە چایەکە ببێت بە کیسە قاوە،بیرێکی چڵکن و قیزئاوەر بە مێشکدا هات:ئەمڕۆ مێژوو کۆتایی پیّ دێت!دەبیّ کۆتایی پیّ بێت،خۆت کۆکەرەوە،هیچ داد و بێدادێك نایخوات،هاواریش بکەیت،کەس گوێی لیّ نابێت،گوێشیان لیّ بێت،کەس نایەتە دەنگتەوە،وەك کاکە کۆمار،لە ناوەڕاستی ماڵە بەرزەکانی (گرۆنە)کە لە لایەنی کەمەوە لە هەر خانویەکی دوو سەد کەس دەژێت کوژرا،هەرچەند داد و فریادی کردبوو،سوودی نەبوو،تا لە ناوەڕاستی ئەو هەموو ماڵانەدا،لە سەر بەفرەکە گیانی لە دەست دا،بۆ ڕۆژی دوایی دۆزیبویانەوە،چرایەکی خۆشەویستی و دۆستایەتی کوژایەوە وجاریکی تر چاومان پیّ ناکەوێتەوە...وتیان:جوێنەکانیشی خۆشەویستی بوون،کەس نەبوو خۆشی نەوێت،خزمەتی هەزاران کەسی کرد،بەلاّم کە بە هاواریش داوای یارمەتی کردبوو،کەس بە هانایەوە نەهاتبوو،بە تاقی تەنها خۆی و هاوارەکانی لە ناو بەفرەکە خەویان لیّ کەوت،سیریلانکای پرسە بار ئەوەندەی دی پرسەبار کرا...ئای لەم سەردمە وێران بووە..تازە کیّ پاش کارکردنی شەوان،بیرەکەی بەدەستەوە دەگرێت وبە دەنگی بەرز سەلاّو لە ناسیاوەکانی دەکات،ژیان بە شەقامە مۆنەکان بدات...تازە کیّ لەسەر شەقام بمبینێت و بە گەمە پێم بڵێت"ها کەی زیندانت دەکەن؟"کەس،تەنها کۆمار بوو،ئەویش ڕۆی،روخسارێکی شیرین، مرۆڤێکی گەورە بەبیّ دەنگی ماڵئاوایی کرد!هیچی نەخایەند،ئۆردوگای پەنابەرەکان ئاگریان تیّ بەردا!..

دەڵێن:فاشی لە وڵاتەکەمان نەماوە،کاتی خۆی هەبوون و لە ناوبران!

دەڵێن:ئەوانەی بە کاری وا هەڵدەستن،منداڵکارن،پەیوەندیان بە سیاسەتەوە نییە!

دەڵێن:ئەوانە چەند کەسێکی تێنەگەیشتون!

دەڵێن:دەبیّ بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە،ژمارەی فەرمانبەری کاروباری کۆمەلاّیەتی زیاد بکەین!

هەیشە دەڵێت:سیستێمەکە بە شێوازی جۆراوجۆر ئەو تاوانبارانە بۆ کارە ترسناکەکەیان ئامادە دەکات!

دەڵێن:ئەوانە ڕۆشنبیر وچەندین ڕۆژنامە وخاوەن پارەوپوولیان لە گەڵدایە!

ئەمە چییە؟ هەموو ڕۆژێك شتە دووبارەکراوەکان،دووبارە دەبنەوە و منیش دووبارەیان دەکەمەوە!من بۆ بینینی بەیانیانی وا لە دایك نەبووم،بەڕاستی مێژووی قۆناغی ئینتفرێمدونگ دەبیّ کۆتایی پیّ بێت؛ئیّ بەسە ئیتر،ڕۆحمان دەرچو،گیانمان دەرهات،بەسە!"مردن لەم حاڵە باشترە"!بووە بە تەوق بەسەر عالەمەکە و واز ناهێنێت،هەر ئەڵێی سەرۆکی وولاّتانن،هەتا نەمرن یا نەتۆپێنرێن واز ناهێنن،ئەوە چەندین سەدەیە ئەم قۆناغە بە دوا پلەی گەیشتووە،کەچی وا هەر ماوەتەوە؛ هەرچەند هەوڵدەدرێت کۆتایی پیّ بهێرێت،کۆتایی پێناهێنرێت،ئیبرایم ئەسوەد گوتەنی"ئیژیکیسە خواس" بە لافاو خوێن دەدرێت،بەلاّم هەتا ئێستا هەر هیچ!دڵۆپ دڵۆپ بەم بەیانییەدا بەر چاوم دەگرن،یەك ملیون،دوو ملیون... ،سیّ ملیون،سەد ملیون... دوو سەد ملیون... هەزار ملیون دڵۆپە خوێن خۆیان دەکەنە ژوورەکەم و دەرۆن،هەر هەموویان یەك شت دەڵێن:زیندان و پۆلیس ماوە؟

-...

دەڵێن:

قوربانێکان،

زەنگی خەندە درێژەکانی

داهاتومانن.

قوربانێکان،

دەهۆڵ و زوڕنای هەڵپەرکێکانی

دوارۆژمانن ...

ئای،یاران گەر ئێوە نەبان ! !ئێستاش زنجیریان لە گەردن دەکردین، خۆشیان ماسکە ئاسنینەکەیان بە ناو شارەکانیاندا دەگێڕا:" کێ هەوەسی جەنگ و بازرگانی هەیە دەبێ من بە ناو شاردا هەڵگرێ" پێش ئەوەی بۆ راوروتکردن و داگیرگرتن بەڕێ بکەون،بە قفڵی ئاسنین بەر و دوای ژنەکانیان قفڵ دەکرد،تەنها ڕێی میز و ئاو بەدەست گەیاندنی بەر تەسك بۆ دەهێشتنەوە،ئەمجار ڕێگا دوورەکانیان دەگرتە بەر،بەو حاڵە بنەمای ئەم شارستانیەتە دۆزەخەیانە دامەزراند،کەللە پوتەکان دەڵێن"وەڵلاهی باشیان کردووە،ئەی ڕێ بدەن ژنەکانیان بەریان بەربڵاوبێت؟بەراستیکەسانی بەشەرف بوون" !

ـ کابرا تۆ زۆر قینە لە سینەی !

ـ کورە ئەمانە"لەسەر ماڵم بدە لە باڵم" ن،جاران دەچوون راوە بەشەریان دەکرد،کۆتیان دەکردن و بە پاپۆر بەرەو باکور دەیانهێنان،کە بینیان لەوێ تەنها هێزی بازو نیە،کەرەستەی خاویش هەیە،دەستیان کرد بە لەشکرکێشان،سەرباز و تۆپ و فرۆکەکانیان بەرێ خست،بەڵام ئێستا زیرەکانەتر بیردەکەنەوە:بازارەکانیان بەسەر خۆیان دابەش کردووە، شەروشۆرەکانیان لەوێ دەگێڕن" ئاگرە سوورە لە منەوە دوورە"،بەڵام هەر خۆشیان بە تۆپ و فرۆکە و کۆماندۆی تایبەت وەك ناوبژیکەر پەیدا دەبن، بانگەشەی"ئاشتی"دەکەن:

ـ لەشکری فەرەنسی دەچێت بۆ رواندا !

ـ لەشکری ئیتالیا دەچێت بۆ ئەلبانیا !

ـ لەشکری ئەڵمانی دەچێت بۆ یوگسلاڤیا،لە کاتی پێویست،بە فرۆکە کۆماندۆی تایبەت بۆ ناو تیرانا دەنێرێت؛گولە ڕێژی خەڵك دەکەن،وەك رزگارکەر دەگەڕێنەوە !

ـ ئەمریکێکان دەچن بۆ ناوچەی نەوت و گاز!

هەمان خوی شەوەیان هەیە !

کە پێویستشیان بە دەستی کاری هەرزان هەبێت،بەئاشکرایی و ژێر بە ژێرخەڵکەکە ناچار دەکەن بە خۆیان رووەو باکور هەڵبێن،ئەگەر ژمارەی هەڵهاتووەکان زۆر بن،دەیانسوتێنن یا سنورداشیان دەکەن،زۆر بە ئاسانی ژیانیان لێ تاڵ دەکەن،لە دژیاندا دەیان بڕیاری یاسایی دەردەکەن ! رۆژنامەکانشیان هەموو رۆژێك ژەهرەکانیان بڵاو دەکەنەوە:پەنابەرێك لە دزی گیرا... باندێکی خارجی بە دوو کێلو هیرۆئین دەسگیر کران !...خارجییەك بە چەقۆ رەفیقەکەی خۆیی کوشت...خارجێکان پیسن...خارجیچکان نازانن ماشینی جل شۆردن بەکار بهێنن،خارجییەك ژنەکەی کوشت... خارجییەك منداڵەکەی رفاند هتد...

هەڵبەت خۆشیان هەمان ئەم کارە درژانە دەکەن...لەولایشەوە بە منیش دەڵێن"سەبرت هەبێت،بە پەلە نابێت،دەبێ سەبرت ببێت بە دەریا" !

ئەم سەبرە گواویە چییە؟چەندی تر سەبر؟"چرا هەڵبگرە بزان گووی تێ ماوە" !

دەشلێن لەگەڵ کۆتایی پێهێنانی ئەم مێژووە،مێژووی ئەڵوەن دەست پێدەکاتەوە !وئەم بەیانییە لە موژدەی ئەو بەیانییە دەچێت کەوا مێژووەکەیان ڕادەگیرێت وبۆ هەتا هەتایە کۆتایی پێدێت،خەڵك هاوار دەکەن:بەسە !بەسە ئیتر!ئەمە چ ژیانێکە،ئاخر ئەمە کەی ژیانە،ئەمە نەنگییە !بۆیە ئەم بەیانییە لە بەسەرهاتێکدا دەچێت لە تەمەنی کورتی مرۆڤ دووبارە نابێتەوە،جێپەنجەکانی وەك سێبەر لەگەڵیدا دەڕوات،دەبێت بە بابەتی باسکردن و لێدوان،دووریش نیە لە دوا چرکەی پەلەقاژەی مەرگیش بە تیژی بروسکە لە پێش چاودا لەنگەر بگرێت:پیرەژنە هاوسێکەی بەرامبەرم بە تەنها دەژێت،ساڵانێکە کەس بۆ سەردان سەری بە ماڵەکەیدا نەکردوە،بۆ بە گژداچوونی تەنهاییەکەی،بۆ پیاسەکردنە ئاساییەکەی سەر لە بەیانیانی دەڕوات،بە قاچە باریك بووەکانی دەڵێت: وەرە با ئیمرۆش بە سەر هەمان جێ پێکانی رابردوو پێ بنێین،بێ گومان ئەوانیش بیرمان دەکەن،وەرە با دڵیان سەخڵەت نەبێت،دنیا ئەوە ناهێنێت، با رۆژباشیان لێ بکەین،ئەوانیش دڵیان خۆش دەبێتەوە"قاچەکانی بەخۆیان ڕێگاکە دەناسن،زۆر باشیش دەزانێت کە لەسەرە ڕێگاکەیدا پیرەژن وپیاوە ناسیاوەکانیشی دەبینێت، دوا هەواڵی هاوسێ وماڵەکانی دەوروبەر بۆ یەکتری دەگێرنەوە"دوێنێ،بە هاوسێکەم وت:پەنجەرەی ژێرخانەکەت کراوەتەوە... کچەکەم چووە بۆ سەفەر،سبەی دەبێ گوڵەکانی ناو ماڵەکەی ئاو بدەم ... هاوسێکەم پۆستێکی گەورەی بۆ هات،من بۆم وەرگرت... دەڵێن دوو کەس لەو ماڵە ناژێت،بەڵکو چوار کەس..."هەڵبەت هەر کەسێکی کەیش بێت هەر وا دەکات،ئەی چی بۆ ماوەتەوە ؟باسی چی بکات؟ لە ناخی ناخەوەیدا دەزانێت ژیانی کۆتایی پێ هاتووە،بەڵام بەزەبری توانا جەستەییەکەی، ناچارکراوە هێشتا هەناسە بکێشێت،بەیانیان بە هەمان ڕێگا بۆ پیاسەکردنەکەی بڕوات،هەندێ جاریش بە بێ ئەوەی ئامانجێکی دیاری کراوی هەبێت ملی ڕێگایەکی تر دەگرێتە بەر!لە نەنکەکەی خانم مایەر دەچێت کە وا پێش دوا رۆیشتنەکەی بە سی ساڵ،واتە پاش دوا رۆیشتنی مێردەکەی،هەموو رۆژێك دەیوت"مەرگم هاتووە... نامەوێت چیتر بژیم،دڵم دێشێت،فریام بکەون وا کەوتم، رۆشنایی چاوم نەماوە..." بەڵام ئەو کاتە رۆی کە قورساییەکەی بوو بە بیست کێلو،تەنها ئێسقانەکەی مابووەوە، پێستەکەیشی دەڕزی!مردنەکەی ئاسایی نەبوو،هیچ بە دووری نازانم بە هەمو هۆشێکەوە لە خواردن مانی گرتبێ بۆ ئەوەی دڵی بۆ ماوەیەك لە کوتان بکەوێت،پزیشکەکان بانگەشەی مەرگی بکەن و بیپێچنەوە،هیچ بە دووریشی نازانم لە ناو گۆرەکەیشی هەناسەی تێدا مابێ،ئەو کاتە مردبێت کە ئیتر ئۆکسجین لە ناو تابوتەکەی نەمابێت!

بە درێژایی سی ساڵ مەرگی خۆیی دەخواست،بەیانییەکانی لێ ببوون بەبار بەسەریەوە،مەبەستم ئەوەیە هەموو رۆژەکەی لێ ببوو بە بار بەسەریەوە، کەس نەبوو لە گەڵیدا بدوێت،کچە خزمەتکارەکە نەبێت،ئەمیش لە هەفتەکەدا دوو جار بۆ جلوبەرگ شۆردن و پاککردنەوەی ناو ماڵەکەی بۆ لای دەهات،خێرا کارەکانی جێبەجێ دەکرد و دەرۆیشت،تەنانەت نەیدەویست کەسیش ببینێت،مەرگ ببوو بە تاقە بابەتی بیرکردنەوەی،لە ناویدا دەژیا، بە درێژایی رۆژ لە ژووری نووستنەکەیدا لەسەر جێگاکەی رادەکشا،هەندێ جار دەیگۆ:نازانم بۆچی نامرم و رزگارم بێت لەم ئەرکە دووبارەکراوانەدا، ژیان بۆ من هیچ واتایەکی نییە !رۆژ هەڵ بێت یا نا،باران ببارێت یا نەبارێت؛ئۆتومبیلێك تێپەرێت یا تێنەپەرێت بە من چی؟چاوەڕوانی کەس ناکەم،کەسیش چاوەڕوانی من ناکات،نازانم چی بکەم، سەری با دەدا ..

سەربادانەکەشمان زیاتر پرسیارە:بۆچی رێ دەگیرێت لە ئاشنا بوونی دەنگەکان؟مرۆڤەکان دەتوانن بە دەست و قاچیش یەکتری حاڵی بکەن،بەڵام بۆچی ئەم هەموو لەیەك تێنەگەیشتنە روو دەدات؟

ـ نەخێر تێ نەگەیشتن نییە،پێشبڕکێیەکی خوێناویە وزۆر بە باشی لێی تێ دەگەن !

لە راستیدا کە رۆژ دەبێتەوە،دەبێ هارمونی ودڵداریەکی نوێ لە نێوان مرۆڤ ومرۆڤ،لەنێوان مرۆڤ وسروشتی چڕ و پان وبەریندا ودەنگی چۆلەکەکان بە شێوەیەکی تایبەتی دەست پێ بکات،کەچی مرۆڤەکان لە یەکتر نامۆن، یەکێك بەوی دی دەڵێت:بڕوانە دەرەوە چەند جوانە !
ئەوی تر دەڵێت:بڕوانە ناوەوەم چەند زوخاوە !

" هەر یەکێك ساز وسەنتوری خۆی دەژەنێ "بە بێ ئەوەی کۆرالی هەم ئاهەنگ پێك بهێنن،ئەوەی بۆ یەکتر ناسین دەستپێشخەری بکات، گومانێکی زیاتری لێ دەکرێت !دەڵێن" ئەم کابرایە زۆر سەیرە،کەس لێی تێ ناگات ! " بۆیە چاکتر وایە مرۆڤ حورمەتی خۆی بگرێت و بە رێگای خۆیدا بڕوات... ئەو خۆی گیتۆزیرنی خۆی دەکات،دەبێت بە هۆی گیتۆزیرنی من،ئەگەر بمەوێت یا هەوڵ بدەم سنورەکانی،ئەو سنورانەی وا بۆ خۆی داناوە بشکێنم،رێگام لێ دەگرێت و بە گێرەشێوێن ناوم دەبات،بە بێ ئەوەی هەوڵێکیش بدات بۆ ناسینم،کە چی لەوێ ئەوەی لە ناو ئۆتومبێل یا چاخانە لە تەنیشتی کەسێکەوە دابنشێت یا پێکەوە کارێك بکەن، دوو قسەیان لە گەڵ یەکتر کردبێت،تا دەمرن لە هەرکوێ چاویان بە یەك بکەوێت بە لایەنی کەمەوە چۆنی چاکی یەکتر دەکەن،دور نییە باسی هاتنەریزی کارە نهێنێکانیش بۆ یەکتر بکەن !...

بۆ نەگبەتیش چۆلەکەکانی ئێرە ئەوەندە بێدەنگن،ئەڵێی"مەڕی پێغەمبەرن ! !"؛دەبن بە هۆی هەست پێکردنێکی زیاتر بە تەنهایی و بیرکردنەوە لە چارەنوسی دوارۆژی هەناسەکێشان !

ـ بۆ؟ لە مەرگ دەترسی؟ بۆچی ئەوەندە خۆت بە مەرگ سەرقاڵ کردووە ؟

من لە ژیان دەترسم!ئەم بەیانییە سامناکە دەمترسێنێت، نابینیت؟لە وشەیەکی سەر لێو دەچێت لە کاتی باوێشکدان و کاتیش راوەستاوە !لە کۆترێکی باڵ شکاو دەچم،بە چاو دەروانم بە ئاسمان،حەزێکی شێتانە دەمگرێت بۆ فڕین بەڵام پێم ناکرێت بستێك لە زەمین بەرزبیمەوە ..!

لەوێدا چۆلەکەکان لە سەر دیواری کەلاوە شڕەکان ولە سەر دارەکاندا دەخەوتن،بەیانیان زوو پێش بانگدان بە جریوە جریو دەیانکرد بە رۆژی خۆیان،ئافەرین چۆلەکە ئەوەندە بزێو وعەجول وکەللە هەرز و زیقن بن،بەو بەیانییە ئەو هەموو زەوق و نەشوەیان لە کوێ دەهێنا ؟ ئازاد زۆر جار دەیوت"خۆشحاڵ بە خۆیان،بریا منیش چۆلەکەیەك بام" !

دەڵێن:چۆلەکەکان بە پلەی یەکەم بەرپرسیارن بەرامبەر شێوەی گفتوگۆکرنی خەڵکی ئەو شارە"کەسێك نەیزانیبایە دەیگۆ ئەمانە لە گەڵ یەکتر شەر دەکەن"،هەموویان لە یەك کاتدا بە دەنگی بەرز قسەیان دەکرد وگوێیان لە یەکتری دەگرت،لە یەکتریش تێدەگەیشتن" سەگ ساحیبی خۆی نەدەناسیەوە"وەك چۆلەکەکان... هەندێ کەس هەن

دەڵێن:ئەی ریشۆڵەکان بۆچی ئەوەندە بێ دەنگن؟ بڕوا ناکەم گێلە پیاوێك پێیان وتبێ:لە باکوردا دەبێ مێوانی بە شەرم و شکۆ بن!

ـ چما ئەمانە خۆیان زۆر بە شەرم و شکۆن؟؟"

دووریش نییە لە بەر سەرما یا نەبونی خورما و خۆر دەنگیان لە دەست دابێت،بۆچونی وایش هەیە گوایە" هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان کاریان کردووەتە سەر چۆلەکەکان!"دەڵێن سەمین گۆشت نەخۆر وتویەتی"ئەوە چاو لە چاو بڕگێیە"،بەلاّم محێدین وتویەتی"لە یەکتری فێربوون،هەندێ جار شتی وا لە سروشت روودەدات،گەشە سەندنی مرۆڤ لە ئاستیاندا هەتا ئێستا نەختێك کورتی هێناوە،ناتوانێت روونی بکاتەوە،دەبێ فرسەت بۆ مرۆڤ برەخسێت تا بتوانێت توانا لەبن نەهاتووەکانی دەربخات!
کە چی چۆلەکە بووە بە هۆی بێزاری ونیگەرانی ئەم ئافرەتە؛نەك هەر ئەم داماوە،بگرە هەموو باکوری گێتی بێ بەشە لە بەهرەی سۆز و دڵڕفێنی چۆلەکەکان لە رۆژئاوابوونەکانی باشووری گێتی!
دەڵێن:هەر بۆیە وا بێ بەزەیی و دڕندەن!
دەڵێن:گەر مەلوچکیان هەبایە،تەنها لەم سەدەیە نەدەبوون بە هۆی دوو جەنگی جیهانی!

هەندێ جار کە تینم پێ دەگات دەڵێم" حەیف نییە ئێوەش ناوتان چۆلەکەیە،ئێوە ئاغا دەنگ نەکەرن،دە شتێك بڵێن،بۆچی باشن ئەگەر دەنگێکتان لێوە نەیەت؟ بەلاّم دەڵێن "گوایە لە ترسی دەنگی تۆپ و فرۆکەکانی ئێرە دەنگیان لە دەست داوە و ئێستایش نەهاتونەتەوە سەر خۆیان"چۆلەکەکان چاوەروانی قەڵەباڵەغی منیان دەکرد؛ دەیانەویست من بۆیان بجریوێنم،چاوەڕوان بوون من دڵیان خۆش بکەم، نازانن"سقان هات و پووس دڕی"بە مل لاریەکەوە تەماشایان دەکردم،منیش هەر دەردی دڵی خۆمم دەخواردەوە،ئەو جارە دانەویلەیشم بۆ کڕین و بەلقێکی دارەکەی پشت ماڵەکەم هەڵواسی،ئازا خۆیانیان گەیاندە سەری، هەموو دانەکەیان خوارد بەلاّم نمەك حرامانە جوێنێکشیان نەدا!

هاوسێکەی سەرەوە،هاوسەرە گەنجەکە و برادەرەکەیان لە پۆستخانەی شارەکە کاردەکەن،بەیانیان زوو هێشتا دنیا تاریکە بۆ سەر کار دەڕۆن، ئەوەندە هیلاك دەبن کەس گوێی لە دەنگیان نابێت،تەنها لە رۆژانی پشودان گوێم لە دەنگی پێیان دەبێت،بەخێرایی بە سەر پاچینەکەوە سەردەکەون یا دادەبەزن،خێزانە یوگسلاڤێکەی قاتی دووهەم بە خۆیان وسێ منداڵەکەیان، بە بێ ئەوەی پرسیاریان لێ بکرێت،بە زۆر بۆ وڵاتەکەیان دەرکران،بۆیە خانووەکە تا رادەیەکی زۆر کپ ومات بووەوە"کە دەرکردنەکەیان لە هاوکێشە جیهانیەکان هیچ رۆڵێك نەبینێت،بۆچی دەریان نەکەن؟پاشان کێ بە کێیە؟"،ژنە رووخۆش وپرچ سپێکەی خانوی ژمارە دووی سەر جادەکە، ئەوەی وا پێش چەند مانگێك کوڕەکەی و هاوسەری کوڕەکەی لە لایەن برادەری منداڵیانەوە لە ناو دوکانەکەی خۆیاندا گولەباران کران،دەڕۆات بۆ دوکانی قەساوەکەی سەر شەقامەکە،ئەوەی پێش چەند رۆژێك لە لایەن دوو کەسەوە بەر لێدان کەوت وقاسە پارەکەیان دزی،هەموو رۆژێك ئەم کارە دەکات تەنها بۆ یارمەتیدان و نەك بۆ نان دەرکردن"چی بکات لە ماڵەوە؟ تەسبیحی قەزوانی سەد و یەکیشی نییە تەسبیحاتی پێ بکات"

ـ تۆ باسی چی دەکەی کابرا؟ بۆچی لەوێش دەمانچە و کوشتن و دزی و لێدان هەیە؟
ـ هاوسێی خۆمن و دەیانناسم، خۆیان باسیان دەکرد،هەروا کستینی ناسیاوم کە زۆر بە باشی ئینگلیزی و فەرەنسی دەزانی،پاش تەواوکردنی دبلۆمەکەی، کارێکی باشی دەسکەوت،مەبەستم ئەوەیە ئافرەتێکی زیرەك بوو،کەچی رۆژێکیان گوایە دایکی بە دوایدا بێت،بەلاّم نەهاتبوو؛کستینیش سواری شەمەندنەفەرێکی تر ببوو ولە وێستگاکەی کوێلن چوو بوو بۆ سەر ئاودەست ولەوێ گیانی لە دەستدا؛دوور نیە هیرۆئینی بەکار هێنابێ!
ئولریکەی دەنگ خۆش وگیتار ژەن،ئۆریکەی چالاك ئەتگوت گوڵی بەهارە، بۆ سەر خانوو بەرزەکەی (ئیدۆنە)سەرکەوت وخۆیی هەڵدایە خوارەوە، بە هەمان شێوە کچە نازدار وئازاکەی بارە کۆلەکتیڤەکەی کەبالە لە خانوویەکی بەرز خۆیی هەڵدایە خوارەوە،دەیانگو"ئەمانە مەبەستیان خۆکوشتن نەبووە، حەزیان لە فڕین بووە،چونکێ باڵیان هێشتا دەرنەکردبوو،کەوتنە خوارەوە و گیانیان لە دەستدا"

بۆچونی وایش هەبوو گوایە"ئەمانە زەمینیان لێ تاڵ کرابوو،ویستبوویان رووەو ئەستێرەیەکی تر بفڕن،بەلاّم هەوڵەکەیان سەری نەگرت"ئەمانە نە لە دوور نە لە نزیکەوە پەیوەندیان بەو کچ وکوڕە شارستانیانەوە نەبووە کە جلوبەرگیان لەبەر کردبوو و پێلاویان لە پێ کردبوو،لەسەر جێگاکەی خۆیان راکشابوون و بە کۆمەڵ خۆیان ژەهر خوارد کردبوو،گوایە گەشتیەکی ئاسمانی بە دوایان دێت و بۆ ئەستێرەیەکی تر دەیانبات!
کەسانی تر وتیان" ئەمانە بە مۆچکەی دایەیان نەکردووە،باڵندە بەو تەمەنە ناتوانێت بفڕێت،دەبوایە چاوەڕوانیان بکردایە،بەلاّم جیقڵدانیان نەبووە، بۆیە فەوتان"!
هەر ئەڵێی ئەم بەیانییە گەیشتوون بە بڕیارەکەیان،لەلایەنی کەمەوە کاتی بڕیاردانەکەیان لەم بەیانییە چووە...

ئافرەتە نان فرۆشە شۆخ وشەنگ و عەیارەکەش،کە دەیبینم،ئەو ئافرەتە حەفتا ساڵییەم بە بیر دەخاتەوە کە پێش یازدە ساڵ لە وێستگایەکی ناو هانۆڤەر بینیم،تازە لە لای ئارایشگاوە هاتبوو،دووریش نەبوو هەر خۆی سوور و سپیاوێکی وەستایانەی کردبوو، شەفقەیەکی سووری لەسەربوو وکراسێکی سپی لە بەردا بوو وپێلاوێکی سووری لە پێکردبوو،هەموو نەفەرەکان تەماشایان دەکرد وهەندێکیان پێکەنینیان پێدەهات،هیچ خۆیی تێك نەدەدا،لەوێشدا ئافرەتان هێشتا لە ئەوەڵی پەنجاکاندان،کراسێکی رەش یا کەوی تۆخ لە بەر دەکەن، سەرپۆشەکەی بۆ لەسەر دەنێن،ئەگەر پێشتر نوێژیان نەکردبێ،دەس بە نوێژکردن دەکەن،وچاوەروانی مەرگ دەبن، هەر ئەڵێی ئەم بەیانییە دەمرن! ! ئاخر نە وا و نە وایش"نە شیش بسوزێد،نە کەواو"وەك هەر بەیانیەك لە گەڵ کچەکەیدا نانفرۆشی خۆیان دەکەن،رۆژباش و بەخێر بچنەکەیان ئەڵێی تۆمارکراوە،هیچ پەیوەندی بە گەرمی دڵەوە نیە،هەر نانەکەیان گەرمە!هەر ئاگاشیان لێ نییە،ئەوە نزیکەی پازدە ساڵە لە هەمان کات وشویندا هەمان ئەو کارە دەکەن!
پیاوە بێدەنگ و هێمن و قژکورتەکەی خانوو ژمارە حەوتیش کە بە دەگمەن لە ماڵەوە دەردەچێت،لە باڵندەیەك دەچێت ماڵی کرابێت،ئەڵێی دەیخۆن ئەگەر بۆ دەرەوە بڕوات!دووریش نیە بێزی نەیەت بەو ناوە هاتوچۆ بکات، دەزانێت شتێکی دڵخۆشکەرەوەی لێ نییە،ماڵەکان لە قەبر دەچن،ئاخر بڵێ ئەو کابرایە بۆچی (هوندرت ڤەسەر)ی دروستکرد؟ زۆر کەس پێیان وایە بۆ ئەوەی خەڵك بۆ تەماشاکردنی بێن و بەس،راستیکەیشی:بۆ ئەوە دروستی کردبوو،هەر کەسێك بە ئارەزوو و بەگوێرەی فەنتازیای خۆی ماڵەکەی لەم بەر و لەو بەری ئەڵوەندا بەو جۆرە جوان یا جوانتر وسەرنج راکێشتر دروستبکات،ژوورەکانیش مەرج نییە سپی رەنگ بن یا چوار سوچەیی دروست

بکرێن،دەکرێت بە قەد رەنگی گوڵەکان بە شێوەی جۆراوجۆر دروست بکرێن،کابرا کە نازانم ناوی چییە،وەك هەموو رۆژێك بە مل لاریەکەوە بۆ سەموون کڕینەکەی دەڕوات،بەیانی باشی خۆی دەکات وگرنگیش نییە بەلایەوە وڵامی بدرێتەوە یا نە !

پیاوە یوگسلاڤیە قەڵەباڵەغەکەی خانووی ژمارە یەك بە زنجیرە ئاڵتونیەکەی دەست و ملیەوە،لە گەڵ منداڵەکەی بۆ پیاسە دەڕۆن، بە زمانێکی سەقەتەوە دەڵێت" ژن کار،من وە ماڵ"بە بێ ئەوەی هیچ خزمێکی لە شاری مەنەلی هەبێت،هاوسەرە کەڵەگەتەکەی زوو لەخەو هەڵدەستێت و بەپاسی ژمارە یەك بۆ سەر کار دەروات،"حەوت برا"یش بۆ ڤین سەفەری کردووە،لەوێ هەر خەریکی خواردنەوەو بوخت وبوختان دەبێت،کەڵە گایەکە لەو ناوە،حەز لە ژیانی کۆلەکتیڤ دەکات،بەڵام دەست بۆ هیچ کارێکی ناو ماڵ نابات،ئەگەر جارێکیش بۆ سوێند شتێك بکات، هەزار دەهۆڵی بۆ دەدات،براکەی بە کەڵی بانگی دەکات ...

بەراستی شتێکی وا سەرنج راکێش یا دەگمەن رووناداتی لەم سوچە لە بیرکراوەیەدا،بۆیە ئەگەر وتەی"هیچ شتێکی نوێ لە ژێر رۆژ بەدی ناکرێت" راست بێت،ئەوا بۆ ئەم بەیانییە راستە ودەگونجێت،ئاسمانێکی مۆن ودڵ کوشندە وەك مێژووەکەیان،مێژووی بالآ دەستەکانیان،ئەڵێی دەقەی ماتەمینە، بەس نیە لە مێژووەکەماندا شەڕمان بە کەس نەفرۆشتووە،بەس نیە داگیرکەرنەبوین،لەشکرکێشیمان نەکردووە،مرۆڤمان کۆت و زنجیر نەکردووە ،هیچ تەلارێکمان نیە وەکو تەلارەکانی بەرلین،لەندەن،روم و پاریس و ئەسین هتد... هەر چەپۆك بەسەر بووین،بەڵام ماسۆخیست نەبووین،هەمیشە بەرگریمان کردووە،ئەوەی لە ناو ماڵەکانماندا لێی داوین؛لێمان داوە،"ئەوەی گوومان بەسەر بکات،گووی بەسەر دەکەین"خۆشحاڵ بەخۆمان،خۆشحاڵ بەم سەروەت و سامانەی وا بۆمان بە جێ ماوەتەوە،ئەمەیە سەروەت و سامان،دەستی ماندوی یارانمان خۆش !
ئەم بۆچونە ئەوە ناگەیەنێت خوێنڕێژ وناکەس بەچە وچاش وخۆفرۆش و پۆلیسمان نەبووە،نازانم کام سمێڵ زلی تەرەس بەناوی منەوە ئازەری کوشتووە،لەبەر ئەوەی ئازەری بوون،کە ناوی ئەرمەن دێت،هەست بە سەرشۆڕی دەکەم،ئەڵێی هەموو ئەم دنیایە گاڵتەم پێ دەکەن،کام ئاڵچاخ بە ناوی منەوە ئەم شەرمەزاری و تاوانەی کردووە ؟حاشایان لێ دەکەم !

-" کورە بانیدە با بۆنی نەیەد"

- نەخێر،من ئەم کارە ناکەم،ئەگەر بان ئەمە بدرێت،بان شتی تریش دەدرێت،ئەلۆەن راستە و راستی دەوێت،من ئازەر وئەرمەنە سەربڕاوەکانم؛ هەندێ کەس هەن بۆ عەبرەتکردنی ئەلۆەن،بە شانازییەوە دەڵێن:پاشا کۆر تفەنگ سازی هەبووە،وتۆپیان دروست کردووە"،ئەمەیان هەر درۆیەکی پەتییە،کەس بەم قسە ئابروبەرەیە بڕوا نەکات !ئەلۆەن و چەك دروستکردن؟ ئەم کارە پیلانێکی پۆخەڵە دژ بە ئەلۆەن !بە دووری نازانم چەکیان هەبوبێت،ئەوەش لە دەستی سەربازەکانی شەوە رفاندوویانە !

- هۆ برا،هۆ خوشکی خۆم،بۆ نازانی ئێمە بکوژ نین؟نازانیت ئێمە هێشتا خواکانی ناو ئەفسانەکان خۆیان دەکەن بە پێڵاو بۆ پێی ئەلۆەنێکان؟

من ئەڵوەنیم برا ئەڵوەنی؛ئەڵوەنییەکی جەرگ سوتاو"جامێ پڕ بووی لێ ڕشێ"!

ئەڵوەن وتی:"هەژار و ژێردەستەکان بێجگە لە رۆژی شاییەکەیان نابێ قەد زۆرداری بکەن،ئەگەر هات و کەسانێك بە چەك و تفاق هەڕەشەی گەڕاندنەوەی دەسەلاتی شەوەیان کرد،بیانفەوتێنن،داغونیان بکەن،کونە مشکیان لێ بکەن بە قەیسەری"،دەرگای ئەڵوەنیان وازە بۆ میوان و ئەوانەی کاتێ ماندوو دەبن،گۆرانی ئەچڕن،بۆ ئەوانەی بانگەشەی"نان وئاوی هاوبەش"دەکەن،بۆ ئەوەی رەنگەکان ئەوەندەی تر رەنگا ورەنگتر بن!بەبێ ئەوەی تەنها بەمە رازی بن،بۆ ئەوانەی پرسیاری ئەوپەری شتەکان دەکەن!

ئەو جارە محێدین وتی"ئەڵوەن بۆ هەموانە"
گۆرانیش وتی:ئەمجار مەرجە تا ماوم
بە زمانی پاراوم
گۆرانی ئاشتی بڵێم
ئاشتی رووناکی چاوم
مناڵێکم،مناڵێکم ئاشتی خواز!!

بەڵام پەیوەندیە باوەکەی ئەم بەیانییە شەڕم پێ دەفرۆشێت،بەر لووتیان گرتووم وبە بێ دەنگی خۆیان مات داوە، بێ دەنگی بلاودەکەنەوە،بە زەبر و تیرۆر ژوورەکەمیان پڕ کردووە لە بێ دەنگی!

- من دەمەوێت پێ بکەنم - ...
- ...
- من دەمەوێت بیگرم بە باوەش
- ...
- من دەمەوێت بە بلوێرەکەی رەحیم ئاوازی"ئاخەرین شەڕی،شەڕی ئێمەیە" لێ بدەم - ...
- ...
- من دەمەوێت خۆر ببینم،کوا چاوەکانم؟
- ..
- من دەمەوێت بدەوم،کوا قاچەکانم؟
- ...
- دەمەوێت هاوار بکەم،کوا دەنگم؟
- ...
- دڵم بووە بە دوژمن،بۆ لێدەدات؟
- ...

ـ کوڕی گەواد باوکەکان رایگرن

ــ ئێمـە مـۆدێرنییییین... پۆۆۆۆۆست... پۆسسسسسسسسسسـت مـۆدێرن... مەدەنییـەەەەەەەەت هـەی سـەگە خوێری،مافی مرۆڤ،بای،ئاوف ڤیدە زێهن!

(٤)

هەندێ کەس دەڵێن"تەنهایی بۆ خودا و سویدی هاتووە" ئەمانـە لـە بیریـان چـووە نـاوی مـن وئەم گەڕەکە بخەنە ناو رستەکەیان،چونکە من لە ئەزەلەوە ئەم بەشەیەم بۆ بڕاوەتەوە ولەوەتی هەیە بە رێگای خۆم دەڕۆم"ئەوەی بڵێی قیر رەشـە"مـن پـێ دەڵێم،نـەخێر سـپییە" ئەستێرەناسـەکان نـاوم بـە"لـە عالـەم بـەدەر"نـاو دەبەن،دەڵێن"بورجی بەران" هەر وا بوون وهەر وا دەمێننەوە،جا کابرایەك ئەوەندە کەلە شەق بێت چۆن بڕوا بەمانە دەکات؛هەیشـــە دەڵـــێن"ئەســـتێرەکان چـــاوە گەشـــەکانی ئـــەڵۆەنن، بەمانـــەی وا نـــاوی خۆیـــان نـــاوە ئەستێرەناس،ناناسرێنەوە"،بەڵام مرۆڤ دەبێ قسەیەکیش بۆ دز بکات"کاتێ تەمەنم پێنج شەش ساڵێك بووە،لە گـەڵ دایکـم بـۆ سـەر قـەبران رۆیشـتم،لەو کاتـەی ئـەوان بەسـەر گـۆڕی ناسـیاوێك واوەیلایـان دەکـرد و فرمێسـکیان بـۆ دەڕشت،من خەریکی جوڵاندنەوەی بەردێکی گەورە بووم،زۆر گەورە،دەمویست بیجولێنم،بەڵام بەردەکە گـل بـووەوە خوارەوە و پەنجەیەکم لەژێر مایەوە،ئێستایش جێی بەردەکـە ماوەتەوە؛ئـەڵێی بـۆ تـەمێ کـردن ماوەتـەوە"بـەردێك هەڵمەگرە نەتوانی هەڵی بدەی"!

لەوە دەچێت ئەم هێمایە بە درێژایی رێگاکەم شان بەشانم بڕوات،نە دەتوانێـت کـارم تـێ بکـات و نـە منـیش دەتـوانم کاری لـێ بکەم یا لە بیری بکەمەوە."ئەو ئەڵێ نێرە،من ئەڵێم بیدۆشە"ئیتر ئەڵێی چی،منیش مـرۆڤم و مرۆڤـەکان زۆر لەیەك جیاوازن!

هەیە دەڵێن:مرۆڤەکان بەهۆی پارە وپوول وموڵکایەتی وایان بەسەر هاتووە،هەر وایش دەمێننەوە تا سنورێك بۆ ئەم بە نەعلەت بووە دادەنێن"...

سەرەرای ئەم بەیانییە نائاسایی و دووبارەکراو وەرەسهێنەرەدا،شتێك رووی دا،هیچ پەیوەندی بە لۆگیگ و ماتماتیك و زەرورەتەوە نەبوو"لە خەیاڵی مردووەکانیش نەبووە" لە لێکدانەوەی هیچ کەسێکدا نەبوو:

پاش تێپەڕ بوونی پەنجا و سێ ساڵ بەسەر کۆتایی پێهاتنی رەسمی جەنگی جیهانی دووهەم،بۆمبێك لە بەردەم کڵێسا مۆدیرنەکەی کاسۆلیکەکان،لە یەکەم وێستگای پاسەکانی سەر ئەو جادەیە تەقیەوە.ئەم رووداوە لە گەڵ بەفرانبارێکی زۆر و تاریك داهاتنی پێش وەختی مانگی دیسەمبەر رێککەوت، رێك لە بەیانییەکەی١٩٩٨/١٢/٢٣رۆژی پێش ڤای ناختن و بووە هۆی بریندارکردنی ئافرەتێك وکوژانەوەی هیتەری گەرم کردنەوەی هەموو ماڵەکانی ئەو دەورو بەرە،ژووره ساردەکەم لە ماڵەکانی دی زیاتر سارد و سڕتر بووەوە:

ماڵی چۆڵم ... ماڵی ساردم

ماڵی بێ خەم خۆری رازم

بە ئومیدم رۆژێکی تر

کە هەڵ بێت خۆری ئاواتم

شرینم،نازداری جوان،گوڵی پونگە

ئێستا کە وا لەلام نیت

دڵم تەنگە

شرینم گەر چی تۆ

دووری لە من

چاوانت دایم هەر وا

لە بەر چاوم

وەرە با پێکەوە هەردوو

رێیەك بگرین

دەستم لە دەست نێ

با رێگای دووری بڕین

بەڵێن بدەین،

کە یەکتری جێ نەهێڵین

لە تاریکی شەوە زەنگ

رۆژ داگرین!

ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هیتەرەکە کۆنەیە و خاوەن ماڵەکە دەڵێت"دەبێ خۆت چاکی بکەیتەوە" کاری وا لە دەرەوەی توانای هۆشیاری بێ کاری، ئەوەڵ شەڕ و ئاخر شەڕە،جا ئەم داماوە کە هەموو تەمەنی لە گوێی گادا نوستووە؛قەت نەیزانیوە لە گەڵ پارە و پوول مامەڵە بکات،تازە فێریش نابێت؛لە کوێ پێنج سەد مارکی هەیە بیدات

به کۆمپانیاکان!ئەو ئێوارەیەی وا کاك رێگا قیت و"فستگلاس" وەك زۆربەی ئێوارانی هاوین بۆ چا خواردنەوە ودەمەتەقە دەهات بۆ ماڵەوە،هەموومان لەهەمان شوێندا،لە بن دیوارە لاربووەکەدا دادەنشتین"بۆ نەروخا،خۆ پییزا نەبوو"،ئەویش لەسەر هەمان مندەر دادەنیشت،ئەگەر بەرێکەوت کەسێك یا منداڵێك لەو شوێنە دانشتبا، دەبوایە خێرا شوێنەکەی بۆ ئەو چوڵ بکردایە. منداڵەکان گوێیان دەگرت لە وتە وبۆچونەکانی باوك و دایك و مێوانەکان"ئەم دانیشتنانە بەشێکی گرنگیان پێك دەهێنا بۆ تێگەیشتن لە نهێنێکانی ژیان،لە ئێوارەیەکدا باسی پارە هاتە ئاراوە و چۆن رۆڵێکی چارەنووسانە لە ژیانی مرۆڤەکان دەبینێت،کاك ڕێگا وتی"پیاو پارەی نەبێت،قیمەتیشی نییە".هۆشیار وتی " من هیچ نرخێك بۆ پارە دانانێم،پارە چییە،پارە چڵکی دەستە"!دایکی بە خەمواری ونیگەرانییەکەوە،بەدەم چا تێکردنەوەوە وتی"ئاخرنە باخ".ئەمە وەك تەمێیەك بوو،بە دوو قسە بڕاندیەوە" قسە هەزارە دووانی بە کارە" بەو دوو وشەیە وتی:کوڕم ئامان،من کردم تۆ مەیکە،دەس لەم ئاگرە بێ ئامانە هەڵبگرە،با دەستت نەسوتێت و پاشان بڵێی ئای چیم بە خۆم کرد،ئەو کاتە"پاش ترەن بالەك"هیچ نایخوات وهەموو تەمەنت ناحەسێیتەوە.

جا هۆشیار گوێ لە تەمێ دەگرێت،سواری ملی خۆی ببوو،بە سێزدە و چواردە ساڵی پارە وپوولی بە چڵکی دەست داناوە"تاریکە شەو لە ئێوارەوە دیارە"،دایکی هەر پێی دەوت"کوڕم لە شاری کوێران دەست بگرە بە چاوت "،راستە پارە چڵکی دەستە،بەڵام موحتاجی بیت،رسوا دەبیت،واز بێرە لە راستێکان،بۆ هەر ئێمە ببین بە قۆچی قوربانی،بۆ هەر ئێمە بە چارەڕەشی رۆژ بکەینەوە"!
هۆشی دەیوت"چاوی سەوز،بەرماڵی نۆێژی پێغەمبەری دزیووە،چۆن بە قسەی تۆ دایبخەم"؟ بەو تەمەنە هێشتا نەیزانیبوو دوو پیاوی ریشن و کەلە زلی"ئەهلی فیتنە و فەرتەنە" هەن،دەریایەك لاپەڕەیان پڕکردۆتەوە دەربارەی سیستێمی پارە و چۆن ئەم سیستێمە ژیانی"بەهاترین سەرمایە"و ژینکەکەی وێران کردووە،بەبێ هیچ ترسێك ملیونان مرۆڤ بۆ قازانجی فلسێکی زیاتر دەکەن بە خۆراکی جەنگ.ئەم نەزانینە بۆ هەراشێك زۆر ئاساییە،بێجگە لەوەش زۆر شت هەیە مرۆڤ نایزانێت،بەڵام رۆژگار وەك باشترین مامۆستا فێری دەکات،وەك جوتیارە فەرەنسیەکە،ئەم کابرایە لە کوێ بزانێت، رۆژێك دا دێت رەزەکەی دەبێت بە کاروان سەرای کوردە رەوەکراوەکان، شەوان کە گوێی لە دەنگێك دەبێت هاواردەکات:کویرد؟
- بەڵێ!
خاڵە جوتیار:بڕۆن...بڕۆن قەی ناکات،ئەو تولە رێگایە بەر مەدەن هەتا دەگەن....

هەندێ کەس هەیە دەڵێن:" کە سەرکردەکان بە تێرو تەسەلی دەخۆن و دەخۆنەوە،هەست دەکەن بەرزترین دەسەڵاتیان بە دەستەوەیە،بەلام ژیانیان وەرەس و گرژە،نە تام ونە لەزەتی هەیە لەم کاتەدا هەستدەکەن پێویستیان بە بزوێنەرێك هەیە واتایەك بە ژیانیان بدات،رێگای شەڕوشۆر دەگرنە بەر! جەنگ دەکەن بە بەرزترین ئاستی رەوشت و زانست وبوون،کەس بۆی نییە بەرپەرچیان بداتەوە،ئەوەی بەرپەرچیان بداتەوە مافی ژیانی لێ دەسەننەوە،هەموو سزایەك دەرهەق بە کەسانی سەرپێچکەر بە رەوا دادەنێن، یاسای قەدەغەکردنی نان و خۆشەویستی و با هەڵمژینیان دەدەن!بەم کردارە دەیانەوێت خەڵك پرسیار بکات:بۆ شەر دەکەن؟دەیانەوێت بیر لە بوون و دەسەڵاتی سەرۆك بکرێت،سەرۆك بڵێی من هەم وزیاتر لە هەموو کاتێکی تر بکەوێتە سەر زاراندا،دەنا هەموو کەسێك دەزانێت شەڕ ماڵ وێرانی دەگەیەنێت و براوەی تێدا نییە!

هەندێ کەسیش هەن دەڵێن"سەرۆکەکان بە تەمەنن،هیچیان پێ ناکرێت، هەر هیچ غەیری،باسەکانی سەر زاریان کە هێشتا دەرنەچووە،بۆنی تۆپیویان لێ دێت"چۆن دەبێ سەرۆك هیچی پێ نەکرێت"،بۆیە شەر بەرپا دەکەن! دەنا بە قسەی یحیا دەلی وەکو باشکی و کەماڵەییان دەکرد:باشکی کەرە، بەڵام کەماڵەیی گووەکەیەتی!کەماڵەیەکانیش دەیانوت:نەخێر،کەماڵەیی کەرە،بەڵام باشکی گووەکەیەتی! "بەبێ ئەوەی خوێن لە لوتی کەسێکیان بپژێت!هەروا شەری ژێر دەستەکانیش لەلایەن لاوانەوە بەرپا دەکرێت، لاوانێك دڵیان بۆ ئاوازی خۆشی لێدەدات،بە دەم بە پێکەنینەوە بەرەو رووی مەرگ دەڕۆن"بۆ نە،چییان هەیە لە دەستی بدەن؟" ئازادانە بڕیاری رێگای ئازادی نان و کاریان دەدەن،چیش دەبێت با ببێت،رەنگی ژانەکانیان بە فرمێسکی منداڵەکان تێکەڵ دەکەن،پاپۆرێکی کاغەزی پێ دروست دەکەن، پڕی دەکەن لە گۆرانی و هیوا و پەیامەکان،دەیدەن بە بەری جۆگە ئاو و رووبارەکان،پاش ماوەیەك پرسیار دەکەن:بە دەستتان گەیشت؟

- چاوەروان بووین بگات،چاوەکانمان لە سەر لێوارەکان بە جێ دەهێشت، بەڵام نەگەیشت،نەبوو،نەهات!

دەڵێن پاسەوانەکانی سنور لەت لەتیان کرد!

هەندێ کەسیش هەبوون،دەیانگۆ: زۆر ناسك بوو،بەرگەی شەپۆلی دەریا دوورەکانی نەگرد،لار بووەوە،چی گۆرانی و سرووود و هۆرە هەبوو بەو ناوەدا بلاوبووەوە،پەیامەکانیش کەوتنە بنی دەریا!

ئەمجارەیان،تەنها ئەم جارەیان،

دەبێ خۆمان ببین بە شەپۆلی تۆهەم!

ئەمجارەیان دەبێ خۆمان

ببین بە پەرژینی پۆلایینی سەردەم ..

- بەچی؟

بە نهێنی و چەك

- باوی نەماوە

ــ چەند سەدەیە،باوی نەماوە، بەڵام ئەوان دروستی دەکەن،هەڵی دەگرن، پەرەی پێدەدەن،بازرگانی پێوە دەکەن،لولەکانی دەنێن بە ناو سنگمان،وەك باغە دروستی دەکەن،دەیدەن بە دەست منداڵەکان!یاری کاوبۆی و شەریفی پێدەکەن!

- برادەران یەك لە دوای یەك بە جێیان هێشت!

- ئەوە نییە ئێستا باسی دیموکراتی ومافی مرۆڤ دەکەن!ئێستا باسی ریفەرەندوم لە ژێر باڵی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەن،باسی رێکخراوە نا حکومێکان دەکەن،باسی سەیر سەیر دەکەن!

- هەر بۆیە هەر یەکێکمان بە شێوەیەك،

بە شێوەیەك لە شێوەکان،

بووین بە قەحپەی سەردەمەکان !

- بۆ قەحپە چێتی؟

ـ منیش قەحپەم !کێ قەحپە نییە ؟با دەنگ هەڵبڕێ !خوایش قەحپەیە،دیلی دەستی ڕژێمەکانین،لە گەڵ بازرگانیان بە خـوێن و چـەك لـە ژێـر نـاوی نەتـەوە وئـاین و ئـالاّ ڕەنگاورەنگەکانیان،بـە نـاوی دەسـتور و یاسـا ورەوشـتی باویان،گەوادیمان پێوەوە دەکەن،گەر لـە نێـوانی خۆیـان شـەڕ بـەرپا بکـەن، زۆر کـەس هـەن مـەترەس لـە یـەکتری دەگرن !پاشان بۆ چارەرەشیان دەگرین !

بۆ نەگبەتی ئەمڕۆ هۆشیار بە خواروخێچی تۆزێك لـە مـەش حـاڵی بووە،بۆیـە ئەوەنـدەی تـر لـە گۆمی نەبونی وون بووە،ئەوەندە "دوا کەوتووە"ناتوانێت لێی دەربچێت،دەستەپاچەی دەستی بانق بووە"کـێ مـاوە لە دەستیان نەناڵێنێ،ئەمانە ئاگر خۆشکەرەوەکەن"ئەڵێی بەقەد بەرازیل قەرزارە.

دەڵێین"لە ئۆروپا مەکینەیەك هەیە کارتێکی تێدەخەن،هەرچەند پارەت بووێت دەداتێ"

بەش بە حاڵێ خۆم من لەو مەکینەیە دەترسم،ئەگەر خۆی بـە هـەموو ڕێزێکـەوە بـانگم بکات،پـارەم بـداتێ،نارۆم بـە لایەوە،بە من بێ ئەو شەقامەی ئەو و خاوەنەکەی لـێ بێت،سەروبانی بکەم بە یەك،یا پێیدا نەڕۆم،بـەلاّم چـۆن شـەوە دەوروبەری ئـەم بـەرو ئـەو بـەری ئـەلوەن مـین ڕێـژ کردووە،ئـەم مـردوو مراوانـەش لەسـەر شـەقامەکاندا ئـەو جـۆرە مەکینانەیانە چاندووە.مـرۆڤ دەبـێ بـە گـوێرەی پیلانێکـی زیرەکانـە بـۆ نـاو سـەنتەر بـڕوات تـا ئـەو مەکینانـە بـەناو گیرفانەکانیـدا نەتەقێتـەوە،ئامان پـارەی زیـاتر لێ دەرمـەهێنن،دەنا خـەوتان لـێ حـەرام دەبێـت !بـە تایبـەتی بـۆ سبەینێ:دانیشتوانەکان گوایە چاوەڕوانی رۆژی ئاشتی و ئاشت بونـەوە دەکـەن"جـا بانقـەکان چـۆن ڕێ بـە شـتی وا دەدەن" هەمویان لە دەوری داری ڤایناختن گرد دەبنەوە،لە ژێریدا جۆرەها دیاری دادەنێن و بـە خۆشـی پێشکەشـی یـەکتری دەکەن،بـەلاّم لەراسـتیدا کۆمپانیـەکان دەردیـان بـە ڕۆحیـان داوە،دوا عانـەیان لـە گیرفانـدا دەرکـردووە " دەیاندزن بە بێ ئەوەی بە خۆیان بزانن !

سبەی درێژترین ڕۆژی ساڵە بـۆ ئەوانـەی بـێ کەسـن یـا دۆسـت و ناسـیاویان نیـە،زۆر لـە بەسـاڵ چـووەکانی خانـەی پەککـەوتووەکان لـەم ڕۆژەدا ماڵئـاوایی دەکـەن؛کێ پرسـیاریان لـێ دەکات،قەشـە دووروەکـان نـەبێت کـە بـە خوێندنەوەی چەند بابەتێکی گومانلێکراو سەریان بۆ دەپێچنەوە !

لـەم ڕۆژەدا کەسـانێکی زۆر بـە حـەپ یـا ژەهـر خۆیـان لـە خـاچ دەدەن یـا لـە سـەربانی ماڵـە بەرزەکانـەوە خۆیـان هەڵدەدەنە خوارەوە و بە کوڕەکەی خوا پەیوەسـت دەبـن !یەکێکـە لـە دووروتـرین ڕۆژی سـاڵ !دیموکراتییەتـە؛کابرا کەیفی خۆیەتی چی بە ژیانی دەکات یا ناکات؛بە یەکێکی تر چی؟.

لـەناو گرمـەی راکـەی راکـەی خەڵکدا، هۆشـیار خـەم و پەژارەیـەکی دی هـەبوو، لەبـەر خۆیـەوە وتـی:"ئـاو لـە کـورە رژیایە،کونە لە کورە دڕیایە"بەراستی من بەم بەیانییە چاوەڕوانی پرسیارێکی وا بـەزەبر وبـە تـین نەبووم،پرسـیارێك بوونم بخاتە ژێر پرسیارەوە،پرسیارێکی ئەوەندە هەژاندەر !
دایکم پێی وتم" کوڕم تۆزێك لە ناو خەیاڵەکانتەوە بێرە دەرەوە،ئەمەی تۆ باسی دەکەی زۆری دەوێت" !

هۆشیار:هۆ دا،ئاخر پێم بڵێ چۆن؟
دایك:بخوێنە،کوڕم هەتا پێت دەکرێت بخوێنە،با خێر بێتە سەرت!
هۆشیار:هەیە دەڵێن خوێندنەوە پیاو شێت دەکات،مرۆڤ لە ڕێ دەردەکات! کەسانی وایش هەیە دەڵێن"خۆنستن چاو زەعیف کەد"هەیشە بە زمانە دوورەکان دەڵێن"بخوێنەوە،خوێندنەوە مرۆڤ گێل دەکات"!
عەزیزی مەلایش وتی:کی ئیسە کیتاب خۆند،وە بەلاشیش بێیدەی عالەمەگە نێخۆننەی،ئەو زەمانە چوی!"
بەڵام من بە قسەی ئەمانەم نەکرد و فرمایشتەکەی تۆم جێبەجێ کرد!
دایك:کەیفی خۆتە،بەڵام شتێك مەخوێنەوە لە ڕێگا دەرت بکات،هەر بەسەرە سواڵکەری لە دواوەوەی عالەمەکە بە جێ بمێنیتەوە.

هۆشیار:هۆ دا،پێش ئەوەی لە دایك بم،هەموو"کوێرەوەرێکانی ژیان بۆ من ئامادەکرابوو،ئەو ماڵەی وا منت تێدا هێنا،کۆشك و تەلار نەبوو،ماڵێکی لە قوڕ دروستکرابوو،ژوورەکەیش تاریك و بچوك بە بێ پەنجەرە،شایەنی حەوانەوەی مەڕ ومالاتیش نەبوو،وەکو زۆربەی هەرە زۆری ماڵەکانی بناری کەلات،ئەمجار بە ئەفسانەکانی خدری زیندە بەخێوتان کردم،لە بیرت چوو؟ ئێواران دەمەو تاریکی،کاتێك سواڵکەرێکی کەواو سەڵتە لەبەر،پشت چەماو، ردێن سپی بەر دەرگای ماڵی بگرتایە،دەتگۆ:ئەوە خدری زیندەیە، یا دوور نییە ئەوە خدری زیندە بێت؛خۆیی کردووە بە سواڵکەر،نان بۆ برسییەکان کۆدەکاتەوە!
قوتابخانەکەیش ڕێك لەسەر ئەڵوەن بوو!یەکەم وانەم،(دار...دور)یا(البلبل الفتان.....یطیر في البستان)نەبوو!

یەکەم وانەم:ئەڵوەن بۆ کوێ دەڕوات؟
دووهەم وانە:قەراغەکەی لە کوێیە؟
سێهەم وانە:کۆتایی هەیە؟
چوارەم وانە:بۆچی قاتە شینە زبرەکە بە من دەدەن؟
پێنجەم وانە:بۆچی دەبێ بەیانیان ڕیز بگرین،دەبوایە سەرو دەستەسرێکی خاوێن بەدەستەوە بگرتایە،ئەوەی نینۆکی نەختێك خوار یا درێژ بووایە،لە ریزەکە دەردەکرا و لە پێشی هەموو قوتابیان دارکاری دەکرا!
شەشەم وانە:بۆچی دارکاری دەکرێین؟
حەوتەم وانە:بۆچی دەبێ هەموومان سرودی:وڵاتەکەم ...وڵاتەکەم
ئەی جوان و پڕ شکۆکەم... بڵێین
- وڵات پێم ناخۆشە باوکمت زیندان کردووە!
هەشتەم وانە:بۆچی باوکم زیندان کراوە؟
نۆهەم وانە:بۆچی دەبێ بڵێم"شرینی ناکرم،دایکم پارەی نییە قەڵەمم بۆ بکرێت،چاکترە بیدەم بە قەڵەم"،ئەگەر زۆر حەزم لە شیرینی کرد وەك هییام دەکەم:هاوینان ئەکرەم یاوەر لە تەنیشت ماڵەکەی باجی شەفیقە ئەزبەری دەفرۆشت،هەموومان لەلای کۆ دەبوینەوە،جارێکیان هییامم بینی لە ماڵەوە دەرچوو،تەماشای هەمووانی کرد،لەسەر خۆ نزیك بووەوە،هەردوو دەستی لە پشتەوە ڕاگرتبوو،لەو کاتەی ئەکرەم ئەزبەری بۆ منداڵێك تێدەکرد، هییامی دایکم چنگی تێ کرد و بە جارێك قوتی دا و بۆ ناو ماڵ ڕایکرد! ، ئەکرەم لە جیاتی توڕەیی و جوێندان،بسا لە

پێکەنین و وتی ئافەرین هەی دەست خۆش نوش گیاند بود،دوێتیگید و ئەوەندە ئازا؛جارێکی تر ئەزبەری بۆ مندالەکەی تێکرد! بەلام من ئێستایش غیرەتی هییامم نییە!

ئەمجار لە گەڵ باوك،نەسرەدین،شاکر فیل،شوکور،حەربی،سەلاح، فایقە دەس کوچ،خەلیل شەوقی،وەلی،رفعەت،فازل،ئوستاد یحیا،ئەحمەد، مامۆستا قادر، عەبدە و چەندین خوا نەناسی تر گەورەتان کردم،کەچی ئێستا من تاوانبار دەکەن،تف لە ناو چەوانم دەکەن،پێم دەڵێن تۆ سەگە سووریت! ئاخر من چ تاوانێکم هەیە؟ منیش تازە ناتوانم ببم بە شتێکی تر" شویشە بشکێیگ،جەمەو نێوگ"ئەمە چارەنووسمە و دەبی قبوولی بکەم" هەشتە لە سەر مەشتە"،با ئەمەش بێتە سەر ئەم بیانییە قوڕە کە وا زیاتر چاوەڕوانی شتێکی تر بووم:لاوانەوەیەك،دڵ نەواییەك یا گفتوگۆیەك لەمەڕ بۆچون و کردارە وەنەوشەیەکان،ئەوانەی وا لە ناو سەمای رەشبەڵەکی یاران دەمهێننە هەڵپەرگێ...

- ئای ئەوە چەندە سەمام نەکردوە!

دەڵێن:سەما لاسایی‌کردنەوەی رەوی باڵندەکانە،هەموویان پێکەوە لە هەمان ئاست و رووەو هەمان روو دەفڕن؛چەند دانەیەکیان نەبێت،چەند مەترێك لە دواوەوە دەفڕن،رەنگە هێشتا بەچکە بن یا بە تەمەن،لە خەونە قەدەغەکراوەکانیش دەچێت،ژن و پیاوان توند دەستی یەك دەگرن،توند پێ بەسەر عەرزەکە دەدەن،وەك بڵێی دەیانەوێت بێداری بکەنەوە:دە هەستە، بۆ هاوار ناکەی؟ بۆ؟ ئەها .. بەشان ... بە شان .یەك .. دوو .. سێ .. تۆز ئەو ناوەی دەگرت:ڕابە... ڕا...تۆڵەی خۆت بستێنە،ئەوە کەڕ بووی؟ بۆ ئەوەندە بێ دەنگیت؟ تۆش قەحپەیی دەکەی؟... چۆن پێت دەکرێت چاوت بەم هەموو خوێن رشتن و پیساییە بکەوێت؟ چۆن قیزت نایەت؟ .. ئەها .. ئەها... ئەها.. شاباش لە کیسەی ئەوانەی لە ژین بێ بەشن! شاباش لە کیسەی بەتاڵ ..شاباش لە کیسەی ئەوانەی وا بوون بە ئاگری کورەی کار... دومبگ... دومبگ... دومبگ...دومبگ... لێدە، برا لێدە،باوکەکەمی لێدە...لۆرکێ ..لۆرکێ .. لۆرکێ .. لۆرکێ ..
باوانم لۆرکێ
ئەم بەر و ئەو بەر،
هەردووکی یەك بەر
خاتونم لۆرکێ ...
لێدەەەەەە... با ئەوەندەی تر گەرمتر بێت،وە قوربانی بالآتان بم،دەی...
- ئەم جارەیان نۆرەی منە سەر چۆپێکە بگرم!
-"هەی سەگە سوور،هێشتا هەر بە تەمای،ئاخر تۆ گووی تێ دەکەی"!
- ئاخر تۆ مەحامیت؟ هەر بۆ فیتنە نانەوە لەو سەرە راوەستاوی،پاشان من بۆ گووی تێ دەکەم،ئێوە ئەوە چەند سەدەیە گووی تێ دەکەن،من دەمەوێت پاکی بکەمەوە،پاك،بیکەم بە باغی گوڵ!

حەمید:ئەوەنە حەز لە هەڵپەرکێ کەید،ئەڕا نێچید ئەرا دیسکۆ؟ مەگە لەورە رقس نێکەن؟ ئێ! دویایی بچو بکەرەیان!

هۆشیار:چویم،چویم برا چویم،بەڵام تەنیا تەماشایان ئەکردم،وە قەی پەنجەگان دەسم رەقس کردمە،مە تام لە چۆپی دوینم برای باوگم،لەچوپی! لەوەر یە هەست وە غەریبی کردم،یانە گە روژ رقس کەن،نەك ئەڕا خۆشی، بەڵکو ئەڕا ئەوەی شەکەتی و بەدبەختی روژگاریان لە ویر بووەن، رقسەگەیان وەك رقسەگەی کەریم کەشخە و میم نەجاو نییە،ئەڕا روژگارە خۆشەگان لای باوە مەحمید وخدر زندەو ژن هاوردن کورەیل!وە راس تو باس کردن کردید! !بەدبەخت کردن چە،ئەڕا هەرکی ئەڕا خۆیە،"شار هرتە" ئەوە یەك دنیا نەفەر هەس جاری دەس پەڕ دەنە لی،یانەش مینەی عاشق بوین کەن،یانەش باوش گەرم توان،کیرو میر نێتوان وەو شکڵەی بەعزە کەس بیر لە لی کەد،کورە وە قسەی فلم ڤیدیۆی گەوادەگان و مەجەلەی پلەی بۆی و فلمەگان هۆلیود مەکەن!....

حەمید:ئەی سەیارەی(بی. ئێم.دەبڵ یو) یا مارسیدس نەیرید؟

هۆشیار:مە دەبڵ قوزەڵقورد دیرم ئەڕا ناو چەود،دەبڵ گوی دیرم ئەڕا بان سەرد!

حەمید:یەعنی گە رووژ سوار یەکیگ نێوی؟

هۆشیار:مە گە رووژ خەڕگ عالیاوە گرمە بان سەرم،ئەڕا ئەی قسانە!

حەمید: جواب بیە!ئەڕا هەر جمان دەی؟ئەی ئەرا ئیژن"بچیدە بان شارعەگان،دوو دوو دوێت ئەڕا ماڵ بەیدەو"؟

هۆشیار:قسەگاند لە قسەگان قالە کەد،لە وەر ئەوەی دوێت نەکەفتە دەسی ئەوەت"دوێتەگان ئەیرە هەر مینەی کیر کەن"!منیش وەتمە پی"ئا راس کەید،بەیانیان وەختی چم ئەڕا ناو بازار دوینم دوێت شارەگە لە وەردەم قاپێگەد سرە گردنە! !ئەی کابرایە کە لێوا ئەوەت،هەر چەن ئەڕا دوێتەگان خونکی و زەوزەکی دیادە خەرج،فایدەی نەوی؛وە شەوان لە دیسکۆ ئەڕا دیسکۆ ئەچوی،ئاخرەگەی وە دەس پەر داین شکور خودا ئەکرد.هەمید توش وەکو ئەو ئیژی عەقڵت وە مەکینەی خەر کار کەد،ئەڕا،توو گوش لەو قسانە گرید! !

حەمید:فرە لەوانەی تێنەو قسەی عەجایب عەجایب کەن،ئیژن" دوێتەکانیان،سەررەش بدوینن داچەقننەی"و هەس ئیژد"وەك مامر فس بەنەو"

هۆشیار:ئەو کەسانە گوی سەگ بخۆن فرە خاسترە،ئەو کەسانە هەر خەریك کار گەوادی،قومار، دزی وقاچاخچێتین،یانە لەوانەس دە ساڵیگە لەیرەن، لکن تەنیا ژێر قۆندەرەگانیان لەیرەس...نێچن وە لای زانست،ئەگەر بدویننەی خۆیان لە لی شارنەوە،هەڵبەت کەسانیگ هەسن خۆیان وە کار خاس خەریك کردنە یا ئازایانە بینەسە خاوەن شەهادە،یا چن ئەڕا مێنزا باس ئەیە و ئەو بکەن" فلاّن دوێتەگەی قحپەس،فیسار ژنەگەی،فلاّن دوێت کەس نەما لە ولاّت نەکەدەی...هەر یەکیگیان وەزیریگی فوق ئەلعادەی کاروبارە گێر و کوس و قن عالەمەگەس!

ئەو رۆژە دانا،سەری لەو برادەرەی دا کە وا نزیکەی چوار ساڵە لە هانۆڤەر دەژیٚ،دانا پرسیاری لە هاورێکەی کرد:هاوسەر یا دۆستت هەیە؟

شوان:دۆستی چی،هاوسەری چی؟چۆن دۆست پەیدا دەکرێت؟من هەر لە ماڵەوەم،تەلەفزیۆنەکە هاوسەرمە!ئەو رۆژەیش جەبار غیرەتی کۆکردەوە،لە گەڵ ئافرەتێك بدوێت،چاوەڕوان بوو ئافرەتەکە لە گەڵیدا بڕوات،پیٚ وتبو: کاتت هەیە پێکەوە قاوەیەك بخۆینەوە؟

ئافرەت:نەخێر،کاتم نییە!

جەبار:بۆ کاتت نییە؟خۆ کۆفی عەنان نیت!

هەیشە دەبن بە دۆستی قحپە خارجێکان کە مۆڵەتیان پیٚ نادرێت لێرە بمێننەوە،بەدرۆ پێیان دەڵێن:دەتخوازم!

ئەگەر کەسێك بیانخوازێت مۆڵەتی مانەوە وەردەگرن،ئەم پیاوە بەڕێزانەش پارەیان لێ وەردەگرن،لەسەر حیسابی نرخی تەحقیرکردنیان دەژێن،سەعاتی ئاڵتونی و کراسی گران بەها لە دەست و لەبەر دەکەن ...!!
لە ئەمستردام،لە بەردەم مەحەتەگە وە سێ نەفەری دادەنیشن،چاوەروان کەنیشکێك دەکەن گرفتی هەبێ یا لە دەم و چاوی دیار بود وەزعی خراپە، ئەو کەسانە دەچن ئەرا لایان،وەئیشارەت وە پیپیان ئیژن بەو ئەڕا ماڵ!!

هەیشە بە تۆزێ دۆلار و پانزە کێلو درۆ دەگەرێنەوە" یەکیگ ئیژد:"مە خەریك دکتۆرام"
ئەوەگەی تر ئیژد:مە دکتۆرم
ئی یەکی تر ئیژد:من خاوەن...
ئیجار چوین ئەڕا تەماتە سەندن چن،لێوا دوێتیگ ئەبولشەهادە و جوان دەکرن،دەیانهێنن ئەڕا ئەیرە،نەیەکتری خۆشتواستنە ونە یەکتری خاس ناسن،ئەگەر وە بەعزیگ لەی کەسەیلە بیژید:" ئەڕا لەیرە ژن نایەرید، لەیرە دوێت گشت ملەتەگان دنیا هەس!؟"بەزمانێکی سوك و رسواکەر یەکسەر ئێژن"یانە قحپەن،پەردە نەیرن،کلتوری تر دیرن،هینەگان خۆمان سەرموهرن،قاپی باغڵەمەن،پاکن،بەعزیگیان ئیژن،باوە یانە نێزانن دۆڵمە و کفتە لە لی بنەن"...بۆیە کابرایەك پاش بیست ساڵ ژیانی لە هەندەرانی سوید بۆ ژن هینان گەرابووەوە،ئافرەتێکی"دۆزیبووەوە"،بۆ شاییەکەی ئاهەنگێکی گەورەی رێك خستبوو،بۆ شەوەکەی دەبینێ هاوسەرە"خۆشەویستەکەی" پەردەی نییە و هەنگوینەکەی لێ ببوو بە ژەهر،بە کچەکەی وتبوو:من تا ئێستا لەوێ ژنم نەهێنا،بۆ ئەوەی لێرە کچێکی پاك و پرچی خۆمانەیی بهێنم،کەچی لێرە کچی بێ پەردەم توش بوو!ئاغا شاییەکەیی بەجێ هێشبوو و هەر وا بۆ سوید گەرابووەوە!
دەڵێن:جاسم کە کابرایەکی شوعییە،رێ لە ئازادیکچەکەی خۆی دەگرێت، کچە نازدار وزیرەکەکەی ناچار کردبوو بەدزیەوە دۆستەکەی ببینێت!
دەڵێن:قادر هەورامی بڕیاری داوە بگەرێتەوە!
- بۆ؟
- دەڵێت کچەکەم گەورە بووە،با ناموسم نەچێت!ئەمە کەی کۆمەڵگایە!
- پێ بلێن،کورە بەدبەخت نەك لە گەڵ یەك کوڕ،لە گەڵ چەند کورێك بینرا! ئەمە مافی خۆیەتی،و زۆر لە باوکی بەرەوشت ترە؛باوکی رێ بە خۆی دەدات،بەراست و چەپ بۆ رابواردن بگەرێت،بچێت بۆ ولاتی تر بۆ ئەو مەبەستە!
دەڵێن:مام ئەکبەریش کچەکەی بۆ لای خۆمان ناردووەتەوە!
دەڵێن:خاڵە سمکۆ وتویەتی"من کچەکەم نادەم بەمانە،دەیدەم بە کورێکی خۆمانەیی!
دەشڵێن:ئەگەر سەبریە لە سەر شەقام ببینی،باسی هەرچییەکی لە گەڵ بکەی،ئەو هەر لە خۆیەوە باسەکە دەیهێنێتەوە سەر کچەکەی:کچەکەم ئاقڵە،گاڵتە بە کچ و کوری ئەمانە دەکات،بە خۆی نایەوێت ناسیاویان لە گەڵ پەیدا بکات،کچەکەم دەڵی" ئەمانە زۆر بێ رەوشتن"!کچەکەم لە ماڵەوە دەچێت بۆ مەکتەب،و لە مەکتەبەوە دەگەرێتەوە ماڵەوە هەتا سبەی دەرناچێت؛خۆی نایەوێت دەربچێت!!!
کەمال:هەی رەحمەت لە خۆشناوەتی!!

ئەو جۆرە بۆچونانە هێمایەکن بۆ ئەوەی کە ئەم بەیانییە مێژوو سەری لە قەبری بابی حەفتا پشتی دەنێت وکۆتایی پێ دێت!

کەسانێك پاش ئەوەندە ملیون ساڵە هێشتا وا درندەیانە بیر بکەنەوە،جوانی گوڵ و بەهار و خەونەکان دەشێوێنن؛ئەلوەن و ئاودەست لە یەك جیاناکەنەوە !

ئەلوەن چاوی گەشاوی ئومیدی خۆشەویستیە،بەلام بۆچونی ئەو جۆرە کەسانە لە گازە ژەهراویە تاقیکراوەکانی سەر باکور و باشورەکەی تاقانەکەم دەچێت،ئەوەندە کەسانی بەرێزن پێم دەلێن:

- جوێن مەدە،جوێن داین عەیبە !
- جەلادەکان خوێن مەرێژن !
- ئێژن:جوێن مەدە،خراپت بە سەر دێت !
- گەماڵ باوکەکان درۆ لە گەڵ خەڵکدا مەکەن !
- ئێژین بەسیەتی جوێن مەدە !
- تەرەسەکان خیانەت مەکەن !
- نەچۆ ئاستی جوێندان !
- پێلاوەکان دەست مەنێنە دەستی شەوە !
- کورە ئاگات لە دەمت بێت،جوێن مەدە !
- ئاڵچاخەکان لەشکرکێشی مەکەن !
- بەسیەتی ئیتر،لوتمان پڕ بووە لە تۆ !
- هەی خوێرێکان،موڵکی خەڵك ئاودیو مەکەن !
- دەمت زۆر شڕە،دەمت دەدڕین !
- کورە ناکەسەکان تاوانە وێنە لە گەڵ شەوە بگرن !
- مافی کورد وەردەگرین !
- مافی... وەردەگرن !
- زەرەر دەکەیت !
- لە خوارەوەی زەرەر دەژێم و دەشزانم جوێندان چەقۆیەکی کولە !

ئەگەر ئێوە بە راست دڵتان بە چوێندایِن دەشکێت،بۆچی ئەو هەموو تەرەسییە دەکەن؟ دایك و باوك و خوشك و برام دەکوژن،بێ نانیان دەکەن، بازرگانیان پێ دەکەن،کەچی هێشتا ئێوە قەڵس دەبن،لەوەی لە داخاندا جوێنی بێ دەسەلاتان پێ بدەم،...خوێن رشتن و جوێن داین بخەنە سەر تەرازو بزانن کام لایان قورس ترە ! ئەمجار دەمتان بکەنەوە،خۆتان بە کەسانی ماقوڵ دابنێن،و داوای کپ کرنی دەنگە بێ دەسەلاتەکەی من بکەن،کاکە من نامەوێت شەپرزەیی و مەئیوسی ببینم،ئەمە زۆرە؟ من تا لە ژیان بم و چەوساندنەوە هەبێت،بێدەنگ نابم !

هەر ئەڵێی کاتژمێری بیست و یەکە:شەمەندنەفەرەکە گەیشت بە وێسگایەکەی پاخدیۆ لییۆ، کابرایەك لەولاوە بە هێمایەك پێی وتم"تۆ دەبێ لە وێستگایەکە دەربچیت" لە دەرەوەش دوکان و کەفتریاکان داخراوبوون،نە بۆنی عەترە خۆشەکانی پاریس دەهات و نە چرا رەنگاورەنگەکان دیار بوون، برسێتی وسەرماوسۆڵی فرمان رەوایی دەکرد،بەو جلوبەرگەی بەرم بەرگریم پێ نەکرا،ئەو شەمەندنەفەرەی بۆ شاری گرینۆبل دەڕوات،بۆ لای فرانسواس،سبەی لە کاتژمێری پێنج و پەنجا دەقە دەکەوێتە رێ،ئەمەش ماوەیەکی زۆرە،بۆیە ناچار بووم لە بەردەم وێستگایەکە وەکو

ڕۆژە تەڵخەکانی ئەبو غرێب درێژە بە ڕێ پێوان بدەم،لەم کاتەدا دوو گەنج هاتن بۆ لام، داوای جگەرەیان لێ کردم،پاش نەختێك کچێك داوای چەرخی لێکردم، لەولایشەوە مامە پیرەیەك هات،دەماغی دابوو،قاپوتێکی ئەستوری لە بەربوو،بە چەماویەوە دەڕۆیشت،دەستی ڕاستی لە گیرفانە بەتاڵەکەی بوو و بە دەستی چەپی جانتایەکی سپی بەدوای خۆیەوە ڕادەکێشا و لە پاڵ دوکانەکەی تەنیشتی وێستگاکە ڕاوەستا،هەر بەراوەستاویەوە مابووەوە، پێدەچوو بە پێوەوە خەوی لێکەوتبێ!

پیاو دەتوانێت بە پێوە میز بکات یا ڕۆمانێك ناوی لێ بنرێت(ئێمە بە پێوە دەمرین) بەڵام نەمبینیوە مرۆڤ بە پێوەوە خەوی لێ بکەوێت،بۆچی هەیئە خاسەیە؟

نەخێر ئەوێ وێستگای لیێو پاخدیو بوو و بەو شەوە کۆمەڵێ کرێکاری جەزایەری خەریکی پاککردنەوەی بوون،دوو پۆلیسیش جلوبەرگی شینیان لەبەربوو و دەمانجەکەیان لە لا قەد هەڵگردبوو و سەرو کوتەکێکیان بە دەستەوە بوو وچاودێریان دەکرد،منیش ئارامم لێ بڕابوو و نەمدەزانی تا کەی دەتوانم خۆم لەو دۆزەخەدا ڕاگرم،چاویشم برایی نەدەدا ئەو بارودۆخە ببینم، ئەتگۆ کەسێك هەناوم هەپرون هەپرون دەکات،بە بێ دەسەڵاتیەکەوە لەوێ ڕاوەستابووم وبەزەبری شەق چاوم بەو شەرمەزارییەدا کەوت،بە بێ ئەوەی هیچ گوناه یا هەڵەیەکم کردبێت،بەبێ ئەوەی مەبەستێکی خراپیشم هەبێ لەو سەفەرە،ئەوەی ڕاستی بێت،برایەکی شرینم تەلەفۆنی بۆ کردم، وتی:کوڕی خوشکەکەم لە ڕۆمایە،دەتوانی بیهێنی؟

منیش ئەو برادەرەمە ئەوەندە چاکەی بەسەرمەوە هەیە،پێم وت باشە، پرسیار دەکەم،بزانم قاچاخچێکان چۆن خەڵك دەهێنن،منیش هەوڵ دەدەم بە هەمان شێوە بیهێنم،بەڵام یەك شت هەیە،وەك خۆت دەزانیت من پارەی سەفەرەکەم نییە،تۆ دەبێ خەرجەکەی بگریتە ئەستۆوە!بۆیە منیش بە نەزانی ئەو ڕێگایەم گرتە بەر...سەرباری ئەمەیش،نە دەمتوانی بیم بە ماڵ، نە دەمتوانی دەرگای وێستگایەکە بکەمەوە؛نەیش دەمتوانی چاوم داخەم نەکا خۆیشم خەوم لێ بکەوێت!!

پێمدەڵێن:بڕوانە دەرەوە

منیش دەڵێم:بڕوانە ناوەوەم!

ئەمە چ زووخاوێکە ئەڵوەن،ئەی عەزیزی باوان،"گوڵەگەی باوە" ئەڵوەن، ئەڵوەنی یاری بێ یاران ئەوا ئێستا دەمەوێت لەسەر لوتکەی زەمین بە دەمەوە ڕاکشێم و هاوار بکەم:بەسە!بەسیەتی ئیتر وا نەمام،یارانت وا بە چەماوییەوە لە پاڵ دیوارەکاندا بە پێوەوە خەویان لە چاو دەکەوێت!ئەویش هیچ ئاگای لە دڵە پڕ خوێن بووەکەم نەبوو،ئاگای لێ نیە وا من ئێستایش دەمەوێت بە پاڵ زەمین غل بکەمە خوارەوە، تفێکیش لە ڕووی ڕۆژ بکەم، پێ بڵێم:بۆ هەڵدێیت؟ کە یارانی ئەڵوەن شیوەن و ڕۆ ڕۆ بەشیان بێت،بۆ هەڵدێیت،بۆ ...بۆ ...بۆ ... بۆ،کە دڵخۆشکەرەکەت وا لە ناو تاریکاییدا بێت،با هەموو دنیاش ببێت بە تاریکی،با هەموو دنیا وردوخاش بێت!

(٥)

ئاخر بلێن ئەڵوەن بەم بەیانییە پرسیاری چی لە من دەکات؟ پاشان ئەڵوەن بە بێ ئەوەی پێویستی بەوە هەبێت بۆ سەر کەلات بڕوات، بەبێ ئەوەی پێویستی بەوە هەبێت لە شوێن پێ هەڵگرێك یا لە جادووکەرێك پرسیار بکات،بەو چاوە شینە ئەفساناویە دەگمەنەیەوە دەبینیت من لە کوێم، دەزانێت من لە ژێر هەمان ئاسمان و لە سەر هەمان خاکم،تەنانەت درەختەکان بە هەمان شێوە لە بەهاری تەمەن گەڵای سەوز دەگرن،منداڵەکان بە هەمان شێوە لە دایك دەبن،چاوەکان بە هەمان شێوە دەدرەوشێنەوە و ئەشك دەڕێژن،بە هەمان شێوە تای ئەویندارى دەیانگرێت،ئەوە نەبێت لە باتی عەودالْ بونی ناو چیا و دەشت و دەرەکان،دەبرێن بۆ نەخۆشخانە دەرونێکان،دڵە وێرانبووەکانی پەتای خۆشەویستی و جوانی کە ناچاری تەنهایی بوون کراون،بە زەبری دەرزی و دەرمان ئەوەندەی تر وێرانیان دەکەن...حەپ لە دوای حەپ،کاتێ حەپێك کارتێکردنەکەی تەواو دەبێت، حەپێکی بەهێزتریان دەدەنێ کە ئەویش سوودی نەمێنێت،دەستیان دەبەستن و دەیانبەن بۆ قاوشی تاکە کەسی،بە سورگی ئەستور و کلیلی زل دەرگاکانیان دادەخەن،هەر وەکو دەرگاکانی زیندانە تاکە کەسەکانی ناو ئەبو غرێب و ئاسایشەکەی باقوبەیە بەڵام نەختێ جیاوازی هەیە لە گەڵ زیندانە گشتیەکەی پۆلیسی باقوبە،لێرە ئەو منداڵانەی وا لە گەڵ دایکەکانیان زیندانی کرابوون خۆیان بە شیشی دەرگا ئاسنینەکەوە ڕادەگرد بۆ ئەوەی چاویان بە باوك و براکانیان بکەوێت وا لە بەشی پیاواندا،لە بەری ئەمبەریانەوە زیندانی کرابوون،لەو بەشەی وا پیاوێکی ئێرانی بە تۆمەی جاسوسی زیندانی کرابوو،تەمەنی لە هەشتاکاندا بوو،جێگایەکیان لە تەنیشتی ئاودەسەکەوە بۆ تەرخان کردبوو،ردێنێکی سپی هەبوو؛هەموو روخساری داپۆشیبوو،جلوبەرگێکی شڕی لەبەردا بوو،هەر بە کۆمی دادەنیشت،تەنانەت پێی نەدەکرا بۆ سەر ئاودەستیش بڕوات،لە سەر جێگاکەی دەیکرد بە خۆیەوە،رۆژی لێ کرابوو بە شەو تەنها ئەو کاتە نەبێت کە منداڵە شەش تا دە ساڵێکان لە دەورو بەری نیوەڕۆ بۆ سەر ئاودەست دەهاتن،بە حاڵ سەری هەڵدەبڕی و بزەیەکی خەندەی بۆ دەکردن؛مەگەر خەندەکەی ئەم لە خەندەکەی حوسێن نەشعە جوانتر بێت؛ئەتگۆ چرۆی دارە پرتەقاڵەکانە و دەپشکوێت؛جوانترین خەندەی سەدەی بیستەم،زۆر بە ماناتر لە خەندەکەی زۆربا ! "تۆ بڵێیت بیری

منالّی خۆیی کردبێت؟یا حەزی کردبێت ژیانی سەر لـە نـوێ وەك منـدالّێك دەسـت پـێ بکاتـەوە؟دەتگۆ بـرا بـە پـیری کـەژاوەوە دەڕوات!بـەلاّم ترسـی ئەوەیشـم هـەبوو،تیزی بـە ژیانـدا هاتبێـت و لـە دلّیـەوە وتبێتـی"هـەی قوڕتـان بەسەر،مندالّیتان وا بێت،دوارۆژتان چۆن دەبێت"ئەلّێی بزەی لێوی مندالّی ساوا بوو!مندالّەکانیش کوتومت لە مندالّە بارزانێکانی ناو زیندانی پۆلیسی هەولێر دەچوون،هەر ئەتگۆ سێوێکن کراون بە دوو کەرت"روخسـاریان لـە روخسـاری ئەلّوەن دەچوو"ئەوە نەبێت مندالّێتیان لێ زەوتکرا بوو،پرۆتێستۆشـیان بکرایـە دوا هەناسـەیان لێ زەوتـدەکرا، بـەلاّم لێرە ئەوەی پرۆتێستۆش بکـات،دەرزی خـەوتن یـا دەرزی " هێمنکـەرەوەی"لێ دەدەن،گرفتـی زۆربـەیان بریتیـە لـە پێویستیان بە پەیوەندیە کۆمەلاّیەتیەکانەوە!

عادل وتی"ئەو نەخۆشخانەیەی کارم تێدا دەکرد،پڕ بوو پڕ،جێگای کەسێکی تری تێدا نەمابوو".هـەروا دەلّـێن گوایـە د.غـازی لـە نەخۆشـخانەیەکی وا کـار دەکات،ئێسـتا ئـەمیش وەکـو نەخۆشـەکانی لێ هـاتووە،دوریش نییـە ئەمـە پروپاگەنـدەی ناحـەزانی بێت،هەرچـەند ئەگـەر وایشـی لێ هاتبێـت مەسـەلەیەکی زۆر ئاسـاییە،جا مـرۆڤ بـەو هـەموو نەزاکەت وخۆشەویستیەوە چۆن بەرگەی شتی وا کارەساتاوی دەگرێت؟ هەندێ کەس دەگێڕنەوە کوایە" ئەم جێگایە بـە هـۆی تێنەگەیشـتنێکی بەرێکـەوت و نالـەبار هاتووەتـە ئـاراوە، بۆیـە بـووە هـۆی ئـەوەی لـە پەنجـەی خـاوەن دەسەلاّتدارەکانیانەوە خـوێنی ملیونـان مـرۆڤ چـۆڕە بکـات؛جێ پەنجـەی دەسـتیان لـە بـاکوری ئـەلّوەنیش دیـارە و باکیشیان پێوە نییە"

حەمید:تۆ نمەك حەرامی،بوختانیان بۆ هەلّدەبەستی ئەم قسانەی تۆ،بۆنی دەعایەی شوعێکانی لێ دێت!
هۆشیار:خەرەگە مەمرە وەهارە ...خەرەگە مەمرە وەهارە!

ئەی من لێرە چی ئەکەم؟ ئەی هاوار کێ منی بۆ ئێرە هێناوە،بە خەویش نیازی جێگـای وام نـەبووە،دەلّێن"بـەرد لـە جێگای خۆی قورسە"
بەلاّم من نە بەردم و نە جێگاشم هەبووە،تەنها دوو دەستی ماندووم هەیە، هەست و سۆز و ویستەکانم هیچ بایـەخێکی بۆ دانانرێت... نەخێر ئەمە من نیم،پێم وا بێت من ون بووم،ئەرێ ئێوە خەلّکینـە لـەو رێگاوبانـە منتـان نـەبینیوە؟من یەکێکم لەوانەی وا لە گەلّ دابەشکردنی مولّکایەتی،لە گەلّ ئـەوەی ژیـانم وا بـەو شـێوەیەی بـەڕێوەوەم دەبـرد لێیـان زەوت کردم و هەتا ئێستا سوخرەکاریم پێدەکەن،لە نامویدا دەژێم،بەروبوم نـەما بەبەرهـەمی نـەهێنم،خاك نـەما بـە گاسن داینەڕوشێنم،شەقام و خانوو وکارگا نەما بە منی دروست نەکەن،کورە ئەوەی بەرچاوتان دەکەوێت بە ئـارەقی ناوچەوانی من بەرهەم هاتووە و بەرهەم دێ،من وا ئێستاش لە پێستی خۆمـدا نـەماوم،من نـازانم کێم،هـەر جارێـك بـە ئارەزوی خۆیان ناسنامەیەك بە ژمارە و ئیمزایەکی نوێم بۆ چاك دەکەن،منیش هەر ئەوەندە دەزانم دوو دەستی کـارم پێوەیە، بەلاّم لە بوارێکدا بەکاریان دەهێنم،بواری من نییە،ناو لەپم بە هیچ ناو لەپ خوێنێك ناخوێندرێتـەوە،جا چـی بۆ خوێندن بدۆزنەوە؟هەر توشـی سـەر ئێشـە دەبن،هـەر هێلّێکـی بـەرەو لایـەك سـەری نـاوە، دوور نیـە کـابرا خـۆی بدۆزێتەوە ...رێکەوت نییە ئەگەر بلّێم هەمان شت رووبەرووی شوێن پێ هەلّگریش دەبێت،ئەمیش لە نـاو ئـەو رێگـا و بانانەی پێدارۆیشتوم وێلّ و سەرگەردان ئەبێ،مەگە قەرەچەکان یا حەوت خوشك و براکەی ئەم بەر و ئەو بەر، رێگـای گەڕانەوەی بۆ مالّەوە پێشان بدەن،کەچی ئەوان کۆت و زنجیرم دەکەن، دەمسوتێنن،لە زیندانم دەئـاخنن و قـەنارەم بۆ دادەمەزرێنن،دەلّێن شتێکیان داهێناوە لەش دەبڕێت،گولە بـەنی هـیچ شـێخ و مەشـایەخێك رێـی لێ ناگرێت،هـەروا

دەڵێن ئێستا زۆر مۆدێرنتر بیردەکەنەوە،لە بری دەرکرنی چەند کەسێك لە سەر کار،ئێستا فێربوون بە کۆمەڵ کرێکار دەردەکەن" دەزانن کرێکار حەزی لە کرداری کۆلەکتیڤانەیە"لە سەنتەری شارستانیەت ناویان لێ ناوە سەردەمی پۆست مۆدێرن،گوایە زۆر بەزەییان بە مرۆڤ دێتەوە،بە دیتنی خوێن،دەرژێنەوە،بە بیستنی هاواروداد قەڵس دەبن،بۆیە بۆمبی لە ناوبردنی بە کۆمەڵیان داهێناوە، بە جۆرەها چۆنایەتی،هەموو زاناکانیان بەڵێن دەدەن و سوێند دەخۆن کە بۆمباکانیان هیچ ئازارێك ناگەیەنێت،ئەوەی بەری کەوێت یا هەڵی مژێت وەکو منداڵ خەوی لێ دەکەوێت،بە هەمان شێوەش دڵی تاقە کەسیشیان نەشکاندووە"تاقە کەس و موڵکەکەی بوونێکی پیرۆزە"،زۆر بە مەعریفەتن،ئەی چۆن،مرۆڤیان شەرمەزار کردووە،دەبێ هەموو کەسێك لە جێگای خۆیەوە ستایشیان بۆ بکات؛بە زبانی خۆیان بڵێت:براڤۆ،زێر گود،دانکە،فیلن دانك ! !

لانکەی شارستانییەت دەرزی ژەهراوی بەبەهایان هێناوەتە ئاراوە،لەمە باشتر هەر نییە،پێش ئەوەی لە کەسەکەی بدەن،دەییەن بۆ ژوورێکی چوار گۆشەیی سپی ڕەنگ،لە ناوڕاستەکەیدا جێگایەکی تایبەت بە مەراسیمی بەڕێکردنی هەتاهەتایی رێکخستووە،ناخۆشێکەی هەر ئەوەندەیە هەتا دەستەکان بە دیوی خۆیان بە قایش توند دەبەستن و قاچەکان لە تەنیشتی یەکەوە بە هەمان شێوە توند دەکەن،هەر ئەڵێی فیستیڤاڵی لە خاچ دانە،لەم چرکەیەدا مرۆڤ دەمرێت،ئەوەی لەپاشاندا دێت ختوکەیەکی بچوکە و هیچی تر،هەموشمان دەزانین ختوکەدان چەند خۆشە... خت ... خت خت ...خت بەبە گیان ... پێبکەنە بۆم ڕۆڵە گیان ... وا رۆژ هەڵهات بۆ ئەلوەن ... بەڵکو ببی بە باوان ... بۆ منالآنی گشت جیهان ... خت خت ... ها ...ها ... ها ...ها !

تۆ بڵێیت ئێرە ئەستێرەیەکی تر نەبێت؟ ئامان برا ئامان،لەم ناوە چی روونادات؟ دایك وباوك گەوادی بە سەر ساوای ناو قومات دەکەن ! !

لۆژیکی چەك دروستکردن وبازرگانی رێگا بۆ ئەو جۆرە درندەییەش خۆش دەکات،لە پشتیانەوە خواوەندی قازانج راوەستاوە و فرمانرەوایی دەکات، بووە بە هۆی ئەو رەوە ملیونیەی وا مرۆڤەکان لە باشوری ئەلوەنەوە رووەو باکور رێیان گردەبەر و سورکێو و فەرهاد،دووکوڕەکەی میمکە گوڵبەهار ئاشنا بوون بە کەنیشکەکەی مام سیرڤینۆ تیراپیکی دانیشتوی گەڕکی فێنزەویلا،بەوبەری ماڵی قادر چکلێتی و کەنیشکی خالۆ لەیتۆن مۆرکای،ها کاتی خۆی هاوسێی ماڵی حەمە لەڕ بوون لە تەنیشت چاخانەکەی فەرەج لە کۆڵانی نیکاراگوا،کورە باوانت شێوێ چۆن نایانناسی،ئەمانە ئەلوەن زادەن، ئێستایش هەر رەنگ و بۆی ئەلوەنیان پێوەیە سەرەرای کۆچی پێش وەختی باپیرە گەورەیان لە دەوروبوری سەدەی سێهەم،دەگێرنەوە"ئەمانە ئێستاش بە رووبارو ئاو دەڵێن ئەلوەن"!خۆ وەکو بەکر نین بڵێن" کەنیشکێکم ناسی، ئێژن جارێ نەتەقیاگە "یا وەکو ئامەدی و کوڕەکەی عەبدولمەلیك و عەبدلجەعفەر نین خەریکی قاچاخچێتی بن،بە خوێنی خەڵك ئاڵتون لە دەست و مل بکەن و سوێند بە کوردایەتی،بە رەنگی زەرد؛بە سەوز بخۆن، بازرگانی بە رەوەبووەکان بکەن وا ئێستاش لە سەرە رێگادان بەرەو باکور!

ئەمانە دەڵێن"کاکە ئێرە دیموکراتیەتە،دیموکراتیەت وە شەرت چەقو،مرۆڤ ئازادە !

دەڵێن:کاکی خۆم قاچاخچێتی بە خراپ دەزانی،مەیکە،ئاخر بە تۆ چی، بۆچی ناوی خەڵك بە خراپی دەهێنیت؟هەقت؟حیسابت؟چ ئیشێکت هەیە !

دەڵێن:جەناب بۆ ئاگاداریت،ئێمە چاکە و پیاوەتی بۆ خەڵك دەکەین،کورد لەو بەدبەختیە رزگار دەکەین... !

ـ یەڵلا، نەفەر لە ئۆکرانیاوە بۆ ئەڵمانیا بە دوو هـەزار دۆلار"پارەکـەی لـەوێ تحـویلی ژمـارەی برادەرێـك دەکەن،ئـەو تەنها پیاوەتی دەکات!

ـ ئەرێ تەنها پیاوەتی،کورێکی زۆر دڵسۆزە بۆ کورد،هەقی بە کاری قاچاخچێتیەوە نییە!

ـ لە یونانەوە بۆ ئەڵمانیا بە سێ هەزار دۆلار!

دەڵێن:رێگاکە سەختتر بووە،کۆنترۆڵ زۆر بووە"لە ئەڵمانیاوە بۆ سوید بە ١٥٠٠ دۆلار بە نرخی کرِینی لە بانق!

ـ بە ئۆرۆ نابێت؟!

ـ . من بۆ کۆنکان دەچم... تەقیم!

ـ شەڵلا هەلا هەلا بیت.

ـ قاچاخچییەکیان وتی:ئەم کارە،کاری گەوادی و بێ ناموسییە!بەلاّم زێرە،زێر!

لەولایشەوە هەر پێنج مارکی دەخرێتە ناو جیهازی یاری قومارکردنەکەوە، کابرا بە هەموو مێشکیەوە دەیەوێت تەقڵـە بە کۆمپانیاکانی جیهازی قومارکردن بدات"

ـ بۆ دەنیمارك بە ١٢٠٠،کاکە ئەگەر پەیمانی ماستریشت نەبوایە،وەڵلاّهی بە سەر هەردوو چاوم بە نیوەی ئەو نرخە برا کوردەکانم ئاودیو دەکرد،بەلاّم ئەڵێی چی هەی کەر لە قوزی داکی ماستئەحمەد و ماستهەولێرو سلیمانێ!

ـ برام ئەوەی بگیرێت ٢٠٠ دۆلاری دەدرێتەوە!! ...

هۆشـیاری دامـاویش سـەر دەهێنـی وسـەر دەبـات ئـەڵوەنی هەیە،ئـەمیش بـە قـەد بـالآجووی لێ هـاتووە و دەسـتە قلێشاوەکان شاهی شاهانێتی،لەبەر خۆیەوە وتی "پە کووو،ئیجا بەو ئـەی خـەرە لـەی خـەرگاوە دەرکە،قەرزاریشـم دەکەن، برا بویشنە پێم،نەفر بە چەن ئەوەن بۆ دەربەندی هرمز لە پێش و پاش رزگارکردنی؟"

دەڵێن ئەمانە میز بەسەروچاوی ئەڵوەندا دەکـەن وپاشـان بـەردی تێـدەگرن و بـە خـەیاڵیشـیان نایـەت!لـە هاوینـاندا منداڵەکانی ئەم بەر و ئەو بەر بۆ سەر ئەڵوەن دەچوون و لە گەڵیدا یاریان دەکرد،بەردی پانیان دەدۆزیەوە و یـەك بـە یەك هەڵیاندەدا،بزانن بـەردی کـێ زیـاتر ماچـی رومـەتی دەکات،یەکـەم مـاچ زۆر خێـرا بوو،لـە دوا ماچـدا بەردەکـە و ئەڵوەن یەکتریان لە ئامێزدەگرت، براوە ئەو کەسە بوو بەردەکەی ماچێکی زیاتری بکردایە!

بەلاّم لێرە بەردی پان دەست ناکەوێت و نامۆن بە ترادتسیونی ئەم یاریە،کورە تـیلا هەمویشـی هەبێت،ئـەڵوەن دیـار نییە،لە ناو گلێنەی چاوە، کە دەیهێنێ،سەردەکەوێت بەسەر چیا هەزار بە هەزارەکانی ئەلپ ودەشت ودەرەکانـدا تـا دەگات بە کەناری خۆی،بۆ ئەو جێگایەی وا جاران محێدین ڕاوە ماسی دەکرد،لەوێدا دەبێ بە تەنافێك بۆ جلوبەرگ بە ناهـەق مانـدوو وخوێناوێکـانی هەرسـۆگۆڤینا وئـەلبان و سـرب وکـروات و کـورد و عـەرەب و تـورك و فارس،لـە پـاش نیوەروانەکاندا دانیشتوی ماڵە قورەکەی سـەر سوچـی رێکـای قاچـاخجیە پاسـکیل سـوارەکانی رێگـای تۆڵـەفرۆش و یوسف بەگ، قاتیان دەکرد و دەیانخستە ناو ئەو بوخچانەی وا (عەمە) جۆرەها وێنەی رەنگاورەنگی کەڵەشێر وکچـی جوان وفریشتەو ئەستێرەی لەسەر چنیبوو،لە ماڵەکەی سەر رێگای حەمامی پیاوان و ژنان؛دیواری سەر بانەکەی وەك زۆربـەی خانووەکـانی شـارەکە زۆر نـەوی بوو،ژوورەکـەی پێشـەوەیان دوو تـاقی بچـوکی شوشـەیی پێوەبوو،هـەموو رێگاکە تادەگات بە چایخانەکان لێیەوە دیار بوو،لە ناوەراستیدا دارەخورمایـەکی بەبـەر هەبوو،نزیکـەی بیسـت و دوو کەسی تێدا دەژیا؛سێ خێـزان و نـەنکێکی بـە تەمـەنی هـەر سـێ خێزانەکـە؛ هـەموویان لـەناو شـەش ژووری بچـوك و تارادەیەك تاریك جێگایان دەبووەوە؛ کەچی جارێکیان لێـرە دوو ناسـیاوم بـە مێـوانی هاتن،کرسـتینا خـان وتـی:مـن ئەسراحەتم لێ بڕاوە،جێگام نییە تێدانیشم!ماڵەکەش پێنج ژوور و موبەق و باخچەیەکی گەورەی هەبوو!لەبەر ئـەوەی

ئەدیبە بە بەرگدووری تا رادەیەك ژیانی شەش کەسی مسۆگەر دەکرد،ماڵەکە بەبەردەوام قەڵەباڵەغ بوو،بێجگە لە مێوان و هەراوهوریای سێزدە منداڵ!

(٦)

دەڵێن گوایە من یەکێکم لەوانەی وا لەم جیهانە کاولکراو وپان وبەرینەدا بۆ خۆیان دەگەڕێن"من بۆ ناتوانم بە شێوەیەکی ئاسایی بژیم؟ بۆچی ناتوانم رۆژێك لە خەو هەستم و بە رووخۆشیەکەوە پەیمانی ئاشتی لە گەڵ گەردوون ببەستم؟ ئەم گەڕانە هەتا کەی،ئەڵێی سەگی پا سوتاوم! ؟ بۆچی دەبێ بۆ ئەلوەنی گلچژەم بگەڕێم؟بۆ ئەلوەنێك نە قبوڵ دەکات فەرمانرەوایەکی لە سەرەوە بێت،ونە فەرمانرەوایی بەسەر کەسێکەوە بکات!

ئەم پرسیارانە وای کردووە بکەومە گومانێکی زیاتر"خەڵکی ئێرەش بە هەمان شێوە لوت وگوێ وبرژانگیان هەیە"بۆچی ئێرە کوێیە؟چ تایبەتمەندییەکی جوانی هەیە تا ببێت بە ئاوات یا وەك دەڵێن بە پەناگا؟هەر بەراستی سوارە بۆ ئێرە هاتووە؟ لێرەیە؟ یا لەوێیە ومن خۆمم لە لای ئەو حەشار داوە؟" ئەگەر ئەمن و پۆلیسەکان پێ بزانن،هەم ئەو دەگرن وهەم قوڕی (دیمادن) بە سەرم دەکرێت؛بە قاچاخچیم لە قەڵەم دەدەن و دوو ساڵی تر زیندانیم دەکەن،بە ناردنی نامە لە دوای نامە ڕۆحم دەردەکەن،هەمویشی نامەی سزادانە،بەڵام ئەوەندە بەرێزەوە دەینووسن پیاو خەجاڵەت دەکەن:جەنابی زۆر بەرێز...و لە کۆتاییدا دەنووسن لە گەڵ باشترین سەڵاو!لە نێوان ئەو پێشەکی و کۆتاییەدا قازوخێکیان تاشیووە و دەبێ مرۆڤ بە خۆیشی،بە هەموو رێزێکەوە وەریبکرێت!

لە ناو ئەم دەرد وسەرشێواویەدا دەبینم سوارە لە حەیبەتاندا حەپەساوە و نازانێت چی بەسەر هاتووە،لەوە دەچێت بۆ وڵامێك،روونکردنەوەیەك بگەڕێت منیش بە بێ ئەوەی بە خۆم بزانم،لە سوچی تەنیشت تەلەفۆنەکەوە دانیشتم وەك

بلێی چاوەڕوانی تەلەفۆنێکم،چاوم لەسەر گوێگرەکە بوو و بە پەنجەکانم دەمدا بە سەریدا ...کلاودیا خێراکە دەی،بۆ ژمارەکەم لێ نادەی، چاوەروانم تەلەفۆنم بۆ بکەی!ماوەیەکە دەنگت نییە،منیش بیرت دەکەم، هەرچەند دەزانم تۆ یەکسەر بە گلەیی وباسە درامێکان دامدەگریت!

لە وەتی دەیناسم پێم دەڵێت:"من تەنهاییم زۆر کێشاوە،چیتر نامەوێت بە تەنها بم،تۆ نازانیت تەنهایی چییە"!...
ئەرێ ئەم کابرایە چی دەڵێت؟ هەی قوڕ بە ئەقڵی،من کەی بە تەنها نەبووم،ئەی لەوە...!
ئەوان رەش بین بوون لە هەنگاونان بۆ پێشەوە،رازین بە بەسەرهاتەکەیان،تا پێیان بکرێت لە گەڵ رۆژگار جۆر دەبن،نارازیش بن،هەر بە پاسیف روو بە رووی دەبنەوە!بەڵام من بە هیچ رازی نەبووم و نابم،هەر بە هیچ،دووریش نییە ئەمە هۆی هەموو تەنگوچەڵەمەکانم بێت،هۆی لۆژیکی یاخیبوونی بەردەوامم،دۆڕاندنی بەردەوامم لە کێشە جیاجیاکاندا کە هەر هەموویان بە یەکەوە بەستراونەتەوە و رەنگە رۆژێك لە رۆژان گرەوەکە بباتەوە!

کلاودیا:من بە بێ تۆ ناتوانم بژیم، من تەنها لە باوەشی تۆ بم،تەنها بۆنی تۆ بکەم،لە تەنیشتی تۆدا بنووم هیچی ترم ناوێت،من تۆم خۆش دەوێت، ئەمەش گەورەترین و بەهاترین ئەکتە لە ژیانم ...
پێیدەچێت لە من تێنەگەیشتووە،من لە گەڵ تەنهایی راهاتوم،هەردوکمان یەك واتا دەبەخشین،هیچم ناوێت غەیری جیهان وهیواکانی ئەڵوەن!ئەو منی خۆش دەوێت،منیش وڕی ئەڵوەنم!ئەمە بەمنەوە دیارە،هەر وا خۆیشم نە دەمەوێت بیشارمەوە و نەیش پێم دەکرێت بیشارمەوە!

- کێ بۆی هەیە لە ئەڵوەن بخواتەوە؟
- هەموو کەسێك،هەموو مەلێك،هەموو دەشت وچیا و دەرێك!
- کێ بۆی هەیە لە تەنیشتیەوە دابنشێت؟
- هەموو کەسێك،هەموو سروشت،هەر دەربەدەرێك!!
- ئەڵوەن لە کوێ کۆتایی پێ دێت؟
- کۆتایی نییە،بەناو هەموو ماڵێك دەچێت،لە هەموو جیهان و لە ئاسماندایە،دەبێ بە باران و بەدەستە ئاویەکەیەوە بەهار بۆ دنیا دەهێنێت، هەتا چاو بڕ دەکات سەوزایی،سەوزایی،سەوزایی دەبەخشێت!
دارو درەختەکان بە هۆی ئەڵوەنەوە دەتوانن راوەستن و سێبەر بە مرۆڤەکان بدەن،ومەلەکان لە سەریدا لانە بکەن!تەنانەت لە هەرکوێ ئاگر لە ماڵی کەسێك بەربێت،پەنا بۆ ئەڵوەن دەهێنن،ئەو ئاگرە بێ ئامانە دەکوژێنێتەوە! هەموو هێز وتوانا وسۆزی بۆ ئەوەیە وا ئەڵوەن لە چاوەکانیدا خوڕە دەکات!

- ئەڵوەن موڵکی کێیە؟
- موڵکی هەموو کەسێکە،هەموو گیان لەبەرێك و شتی ئەم زەمینە کە وا بە دەست دروستکەری شەوەوە بە شێوەیەکی چاوچنۆکانە دابەش ولەت لەت کراوە!

ئەو منی خۆش دەوێت،منیش، منیش،سۆز و هێمنی وشڕی و دەستەپاچە بوونەکەیم خۆش دەوێت،بەڵام کە دەڵێم،من گیرۆدەی دەستی ئەم بەیانییەم، ئەو لە من تێ ناگات...ئەزانی چی،ئەم جارە،تەنها ئەم جارە پێ بگەم،

وەکو ئەسپ سوار،سواری قامیشێك دەبم و لەم سەریەوە بۆ ئەو سەر،لەو سەریەوە بۆ ئەم سەر رادەکەم،ئەگەر نەخۆشیش کەوتم،دەچم بۆ لای مەلا حەمە،ئەگەر ئەمیش هیچی پێ نەکرا،دەچم بۆ لای قاسم ئەقرەو حەکیمی گەورەی شارەکە،یا ژێر پیاڵەیەك لە ئاوەکەی ئەڵوەن دەهێنم ولەبەر خۆمەوە دەڵێم"بە ناوی ئەڵوەن،بە ناوی ئەم بەر و ئەو بەر"ئیدی یەکاویەکە،تەنها ئەم جارە دەستم پێ بگات،لە بەیانیاندا پێش ئەوەی بۆ سەر کار بڕۆم، یەکەم جار چاو و دڵم بە ئاوەکەی ئەڵوەن رۆشن دەکەم ......

ـ کلاودیا،ئێ،چاوەڕوانی چی دەکەی،دەوەرە !

من هەرچەند پێم وتووە لێم گەڕێ لێ،من نامەوێت پەیوەندیم هەبێت،زۆر توشی گێچەری بوگم،دەمەوێت بۆ ماوەیەك بە تەنها بمێنمەوە !

کلاودیا:دەتکوژم ئەگەر لە گەڵ کچێکی تر بتبینم،تا من دۆستێکی نوێ نەدۆزمەوە،تۆ نابێت لە گەڵ ئافرەتێکی تر بیت...

ـ ئەرێ بۆچی ئەم ئافرەتە بیر لە کوشتن دەکات،قسەی قۆر!ئەمە گوایە بە ئازادی بیرورا گۆشەگیرکراوە،پاشان ئەو مافی هەرەشەکردنی وای نییە، دووریش نییە لە بەر ترس لە تەنهایی وا دەڵێت،ئاخ!بەراستی نییە !...

ئەو لە گرفتی هەست بە نامۆیی من ناگات...منیش نازانم بۆچی ئێستا لە قسەکانی خۆم پەشیمان بووگم،نەخێر پەشیمان نەبووگم،بابڵێم خۆشم دەوێت،بەڵام پەیوەندی و خێزان،منداڵ دروستکردنم ناوێت،هەزار و یەك جار پێم وت،ئۆباڵی کەم وکۆرێکان بە گەردەنی خۆت،من نامەوێت بە کارت بهێنم،من هەموو ویست و نیازەکانم وەك خایە پاك کردۆتەوە،تۆیش بە ئارەزووی خۆت بکە،بەڵام ئەو رکنە ولە من ناگەڕێت،دوو منداڵم هەیە لێیان زەوت کردووم،کە چی ئافرەتێکی شارستانی وەك ئۆلی خانی پوری منداڵەکان کە نزیکەی چل ساڵ دەرسی بە منداڵ وتووە؛مووی سەری هەمووی سپی بووە،دەڵێت"ئیلیزابێت!کچێ وریا بە،ئەم کابرا رۆژهەڵاتییە منداڵەکان دەدزێت و بۆ وولاتی خۆی رادەکات"!

ـ رۆژهەڵات زۆر گەورەیە و فرە رەنگە !لەبەر من هەموو رۆژهەڵات خراپ مەکەن!مرۆڤەکانی ئەویش وەك ئێرە زۆر جیاوازن!من مەبەستم ئەوە نییە، بلێم بۆچونەکەی ئۆلی راسستانەیە،نەخێر!بۆ چی وتووە؟ بۆچونەکەی زۆر ئاساییە و هەموو رۆژێك بە سورەوکراوی،بە برژاوی،بە کوڵاوی گوێم لێ دەبێت!

هەروا نەك تەنها ئەم خانمە خاوەن شکۆیە، زۆر کەس بە پاڵ پشت و بە گوێرەی یاسا و بیری باوی کۆمەڵگای ئێرە تەماشای منداڵ دەکەن وەك چۆن تەماشای کاڵا دەکەن!

دایکان دەڵێن:منداڵەکان هی منن!

باوکان دەڵێن:منداڵەکان هی منن!

بە دەگمەن گوێ لە منداڵ دەگیرێت،بە نەفام و بوکە شوشە دادەنرێن،کەس لێیان ناپرسێتەوە ئیلا کاتێ تەمەنیان گەورە دەبێت باشتر نیە گوێ لە ویستی منداڵەکان بگرن؟منداڵ هەمو شتێك تێدەگات،کەسایەتیەکی تەواوە و دەبێ رێز لە بیروڕاکانیان بگیرێت،کۆمەڵگا دەبێ لە حاڵەتی مەترسی لە گەشەنەکردنی خولقێنەریان دەخاڵەت بکات،هەروا دایك وباوکێکی زۆریش هەن دزی لە منداڵەکانی خۆیان دەکەن،ئەو پارمەتیە کەمەی بە منداڵ دەدرێت بۆ منداڵ خەرج ناکرێت،دەدرێت بە قومار و فیزکردن،راستە منداڵەکان لێرەن،بەڵام بەداب و نەریتی ئەوێ هەڵسوکەوتیان لە گەڵ دەکەن،بە تایبەتی لە گەڵ کچەکان،مرۆڤێکی بەرز وەك سیروان نەبێت بە رێزەوە لە گەڵ کچەکەی هەڵسوکەوت دەکات،هەندێ کەسانی خوێری نەبێت لە دواوەوە قسە بەتاڵەکانیان دەڕژێنەوە.بە کلاودیا خان دەڵێم پێکەوە ژیانم ناوێت،بارودۆخی ئێرە ئەوە هەڵناگرێت،بە ئاشکرا وبە دزیەوە زۆر لە هاوسەرەکان"بە رەش"دەڕۆن،بە دەگمەن دانی

پـێ دەنێن،ئـەوەش گـرنگ نییـە، گـرنگ ئەوەیە،لـە چـرکەیەکدا ژنەکـە یـا پیاوەکـە خۆزگـە بـۆ کەسـێکی تـر دەخوازێت،هەیشە دەڵێن"لە دەرەوە هەوەس کۆبکەرەوە و لە ماڵەوە لە گەڵ هاوسەرەکەت بەکاری بهێنـە"...بـەڵام ئێستا من وا بەم بەیانییە خۆزگە دەخوازم کلاودیا تەلەفۆنم بۆ بکات،ئای گەر بزانێت ئێستا وا هەمو بەدبەختێکان بـە جارێك بە سەرم دەبارێن وشپرزەم دەکەن،لە خۆشیاندا بەفرین بۆ لام دێت،خواخوایەتی نوزەیەکم لێوە دەرچـێت بـۆ حاڵی پەرێشانم،دەستم بەسەردا دەهێنێ،تێرتێر بە لێوە سورە ئەستورەکەیەوە ماچم دەکات،ماچی دەکەم،هـەتا لـە ناو یەکدا دەتوێینەوە،ئەوسا هیچم لە بیر نامێنێ...ئەوە نەبێت دەنگێك لە ناخمەوە بەرزدەبێتـەوە،و دەمباتـەوە بـۆ لای ئەو:نەدەکرا لە لای ئەو بمابام؟کام نەحسی؟کام دەرد،کام چاوی پیس بەهاری ئەوینمی دایە بەر چەقۆ؟

بۆچی وا رێك نەکەوت،پێکەوە لە گەڵ ئەو"لامەسەبە"هەمووکەلـە شـەقێکانمان بکردایە؟بـە سـنگێکی پـڕ هیـواوە بـە رووی مەرگدا بچین،بەرووی رەهێڵ و شەوەزەنگ،بەرووی سنورەکانن بەرووی شەوە و زیندانـەکان؟کاتێك لـە دورەوە یەکترمان دەبینی چاومان دەگەشایەوە،لە خۆشـیانەوە هـەر پێدەکەنین،بـە دڵـەوە پێدەکەنین،ئـەوا ئێسـتاش بـزەی لێوم دێت،چ سۆزێکی سەرشێتانەیە... ئێستا ئـەو سـۆزە بـووە بـە شـتێکی تر،پیاهەڵـدانی ناکرێـت...هـەر ئەوەنـدە دەزانم کە فایەق پرسیاری ئەوم لێ دەکات:ئەوین چۆنە؟

دەڵێم:باشە ... باشە بـاش،بووە بـە پـەری دەریاکـان و منـیش دەریـاوان...بایـەکی فێنـك و سـازگارە لـە دەشـتاییە بەرینەکانی باکورەوە هەڵدێت... منیش رۆژباشی لێ دەکەم،لە یادمە،ئەوینی دابەش دەکرد بەسـەر رەگ و ریشـە بـێ کۆتاییەکانی دارە بەرزەکانی کەڵکەند.گوڵەکان لـە لێـوی سـووری ئەوینەکـەم رەنگیـان سـوور دەبـووەوە" ئەوەنـدە سـوور دەبووەوە،هـەتا خـوا بێـژێ"ئـەمجار نمـە بـارانی ئاسمانـە دوورەکـان دەباری،بـا بڵـێم ئاسمـانیش ماچـی دەکردین!باران، هەر ئەو بارانە بوو چیتر نەباری!

- چۆن؟ بڕوا ناکەم،لە کوێ شتی وا هەیە؟چەندین خۆشەویستی کەیشت هەبوو،هەر جارێکیش دەگۆ:خۆشیم دەوێت! هەمویانم بە خۆشەویستیەوە لەئامێز دەگرت،ماچ دەکرد،بەڵام لە گەڵ هەر هەموویان"خیانەتم"دەکـرد و دەیکـەم:لـە خۆشەویسـتی ئـەوەوە یارەکـانی تـر خۆشدەویست،هەموویان دەیناسـن،رەنگە لەسـەر شـەقام بڕوات،بیناسـنەوە،و چۆنی و چاکەی لە گەڵ بکەن! !لە خۆشەویستی لە ئامێزگرتنی ئەوەوە هەر شۆخێکی تر لە ئامێز دەگرم!یەکەم جار ئەو بوو،ئافرەتێك لە خەیاڵ و مەستی!پاش رۆیشتنەکەی،سەڵاو لە هەر وەنەوشەیەکی دڵدار!

بۆچی دەبێت بەم بەیانییەدا دەستە ماندووەکەم بە بان سەرم دابنێم وچاوم دابخەمەوە وهاوارێك قورگم بگرێ ؟ ..

هیچم لە بیر نەماوەتەوە،شەقەی باڵی کۆترە تەقڵەبازەکانی ئاسمانی ئەم بەر و ئەو بەر نەبێت وچۆن لە خۆشیاندا لـە ئاسمانی سەر لانەکەیان تەقڵە لە دوای تەقڵەیان لێدەدا،کە دادەنیشتنەوە لە ئاوەکەی ئەڵوەنیان دەخواردەوە!

ئاخر تۆ کەی لانەت هەیە،هەی بێ لانە،زەمانێکـە لانەکـەت شـێواوە؛عەزیز و یـاران لـە شـارە دوورەکانـدا تـەفروتونا بوون؛کەلاوە شرکەی باوانت روخا... کلاودیای خۆشەویست شەوی تۆش باش....

تۆ بڵێیت لە قەراغی ئەڵوەن دانشتبێتم؟ تۆ بڵێیت جێ گۆرکییەك رووی دابێت بە خۆم نەزانیبێت؟

ئەوەی منی لاڵ کردووە و یەکی خستوم ئەوەیە بۆچی ئەڵوەن ڕێك لەم بەیانییە شومەدا ئەو پرسیارە پڕ زەبرەم لێ دەکات؟ئەی ئەو بۆمبایە بۆچی بەم بەیانییە تەقیەوە؟ ئەی سوارە بۆچی بەم بەیانییە لەسەرم حازر بووە؟ من لە کوێ،ئەو لە کوێ،هەموو پرسیارەکانیش لە گەڵ تەقینەوەی بۆمباکە،یەك لە دوای یەك تەقینەوە !

ـ من خۆزگە بەوێ دەخوازم،ئەویش بۆ ئێرە هاتووە !

من ئەڵێم:ئەمرۆ لە کاتژمێری...و... دەقە...لە چرکەی...کاتی گەڕانەوە هاتگە !

سوارە:لە هەمان کاتژمێر خەڵك بە لێشاو دەڵێن"لەم کاتەدا،کاتی ڕووەو هەندەران هاتگە"،دەشت و دەرەکان پڕن،لەشکرێك بە نهێنی لەسەرە ڕێگایە بەرەو باکور...

من دەڵێم:رۆژ باش

سوارە:کەمال وەت" شەوە روژمان کردییە وە شەو!

من دەڵێم:...

سوارە:...

پاشان ئەگەر بە سوارە بڵێم ئەمرۆ بۆمبێکی کۆنی فرۆکەکانی لەشکری سوور لەسەر شەقامەکەی تەنیشتمان تەقیوەتەوە، بڕوام پێ دەکات؟نەخێر،چۆن بڕوام پێدەکات،یەکسەر لە دڵی خۆیدا دەڵێت"هۆشیار دەمترسێنێت؛ نایەوێت لە لای بمێنمەوە...تۆ بڵێیت لێم بێزار نەبوبێ!ئەی ئەگەر پێی بڵێم کاکە کە تەلەفۆن دەکەی باسی قاچاخ و دۆلار و تەزویرکردنی دوکومێنت مەکە،لێرە کۆنترۆڵەیەکی بێ وێنە هەیە؛گوێیان لێ دەبێت"دیوار مویش دیرد،مویش گوش دیرد "بەبێ سێ و دوو بە چاوی گومانەوە چاو هەڵدەبڕێت و دەڵێت"باوە توو لە کورە خەفتیدە،ئێرە وڵاتیگی دیموکراتیە، ئەرا وەکو لای خۆمانە،لەیرە هەرگی ئەڕا خۆیە،کەس حەقی نییە وە یەکی تر...یا مویش،یا دیوار"!

من وای بە باش دەزانم،ئەوەی سوارە دەیڵێت،بیکەم،دەنا هەزار و یەك گلەییم بەسەر دێت.ناچارم باسی ئەم جۆرە بابەتانە نەکەم و دەمی خۆم بگرم،دەنا پێم دەوت"تەلەفۆن کۆمپیوتەر دیرد،کومپیوتەریش تەسجیل ئۆتۆماتیگی دیرد"بەڵام وەك دەزانن مێوان عەزیزی ئەڵوەنە،هەتا ئەو رۆژە ئۆغر دەکات،هەرچییەك بڵێت،دەڵێم:فەرمایشتە،من دەزانم لە دووایيدا هەر پیاوخراپ دەبم،بۆیە دروشمی"دەمت بگرە،سەرت سەلامەتە"م هەڵگرتووە...

ئەوەی خێر بێت لەوێ چنگ دەکەوێت،ئەمانەش لێرە سەرو جزمەیەکی سەربازی پروسیان لە ناو مێشکدایە"چەند شارستانێن ئەم حەشاماتانە،شار و لادێکانیان پڕن لە پەیکەر و گۆرستانی تۆپیووەکانیان لە جەنگی جیهانی یەکەم و دووهەم،هەموو ساڵێك رۆژی خەمباری گەل رێکدەخەن...ئەوەندە زمان پیسن،ئەوەی"خوێنی خۆیانی"نەبێت پێدەڵێن: بێگانە"بۆچی رەنگی خوێنەکەیان چ رەنگێکی هەیە؟"...بێگانە بۆ دەرەوە، بێگانە !ئاخر وا نییە،کێ دەڵێ من بێگانم؟من بۆ بە بێ بێگان ناوم دەهێنن، سەیری ئەم تۆمەتە بکەن،هەر لە خۆیانەوە تفەنگ بە تاریکیەوە دەنێن!

ئەرێ وشەی بێگانە چی دەگەیەنێت؟بێگانە کلکی هەیە؟یا گوێی زۆر درێژە؟ کەسێك ئەگەر خۆی حەوت شۆر بکات هەر پێی دەڵێن فلان بێگانە... های های،بە من دەڵێن بێگانە...بێگانەکان دزی دەکەن،مرۆڤ دەکوژن،دەڵێن: خارجێکان هیرۆئین فرۆشن،فۆندەمەێنتالیستن"دەستە رۆنینەکەیان بە گیانی من دەساون،خۆیان لە یەك جەنگدا خوێنی٠٠٠ ٠٠٠ ٥٠ ملیون نەفەریان خواردۆتەوە"

ئەی هاوار کاری خراپە لە کوێ ناسنامەی ناسیۆنالیستی هەیە؟ کەی ولاتی هەیە؟چما کرێکار یا بورژوا ولاتی هەیە!ئایا هەموویان وا دەکەن؟ پاشان گریمان وایە،بۆچی هۆکانی لە ناو نابەن؟ بە من دەڵێن تۆ بێگانی... من ئەلۆەنیم،ئەلۆەنیش هەموو جیهانە،هەموو ماڵێك بە ماڵی خۆی دەزانێت، کەچی لێرەدا زۆربەی هەرە زۆری دەرگاکان بەرووەمدا داخراون،ئەو وشە نامۆیەش دمترسێنێت... کێ لەو شارە بە صویحب و دایە عەرەب وتووە بێگانە؟ کێ؟"ئەلۆەنیان مرۆڤەکان وە بان دەست هەڵدەگرن"ئەلۆەنیان، ئەلۆەنیان دارە توو شرینەکانی قەسریباخن؛هەمو باڵندەیەك لەسەریدا دادەنیشنەوە،هەندێ جاریش مار!ئەوە نەبێت ئەو جارە کە لاوانیان بۆ بەرەی خوێنڕشتن مل کێش کرد،لەبەر دەرگای تەجنید راوەستابوون،لەو کاتەدا"قارێك"بە ئۆتومبیلەکەی لەوێوەدا تێپەڕی،عەگاڵەکەی سەریان داکەند و بۆ ئاسمان هەڵیاندا،وێنە گەورەکەی شەوەیان شکاند،بوو بە یەکێك لەو رۆژانەی وا تامەزرۆیی دەکرێت!ئەوانیش تانك و مودەرەعە بۆ سەر شەقامەکانیان داگردو رەش بگیر بلاوبووەوە،ئێستاش کەس نازانێت چییان بەسەر هاتووە...

یەکێکیان پێم دەڵێت شەڕ مەکە!ئاخر تۆ کێی هەتا شتی وا بڵێیت، ئێوە خۆتان شەڕکەرن،خۆتان شەڕفرۆشن و بەرپای دەکەن،ئاخر کەی رۆژێك لە رۆژان ئەلۆەن زادەکان بڕوایان بە شەڕکردن هەبووە؟ یا هەر وا بە گۆترە ولە خۆڕایی شەڕیان کردووە؟ ئەوە چەند ساڵە کابرایەکی قومارچی،کە کۆمپلێکسی دونییەتی هەیە،بووە بە دەهۆڵ لێدەری کارە دزێو ودڕندەکەی بە چەکەکانی شەوە" گوایە رەفیق ودۆستە ئەلۆەنێکەی جارانی لە رۆژنامە ڕەشێکیان شتی بلاوکردووەتەوە "،ئەو جارە کە دکتۆر حەسەن هاتبوو بۆ ئێرە، بەو بەیانییە کە هێشتا خێر وشەڕ دابەش نەکرابوو،بە بێ هیچ پێویستیەك وتبووی:دکتۆر ئەو ئەلۆەنیە وای کردووە..."ئافرەتێکی بوێر دەمکووتی کردبوو و دکتۆریش کناری بێ دەنگی نەگرتبوو.ئەوەندە بێ ئاستە پروپاگەندە بۆ نیاز پیسی شەوە دەکات،بە وەسیلەیەکی وا سوك وئاسان هەڵخەڵەتا،دەشیوێت دەربەندی هورمزیش رزگار بکات،خۆی باش دەزانێت،بەلام ئەوەندە گێلە چاو لە ئاستی راستێکان دەنوقێنێت،سەرباری ئەموەش کابرا ئەلۆەنێکە نە تەنها بێدەنگە وبە بێ دەنگی دەمێنێتەوە،بەڵکو تەرحی داوەتی بۆ هەموو جوێنەکانی کە پێی دەیدا بۆ بیست ساڵی داهاتوو؛ حەز دەکا چی لۆری کۆمپانیای مرسیدس هەیە بەجوێن و قسەی سووك پڕ بکات وبۆم بنێرێت،بە دڵ وبە گیان پسوولی وەرگرتنیان ئیمزا دەکات؛ دەڵێت:منیش سوپاس...بۆ نەو؟.

هەر لەبەر ئەوەی دەڵێن"نان و ئاوی یەکسان؛زەمین و ژیانیان لێ کردوین بە دۆزەخ.....هەندێ کەس هەن دەڵێن"مەگەر پێغەمبەری ئەرمەنێکان بە ئەسپەکەیەوە لە کونی چیاکەوە بێتەدەر وتۆش بە سواری ئەسپەکەی ئەو بگەی بە ئەلۆەن؛بەلام ئەو کابرایە لەوساوەوە لە دەستی نەیارەکانی ڕای کردووە وگوایە هێشتا هەر ئەلۆەن داڵدەی داوە!دەڵێن محێدین وتویەتی" ئەوەی ئەلۆەن داڵدەی بدات،هەرگیز بە جێی ناهێڵێت،هەتا هەتایە لەوێ دەمێنێتەوە،لە گەڵ منداڵە کراس پیسەکانی کۆڵانە تەنگەبەرەکان یاری چاوشارکێ دەکات،شەوانیش لە ژێر چرای کۆڵانەکان چیرۆك بۆ یەکتر دەگێڕنەوە،یا بەریز گۆرانی دەڵێن،زوو زوور نابڕێن بۆ ناو جێگا!کێ ژیان یاری دەبێت لە پاڵ بەهەشتی ون بوو چاو بکاتەوە، کێ؟ ئەوە ئەلۆەنێکانن، جۆلانەی منداڵ و نوری یارانی بە جەفا و ئاوازە دوورەکانن!

(٧)

ئەی ئەم سوارە ناوە لێرە چی دەکات؟

مونیر ئەو جارە وتی:"خۆت باش دەزانی راستی هەموو جارێك هەنگوین نیە و پرسیارکردن مافێکی سەرەتایی گشت لایەکمانە؛تۆ دەبێ پرسیار بکەیت، شەرابیش،بەتایبەت شەرابە شاراوەکانی ناو ژێرخانەکانی کڵێسا کۆنەکان، پرسیار لە دوای پرسیار ئاراستەی لێوە وشکەکان دەکەن،ئەو لێوانەی وا هەر لە ناو گێژاوەی گەڕان بە دوای ولأمێکی گونجاو سەرمەست دەبن و خەویان لێ دەکەوێت.ئەلۆەنزادە سەرمەستەکان کە وا لێ گەڕاون پرسیار لە شەراب بکەن،دەڵێن"شەرابی سوور رەهائیە؛رەهائیەکی تایبەتمەندە بە ئێوارەی شەوی خەون بینینە دڵخۆشکەرەکەی قەتێ"!

ئەی گەورەترین نهێنی بفرە،با شەقەی باڵەکانت بێت،بەرز هەڵفڕە،وا تاریکی خەریکە بەر رۆژ بگرێت،فریاکەوە،وا...

داخۆ پرسیارەکەی ئەلۆەن بەم بەیانییە پەیوەندی بە هاتنە چاوەڕوان نەکراوەکەی سوارەوە نیە؟

بەش بەحاڵی خۆم نازانم ئیمڕۆ چی روویداوە،کەی دەستی پێکرد، رۆژهەڵهات یا نا،لە بیریشم نایەت کەی ماڵ ئاوایی لێ کردین؛من هەر ئەوەندە دەزانم لە چرکەیەکدا ژیانم کەوتە مەترسی!نەخێر،نەخێر ئەوە من نیم!شەرم ئاوەر نیە کەسێك بترسێت،بەلأم من کەی ترساوم؟

هەر جارێك باسی ئازایەتی و ترسنۆکی بهاتبایە ئاراوە،مونیر دەیوت: هەندێ جار لەترساندا دەبووی بە مشك،بۆچی دان بە ترسەکانت نانێی؟تۆ کەی لە ناو ترسدا نەژیاوی؟

هۆشیار:ترس لەوەی ئەلۆەن وشك بکەنەوە یا لە داخاندا وشك ببێتەوە،ترس لەوەی رۆژی ئازادبوونمان درەنگتر هەڵبێت،ترس لەوەی نانم ببڕێت،ترس لەوەی لە ناوەختاندا لە دەرگام بدرێت،ترس لەوەی پێ بزانرێت دولبەرم هەیە؛ ترس لە بێکاری،لە کار دەرکردن،لەهەواڵی جەرگ تەزێن،لەوەی قەرزەکان زیاتر ببێ...ترس...ترس...ترس...ترس!چی بوو

ئەم ترسە بەنەعلەت بووە بەرۆکم بەرنادات،وەك قەناص لەدەستێك لە درزی کونێکەوە بۆسەی بۆ داناوم یا وەك ناحەزێك خوێن بەرچاوی گرتبێ،لە پشت دەرگاکە بۆم راوەستاوە،دڵی بیمارم لە کوتان بخات!
جاران،لەم بەر و لەو بەر ترس نەیدەتوانی روو لە مالأن بکات،مرۆڤ لە گازیوەکاندا قومێك لە مەلەکوتی ئەڵوەنی دەخواردەوە،هەرچی ترس و نەحسی هەبو بەری دەدا!ئێستا من لە کوێ،ئەڵوەن لە کوێ!؟

دەگێرنەوە،خەڵکانێك هەن لە باکوری ئەڵوەن،لە سەروی قەلأی شیروانە،لە دەشت و یاڵە رووتاوە بە پیتەکانی چاتەرە،لەو شوێنەی وا ئەگەر باران نەبارێت،مەلاکان فاتیحایان بەسەر وردە بەردەکان دەخوێند و دەیانهاویشتە ناو بیرەکان.ئەو ساڵەی وا زۆر نەهات بوو،مەلاکەی گۆبان باوەشی پرکردبوو لە بەرد،دانە دانەیانی دەگردە دەست،پەیتا پەیتا فاتیحەی بەسەریاندا دەخوێند،هەڵی دەدایە ناو بیری مزگەوتەکەوە،بۆ ئێوارەکەی رەهێڵە بارانێکی وا دایگرت چی دەغڵ و دان هەبوو فەوتان،چەند خانوویەك روخا و ژمارەیەك مێگەل و مانگا مردن!جادووکەرێك وتی"ئەمە بۆیە روویدا،چونکە مەلاکە بیست و سێ بەردی فاتیحاوی زیاتری هەڵداوەتە ناو بیرەکە!
لەوێدا،ئەگەر کەسێك نەخۆش بکەوی،کەوچکێکی چا خواردن لە خۆڵی گۆرەکەی حاجی مەلا موستەفا دەخاتە ناو ژێر پیاڵەیەك و ئاوی تێدەکان و دەیخوات،هەیشە بەبێ ئاو قوتی دەدات،وەك ئافرەتە بە سالأچووەکەی ناو دەوارە شرەکەی دەشتی شارەزوور کە گەدەی ژانی دەکرد!
- پورێ چووگی بۆ لای دختۆر؟
- بووم وە سێقەت،بەخوا دختۆری بەغا و سلێمانی نەما نەچم بۆ لای!
یەك عەلاگەی پڕ دەرمانی پێشاندام و وتی"هیچیان بۆ نەکردم".
- ئەی لە خۆڵەکەی حاجیت خوارد؟
پورێ هەستایە سەر پێ و تورەکەیەکی تری هێنا و وتی:کورم بە خوا ئەمە دووهەم تورەکەیە دەیخۆم!.
کە ئەو جارە چاوم بە گۆرەکەی حاجی کەوت،بینیم هەر دەمێکە پاشماوەی ئێسقانەکەیشی نەماوە،بە پڕی چوار گەلأبە خۆڵیان لێ دەرکردبوو!
تۆ بڵێیت حاجی زەلامێکی ئەوەندە گەورە بوبێت؟ کە پرسیار کرا بۆچی تەنها لە گۆری ئەم پیاوە دەخۆن؟
وتیان:"کاکە حاجی موبارەکە،رۆحم وە قوروانی بێت،حەوت جار بە سواری قامیش حەجی کردووە!"

هۆشیار:جا ئەوە چییە،زۆران و نەسرەدین شەو ورۆژ بە دەوری ئەڵوەن گەڕاون،برادەراتیان لە گەڵ خدری زیندە هەبووە،ئەم کابرا ئارام لێبڕاوە کە ناوی سوارەی لەخۆ ناوە و وا شەو و رۆژ بەرامبەری گرتووم،بەنهێنی لەو بەرەوە دەرچووە و وا لەلای من سەری دەرکردووە!ئەگەر بەسەرهاتەکەی بۆ زیرەك ترین دادپەروەر بگێرێتەوە،بڕوای پێ ناکات ودووریش نیە سنورداشیشی بکەن:نزیکەی پازدە کەس بووین لە گەڵ قاچاخچی رێککەوتین،لە هەڵەبجەوە گەیشتمە مەریوان ولەوێشەوە شار بە شار و دێ بە دێ،جارێ بە پێ وجارێك بە ئۆتۆمبیل بە شەو وبە رۆژ تا گەیشتینە دێهاتەکانی سەر سنوری تورکیا و لەویشەوە بە هەمان شێوە جارێك بە پێ وجارێك بە ئۆتۆمبیل دێ بە دێ و شار بە شار،بە شەو وبە رۆژ تا گەیشتینە ئەستەنبوڵ،هەر لە هەڵەبجەوە تا ناو ئەستەنبوڵ یەك زنجیرە قاچاخچی بوون،پارەکەمان لەوێ تەسلیم کرد،ئەمجار لێرە ماوەیەك ماینەوە وگەڕاین بە دوای قاچاخچی رێگای تورکیا ویونان،جانتای کۆڵ وخواردنی هەفتەیەکمان کڕی،لێرەشدا گەورەم هەتا سەر ئاوە ترسناکە کە چەندین گەنج و ژن ومنداڵ لە ناویدا خنکان،بە ئۆتۆمبێل سەفەرمان کرد و لەوێشەوە جارێك بە مەلەوانی وجارێك بە بەلەم تا ناو زەوی

یونان ڕۆیشتین،بەڕۆژ لە ناو ڕەز وکەلاوەکانی سەر ڕێگا یا لە ژێر دڕکەکان دەخەوتین هەتا تاریکایی دەهات، ئەمجار بە پێ ڕێگای دەشت و دەر و شاخەکان و بەناو تونێلە ترسناکەکەوە گرتەبەر تا ناو شارێك و پاشان بە ئۆتۆمبێل گەیشتینە ئەسین و ماوەیەکیش لەوێ ماینەوە،پارەمان پێ نەما،هەندێکمان یارمەتی لە خزمانیانەوە بە دەست گەیشت،وهەندێکمان کاری هەرزانیان دەست کەوت و هەندێکیش کە هیچ ئومێدێکیان نەبوو و بۆ ئەوەی لەتە نانێکیان دەست بکەوێت وکرێی ماڵ بدەن،ناچار کران سواری ئەحفادە بە تەمەنە دەوڵەمەندەکانی ئەفلاتۆن وئیریستۆتالیس وخوا بە ناوبانگەکانی یۆنان بن،لێرەشدا گەڕاین بۆ قاچاخچێکانی ڕێگای یونان ـ ئیتالیا،یونان ـ ئەڵمانیا،یونان ـ سوید، جارێکیان سواری ترێلەیەك کراین و پێیان وتین پاش پێنج سەعات دەگەنە ڕۆما و دەتوان دابەزن،بەڵام گەورەم پێنج سەعات ڕۆی...دە سەعات بەسەر چوو...بیست سەعات ملی شکاند...سی سەعات بە دزیەوە لە ناو تاریکایی ترێلەی ناو گەشتییەك بە بێ دەنگی خۆمانمان ماتدا نەکا کەسێك پێمان بزانێت وبە زگی برسییەوە لە تەمەنمان بەسەر چوو وهەر ڕانەوەستا،بوو بە سی و یەك سەعات ڕاوەستا،ئۆخەیمان کرد،با و بۆنی جوانی دیموکراتییەت و مافی مرۆڤ هات بە ناو لوتماندا،کە ویستمان دابەزین، پۆلیسە دیموکراتە ئازاکانی بەرەی ڕۆژئاوا چاویان بە ئێمە کەوت و نەیانهێشت دابەزین،ترێلەکە لەناو گەشتێکە مایەوە و بەهەمان ڕێگا بەرەو یونان بەڕێ خرا،کە پرسیارمان کرد ئێرە کوێیە؟"وتیان بەندەرێکی فەرەنسیە"،سی و یەك سەعاتی تر لە تەمەنی بار بە سەر بومانەوە ڕۆشت، ژن و سێ منداڵەکانم دەبی سی و یەك سەعات زیاتر چاوەڕوانی هەواڵ وچارەنووسی من بکەن، گەورەم دەزانن چاوەڕوانی چەند ناخۆشە،بە تایبەتی لە هەڵهاتنێکی وادا،گەورەم،بە هەر حاڵ با سەرت نەئێشێنم،ئێمە هەر بە زگماکی وا فرە بێژین،ئەمجارەیان سەر لە نوێ سواری ترێلەیەکی تر کراین بەرەو ئیتالیا،گەیشتینە ڕۆما وهەر یەکێك ڕێگایەکی گرتە بەر،من و برادەرە ساحیرەکەم کە وا زۆر حەز لە نوستن دەکات،گەڕاین بۆ شەمەندنەفەرەی ڕێگای ئەڵمانیا،لێرەدا چوین بۆ لای ناسیاوەکەی موینشن" هیچی پێ نەکرا"،چوین بۆ لای ناسیاوەکەی هامبۆرگ"هیچی پێ نەکرا"،چوین بۆ لای ناسیاوێکم سێزدە ساڵە لەوێ دەژێت،جارێ هەندێ قسەی کرد نیوەی خەونەکانمی لە گۆر نا،دوو مانگ لە لای مامەوە"ئەمیش هیچی بۆ نەکردم"، قاچاخچیە ئاڵتون لەدەست وملەکان هەر ئیمرۆ و سبەینیان پێ دەکردم و درۆ لە دوای درۆ هەتا یەکێکی تر کە زۆر ئەمرۆ و سبەی بە خەڵك ناکات بەرەو سوید بەڕێیکردم بەڵام لەسەر سنوری سوید گیرام وبۆ دەنیمارك سنورداش کرام،وا لەبەردەمتان دانیشتووم و چاوەڕوانی بڕیاری جەنابتانم وەکو پەنابەرێکی سیاسی قبوڵم بکەن،هەڵبەت لە باسەکانمدا باسی ئازار وگریان ومەترسی مەرگ و زیندان و سنورداشکرن بە دەستی پاسەوانەکانی خودا و ئەتاتورك و یونان و دیموکراتییەت لە ئەڵمانیام نەکرد،هەتا پێمکرا بەسەرهاتەکەم بەکورتی گێڕایەوە،دەنا بەڕاستی گەورەم دە بەقەد ئەمە پەت پەتی و قوڕبەسەریم بینی!
پێی دەڵێن:"تۆ چیرۆکی هەزارو یەك شەومان بۆ دەگێڕیتەوە"بۆیە سوارە دەبێ درۆیان بۆ بکات،درۆیەك لە ڕاستی بچێت:"لە زاخۆ بە مەلەوانی لە ڕووباری (زاب)مدا وگەیشتم بە زەوی تورکیا.لە سلۆپییەوە سواری پاس بووم هەتا گەیشتم بە ئەستەنبول،لەویشەوە بە جەوازیکی مزەوەر بە سواری فرۆکە هاتم بۆ ئێرە!من سێ هەزار دۆلارم بە قاچاخچێکە دا...نەخێر ناوی نازانم...، ئەوها بە کورتی.ئەوەی ڕاستی بێت دەبێ هەر وای لێ بکرێت،دەنا دەبێ بۆ هەر پەنابەرێك مانگێك زیاتر بۆ بەسەرهاتەکانی ڕێگا وبانەکان تەرخان بکەن،بێجگە لە وڵامی پرسیاری:تۆ بۆچی لە ڕۆژی...مانگی...ساڵی...سنوری وڵاتەکەت بەجێ هێشت؟ کە ڕەنگە ئەگەر هەموو ڕاستییەکان وەکو خۆی بگێڕدرێتەوە چەند مانگێك دەخایەنێ،جا کێ ئەوەندە کات تەرخان دەکات گوێ لە هۆکانی پەنابەرێتی بگرێت؟پێویستیشیان پێ نییە،دەنا تەنها ڕێگا بڕینەکە شایەنی دان نانە بە مافی پەنابەرێتی ئەو کەسانە،بەڵام

ئـەڵێی چـی،ئەوەی راسـتی بێـت"ئەمانـە خۆیـان دەنووسـن و دەڵـێن:مـرۆڤ ئـازادە لـە هەڵبـژاردنی جێگـا وشـوێنی خۆی،کەس بۆی نییە دەخاڵەت بکات"کەچی بە گوێی قسەکانی خۆیان ناکەن،وای دابنێن کـابرا نـەك بـۆ داوای مـافی پەنابەرێتی،دەیەوێت ماڵ بگوێزێتەوە،ئەوێی بە دڵ نییە،ئیسلەندی بە دڵە، بە وان چـی؟خۆیان و کاڵاکانیـان بـۆ هـەر کوێ بیانەوێت بە بێ ڤیزە دەڕۆن، بەڵام بۆ خەڵکی تر دەیان یاسایان دەرکردووە،هەزار تەشقەڵە بە خەڵك دەکەن...

خاوەنەکانی شارستانیەت خەڵك فێری درۆ دەکەن،چۆن ئەڵوەن هەناسەی ئەم بـەر وئـەو بـەرە،درۆکردنیش بـۆ ئێـرە وایە"کورە هەی ریامە قەور باوگەگەی باوگ دروزن"دەنا بۆ نایەڵن هەر کەسێك باسی راستێکەی خۆی بکات؟ مەگـەر ناڵێن مـرۆڤ ئـازادە؟"کـورە ئـازادی چـی؟مرۆڤ ئـازادە بکرێـت بـە سـواڵکەر،بە بێکار،بـە کرێگرتـەی هـەرزان"وەقسـە قەوێگانیان قورِ خستنەسە سەر عالەمەگە،شیت وهار عالەم کردنە،هەر ئێژید ئینتصاراتەکان گورگەگەی عوجەس! "
بەتایبەتی لەلای"برا"کوردەکانی خاوەن پیتزا و ریستۆرانت،کە پەنابەرێکی تازە دەگات،چەند هەزار مارکێك قەرزارە یا هاوسەر ومنداڵی هەیە، دەیەوێت بە زووترین کات بۆ ئێرە بیانهێنێت،ئەمەش پارەیەکی زۆری دەوێت،بۆیـە ناچـارن بە زووترین کات بەدوای کار بگەڕێن بەبێ ئەوەی فێری زمان بن،ئەم بارودۆخـە ناچـاریان دەکـات توشـی ئـەو برایانـە ببن!
فەرهاد:کاك شەرەف ئەلدین دەتوانم بۆ چەند سەعاتێك لەلات کار بکەم؟
شەرەف ئەلدین:بەسەر هەردوو چاو،بەڵام جەنابتان کار نازانن!دەبێ یەکەم جار فێری کارەکە ببن!
فەرهاد:کاکە قاپ شۆردن وپاككردنەوەم پێ دەکرێت!
شەرەف ئەلدین:بەراستی من حـەز دەکـەم بـرا کـوردێکم لـە لا کـار بکـات، بۆچـی کابرایـەکی روس یـا سـیریلانکی یـا یوگسلافی سەگ باب بهێنم،ئێمە باشتر لە یەکتر تێدەگەین!
فەرهاد:بیمەی کارم هەیە؟
شەرەف ئەلدین:ئەمە کێ فێری کردی؟ کاکی ماڵی مامە دەیدا!
فەرهاد:ئەگەر نەخۆش کەوتم، کرێی کار وەردەگرم؟
شەرەف ئەلدین:چۆن پارەت بدەمێ بەبێ ئەوەی کار بکەی؟
فەرهاد:ئەی ئیجازەم هەیە؟
شەرەف ئەلدین:رۆژانی تەعتیل و پێنج شەمە و هەینی نەبێت،دەتوانیت مەرەخەسی وەربگریت!
فەرهاد:کرێشم دەدەیتێ؟
شەرەف ئەلدین:ماڵی مامە پارەی هەمووی دەدا،مەگە لەوێ پارە وەرناگریت؟
فەرهاد:با
شەرەف ئەلدین:ئێ! !ئیتر چیت دەوێت؟
فەرهاد:ئەرێ خەلکینە،کاك شەرەف ئەلـدینی بـێ شـەرەف هـەقی چییە مـن لـە جێگایـەکی تـر پـارە وەردەگـرم یـا وەرناگرم؟بە ئەو چی؟ئەڵێی لە گیرفانی باوکی دەردەچێت!برا دایبنێن پێش کارەکەم دزی دەکەم،بـەرتیل لـە خـەڵك وەردەگرم،کارێکی تر دەکەم، بە ئەو چی؟؟!من رۆژی حەوت سەعات قاپی بۆ دەشـۆرم زەوی بـۆ پـاك دەکەمـەوە و چەند کاری تریشی بۆ چێ بە جێ دەکەم،ئاخر بە ئەو چی؟؟!

شەرەف ئەلدین:چۆن بە من چی؟ئەگەر بە دڵت نییە،برۆ لە جێگایەکی تر کار بکە!ئەوە چەند زمان درێژی دەکەن!وەڵڵا کابرایەکی روس یا سریلانکی بهێنم بە نیوەی ئەو پارەیە رازییە و زۆریش مەمنونە،و ئەوەندە چەقەچەنەییش ناکات!

فەرهاد:کاك شەرەف ئەلدین،کەی پارەکەم بۆ زیاد دەکەیت؟

شەرەف ئەلدین:برا بە کوردستان،بە گۆڕی شەهیدان پارەکەم بۆ زیاد دەکردیت،بەڵام وەك خۆت دەزانیت:کرێیەکی زۆر دەدەم،مەواد گرانە،کار کەمە،بیمەیەکی زۆر بە حکومەت دەدەم،قەرزارم،هاوینم لەبەردەمدایە، هەتد..

فەرهاد:کەی کرێکەم دەدەی؟

شەرەف ئەلدین:سبەی یا دوو سبەی کار هەبوو، پێنج سەد مارکت دەدەمێ، باقێکەیشی دوایی،من پارەی کەس ناخۆم!

فەرهاد:ئاخر پێویستیم بە هەمووی هەیە،دەمەوێت...

شەرەف ئەلدین:کابرا تۆ زۆر سەیریت،من پێت دەڵێم نیمە!برا بە کوردستان نیمە،وەرە بمکوژە!عەیب و شورەیی!

ئەم پیاوە بە کەرامەت و ماقولانە ئەڵێی تفیان کردووەتە ناو دەمی یەکتر، هەموویان بەیەك زمان قسەدەکەن،خوام کردبێت خاوەن کارەکە خەڵکی چواردە ئەستێرەی پاش خۆر بێت!مرۆڤ شەرمەزار دەکەن ئەوەندە(مەقتەلی ئیمام حوسێن دەخوێنن)! لەم دە ساڵە دواییەدا،نرخی پێداویستەکانی ژیان چەند جارێك بەرزکراونەتەوە،بەڵام یەك نرخ هەیە هەر وەکو خۆی ماوەتەوە و دەمێنی:نرخی کرێی کار لە لای ئەمسالی کاك شەرەف ئەلدین!

شەرەف ئەلدین:کاك قاسم بە خێر بێیت

قاسم:خۆشبیت،تۆ چۆنیت؟

شەرەف ئەلدین:وەڵڵا برا باش نیم!

قاسم:خێرە کاکە!

شەرەف ئەلدین:وەرە چاکە بۆ کورد بکە،ئەو خوێریەم خستووەتە کار، هێشتا ئەو دێت داوای حەق و حقوق لە من دەکات!ئەمە هەڵەی خۆمە، نەمهێشت خوێڕی خوێڕی شەقامەکان بپێوێت،تا نرخی خزمەتچێتێکەی بزانێت!..

ئەوا منیش بەم بەیانییە توشی ئەم گومان وئازارە بووم وهەر چرکەیەکی زیاترو زیاتر دەمخنکێنێت،بۆچی گومان نەکەم؟لەوەتی مێشکم بە شتەکان دەشکێت،دەزانم مامۆستا وەلید مامۆستای وانەی هونەر بووە، دەرسی وێنەکێشانی بەخۆم وتووە،کەچی سوارە هاتووە ودرۆی ئەوەم بۆ دەگێڕێتەوە گوایە وەلید ئێستا "شوفێری تەکسیە"!لەوە دەترسم سوارە ئەفەندی خۆی بەسەر من بە درۆ رادەهێنێت!کاکی برا "خۆ من دادپەروەرەکەت نیم" وەلید چی هێناویەتی بەسەر شوفێری؟پەنجەکانی بۆ سوکان گرتن دروست نەبووە؛پەنجەکانی هەر لە ئەزەلەوە بۆ وێنەکێشان دروست بووە!دەڵێت"شارەکە کی مایە لە ناوی،چۆڵ و هۆڵ بیە"!هەی قوڕ وە ئەقڵت بەدبەخت بۆ خۆت وقسە بەتاڵەکانت"هەی زوانت بوڕن پدەر سەگ" شەرم لە خۆی ناکات،قسەی خۆی نازانێت،بەبێ ئەوەی قسەکەی بجوێ،دەری دەکات،ئەمەیە مەسەلەکە!

ئەو نازانێت ئەم باسانە چی بە سەر من دەهێنن!نازانێت چاوەکانم ئەگەر کوێر نەبن بە جێم دەهێڵن؛نازانێت ئەگەر قاچەکانم ئەفلیج نەبن وەکو ئەسپەکەی ئیباو سەر هەڵدەگرن،دەستەکانم گۆج دەبن!

قسەکانی ئەم کابرایە بۆنی خوێنی لێوە دێت،بەراستی کابرایەکی کەم ئەقڵە... ئەوە شەوە بەو هەموو دەسەڵاتەیەوە،ساڵەهای ساڵە دەکوژێت ودەبرێ،خانوو دەروخێنێت،باخ لە ناو دەبات،بە زۆر خەڵك لە شارەکە

دەردەکات،لاوەکانی دوچاری کۆچکردن کردووە،بەڵام شارەکە بە هێزو سۆزی ئەڵوەن و پردە قارەمان هەر وەکو خۆیەتی،ئەڵوەن دەیچێنێ وسەوزی دەکات و لەو لاوە ئەڵوەن زادەکان گۆرانی:

لە خانەقین کردنمە دارا

وە زەنجیر وە قەی دیوارا

دەن لە لیم وە خۆم نێزانم

روژ وە روژ زیای بوگ ئیمانم!

لە خانەقین تا کەڕادە

خوینمان رژیایە لە جادە

دەن لە لیم وە خۆم نێزانم

روژ وە روژ زیاد بوگ ئیمانم!... دەڵێن...

لەم کاتەشدا ئەڵوەنیش سنگ بەرز دەکات ودەنگی تاڤەکەی جۆش و خرۆشتر دەبێت! ئەو تاڤەی وا هێشتی خوداداد عەلی" ئەی ئەڵوەنم،ئەی ئەڵوەنم" بلێت وجەعفەر حەسەنی فێر گۆرانی وتن کرد،کەچی ئێستا سوارە هاتووە و دەڵێت:"ئیسە باوگ و دایگەگان حەز لە منالەگانیان نێکەن،نێزانن چە وە پییان بکەن،مالەگان فرەی نە سەلاجە و نە غەسالەیان مایە،گە چشتیگ فروشتنە،مالەگان فرەیان تەنیا بەڕە ها تی...!

- راستێکان لە کوێ خۆیانیان قایم کردووە؟ تۆ بلێت ئەم باسانە راست بن؟

بەدوری نازانم،بەلاّم بۆ پێشتر گوێم لێیان نەبووە؟من بۆ گوێم لێیان بێت؟بۆ چی من لە کوێم؟کێ پێم دەڵێت"چیم لێ هاتووە"؟

- تۆ هیچت لێ نەهاتووە،مەگەر یوسف پێی نەوتی:"ئەڵێی ئەم دە ساڵە لە دۆڵی بالیسان بووی" وجەماعەتیش دەستیان بە سنگەوە گرت ئیتر بۆچی گومان لە خۆت دەکەی؟مەسەلەکە زیاتر ئەم بەیانییە قیزئاوەرەیە وئەم کابرایەیە کە ناوی خۆی ناوە سوارە و تەقینەوەی بۆمباکە و ئەم رۆژە دووڕووە وێرانکەرەیە!

ئەمە من نیم، نەخێر،نکوڵی لەم بوونە دەکەم گەر خۆیشم بم،ئەمە من نیم ..... ئەمە کەسێکی ترە ترس دایگرتووە!ئەوە سوارەی ماڵ شێواوە،سوارەی کراو بە ژمارەیەك؛بە رەزا قورسێك لەلای کارمەندانی کاروباری"بێگانەکان"

هەرچەند سەرەنج لە سەروسیمای سوارە دەدم،سوارە کوڕێکی سەلاربوو و هەر وەها بە سالارێکەی ماوەتەوە:هەمان رەنگە گەنمیەکەی جاران،هەمان رۆیشتنە هێمنەکەی،بەرسمێڵی گرتووە و پرچە کورتەکەی وەکو جاران بۆ سەرەوە شانەکردووە،کراسێکی ئوتوکراوی لەبەرە کە رەنگە بۆ شاییەکەی لەبەری کردبێت؛پێلاوێکی بریقەداری قاوە ڕەنگی لە پێیە،بەگشتی لەوە ئەچێت بۆ دەرس وتنەوە یا بۆ بەردەم چایخانەکەی کرندی بروات،لەوێ لە گەڵ مامۆستا برادەرەکانی دەمەتەقە وباسە بێ کۆتاییەکان دەکەن.هەموو ساڵێك و لە هەموو مانگ ورۆژێکی هاوین وپایز لە هەمان کات وشوێندا هەمان کەسەکان کۆدەبنەوە؛لە پشتەوە چایخانەکەی مەدهوش ودوکانی فیتەرچییەك هەبوو کەمال وبراکەی لەلای کاریان دەکرد،کە بەرەو سینەمای (خەزرا)دەچوی رێك لە سوچەکە،دوکانی حەکیم(دۆڵدرمە)فرۆش بوو،ئەو شوێنەی وا ساڵەهای ساڵ ئۆتۆمبیلی کرێکارەکانی نەوتی لێ ڕادەوەستا؛ ئۆتۆمبیلێکی سەوز رەنگ،جێی

دانشتنکەی لە تەختە دروست کرابوو؛ سەرەکەی بە چادر گیرابوو.لە ناوەڕاستدا فلکەی کرێکاران بوو،بەیانیان دەیان کرێکـاری بیناسـازی بـۆ دەرکردنـی نـانی ڕۆژانـەیان لـەوێ ڕادەوەسـتان،لە هاویناندا،لـەکاتی پشـودانی گشـتی قوتابخانەکان،ژمارەی کرێکارەکان زیاتر دەبوون"کرێکاری چی،منالٚ وردگە بوون"زۆر لە منداڵ و تازە پێگەیشـتووی دنیای مەینەتی بنەماڵە هەژارەکان،لەبری سەفەرکردن و پشودان،زووتر لـە خـەو هەڵدەسـتان،بەڕێگاوە لـە لای خـاڵو وارانی(باوکە هێمن وبەرێزەکەی مەحمود؛ئەو مەحمودەی وا ئێستاش کەس نازانێت بۆچی کاتێك لـەریزی ئاوەڵـەکانی بە سەرچەماندن وچاو بەستراویەوە بۆ دادگا فالٚتۆکـەی هەیئـە ئەلخاسـەکەی کـەرکوك دەبران،میخێك بـە نـاو پێیـدا چەقی وتێدا چەمایەوە !

هەندێ کەس هەبوو دەیانووت"میخەکە زانیبوی مەحمود دارتاشە"! !

هەندێکیش دەیانووت:"قسەی قۆڕ،پیاوکوژەکان میخەکەیان بە ئەنقەست لەسەر ڕێگاکە بەشێوەیەکی وا دانـابوو بـە پێی ئەسیرەکان بچەقێت)ماستیان دەکرِی و خێرا خێرا دەچـوون بـۆ چـایخانەکەی تەنیشـتی یـا لـە چـایخانەکەی بەرامبەری لە تەنیشت کەباب خانەکـەی مەنسور کەبابچی،بە نانـەوە لـە گـەڵ چـای دەیـانخوارد و دەچـوون بـۆ لای فلکەکە؛ئەگـەر بـەختیان هەبوایـە یـا ئۆسـتایەکی ناسـیاو بهاتبایـە دەبـران بـۆ سـەرکار"چـەندین هـاوین لـەوێ ڕۆژم کردەوە"؛ئەوەی بۆ سەرکار نەبرایە بە خـوێڕی نـاو دەبرا،توشـی جۆرەهـا قسـەی سـووك دەبـوو و پێـی پێدەکـەنین هەندێ خاوەن کار هەبوو بەفیز و کەشخەییەکەوە دەهاتن بـۆ کڕینـی هێـزی بازوو،تەنانـەت هەنـدێ جـار جمێنشـیان دەدا؛هـەموو هێزفرۆشـەکان لێیـان کۆدەبونـەوە"ئـەتگۆ کوڕەپـانی مەشـقکردنی سـەربازیە"،هـەمویان بـە پێـوەوە رادەوەستان،دەبێ ڕاوەستن،جا کێ کرێکارێکی دانشتوو بۆ سەر کار دەبات،هاواریان دەکرد"مـن بووە،تـو خـودا مـن بووە،گیان کوڕەگەد،باوگد نەمرد من بووە...خودا منالٚەگاند بیلد"، ئەوانـەی نـەدەبران سـەبریان بـە خـۆ دەدا،هـەتا دەوروبەری کاتژمێری هەشـت ونیـو لـەوێ ڕادەوەسـتان"بـەڵکو گەلاٚبەیـەکی خشـت هـات"،کـە ڕۆژەکـە هـەر نـەهات ببوایە،بە مەلولیەوە ڕێگای ماڵەوەیان دەگردە بەر،ئەتوت حەوت برایان کوژراوە،بەر چاویان رەش دەبوو" چەقۆیانت لێ دابا خوێنیان لێ نەدەهاتە دەر"...!

ئەو ڕۆژە هاوینەی وا ئەحولە بەنا، هۆشیاری پازدە ساڵی بۆ سـەرکار برد،بـۆ (حـەی ئەلعەسـکەری) یەکـەمجار ئـاوی دەخستە ناو خەباتەکە،بەلاٚم کاتێك یاسین خەلیفەی موقاول هات،لە جێگایەکی بەرزەوە هاواری کرد:"عەمالەگان بان ئەڕا ئێرە"هەموو کرێکارەکان لە دەوروبەری کۆبونەوە، وتی:"ئەی کیسە چەمەنتوانە گشتی بووەن ئەڕا ئەورە "!

هەڵبەت هۆشیاریش کرێکارە ودەبێ کیسە چەمەنتو هەلگرێت،بەلاٚم بەو لاوازیەوە چۆن ئەوەی پێدەکرێت؟یەکەم جار چاوی پڕ ئەسر بوو،دەترسا نەتوانێت کیسەکان هەڵبگرێت ورسوا ببێت،جارێکی تر بۆ سەر کار نەبرێت؛هەتا پێی کـرا هێزی بە خۆی دا،کیسەکەی هەتا بان ئەژنۆی هـەلگرت وبـە خشـکە خشـك گەیانـد بـە شـوێنە دیاریکراوەکـە.ئەمەیـە سـەرکەوتن،کام پاڵـەوانی کرماشـان وقەسـر شـیرین ئەمـەی پـێ دەکرێـت؟ دەموچـاوی گەشـایەوە،دەتگۆ ڕۆژە و هەڵدێت؛ئەڵوەنـە وقـورگی شـەوەی گرتـووە !خـەوی پێدەبینی،بـە شـانازیەوە بـۆ هـەر ماڵێـك برۆیشـتبایە باسـی دەکرد"ئەزانن چی،من..."هەتا ڕۆژێکیان مەحەمەد پێی وت:"دە بەسە، چمان قن تەیارە صونع کردیدە"...هۆشـیار نەیزانی لەوەودوا بە شەق بۆ سەر کار دەینێرن،ئەگەر بلێت"ناتوانم کـار بکـەم،یا ئـەمڕۆ ناچـم بـۆ کـار"تـازە خـوێنی کەوتە کاسەوە، ناتوانمی چی،شەڕ ومرافەی دنیا دەبوو ئەگەر بۆ کارکردن نەڕۆیشتبا،دایکی پێدەوت"کوڕم دەزانیـت موچەی باوکت بەشمان ناکات"!

هۆشیار ئەم کارە مەزنەی ئـەنجام دا کەچـی هـەر کرێیـەکی کـەمتری پێـدەدرا، لـەلای تـەها بـەنا نـەبێت،کرێی کـاری ئاسایی بازاری کاری پێدەدا،کاتێك تەها خەریکی دروستکردنی دیواری هوتێلەکەی تەنیشت پردە سەوزە ئاسـنینەکە

بوو،له سەروی دێی کارێز بەرەو رێگای پالاَوتنی ئەلۆەن(مصفی الوند) بوو،پێش ئاوایی دارا کە وا بەچکە شەوەکان خشتیان بەسەر خشتەوە نەهێشت،هۆشیار خشتی بۆ بەردەستی دەهێنا،براکەی تەهایش چەمەنتوی دەهێنا،رۆژێکیان براکەی ویستی دەسەلاتی خۆی بە من پێشان بدات"تو بچو چەمەنتۆگە بار"ئۆستا تەها براکەیی دایە بەر خشت و وتی"خۆت ئەڕا نێچید باریدەی"

تەها چەند بە خۆشەویستی وبەحورمەت لە گەلّ کرێکارەکان هەلّسوکەوتی دەکرد،ئەوەندەی تر لە لای من خۆشەویست تر بوو...

وتیان"برا تۆ کابرایەکی کەماڵەیی،دانت لە گەلّ دانی ئەم شارستانییەتە مەزنەدا ناکولێت،برۆ،لە کوێوەوە هاتوویت بۆ ئەویّ بگەرێرەوە،تۆ بە ئێمە دەستەموو نابیت،برۆ بۆ بناری ئەلۆەنەکەت،برۆ بۆ ڕونیّ،بۆ لای دەنگی هۆرەکەی حاجی عەبدوڵلا،هەی کێوی! !تۆ هەر باسی ئەویّ دەکەیت! !

هۆشیار:بەلاّم چۆن؟ تازە من ئێستا خۆم لەناو دوریانێکدا دەبینمەوە،نە لەویّ و نە لێرە لە من تێ دەگەن،منیش هەندیّ جار ترسم هەیە لەوان تێنەگەم، نە دەتوانم مل بۆ ئەویّ کەچ بکەم،ونە بۆ ئێرەی کەچی دەکەم،هێشتا بە رێگا دژوارەکەی خۆمدا دەڕۆم،زمانیشم یاخی و یاخی تر بووە،ئەی چ بکەم؟ من هەر دەبیّ بۆ هەلّهاتنی رۆژی خۆم بژێم...

دەلّێن:کار مرۆڤی دروست کردووە !

کو؟ئەوە لەم شارستانیەتەشدا کار کراوە بە کورەخانەی مرۆڤ سوتاندن و دەبیّ سوپاسیش بێت،ئەوە نییە کابرایەك بە ناو سوارەوە،بە پێی خۆی هەزاران کیلومەتری پڕ مەترسی بڕیگە !

ئەم کابرایە سوارەی ئەلۆانزادە نییە! !نەخێر،من سوارە دەناسم،با...با، چۆن ئەلۆەن دەناسم ئەوها سوارە دەناسم،ئەو کاتیّ گوێی دەگرت،نە لێوی بە یەکەوە دەنوساند نە ناو چەوانی گرژ دەکردەوە نە چاوی زەق دەکردەوە و نەیش پرچ و ریشی سپی بوو،بە هەموو تەمەنم بە چاوی پڕ ئەسرین نەمدیوە ...

- بۆچی فرمێسك دەڕێژێت؟ ئەو فرمێسکانە بۆ چارەرەشی منە یا بۆ حالّی خۆیەتی؟

ئەوجا چۆن نەگری؟ بۆ یەکەم جارە دولبەر وسیّ منداڵەکەی بۆ ماوەیەکی ئەوەندە زۆر بەجیّ هێشتووە"شەو و رۆژ لە زکر و فکریان غافلّ نیە".

هۆشیار گومانەکە لە مێشکدا دەرناچێت و سەر لە نویّ لە خۆی پرسیار دەکات:" ئەم کابرایە کێیە؟ تۆ بلّێی خدر زیندە نەبێت؟

ئەمە چ گێژاوەیەکە ریشی گرتووم؟ نەخێر گێژاوە نیە زیاتر گومانە لەم کابرایە کە ناوی سوارەی لە خۆ ناوە. گومان لە بونێکی ئاشنا دەکەم، لە هەمان کاتدا بە نابەجێی دەزانم بلّێم"جا سوارە کێیە؟

نەخێر ئەوە من نیم، پاکانە دەدەم لەم پرسیارە گەورەم...(لەبەر خۆمەوە وتم) هەرچەند ئەو گوێی لە هیچ وشەیەك نەبووە بەلاّم داوای لێبوردنی لیّ دەکەم، خایش میکونم ئاغا...!

من ریَ به خۆم نادەم پرسیارێکی وا پوچ لەم کابرا بەڕێز و سالارە بکەم.تازە کار لە کار ترازاوە ودەبێ وەك پرسیارەکەی ئەڵوەن بینۆشم!جا چی بنۆشم؟

نەخێر من بە هیچ شێوەیەك باسی نۆشینم نەکردووە،کاك سوارە رێك لە بەرامبەرمدا دادەنیشێت،کە هەڵدەستم،ئەویش لە گەلمدا هەڵدەستێت، ئەمەش مەسەلەیەکی زۆر ئاساییە وهەموو رۆژێك بە شێوەیەك لە شێوەکان لە هەموو شوێنێکدا دوبارە وملیون بارە دەبێتەوە ومنیش ئەوە نیم خوا نەخواستا بڵێم" ئەمە یەکەم جارە رووبەرووی یەکتر بینینێکی وا نائاسایی بومەتەوە. ببورن ئەوە من نیم،یەکتر بینینی ئاشنایەك بە نائاسایی دابنێم،نەخێر حاشا دەکەم،جا بۆ نائاساییە؟

پێم وا بێ مەسەلەکە چاوپێکەوتنی نائاسایی ئاشناکەم نیە،هەرگیز، مەسەلەکە زیاتر ئەم بیانییە سیس ورەنگ زەردەیە وجێگای یەکتر بینینەکەیە،دووریش نییە ئاوازی تانگۆکە بێت،نەخێر من هەرچییەك روو بدات ئۆباڵەکەی دەخەمە سەر ئەوەکانی دی،ئەمە کارێکی ئاسانە و بە هەموو کەسێك دەکرێت؛مەسەلەکە خۆمم،خۆم،بەلاّم بەکەس مەڵێن،بە کەس مەڵێن کەوا دڵێکی وێران بووم پێوەیە!

ئا ئەوە کاری خەونە دورەکانە،دەزانم،دەزانم بەم زووانە منیش دەرۆم و چاوم پێ ناکەوێت،بستێك خاکم بۆ تەرخان دەکرێت و رۆژێك لە رۆژان ئاسەواریشم نامێنێتەوە وەکو هەر چۆلەکەیەك،هەر گلاّیەکی پایز،هەر هەژارێکی لێ قەوماوی ئەم بەر و ئەو بەر"کە کەسێك رێگای وێڵی لەبەردەم بێت،ئیتر ئەوەکەی تر ئاساییە،ئاسەواری چی،بەسوودی چی دێت"،بەلاّم داخی گرانم هەر دەمینێتەوە:پێڵاوەکان قومار و سەوداکاری بە چارەنووسی نان لێ براوەکان دەکەن،ژەهرەکانیان دەخەنە ناو مێشك،دەیانبەن شەڕیان پێ دەکەن،دنیایەکی دەوێت هەتا درکی پێ دەکەن،ئەوسایش دڵم هەر بۆ دڵە حەپەساوەکان،بۆ چاوەڕوانی منداڵەکانیان دەقرچێت!

جا ئەوە چ سوودێکی دەبێت؟ هیچ،ئەوە نەبێت منیش وەکو ئەوان گۆرانی بە بالاّی ئاواتە ئەویندارە بە جێ ماوەکانی مێژوو دەڵێمەوە"بەرز بێت ئەو دەنگە،بەرز!هاورێ!ئەو دەنگە دەناسمەوە،ئەوە دەنگی خۆمە،مەسەلەی خۆمە،لە گۆریشدا بم گوێم لێ بێت ژیانم دێتە بەر!نەخێر،ئەوە هیچ پەیوەندی بە سوارەوە نیە،ئەگەر سوارەیش نەبوایە و نەبێت من خۆم سوارەیەکم بە هەموو کەموکۆڕیەکانیەوە .

مەسەلەکە هەرچییەك بێت یا نەبێت،ئەم بارودۆخە هیچ لەو راستیە ناگۆرێ کەوا من هەست بە نائارامیەکی نائاسایی دەکەم ...

بە دەستی راستەوە جگەرە بە جگەرە دادەگیرسێنم و بەدەستی چەپم سەرم دەخورێنم،خێرا خێرا میزدەکەم،قوری و کتری بە پێچەوانەوە چای تێدەکەم چونکە قورێکە بچوکە و بەرگەی چای خواردنەوەکەمان ناگرێت،بەدرێژایی رۆژەکە چای لێ دەنێم،و هیچ یەکێکمان بایەخ بە ساردی و گەرمی چایەکە نادین،چونکە خاوەن ماڵەکە لەوێ تێدەپەڕێت،دەبینێت پەنجەرەی موبەقەکە بە هۆی هەڵمی چای کولاّن یا هەڵمی چێشت لێنان تەماویە، لەترسی خانم شوتە دەبێ بەبەردەوام یەکێکمان پەنجەرەکە بسڕێت،وای لێ هاتووە رقم هەستێت لە خۆراکی گەرم...

کاتێك پرسیاری لێ دەکەم:"ئێ ئەحواڵت چوینە،خاسی؟"ئەو لە ولاّمدا دەڵێت"خۆشبیت حەیاتەگەم.تەلەفۆن کردید؟کە رۆژ باشی لێ دەکەم. لە ولاّمدا دەڵێت"خۆشبیت حەیاتەگەم وە سەیارە بەنەمان؟

کاك سوارە شەو باش.

لە ولاّمدا"خۆشبیت کاکە،وە قەتار چم خاسترە؟نەنەمە ناوی؟ ...

(٨)

دەبێ ئەم کابرایە وا ناوی سوارەی ئاشنامی لە خۆی ناوە کێ بێت؟ بۆچی وای لە خۆی کردووە؟
سەرلێ شێواو وگێژ؟ بۆچی ئەوەندە درۆی زل زلم بۆ دەکات، شەرت بێت زمانی ببڕم هێشتا ئۆخەی ناکەم...
ئاخ گەر مێوان نەبوایە !
دەڵێ:بەچکە شەوەکان لە تۆڵەی سەرهەڵگردنی دارەکانی کەلات،دارە زلەکەی ناوەڕاستی فلکەکەی مەسفا ئەلوەندیان سەربڕیوە تا خەڵکی شارەکە لە سێبەرەکەی بێ بەشی بکەن،ئاخر بڵێ هەی نامەردەکان،بۆچی حەسادەتان لە سۆزی دارەکەمان دێت؟خۆی باوەشی بۆ بێ چارەکان کردۆتەوە و لە ئامێزیان دەگرێت؛دڵیان بە یەکتری دەکرێتەوە، بەسەرهاتەکانیان بۆ یەکتری دەگێڕنەوە،ئەڵێی ئۆرکێسترای ماسی فورێڵەی شوبەرتن.هەروا باسی فرۆشتنی لولەو ئامرازەکانی نەوتەکە دەکات،باسی تالان کردنی کوێدی و رووخاندنی وێستگای شەمەندنەفەرەکە"خەرە مردێگە"دەکات،ئەی خەڵك بە چی بچن بۆ جەلەولا"حەسیبە دەیوت: جەلەولەو"،ئەو هەموو مەڕ و مریشکانە بە چی بۆ شارەکە بهێنن؟
هیچ دوور نیە ئەم کابرایە من بە گێلە پیاو بزانێت،هووو،جا کێ دەزانێت ئەم کابرایە چۆن بیردەکاتەوە؟
پرسیارەکانی سەرسامی کردووم،هەروا عەیبیش نیە دان بە ترسەکانم بنێم ئاخر سەیارەی چی؟ قەتاری چی؟ نەنەمە ناوی چی؟

ئەم بەیانییە بۆ گومان کردن لە دایك بووە، بۆیە منیش هەتا دێت گومانەکەم قوڵتر دەبێ! تازە ناشتوانم بەشیوەیەکی تر بیر بکەمەوە" ئاویگ بڕژێیگ گردەو نێوگ" !

گومان له هەموو شتێك دەكەم:شەو بوو،له پاریسەوە بۆ ئەمستردام بەقەتار سەفەرم دەكرد،ئافرەتیك بـە فەرەنسـی ئێوارە باش كرد و رستەیەكی وت،بە ئەنگلیزیەكی شڕەوە پێموت زمانەكەت تێناگەم،ئەمجا ئـەویش بـە ئینگلیزیـەكی شڕوبە دەست قاچ وتی:تۆ لە دەست سەددام هەڵهاتووی؟

هۆشیار:نەخێر!!!

ئەی لەم چارەیە !برینم كەمە،ئەمیش هاتووە ئەوەندەی تر بڕینەكانم دەكولێنێتەوە،من له كویَ دەتوانم بەرگەی ئـەم هەموو برینانە بگرم؟

ئافرەت:قاوە دەخۆیتەوە؟

هۆشیار:بەڵێ

ئافرەتەكە قاوە و كۆلا و ئاوی دامیَ لە گەلَ سەموون و گۆشت!!و وتی"بیرە ناخۆیتەوە؟

هۆشیار:نەخێر

هۆشیار:تۆ خەڵكی كوێی؟

ئافرەت:خەڵكی تائیتی.

هۆشیار:خەڵكی هائیتی؟

ئـافرەت:نـەخێر خـەڵكی تائیتی،لـە پاسـیڤیكە،هائیتێكان رەنگـی پێسـتیان رەشـە،ئێمە رەنگمـان وەك دەبینیـت ئەسمەرە؛بەرووبەكی خۆشەوە وتی"من جوتەم له زكدایە!"بای!

هۆشیار چی پارەی خوردەی هەبوو خستیە ناو گیرفانی و سەفەرێكی خۆشی بۆ خواست!

بۆچی ئەو ئافرەتە بەو شەوە لەناو ئەو قەتارە ئەو پرسیارە ئاراستەی من دەكات،بەبیَ ئەوەی وشەیەك لە گەلَ یەكدا بڵێین؟

ـ هەر ئەڵێی كۆترە سپێكەیە!

لەوەتی لـەو ماڵـە دەژیـم هـیچ كۆترێـك لـە تەنیشـت پەنجـەرەی ماڵەكـە دانەنیشـتۆتەوە،بەڵام ئـەو رۆژە لـە بـەردەم تەلەفزیۆنەكەی(حەوت برا) تەماشای هەواڵەكانمان دەكرد:فرۆكەكانی ئەمریكا بۆمبابارانی عێراقی دەكرد،لـەم كاتـەدا كۆترێكی سپی جوان لەبەرەم پەنجەرەكە نیشتەوە؛ ئێمەیش لەو ناوەراستەدا گێژ ببوین.

فەرهاد:ها ئەو كۆترە سپییە!

هۆشیار:جەنگە،جەنگ،تۆ چی دەكەی لێرە؟

كۆنتراستێكی دەگمەن دەسەڵاتدارێتی كرد،چاوێكمان لە تەلەفزیۆنەكە بـوو وچـاوێكمان لـە كـۆتری ئاشتی،تەماشـای دەكردین،سەیر ئەوە بوو لێی نزیك دەكەوتینەوە،نەدەفڕی،زەق زەق چاوی بە چاومان دەنا"دوور نیە گاڵتەی بە ئێمە هاتبیَ:ئاشتیتان دەوێت؟

ـ فەرموون ئەوە جەنگ!!

كارتان دەوێت؟

ـ ئەوە بیَ كاری یا خزمەچێتی!

پێكەنینتان دەوێت؟

ـ فەرموون ئەوە جەرگ سوتاندن!!

سورکێو وتی"لەوەیە بەو نیگایانەوە پێمان دەڵێت"دنیا وا نییە کە ئێوە بیری لێ دەکەنەوە، کوێلایەتیە،ئێوە کوێلەن،ئازادی لەبری کوێلایەتی بەکار دەهێنرێت،زیرەك ئەو کەسەیە لەمە تێ بگات"!

سورکێو وتی"نشتنەوەی ئەم کۆترە سپییە لەم کاتەدا لە تەنیشت پەنجەرەکە هێمایەکە بۆ نیازەکانی ئێمە،ئێمە نە جەنگی شەوەمان دەوێت و نە جەنگی شارستانییەکان،ئەم جۆرە شەرانە،شەری ئێمە نین،دوو قەلە رەشەکەن و بە یەکتری دەڵێن:"رووت رەش"،دووریش نیە ویستبێتی پێمان بڵێت:" لەوەتی زەمین زەمینە،هەروا بە دەست دەسەڵاتدارەکانەوە دەسوتێنرێت،بەڵام دنیا هەر ئەوە نیە،تەماشای من بکەن،دنیا هەر شەر نییە،خۆشەویستی و جوانیشە!خەم مەخۆن ئەمە تەنها چارەنووسی ئێوە نییە،ئەمە چارەنووسی ملیونان مرۆڤە!
بۆیە" دڵ هەر یەکیگەو سەوزە بردگەسەی"!
لەم لایشەوە کابرایەك بە ناوی مام سوارە تەوقەم لە گەڵ دەکات!
تۆ بڵێیت شتێکی نائاسایی روویدابێت؟جا ئەو شتە چییە وا رووی داوە؟ هیچ دوور نیە ئەم کابرایە رێبوارێکە رێگاکەی وون کردبێت،دووریش نییە هەر ئاگای لە ئامانجی رێ گرتنەبەرەکەشی نەبێت،هەر وا بە هەوەس رێگەی گردووەتە بەر" کێ دەڵێت ئەم کابرایە رێبوارە"هەمان ئەم پرسیارانە لە خۆم دەکەم"جا کێ دەڵێت من منم؟؟

تەماشای دەورو بەری خۆم دەکەم، دەبینم ژوورەکەم جیاوازیەکی وای نییە لە گەڵ ژوورێکی ئاسایی ناو ماڵێکی هەژاری قەراخی ئەلوەن،هیچ بەڵگەیەك نییە کە ئەم ژوورە بەشێکە لە جێگایەکی ناسراو بە شارستانییەت؛سەر دیوارەکان بە تابلۆی رەنگاورەنگە جوان و پڕماناکانی شیرین و ژیان رازاوەتەوە لە گەڵ وێنەیەکی گەورەی ئافرەتێکی بەساڵا چوو،چاوە پڕ پرسیارەکانی پێم دەڵێن:"تۆ لێرە چی دەکەی؟ پێت وا بوو لێرە رزگارت دەبێت؟ پێت وا بوو لێرە شەڕوشۆر کۆتایی پێ دێت وبە ئاسوودەیی رۆژگاری داهاتووت بەسەر دەبەی؟روخسارە گرژولۆچاویەکەی وێنەی رەنج و ماندوبوونێکی بێ وێنە دەردەبرێ،هەندێ جار خۆم پرسیار دەکەم"بۆچی ئەم وێنەیە لە ناو ژوورەکەم هەڵواسراوە؟"بەڵام وڵامێکی وام پێ نییە وهەر ئەوەندە دەزانم هێزێکی زۆرم پێدەدات.
هەندێ جار دەڵێم"هەر ئەڵێی میم حوسنی یە،نەخێر دەقاودەق خۆیەتی.بڕوانە ناوچەوانی،بڕوانە،بڕوانە چۆن گەرمی بەردە سپێکانی چەمە وشك بووەکە رەنگی پێستی قاوەیی کردووە،سەرپێچەکەی سەری لە هەمان ئەو سەرپێچە دەچێت وا عەزیز بۆیی هێنابوو"،کتێبخانەیەکی بچوك، ناسیارێك پێشکەشی کردم،کتێبەکان بە پەرش و بڵاوی لە سەر یەك دانراون و لە سوچەکانی ژوورەکە رۆژنامە، کتێب و پەڕەی بە کەلك و بێ کەلك بڵاوبوونەتەوە،تەپڵەی جگەرەکە لە جێگا خۆشەویستەکەی خۆیدا بەریزەوە جێی خۆی گرتووە،منیش بە هەمان ریزەوە ئەوەی خۆی بیەوێت دەیدەمێ، سوتکە جگەرە و پاشماوەی جگەرە کێشراو و نەکێشراوەکانی تێ دەکەم، بەڕاستی هارمۆنیەکی لە بەرچاو لە نێوانماندایە،جێی نوستنێك کاتی خۆی یاد وسوعاد پێشکەشیان کردم، بۆ من وەکو جێگای نوستنی رەزا شایە،هەر ئەڵێی باشترین دارتاشی دنیا بە شێوەیەکی تایبەت بۆ منی دروست کردووە.کاتێك لە سەریدا پاڵ دەکەوم شا بە گونم نازانم هەروا مێزێکی نووسین کاتی خۆی جەبار پێشکەشی کردم.مێزی نوسینەکەم کە گابریەلا سەردینی کاتی خۆی پێشکەشی کردم،جەبار بردی بۆ ئەتەڵێ بە بایەخ و بە هاکەی؛فەرشەکەش یەکێك لە دوورەوە بیبینی ئەڵێ فەرشی کاشانە،ئەمەش دانشتووی پێشووی ئەم ژوورە پێ... ش ... کە ... شی کردم!ئەوەی بۆنی شارستانییەتی پێوە بێت تەلەفۆن و فاکسەکەیە،کەچی ئەمەش بووە بە ئاگر و دەمسوتێنێت کاتێك زەنگ لێدەدات بەترس و لەرزێکەوە دەستی بۆ دەبەم، چونکە هەر جارێك ئەرکێکی زیاترم بەسەر دێت،ئەرك لە دوای ئەرك، جارێك

داوای چەند هەزار گلاٚیەکم لیٚ دەکەن،منیش تەنها گلاٚی پـایزم لـەلادا دەسـت دەکـەوێت!پێیـان وایـە لـە سـەر بـانق دانشتووم یا بۆ لە چاپ دانی دە بۆ پازدە لاپەڕەیەك وچەندین ئەركی تر كـە بـە دڵ و بـە گیـان جـیٚ بـە جـێم دەکـرد ئەگەر کات وپارەیەکی کەمم هەبوایە ! .

مونیر سەرلەنویٚ دووبارەی پرسیارەکەی دەکات کە ڕەنگە پێنج سەد هەزار جار لێی کردبێتم:بۆچی هیچـت نیە،ئـەی ئەو هەموو ساڵە چیت کردووە ؟"
هۆشیار:تەنها قاچاخچێتیو دزی و جەردەیی و گەوادی و جاسوسێتی و ماستاوکردنم نەکردووە،دەنا هەر لە کرێکـاری بیناسازی و کەناسی و دەواجن و وەرگێڕی و پیتزاکـردن وقـاپ شـۆردن وزەلاٚتـە دروسـت کـردن هـەتا فەرمانبـەری و کەلنەری ومامۆستایەتی و چەندین کاری ترم کردووە؛میراتی باوکمە بۆ مـن ماوەتـەوە،کتومت لـە بـاوکم دەچـم، نـەك تەنها بە رەنگ و شێوە بەڵکو لە بواری کارکردنیشدا،کۆپییەکی ئەوم، ئەو لە خـوا یـاخی بـووە رۆژیٚ کرێکـاری نـەوت سـازی بـووە،رۆژیٚ بـرین پێچـی لەشکر،بارهەڵگر،پاسـەوانی بیناسازی،شـاگرد فیتـەر و فەرمانبـەری شـەرکەتی بیمە،خاوەن حەوت سەنعەتە و هیچی لە گیرفاندا نییە !
مونیر:کارەکانی لە یەك ناچن!
هۆشیار:پێش ئەوەی بەرنامە ئابووریەکانی تاتشەر و ریغان بەسەر جیهان بسەپێت،لە سـەر بـاوکم تاقیکرایـەوە،پاش سەرگردنی ئێستا وا بەسەر منی دەسەپێنن!
مونیر:ئەی بە چی دەژێیت؟
هۆشیار:بە هیوا!
مونیر:کێلوی بە چەند دەفرۆشیت ؟
هۆشیار:من سەر لە کڕین و فرۆشتن دەرناکەم،وەك پێم وتی،زۆر کۆڵەوارم، ئەگەر کەسێك لە هیواکانمی بوێت،باقیشی دەدەمەوە !
مونیر:جا بانکرۆت دەبیت،بە بیٚ هیوایی دەمێنیتەوە،ئەوجا چی دەکەی؟
هۆشیار:هەتا ئەڵوەن بە ڕێوە بێت،هێوام دەبێت!
هەتا ئەم بەرو ئەوبەری هەبێت،
منیش بەقەد باڵاٚکەیان هیوام دەبێت
هەتا بۆنی چاترەیەك، هەناسەی ئەڵوەنزادەیەك،
کەلاٚتێك،خەندەی سەر لێوی منداڵێك مابێت
منیش لە گەڵیاندا هێوام دەبێت!
مونیر:هیواکانت باسی چی دەکەن؟
هۆشیار:باڵاٚی مرۆڤ ئەوەندە بەرزبێت،رۆژ بخەنە بن دەستی راست،مانگ بخەنە بن دەسـتی چـەپ،پێیەکیان لـەم بـەر ئەڵوەن بێت و پێیەکیان لەوبەر، ئەستێرەکانیش لە دەوریاندا گۆرانی"وەی لە من یاخی،تۆ گوڵی ناو باخی" بڵێن!
مونیر:بۆیە قەرەچەکانیش لەوەتی ئەڵوەن ئەڵوەنە بەرەو ئاواتەکانیان بەرێگاوەوەن!هێشـتا بـیٚ تاقـەت نـەبوون لـە چڕینی گۆرانی:
ئێمە دوورین،ئەوان دوورن،
هیواکانمان هێشتا دوورن

دوورن،دوورين ...

بەلأم ئێمە لەسەر رێگاین

رۆژێك دادێت

هەر رۆژێك بێت

هەر بە هێواکانمان دەگەین ......هەر پییان دەگەین...

بەلأم ئەمە هەر ناکرێت! !وەهمە وەهم!

هۆشـیار:دەبـێ هــەتا پێمـان بکرێـت گەشـە بـە خــەیاڵ و خەونەکانیشـمان بـدەین! ئـەی سمبۆلەکـەی سـەدەی بیستەم،نەیوت"با ریالیست بین،ئێمە هەوڵی ناگونجاو دەدەین!"

سەرباری هەموو ئەم بارودۆخە بێفەڕە،کابرایەك هاتووە بەناوی سوارە ولە دەرگام دەدات!

راستە هەندێ کەس هەن ئەوەندە شارستانییانە هەڵسوکەوت دەکەن،دەرگا لە هەنـدێ رێبـوار ناکەنـەوە،مرۆڤ دەبـێ یەکەم جار تەلەفۆنیان بۆ بکات،بە هەموو رێزێکەوە پرسیار بکات"کاتتان هەیە...جەنابتان کاتتان دەبێـت بـۆ یـەکتر بینین؟...دەتوانم سەردانێکتان بکەم؟بەلأم هۆشیارێك خەڵکی شارێك بێت لە دێرزەمانەوە کاروان سـەرا بوبێت،چۆن دەرگا ناکاتەوە؟

ئەڵوەن وتی:ئەوە بیست و چوار بلیۆن ساڵە دەرگام بە رووی کەس دانەخستووە ئێوەش،ئەی ئەوانـەی وا بـە رووتـی لە دایك دەبن،دەرگاکانتان بە رووی‌کەس دامەخەن.دەرگا تەنها بەرووی شەوە و بەچکەکانی دابخەن، سـەنگەریان بـۆ دابمـەزرێنن، راویـان بکـەن ... ر ..ا..و..ی..ا...ن...بکـەن! هـەر بۆیـە دەرگـا بـۆ مێـوان لەسـەر پشـتە،ماڵ مـاڵی مێوانە،بەلأم هەی رووی پارە وپوول رەش بێت وا بەم شێوەیە رەنگی زەرد کردووم!

بە هەمان شێوەیش دەڵێن:ئەوە نزیکەی سـەدەیەکە،بگرە زیاتر،ئـەوەی روو لـە ماڵـەکانی قەرەئـەنگوێ وقومرغـان و قەڵەم پاشا و یاغسەمەر و مالومە و گاپیلۆن و ئولأغلو و دەوروبەریان بنێ،پرسیار بکات:پورێ مێوان رادەگرن؟

پورێ:مێوان بەخێر بێت،وەی بەخێربێن بەسەر چاوان کوڕی خۆم.

بەلأم ئەم کابرایە بەراست مێوانی منە؟ یا من مێوانی ئەوم؟

رەنگە هەردوکمان مێوانی ئەڵوەن بین؟ هیچ دووریش نیە ئەڵوەن بێت خۆیی لێم کردبێت بە سوارە بۆ ئەوەی هـەواڵی بە ماسی بـوونی مامۆسـتا محێدین، ریاز، وەرگی،ئیسـماعیل خانمـە پـێ بگەیـەنێت و چۆن هـەموویان خـەنیون بـە گەیشتنی محێدینی ئەڵوەنزادە و چۆن وەکو جاران بێ دەنگ و هێمن نییە، هەست بـە ئـازادی و ئاسـودەیی دەکـات، گۆرانی ئەچرێ و هەموو دانیشتوانی بنەکەی هێناوەتە دوان،پرسیار لە دوای پرسیار دەربارەی ئـەم بـەرو ئـەو بـەری لـێ دەکەن،ئەمیش بە دەنگی بەرز،بە زبانە شرینەکەی،جوان بۆیـان دەگێرێتەوە،ئـەڵێی ئـەوە چـەند سـەدەیەکە لـە هەواڵ و مەرگەساتی ئەم بەر و ئەوبەر ئاگادار نین،هەر وا وتی"لەوە ئەچێت زۆر دەمێکە چاوەروانی محێدینن،ئەوا بـە یەك شادبوونەوە".

لە ناو ئەم بەسەرهاتەدا بووم، چـاوم بـە حەسـۆ و بـاوکی هێلانـە کـەوت، چـاوپێکەوتنێکی ئاسـایی وەکـو جارەکـانی تر،هیچ هێمایەکم بەدی نەکرد بۆ هەواڵێکی شوم،هەواڵێك بەو رادەیە کز و کەساسم بکات،ئەوە نـەبێت کـاتێ پـێم وت

ئـەمرۆ نـاتوانم بێم،هاتنەکـەم درەنـگ دەکات،بـا بـۆ سـبەی بمێنێتـەوە . ئـەو وتـی"قـەی ناکات،ناخـەوم ئەگـەر نەیەیت!پرسیارێکم لە خۆم کرد"بۆچی باوکی هێلانە وام پیٚ دەلٚێت؟" تومەز هەوالٚی مەرگی لە خوا یاخێکەیان پێیە.

هۆشیار:کەی؟

حەسۆ:رۆژی هەینی رابردوو!

واتە ئەو رۆژەی وا کوڕە گەورەکەی گولٚبەهار،کەوا پێکەوە لە ئەبو غرێب هەتا سەردەشت و تاران و جوهروم جۆرەها شەقی دنیامان خوارد،بە مەرکی باوکم زانیبوی بۆیە کراس و پانتۆلٚە رەشـەکەی پێشـکەش کردم،ئامـادەی کـردم بـۆ بیستنی هەوالٚی کوژانەوەی ئاگرێکی کورەی کار،مەرگی دوژمنی پارە و یەکێك لە نائارام ترین لە خوا یـاخی ولاوتـرین بە سالاٚچوی شارە وێرانکراوەکەی ئەم بەر و ئەو بەر تۆ بلٚێیت مەرگە پڕ ئەشکەنجەکەی شرینی شرینەکان لە نـاوەوە داینەرزاندبێت؟دوير نيە وەل محێدینەو مەوعدی بیە ! ! دوریش نییە شەرمی لە لاوازی وبیٚ هێزێکـەی هاتبێت،چـونکە نەیتوانی وەکو جاری جـاران بـە پۆسـتالٚە سـەربازیەکەیەوە کەلـەی سـەری بەچـکە شـەوەکان شـەق بکات،چـۆن بـە شەوافەکانی کرد.من ئاشکرای دەکەم بۆ هەموو لایەك کەوا دوا پالٚەوانی گریان بۆ مەهداوی سەری نایەوە !

کە مانگی گەلاوێژ دەهات،وەکو مندالٚ پەلٚپی دەگرت،بن ژوورە تاریکەکـەی دەگـرت و لەسـەر تاقـە قەنەفـەی مالٚەکـە هەلاٚدەژیا و فزەی لێوەوە نەدەهاتەدەر،بۆ چایخانەش نەدەڕۆیشت!

ـ باوکە با نان بخۆین!

ـ لە یادت چوو؟"ئەمرۆ دلٚم نان نابات"

زۆر جـار باسـی نەبـەردی سـەربازی شـوعی حەسـەن سـەریعی دەکـرد" هـاواری کـرد!بـەرەو بـەرگری!بـەرەو بەرگری!ئەفسەرە شوعێکان وتیان"هیچمان پیٚ ناکرێت"،نەهاتن بـە دەنگیـەوە!نـەهاتن بـە دەنگیـەوە!نـەهاتن بـە دەنگی سەربازە هەژارەکەی سەربازگەی رەشید،کە برێك لە راستێکانی لـە گـەلٚ فیشـەکەکان خسـتبوە نـاو شـانەی چەکەکەی،تەنها خۆی و پەلەکەی مانەوە، ئەمجار خۆیانیان نەدا بەدەستەوە...

لە گەلٚ هاواری بەرگری!

بەرگری،

بەرگری،

مرۆڤکوژەکان سەریان بڕی!...

ئەو هەموو رەنجەی دەدا کەچی هەر بە هەژاری دەمایەوە،دوو عانەی زیادیشی لـە گیرفانـدا هەبوایـە مالٚەکـەی شـلوق دەکرد،پەنجا فلسی دەدا بە ئەم،بیست فلسی دەدا بە ئەو،کراسێك بۆ کچە گەورەکەی،پێلاٚوێك بۆ کچەکەی تری،قـەد لە دلٚی نەهات ئەلٚوەن بە جیٚ بهیلٚێت،بە دەگمەن سەفەری دەکرد،هەتا شار بەدەر کرا،یـەك جـار چـاوی بـە سـلێمانی کەوت، ئەوەش بە دیلی!

نەخێر،بڕوا ناکەم،چونکە بە خۆشییەوە پێشکەشی کردم،بیٚ گومان ئەمە تەنها رێککەوتە وەك هەر رێکەوتێکی تر کـە لە رێگای مرۆڤ دێتە پێش، هەفتەیەك پاش هەر بەخۆی سەرەخۆشی لـیٚ کـردم و وتـی" تـۆ هەفتـەی رابـردوو باسـت کرد،بۆچی نەتوت سەری هەلگردووە؟. . .

نەمدەویست بڕوا بکەم،هەر وا بۆ من ئێستاش دەژێت،لەلای من نەمردووە، هەر ئەوەندەیە وەك ڕۆژانی رابردوو گوێم لێ نابێت ونایبینم،تەنانەت پرسەیشم بۆ دانەنا،بۆچی دایبنێم؟ زۆر کەس دێن فاتیحای لەسەر بخوێنن، بەلاّم ئەو خۆی هیچ بڕوایەکی بە فاتیحا نەبوو،هەندێکیش بەناوی فاتیحا خوێندنەوە هەتا بیست ویەك دەیژمێرن،منیش پێویستیم بە هیچ یەکێکیان نییە،ئازارەکانیش لەبن نەهاتوون،هیچ شتێکیش تەسکینم ناکات:

وای چە دەست یاران،

وای چە دەست یاران

دڵ بی وە نەرگس

ساڵ کەم واران... ئەلۆەن نەبێت، ئەمیش لە ژێر چەپۆکی شەوە چاوی کز بۆتەوە:

هەی ئەلۆەنەکەی چەم وە عەسرەوە

چەند جار واتم مەشاخنە وە دەو

گەل گەل نازداران بێدار مۆ نە خەو

داخم تۆ چەنیم هەر چە قینەنی

پەرێ بەخت من تۆ چە شینەنی

لە ناخمدا دەنگێك بەرزدەبێتەوە"کە سیا چەمانەی ئەم بەر وئەو بەر بە شەوان پاسەوانیم دەکات"ئەوە چەنێکە وا کە هەمیشە پاسەوانیم دەکات،پاسەوانی دەکەم"بۆچی رێك دوێنێ شەو خەو لە چاوی کەوت؟

ئەوە وا دوێنێش شەو بەسەر هات،شەوێك،شەوانی درێژ،بە درێژایی مێژووی زەوت کردنی مرۆڤ بوونمان

ئەوا سەر لە نوێ شەو هات!!

کە دەیزانی ئەم بەیانییە مێژوو کۆتایی پێ دێت،بۆچی هەر بەتاریکی کۆتایی پێ نەهات؟ لەو کاتەدا کە گەردوون پشو دەدات،بۆچی هەر بە جارێك نەبوو بە دوا پشوودانی؟ ڕۆژی داماو بۆچی ئەم ئەزیەتە بەبەر خۆی دەدات؟ ئەو لە خۆشی مرۆڤ هەڵدێت،کەچی مرۆڤ داری دراوەتە ڕۆحی!بەراستی ئەمە کار نییە دەیکات،...نەخێر،نەخێر،نەخێر وەرە،وەرە،ژوورەکەم پڕبکە لە تیشکە ئاڵتونێکەت،نایەڵن بێی،چی؟ نایەڵن بێی؟

هەرچەند دەیهێنم و دەیبەم،ئەم بەیانییە،تەنها بەیانییەك نییە،بیست وچوار سەعاتە،هەموو ڕۆژێکە، هەموو باری ژیانی ئەمڕۆی زۆربەی مرۆڤەکانە؛گاڵتە بەخۆم دەکەم،ئەگەر بڵێم"هەر من بەم شێوەیە دەژێم و بیردەکەمەوە" نەخێر هەر من نییم،بە تاقی تەنها لەم سوچە بە دەستی ئەو هێزانەوە گیرم خواردووە کە مرۆڤ بوونم زەوت دەکەن!هەر وا هەر من نییم کە ناچاری تاوانباریم دەکەن،من نامەوێت تاوان بکەم!من دەمەوێت بە بێ گیروگرفت و ناحەزی و دوشمن کاری هەناسە بکێشم، نامەوێت بۆ لەتە نانێك ڕسوا بکرێم،چی زۆرە؟ نان زۆر!کورە چی زۆرە؟ بەرد و ئاسن،ئاو و قوڕ و کەرەستەی زۆر و زەبەن بۆ ماڵ دروستکردن!چی زۆرە؟ هەستی دڵداری و عەشق!

جەمیل:تۆ کەی واز لەم قسە قۆرانە دەهێنی؟ مێشکت بردین،دە بیبڕەوە ماڵت ئاوەدان نەبێت،ئەم هەموو فرە بێژیە فلسێك ناکات،بەراستی من خولقی چەقەچناوەیی تۆم نەماوە!

شاخەوان:جەمیل بڕوانە،بڕوانە ئەوانە چۆن لە گەڵ یەکتر دەدوێن،بە پەنجە یەکتری حاڵی دەکەن،دەمیان دەجولێننەوە بەڵام زۆر جار دەنگیان لە دەست داوە،دەنگ دەرناکەن،هەندێ جار تەنها هاوار دەکەن،لە چرکەیەکدا دوو کەس دەبێتە خاوەن پارە و هەزاران و ملیونان کەس برسی و وێران دەبن! بە هێمای چەنجەیەکیان نرخی خۆراك بەرز و نزم دەبێت!لەسەر ئاستی دنیا بە کۆمپیوتەر لە گەڵ یەك دەدوێن و یەکتری دەناسن بەبێ ئەوەی ڕۆژێك لە ڕۆژان چایەکیان پێکەوە خواردبێت!

ئەمانە و خاوەن مۆنۆپۆڵە زل هێزەکان موو ناچێت بە بەینیانەوە،ئەمانە سەری مارەکەن،دەبێ دەسەڵاتی ئەمانە پان بکرێتەوە!

جەمیل:جا ئەمانە هەقیان چییە؟

شاخەوان:چۆن هەقیان نییە!ئەمانە، ئەمانە ناچارم دەکەن دەستم بە خوێنەکەیان سوور بکەم،دووچاری دەسرێژکردنم دەکەن،سنگیان هەڵتەکێنم، وای لەم ڕۆژە ترسناکە،وای لە فرمێسکی دایکان و ڕەش پۆشەکان!

جەمیل:من هەقم نییە بەم بەزمەوە،من لەڕێی خۆم دێم و دەچم،بڕواش ناکەم ئەوان کاریان بە منەوە هەبێت

شاخەوان:ئەی بۆچی دوێنێ نرخی کێلۆیەکی برنجی شارەزوور لە سەنجا فلسەوە بوو بە دوو سەد دینار؟

جەمیل:برا شارەزورێکان هەر وا گران جان بوونە!

کەمال:جەمیل،باسی شارەزوور بە خراپەیی مەکە،ئەوان هەقیان چییە!ئەو قوڕبەسەرانە دەبێ بارێك پارە بەدن بە بانزین و نەوت و جگەرە و پوشاك!

شاخەوان:جەمیل دەبێ هێرش ببەی!تاوان بکەی،تا سستێمی تاوان و ڕەگبارەکانیان بخەیتە ناو مۆزەخانەی بەربەریەت،بیانکەیت بە پەن!چیتر کەس شانازی بە چەکی سەر شانی نەکات!

کەمال:ڕێگایەکی تر نییە؟

شاخەوان:نەخێر؛چەکفرۆش ئاشتی بۆ چییە؟ئاشتی ئێمەی نایەوێت و لە هەرکوێ دەنگی ئاشتی بەرزبێتەوە،ئەوان لە ژێر پێی دادەنێن!گێلە پیاوێك بڕوای بە قسە زلەکانی ئەمانەی کرد،هات بۆ ئێرە،پێیانی گۆ:من هاتوم بۆ ئاشتی!

ئەمانیش هەموو قسەکانی خۆیانیان لە بیر چووەوە،کارێکیان کرد،یەکسەر کەلەپچەی بکەن و بە نامەردی ناردیان بۆ ژووری هەڵواسین،نرخی گێلایەتێکەی دا!ئاخر جەنەراڵ و چەك فرۆش و ئاشتیان وتووە؟لەوەیش سەیر تر،چی ئەندازیار و پزیشك ومامۆستا هەیە،بە هەموو ئەقڵیانەوە نامەیەکیان بۆ نەتەوە یەك نەگرتووەکان و ڕێکخراوی مافی مرۆڤ و شەش و حەوتقراتێکانیان نارد!

جەمیل:چاکیان کرد،ئەی چی بکەن؟

شاخەوان:گۆرانی:هەی رێوی رێوی .. هەی

رێوی بێ ئیمان ...هەی بلێن!

ئەمە وەك ئەوە وایە،داوا لە جوتیارێك بکەی،زەویکەی نەکێلێت،بەبێ ئەوەی پوولی بدەیتێ یا نان و بەرگ!ئەی بە چی بژێت؟؟یا داوا لە کرێکارێك بکەی چیتر کار نەکات،بەبێ ئەوەی بیژێنیت!ئاخر دەمرێت! !کێ گێلایەتی وا دەکات؟

تێ گەیشتن؟ جارێکی تر زاتی هەنگاونانی وا دەکەن؟؟ بروا ناکەم !کورە نەتەوە یەکگرتووەکانی چی ...مافی تەڕەماشی چی،کورە چەك فرۆش، (زەمبیل فرۆش) نییە! !

دەبێ چەك فرۆش وجەنەراڵەکان و پەرلەمانەکەیان لە ناو مەترەپۆلەکانیاندا سەریان پان بکرێتەوە؛ئینستیتوتەکانیان هەڵتەکێنرێت!...

جەمیل:وەڵلا ئەم هەموو سەرپانکردنەوەیە بە من ناکرێت!داوای لێبوردن دەکەم!تۆ هەموو کاتەکە باسی خۆشەویستی و ئاشتی دەکەی،کەچی تۆیش وەکو ئەوانی تر لە سەرپانکردنەوە مرۆڤ نایەیتە خوارەوە!نەخێر!بەراست، بۆ شارستانێکان چەکفرۆشیش دەکەن؟

کەمال:نەخێر! !ئەوە پروپاگەندەی کەسە دواکەوتووەکانە!ئەمانە گوڵ فرۆشی دەکەن! ! ...مام جەمیل،ئەوانە مرۆڤ نیین،ڤیرۆسی ترسناکی دژ بە مرۆڤن! مرۆڤ ئەو کەسەیە هیچ جۆرێکی چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە قبووڵ نەکات؛ئەوەی بە پێچەوانە رفتار دەکات مرۆڤ بوونی لە دەست دەدات؛مەسەلەکەیش بە پەلەی یەکەم سستێمی چەوساندنەوەیە و ئەوانەی کە دەیپارێزن و لە سەر لاشەی ملیونان مرۆڤ بەرێوەی دەبەن!

جەمیل:ئەها!ئەوە گاڵتەیشم پێ دەکەیت؟ئەی بۆ دەڵێن ئەمانە پێشکەوتوون وئەقڵدارن؟

شاخەوان:ئەقڵی چی؟ ئەمانە تەنها ئەقڵ و هۆشی پارە،بۆرسە،راست ...چەپ...کرین...فرۆشتن...راست... چەپ...دۆلار...مارك...راست...چەپ ...قازانج ...زەرەر...راست ...چەپ...جەنگ...ئاشتی ...راست...چەپیان هەیە،چەکی پۆست مۆدێرنیان هەیە! "بۆ ئاشتی پاراستن و تەبایی لە نێوان گەلان"چەکە مۆدێرنەکەشیان بەو خوارە دەفرۆشن،هەندێ جار پێشکەشیان دەکەن!

جەمیل:ئەی ئەگەر پێیان بوترێت"مرۆڤ گوناهە،خوا بۆ قوربەسەری خەلقی نەکردووە،بۆچی جلوبەرگی خاکی لەبەر بکرێت،بەیانیان زوو بۆ مەشقکردنی راست چەپ...راست چەپ لە خەو هەستن"

شاخەوان:ئەوە سەر لە نوێ هاتە سەر... !خوای چی،ئەگەر هەشبێت یا خوایەکی خوێنخوار و سادیستە،یا بە جێی هێشتووین!ئاخر ئەگەر هەبێت، چۆن ئەم هەموو وێران کاری و قەتلوعامە قبوول دەکات؟ ئەکەر شتی وایان پێ بلێیت بەشێت لە قەڵەم دەدەن!

کەمال:ئەی ئەگەر پێیان بوترێت"بوونی پاشا و سەرۆك زۆر بێ سوودە و هیچ لە ژیان ناگۆرێت؟

شاخەوان:ئەوە چی ئەڵێی؟ لە هۆڵەندا لە ژێر وێنەی پاشا ژنە بەربوکەکەیان حوکمیان دام!

جەمیل:چۆن؟

شاخەوان:چاك،زیندانە تاقە نەفەرێکەی دێنهاك لە ئاودەست دەچوو!

جەمیل:هەی رۆ بۆ لەوێش زیندان هەیە!

شاخەوان:ئاااااا،پاشان دادوەری حکومەتی پایە بەرزی هۆڵەندا ئەوەندە عەداڵەت دۆست بوو،ئەوەندە مرۆڤدۆست بوو،تاوانی دزیکردنیان خستە ئۆباڵم!گوایە من بۆ دزیکردن لە ئەڵمانیاوە چوومە بۆ باڵوێزخانەی عیراق لە لاهای!

کەمال:دزی چی؟ئەمە دەعایەیە دەیکەی،خۆ یەکجاری ئەوەندە کەر نین!

شاخەوان:کورە ئەمانە کەری پۆست مۆدێرنن،بە ئاشکەرایی جوتە ناوەشێنن!کە ناوی ئاشتیان هێنا،بزانە مەبەستیان جەنگە،سەرۆکی ناتۆ،کە بکوژ و بڕی دنیایە،تاج و ئەستێرەی جۆراوجۆر هەڵناگرێت،بە پێچەوانەوە، خۆی ودار و دەستەکەی قات لە بەر دەکەن وکەرەوات دەبەستن وهەر بەو شێوەیەش شەڕ بەرپا دەکەن،ئەمە ملیتاریزمی پۆست مۆدێرنە!خۆ وەك کەر و وڵاخەکانی لای خۆمان نین کە هێشتا لە قۆناغی مۆدێرنن؛شانازی بە ئەستێرەکەی سەر شانیان دەکەن! ئەو رۆژە کابرایەکی"رۆشنبر" کە دەزگایەکی گەورەی لە ژێر دەستە،بە ئاشکرایی،بە رۆحێکی زۆر دیموکراتییانەوە لە تەلەفزیۆنەکەیاندا(لە ئەوەڵەکانی مانگی سێ) وتی:" دەبێ نووسین بە گوێرەی یاسا پەیرەو بکرێت،ئەوەی سنوری یاسا بشکێنێت،دەبێ بە قورسترین شێوە سزا بدرێت"!

ـ ئاخر نووسەر و یاسایان گوتووە؟

ـ ئازادی نووسین چەند پەرەگرافی یاسایی دەکات؟

ئەم کابرایە لە سەر وتاری رۆژنامەکەیاندا ئاماژە بۆ قازە سەیرەکەی کرد، هیچ نەمابوو حزبێکی بێ وەی بە قڕان بدات،لە بەر بڵاوکردنەوەی چیرۆکی قازە سەیرەکە کە بە روسی بۆ منداڵان نووسراوە وبە هیچ شێوەیەك پەیوەندی بە باری رامیاری لای خۆمانەوە نەبوو، چیرۆکێك بوو کە تەنها یەك تاقە مەبەست زۆر بە باشی دەپێکێت:خۆ پەرەستی شتێکی نابەجێیە!

جەمیل:عەجایب!

کەمال:ئەی چینی پرۆلیتاریا چی دەڵێن،چی دەکەن؟ ئەحواڵیان چۆنە؟ شوکر باشن؟

شاخەوان:دەستەکانت ماچ دەکەن،سەڵاوی ئینتەرناسیۆنالییان هەیە،زۆر ئەحواڵی ئێوە دەپرسن،بەیانیان زوو لەسەرە رێگایان بۆ فرۆشتنی ژیان و تەمەنیان،رۆژنامەی (بیڵد) دەکڕن،لەکاتی پشودانی بەیانیاندا،زگیان تێردەکەن،و بە رۆژنامەی بیڵد مێشکیان،لە کاتی پشودانی نیوەروان لە خوێندنەوەی تەواو دەبن!رۆژانە نزیکەی دوو ملیون دانەی لێ دەفرۆشدرێت،بووە بە سەرچاوەی سەرەکی پەروەردەی سیاسی و کۆمەڵایەتی هۆشی پرۆلیتاریای ئەڵمانی،یەکەم لاپەرەکەی هەمیشە بە ئافرەتێکی رووت رازاوەتەوە و لە ژێری وێنەکەش بۆ نموونە،هەر جارێك وتەیەکی پۆست مۆدێرن نووسراوە:ئەم کیژۆڵەیە زۆر حەزی لێ دەکات وماندوو نابێت،بە شەو و رۆژ ئامادەیە،حەز لە سەفەر دەکات بۆ وڵاتەکانی کاریبی!لە ناوەراستیشی وێنەیەکی تر و وتە زەردێکی تر ...!کابینەی جلوبەرگ گۆڕینەکەیان بە وێنەی ئافرەتی رووت رازاندۆتەوە!

جەمیل:ئەی بەرپاکردنی شۆرشی کۆمەڵایەتی؟ یەکسانی؟

شاخەوان:باشەکەیان چڵکاوی سۆسیال دیموکراتەکان دەخۆنەوە!

جەمیل:ئەی نەقابەکەیان ؟

شاخەوان:چڵکاوخۆری دەستی یەکێتی خاوەن کارەکانن!دەسگایەکی بیروکراتیە دژی بەرژەوەندیە راستێکانی چینی کرێکار،بۆ نموونە،لە یاسای ژمارە یازدەی نەقابەی بیناسازی نووسراوە:...ئەوەی لە رێکخستنێکدا کاربکات دژی سیستێمی دیموکراتی و ئازادی یا دژی دەستور یا بۆ بەرژەوەندیاندا چالاك بێت دەردەکرێت!ئەمە بە پلەی یەکەم شوعێکان دەگرێتەوە!

جەمیل:ئەی هاورێ شوعێکان ؟

شاخەوان:بە حاڵ دەنگیان دەبیسترێت!ئەمانیش گوایە هێشتا بە شێنەیی خەریکی پیلان دانان و رێکخستنی شۆرشن بۆ دوا رۆژ،نابینن،با بڵێم دەبینن رژێمەکانی ئێرە،لەم دوورەوە،هەموو رۆژێك هەزاران کەس لە

ولاتەکانی ئەو خوارە دەکوژن و برسی دەکەن !لە خۆپیشاندانەکاندا وێنەی گیڤارا هەڵدەگرن،بەڵام کاریان بە چەکەکەیەوە نییە،ئەوە بڤەیە !هەندێ لێیان دەڵێن:هێشتا کاتی نەهاتووە !ئەگەر لێی بپرسیت:بەخێر کەی کاتی دێت؟ پێدەکەنن ! !

کەمال:واتە لەوێ تیئۆری و پراکسیس لە یەکتر دوورن !

عادل:پێش چەند ساڵێك کۆمەڵێك هەبوو بە کردەوەش رفتاریان دژی ئەم خوێنخۆرانە دەکرد،بەڵام لەبری ئەوەی هێرش بەسەر ستركتورە ئابوری و بنکە جاسوسیەکان و بەرهەمهێنەرەکانی چەك و تفاقەکانی بکەن،دەچون بەرازێکیان لێ دەتۆپاند !بەرێوبەری بانقی ئەڵمانی هێرهاوزنیان کوشت، هەی دەستەکانیان خۆش،بەڵام بەرازی پۆست مۆدێرن وەك ناو براو زۆرن ! دەبوایە بنکەکەیان بتەقاندایەتەوە !

کە ئەم ئەستێرە سوورانە،درك بە هەڵەکانیان کرد،بانگەشی ئاشبەتاڵیان کرد !

شاخەوان:من بیستومە،کە رێکخستنێك هەست بە هەڵەکانی دەکات،هەوڵ دەدات بە ئاشکرایی رخنەیان لێ بکرێت؛چارەسەری بکات ودرێژە بە خەباتەکەی بدات ! کەچی ئەمانەش وتیان:"کار من تمام شود" !

کورە بیکەن بە خاتری عەول،بیکەن بە خاتری هەژارکراوەکانی ئەندەنوسیا، قوربانییەکانی ناو باڵوێزخانەکەی یابان لە پیرۆ،کرێکارە موچە پێنەدراوەکانی سیبریا و ئۆکرانیا،کورە بیکەن بە خاتری قوربانێکانی چیاپاس و بێ کارەکانی فەرەنسا و کرێکارە دەرکراوەکانی بیشۆفە رۆدە،غاین هاوزن و ڤولکان؛بیکەن بە خاتری کرێکارە مانگرتووەکانی فۆلکس فاگن لە مەکسیك و کرێکارە مانگرتووەکانی لە تورکیا یا قوربانییەکانی کوردستان؛کرێکارەکانی کۆریای خوارو! هیچ سوودی نەبوو، هەزار نەقیزەشیان لێ بدەی،هەر هیچ! هەر ئەڵێی ئێسترەکەی رێگای قەڵەم پاشان:حەفتا خودایش بهاتبایە خوارەوە، پێیان بگوتایە" باوکەکەم،براکەم بکەوە رێ،هەر سوودی نەبوو"، تازە پشتی گوێی ئەفەندی ئارەقەی کردووە !بەخۆم چەند جارم پێگۆ"برا گیان وا تاریکایی دادێ،خۆڵقی گورگ و جاش و کەمتارم نییە !نزیکەی سەعات ونیوێك لە جێگاکەی وشك ببوەوە و نەدەجولا،پاشان هەر بە قسەی خۆیی کرد !

جەمیل:ئەمە کەی؟

شاخەوان:لە سەردەمی لیبرالیزمی نوێ،لە ترسناکترین قۆناغی نوێی مرۆڤایەتی !

جەمیل:ئەی هاورێیانی ئەنتی فاشیست؟

شاخەوان:ئەڵێی بنکەی ئاگرکوژاننەوەن،کە تاوانێك روو دەدات،پۆلیس ئامادە دەبێت،پاشان ئەوان دەگەن،نەختێك هات وهاوار دەکەن و بڵاوەی لێ دەکەنەوە و دەچن بۆ بارەکانیان !

جەمیل:ئەی تەکبیر؟

شاخەوان:لەوە دەچێت سەردەمی راپەرینی گشتییە لە ولاتەکانی خوارەوە، هەڵە کۆنەکان دووبارە دەکرێتەوە،واتە شکستی نوێ !

جەمیل:کە وابێت،دەبێ کۆڵی لێ بدەین،دنیایان چەند کاولکردووە،با ئەوەندەی تر کاولتری بکەن !هیچ برا هیچ...تازە هیچ سوودی نەماوە، رۆژگاری خۆم دەبەمە سەر!

شاخەوان:نەخێر،ئەمەش چارەسەر نییە !تۆش مەبە لێم بە پورە رەعنا، ئەوەی پێی بوتایە:پورێ ئەم جلوبەرگە شڕە چییە لە بەر کردووە،تۆ ئەوەندە پارەت هەیە،دوو دەستە جلوبەرگی تازە بدەی بە دوورین!

رەعنا:ئەوجا رۆڵە بۆ چیمە؟ بۆ چی؟ من سبەی ئەمرم!

- پورە رەعنا ماڵەکەت لە کەلاوە دەچێت،نەختێك دەستی پێ بهێنە،بە دوو کیسە چەمەنتۆ دەبێتە شتێکی تر!

رەعنا:جا بۆ چیمە رۆڵە،من ئەمرم! ئەمرم! ...

ئیتر،رەعنا،ئەمە بکە،لەولأمدا:ئەمرم...ئەمرم...ئەمرم!

جەمیل:ئەی چی چارەسەرە؟

شاخەوان:من فەتەحفالّ نییم!بەلأم دەبیّ ریّکخراوە شوعیّکان تەنها باسی "رۆژی حەشر" نەکەن،ئەو رۆژەی وا هەموو کریّکارانی جیهان لە رۆژیّکدا مەسەلەکە لابەلا دەکەن،دەبیّ هەر ئیمرۆیش دەس بەکار بن،بەشی هیّزی چەکداریان هەبیّت،بەرازەکان لە هەر کویّ تاوانیّك دەکەن،لەناو جەرگەیاندا بەرپەرچیان بدریّتەوە! !هەولّی کاریّك بدریّت،مرۆڤ ئەوەندە میّشکی بە نان دەرکردن وخەمخواردنی پڕکردنەوەی پیّداویستی مندالّەکانی سەرقالّ نەبیت، رۆلّی پارەوپوولّ لە بەین ببریّت،دوا هەولّی مرۆڤ بۆ هەرچی زۆرتری نەبیّت،نەبیّت بە بەرزترین مەبەستی هەولّ و کۆشش!پارە چییە؟چلّکی دەستە!ئەوەی باسی دیموکراتی و مافی مرۆڤ و پەرلەمانی کرد،پیّ بلّیّ: ئوو،ئەمە گالّتەجاریەکی کۆنە،باوی نەماوە،کاتی خۆی زۆر کەس پیّی هەلّخەلّەتان،ئەو ئەقلّە بۆ خۆت هەلّبگرە،من پۆلیس و لەشکر ودەزگاکانی ئاسایش و زانیاری و دادگایی ناو هۆلّەکان و ئەو هەموو بیرۆی فەرمانبەرایەتی و هیراشیانەم ناویّت،ئەو هەموو یاسانەم ناویّت،کە بەبیّ ئاگاداری من دەرکراوە!خۆشەویستی ببیّت بە زادەی مرۆڤەکان!ئەمە بکریّت بە یەکەم هەنگاو! !

جەمیل:لە کویّ شتی وا هەیە؟ ئەمە خەونە!پاشان بەرازە پۆست مۆدیّرنەکان هەموو رۆژیّك تاوان دەکەن،واتە ئیّمەیش دەبیّ هەموو رۆژیّك بە چەك بەرپەرچییان بدەینەوە! من هەقم نییە،و بە چەکیش هیچ ناکریّت!

شاخەوان:بۆم هەیە خەون بە شتی جوان ببینم؟نەخیّرخەون نییە!بەلأم تۆ وای دابنیّ خەونە!تۆ کە خەون بە کچیّك یا دیدەنی کەسیّك یا فیلمیّك، جلوبەرگیّك دەبینی،هەولّی جدی بۆ پیّ گەیشتنی دەدەی،بۆ ئەو خەونەش هەمان هەولّ بدە!پاشان چ هۆیەکی رامیاری،کۆمەلأیەتی،ئیدۆلۆژی، پروپاگەندەیی هەیە ریّگا لەوە بگریّت بنکەکانی تاوانباری لە جیهان سەروخوار بکریّن؟بەلّیّ!ئەزانم تۆیش حەز دەکەیت ببیّت بە میّوانی بەشەرم،و لە پالّیەوە نەختیّك خەریکی ریفۆرم بیت،ونە ختیّك باسی سیاسی بۆ کات بردنە سەر بکەیت،وا نییە؟

جەمیل:نەخیّر وا نییە!بەلأم بە ریّگای دیالۆکیش گیروگرفتەکان چارەسەر دەکریّت،شتەکان یەکجاری وا لە کۆنترۆلّەی ئەقلّ و لۆجیك دەرنەچون!تۆ دنیات بە جاریّك کاول کردووە!

شاخەوان:چما کەم کاول بووە؟من پیّموایە،بەم هەولّە مرۆڤ هەست بە مرۆڤی خۆی دەکات،دەبیّت بە بەشیّکی هارمۆنی لە گەلّ ئەلّوەن،با بلّیّم وەك ئەو نیگا پڕ سۆزە،ئەو هەستە کە دایگرتم کاتی بینینی شتیّفی،برا نە رۆ، برا نە رۆ،چاوم بە کەمالّ کەوت،بینیم،بە چاوی خۆم بینیم،چەند مەزنە مرۆڤ،چەند بەهایە،هیچ پەپولەیەك ناگاتە ناسکی ئەو هەستانە... تەنها هەستی ئاشتی و خۆشەویستی هەبو و هیچی تر،پیّویستیمان بەوەیە رۆژگارمان بەو هەستە بەسەر ببەین!

کەمال:ئیّ !دە دوو قسەی گەشبینی وا بکە!واتە ئەم هەموو گەرمیّن و کویّستانەتە بۆ شتیّفیە؟

شاخەوان:نەخیّر!

کەمال:کورە نەخیّری چی، ئەم جارەیان تیّ کەوتی!ئەها،بۆیە! !

شاخەوان:بە ناو چی کەوتم،من مەبەستم تەنها هەستکردنەکە بوو،دەنا هیچم لە گەلّدا نەبووە،و نایشی ناسم،رەنگە جاریّکی تریش چاوم پیی نەکەویّت!ئەوەندە خەویّکی جوان بوو،بە هیچ جۆریّ لیّی نزیك نەبومەوە، دەترسام زەدەیەکی لیّ بکەویّت،هەندیّ جار وا باشترە،چونکە پاراستنی ئەو جۆرە هەستانە هیّزی سەد سالّ ژیان بە مرۆڤ دەدات!حەز دەکەم مرۆڤەکان هەر ئەمرۆ لە ناو بەهاری ئەو جۆرە چرکانەدا ژیان بە سەر ببەن!...

ئەڵوەن نە چەکی هەیە و نە چەکی دەوێت،تینوێتی ڕێبوارەکان دەشکێنێت بەبێ سەوداکاری،هەر وا،هەر وا بە ئازادی! هەر وا سوپاسیشی ناوێت، نەختێك سەرتی بۆ دانوێنە،ناو لەپت قولْ بکەرەوە و بیخۆرەوە،یەکسەر یەك تاقە وشە دێتە سەر زارت:ئۆخەی!

ئەمەیە ئەڵوەن،جا مرۆڤ لە ئۆخەی زیاتر چی دەوێت؟هیچ،هیچی ناوێت ،تەنها ئۆخەی... ئۆخەی ...ئۆخەی!

(١٠)

کێ وتی مێژوو کۆتایی پێ دێت ؟مێژوو ئەڵوەنە،ئەڵوەنیش بێجگە لە هەر شتێکی،دایك و باوکە ! !
جا چۆن کۆتایی پێ دێ؟

ئەڵوەنی خرگە لەوەر، برسی و ماندوو چۆن ڕادەوەستێ؟ تازە بە تازە بەو بارە زەلیلەیەوە،ئاوازی بۆ پێشەوە دەڵێت، هیچ قایە و تاشە بەردێك ناتوانێت ڕێگای پێ بگرێت،هەمیشە بۆ پێشەوە... بەرەو یەکانگیری خەون و ڕاستێکان دەڕوات،دەچپێنێت بە گوێی ئەوانەی وا دەستە گولْ و مۆم نەبێت،کەس بۆی نییە پێ لەسەر نێت!
ئاخر ئەڵونی برسی و ماندوو چۆن چۆك دادەنێ؟؟ چۆن؟
ترسی لە چی هەبێت تا چۆك دابنێت؟ گەر بە چۆکدا چوو،ئەوە وێنەیەکی سەنگەرگردتنە !تەماشاکردنی قەدوباڵای ئاسۆکانە،بوژانەوەی ئومیدی لەپ قڵیشاو ونیگا چاوەڕوانەکانی مشتێکی ئازادی!

ئەڵوەنی وەرزەکانی سال چۆنْ چاو دەنوقێنێ؟

هەموو رۆژێك باوەش دەكات بە فرمێسكی دایكی سەرنگوم كراوەكان، بە سەرما و سۆڵی دەركراوەكان،بە دوا وشەی هەڵواسراوەكان،پەیامەكانیان دەكات بە لافاو و بەگژ پایتەختەكانی تاوان دێت !

چۆن ئەم بەر و ئەو بەری زێبای بەجێ دەهێڵێ ؟

زامە قوڵ و بە تینەكانیان بە كۆڵ هەڵدەگرێت، دەستیان دەگرێت، قامەكی بۆ ئاسمان بەرزدەكاتەوە و پێیان دەڵێ:خۆری ئێمە هێشتا هەڵ نەهاتووە !

چۆن لە رێ وبانان وە كەساسی دادەمێنێ؟هاوارەكەی،هاوارەكەم،چۆن كپ دەبێ؟ ئەوان ئەمەیان دەوێت !

داستانەكەی ئەم بەیانە دەس پێ دەكات،داستانی كەسانێك،قووڵی دەریاكان،چڕی دارستانەكان و بەرینی بیابانەكان لە بەردەم هەست وئاواتەكانیاندا چۆك دادەنێن،قسەكانیان هەنگوینە،پێكەنینەكانیان چاوپێكەوتنە،قەقنەسێكن هەتاو لە ئامێزیان دەگرێت،بە هیچ رازی نابن، رازی بوون،خۆ بەدەستەوە دانە،خۆ كۆت كردنە بۆیە لە دەرگای خەون بدە و لە باوەشی رۆژ بكەرەوە،پرسیاری ئاسۆی پاش خەونەكانی لێ بكە؛وەك ئەوانە مەكە كە وا بە سەگە مەرگ لەتە نانێك دەرئەكەن ودەڵێن"شوكر"
دەڵێن:پێت بە قەد بەڕەكەی باوكت درێژ بكە !
دەلێن:...
- بەرازی بوون،بوونت دەخەیتە مەترسییەوە !

ئەوان هەوڵ ئەدەن چاوەكانت بە پەیوەندی و رەنگە باوەكان رابهێنن،تۆیش یەك رێگات لە بەر دا هەیە:سەركەشی بكەیت،رێگای یاخی بوون بگریتە بەر،بەم شێوەیە خۆت و كۆمەڵ دەبەیتەوە،ئەم بەیانییەش هەرچەند سەخترین بەیانییە،سەرەتایەكە بۆ كپ كردنەوەی مێژووەكەیان لە سەرتاسەری جیهانی ئەڵوەن،لە وڵاتەكەم !

ئەڵوەن وڵاتی منە،رووبارێكە،دایە دێرینەی شارەكانە،شارەكەمە،كورتە شرواڵ دڕاو لە بەرێكە،كودەتا لە دوای كودەتا،پیلان لە دوای پیلانی، جەنگ لە دوای جەنگ بۆ خنكاندنی رێك دەخەن،ئەمیش وەك(زێی مراوێكان) بەسەر پەنجەكانی دەڕوات،موژدەبەری ئاشتی و دەس لە مل كردنە،كەچی پۆلیس و باج وەرگرانی سەر سنور داوای شناس نامە و پاسپۆرتی لێ دەكەن !
- من ئەڵوەنم !
- لە كوێوەوە هاتووی؟
- من ئاوم،پاسپۆرتم بۆ چییە ؟مرۆڤ پاسپۆرتی بۆ چییە،بەسە كە من مرۆڤم، سەروەری ئەم بەر و ئەو بەرم...
- قسەی قۆر مەكە،ئەو قسانە تۆ دەیكەی،بۆ خۆت هەڵیبگرە... ناوی خۆت ،باوكت و باپیرەت و نازناوت؟خەڵكی چ وڵاتێكی زەحمەت نەبێت !
- ناوم ئەڵوەنە،ئەڵوەن،لە وەتی هەم هەر پێم دەڵێن ئەڵوەن،خەڵكی وڵاتی خەون و خوێن و خاوەر و خورشید و خەمم !

ـ ناونیشان؟

ـ ئەم بەر و ئەو بەر!

ـ بۆچی بۆ ئێرە هاتوی؟

ـ کەس ئەم پرسیارەی لـێ نەکردووم،من بۆ هەموو جێگایەك دەرۆم،ماڵم لە گشت جێگەیەکە !

ـ تیرۆریستە سوورەکان هەمان قسە دەکەن و لە هیچ شتێك رازی نین !بیگرن...

ـ من گیراوم !

ـ هێشتا باش بەخێو نەکراویت،زمان درێژی دەکەیت،بەئارامی لە ناو کونە مشکەکەت غەڵبەغەڵب دەکەیت...

ـ جا چی تێدایە !

ـ سکتر بە... ئێژم سکتر بە !

ـ "من سکتر بووم" !؟ئـەوە نـەگۆمی بـوو کـە نزیکـەی دە سـاڵە چـاوم پـێ نەکەوتەوە،لـە خولگـەی فێربـوونی زمـان یەکترمان ناسی؛بەهەڵکەوت لەسەر شەقام بینیم،پاش چۆنی وچاکی وتی:ئەوە هێشتا ماوی؟

ـ ئەمە نییە،ئەی تۆ ؟

نەگۆمی:منیش ماوم،تۆ چی ئەکەی!

ـ بە هەزار حاڵ پاڵی پێوە دەنێم،ئەی تۆ!

نەگۆمی:من پێش چەند ساڵێك بۆ ماڵەوە گەڕامەوە،وکارم کرد،بەڵام گیروگرفتەکان زۆر بوون،هەرچییەکم کرد سوودی نەبوو،نەمتوانی لەوێ بژێم،ناچارکرام سەرلەنوێ بۆ ئێرە سەرهەڵگرم،بەم زوانەش سەر بۆ ئەمریکا هەڵدەگرم!

ـ لەوێ چی هەیە؟

نەگۆمی:(بە پێکەنینەوە)،ئەی لێرە چی هەیە؟

ـ هیچ،منداڵەکانم نەبێت!

نەگۆمی:لە هەرکوێ شوێنت تەسك بووەوە بەجێی بهێڵە و برۆ،مرۆڤ نابێ سڵ بکاتەوە،تاقی بکەرەوە ! !

ـ تاقی چی بکەمەوە؟! "ئە شەمگە،ئەوە جمگە،ئەویش دەردو بەلای حەمگـە"،دەبـێ بـارودۆخێکی باشـتر هـەبێ بـۆ ژیان،ئەمە ژیان نییە!

نەگۆمی:وایە ئەمە ژیان نییە،بەڵام هەر ئەمەمان لە دەستدا هەیە،ئەمەش وەستاند و واوەیلاکردن قبوڵ ناکات!

ـ منیش باسی راوەستاندنم نەکردووە،بەڵام مەینەتەکان زۆرن

نەگۆمی:مەینەتت زۆرە یا زۆر نییە،کەیفی خۆتە،دەبێ هەر بە خۆت چارەیان بکەیت یا کەمیان بکەیتەوە،دەشتوانیت پشـت گوێـان بخـەیت، ئـەوان کـەس ناناسـن،تۆ بـۆ ئـەوان تـەنها مشکێکی،مشـکی ژمـارە...لـە نـاو شوشـەی ژمارە...مۆدێل...بۆ تاقیکردنەوە ..."یان گا دێنن یان پەمو"چی زۆرە مشك زۆرە!

ـ من مشك نیم،من...

نەگۆمی:قسەی نەستەقت زۆر لایە،ئەزانی تۆ عەنتیکەی!تۆ خۆت وا دەبینیت!

ـ سەرەرای ئەوەش،من مرۆڤم،بوونم و هێواکانم لە دەست نادەم،با ژیانم ئەوەندەی تر بکەن بە دۆزەخ!

نەگۆمی:تۆ هێشتا لە زمانی پۆست مۆدێرن تێ نەگەیشتوی،دەنا قسەی وات نەدەکرد،چەند کۆنە رستەکانت!

ـ چەند روخێنەرە ئەم سەردەمە!

نەگۆمی:بەڵام هەرکەسێك هەوڵ ئەدات لە گەڵ باری ژیانی خۆی جوت ببێت!

ـ بۆیە ناڵە ناڵکردن لە گشت لایەك بەرز دەبێتەوە!

نەگۆمی:من تەنها گوێم لە ناڵەی خۆمە،گوێم لە ناڵەی کەسێکی تر نییە ! ناشمەوێت گوێم لێیان بێت،بۆچی خۆم دارزێنم؟ چما کەم دارزاوم؟ من دەمەوێت تەنها بۆ خۆم بژێم!

ـ تۆ نەتەنهای و نەیش دەتوانی بە تەنهایی بۆ خۆت بژێیت،ئەگەر وا بکەیت خۆیشت لە دەست دەدەی بەبێ ئەوەی،دەنگێکی نارەزایی کەمتر روو لە بەرازەکان دەکات،بەو حاڵە یارمەتیان دەدەیت،بەبێ ئەوەی مەستی یارمەتیدانیانت هەبێت!ناڵینی تۆ دەنگێکە لە ناو جیهانێکی پڕ لە ناڵەی ستەم!

نەگۆمی:ستەم پیشەی ژیانە!بە منیش هیچ ناکرێت!

ـ بەرگری پیشەی مرۆڤە،هەمیشە بەرگری هەبووە،لە هەرکوێ نامرۆڤایەتی حاکم بووە،لەوێ بەرگری هەبووە !

نەگۆمی:چۆن؟ هەمووی تاقی کراوەوە !

ـ ئەمجار دەستی پێ دەکرێتەوە،لەوە دەچێت بۆ ماوەیەك پشودانێك،رۆژێك بۆ لێکدانەوە و خەون بینین پێویست بێت،رەنگە بۆ ماوەیەك بارەکەمان هەر وا سیس بێت،بەڵام هەر خۆیان بۆ گۆرەپانی لێکدادان بانگمان دەکەن،کە ئەم جۆرە بەیانییانە لە لای هەر کەسێك بەسەر یەکتر کەڵەکە بکەن ئەمجارە دەبێت بە دوا جاریان...بە دوا جاری شکستی،بە دەست پێ کردنی ژیان!

نەگۆمی:من نازانم،بەخێر بچیت!

ـ هەروا تۆش! ...

ئێوەش یاران،هەرچەند ئەم بەیانییە زەفەری پێ بردووم،بەڵام ئێوە بە زبان و ئاوازێکی تر،بە وەفاداری بۆ هەر ژان و ئاهێك،بەیانییەکی تر،بە یانییەکی نوێ بۆ ناو ماڵان دەهێنن،چیتر نە بانگ و نە زەنگ،نەتەنهایی و نە رەشبینی،بەبێ ئەوەی وشەیەك بێژین،دەس لە ناو دەستی یەکتر دەنێین و دەرۆین،دەرۆین،هەتا پێمان دەکرێت دەرۆین،بەبێ ترس وخەمی نان،بەبێ ناوی زیندان!یاران،یارانی باڵا بەرزی ژیان،مەچەکتان بەرز و بیر... چاوەکانتان گەش و دوارۆژمان...ئەم بەر و ئەو بەر بەیانیمان باش! ... داوای لێ بوردنتان لێ دەکەم!دەبێ ئەوەندەی تر بەرگەبگرین،هەوڵ بدەین ژوورەکانمان پڕ خۆر بکەین!جا من سەرم بۆ کوێ هەڵبگردایە ئەگەر ژیان نەبوایە ! !

بزەی سەر لێوان ...

ئەڵون: هەموو چوار چێوەکان بشکێنن!بە هیچ دەرگا و پەنجەرەیك رازی مەبن، هیچ شتێکی پیرۆز نییە،تەنها ئازادی تۆ پیرۆزە،تەنها تۆ!یا هەمووی بە جارێك،یا هیچ ...

ـ تەواو ـ

١٩٩٩/٣/٨

## فەرهەنگۆك

### مانای هەندێ وشە و رستە

١ ـ خەرەگە مەمرە وەهارە : کەرەکە مەمرە بەهارە

٢ ـ دایە : دایك ، لە ناوچەی سیدەکان دەڵێن ( دا) ، هۆ دا ، دایە

٣ ـ چامور عالیاوە باشوزە : ( تورکومانیە ) واتە قوڕی عالیاوە بە سەرتان ـ عالیاوە دێیەکە لە نزیکی شارەکە .

٤ ـ دالگ حیزەگان : دایك حیزەکان

٥ ـ مو عێب علێکم : ( عەرەبیە ، شێوە زمان ) عەیب ناکەن لە خۆتان .

٦ ـ حلوە : جوانە، شیرینە

٧ ـ ئیسە ختاب بیە : ئێستا ووتارەکەت بخوێنەوە .

٨ ـ گوش : گوێ

٩ ـ قسەگاند : قسەکانت

١٠ ـ چەس ئەیە : ئەوە چیە !

١١ ـ جور عەرەبانتەك : ( جور : أسحب ) عەرەبانەگەد بکیش : عارەبانەکەت راکێشە . واتە بڕۆ ـ بە سوکایەتیکەوە .

١٢ ـ گوی : گوو

١٣ ـ واز بار : واز بهێنە

١٤ ـ نێزانی : نازانیت

١٥ ـ کۆپەك ئۆغلۆ : ( تورکومانیە ) واتە کوڕی سەگ

١٦ ـ مەرتەك و مەرت مال ئانی ، راحەو للسەوزەلانی ، و الگیا جای للزرانی : ژنەکەت لە گەل ژنەکەم رۆیشتن بۆ سەیران ، گیاکە دەگاتە بەرزی ئەژنۆ .

١٧ ـ ئەڕا شارعەگە عەبر ئەکەی : بۆچی لە جادەکە تێدەپەڕی

١٨ ـ بەدرەوجەسان : شارێکە سەر سنوورە لە خوارووی عیراق

١٩ ـ ولچ وێن صرتی : ( شێوە زمان ) ئەوە لە کوێی

٢٠ ـ بیا انجا : ( فارسیە ) : وەرە بۆ ئێرە

٢١ ـ گیست بوڕن : پرچت بڕن

٢٢ ـ بەورەو : وەرەوە

٢٣ : بەو ئەڕا ئەیرە : وەرە بۆ ئێرە

٢٤ : دەبە : جۆرێکە لە تلیاق

٢٥ : هەلهەلە وێرن بۆینە ... دەستە گولْ و ێرن ئەلنە : ( کوردی و تورکومانی ) : هەلهەلە بدەن بە بـالآی ...دەسـتە گولْ بدەنە دەستیەوە

٢٦ : وە تو جە : بە تۆ چی

٢٧ مەزەرپیەگم هەس ئەرات : زەرەرێکم بۆ تۆ هەیە

٢٨ گان بیە : گان بدە

٢٩ جوندێگان : (عەرەبیە ، بە عەرەبی دەنووسرێت ـ الجنود ـ ) ـ سەربازەکان ـ

٣٠ لکن : بەلآم

٣١ ـ وەل : لەگەلْ

٣٢ ـ ئەیەش : ئەمیش

٣٣ ـ کەموتەر : کۆتر

٣٤ ـ حەفت  : حەوت

٣٥ ـ تەبیعیە ، تەبیعی : ئاساییە ، ئاسایی

٣٦ ـ وار : ( تورکومانیە ) هەیە

٣٧ ـ ئەڕا لێوا کردی : بۆچی وات کرد

٣٨ ـ والحسین چان ١٢٧ تەنەکە : ( بە عەرەبی شێوە زمان ) بە ئیمامی حوسەین  ١٢٧ تەنەکە بوو

٣٩ ـ خەلآصی کردمە : ( خلاص ، عەرەبیە ) واتە تەواویم کردووە

٤٠ ـ زانید : ئەزانی

٤١ ـ قابل نەدارەد : ( فارسەکان وا دەلێن ) ، بێ بایەخە ، هەیە بە کوردیش دەلێن : قابیلی نیە  !

٤٢ ـ بوڕەوەی : بیبڕەوە

٤٣ ـ عافێتد بود : بە عافێتت بێت

٤٤ ـ نە چە هەرکی بۆ خۆیدە : ( کوردی و تورکومانی ) ـ بۆچی هەرکێ بۆ خۆیە

٤٥ ـ چوین : چۆن

٤٦ ـ حەتا : هەتا

٤٧ ـ بچو : بڕۆ

٤٨ ـ تێرم : دەهێنم

٤٩ ـ لەیناوە مەوس : لەم ناوە رامەوەستە

٥٠ ـ چن : دەچن

٥١ ـ لێوا بکەد : وا بکات

٥٢ ـ نەکەفتێسە دەسمان : نەکەوتۆتە دەستمان

٥٣ ـ دوێت : کچ

٥٤ ـ سوئال : پرسیار

٥٥ ـ سوزند : دەسوتێنێ

٥٦ ـ ئەڕاد تێرین : بۆت دەهێنین

٥٧ ـ ئیسه : ئێستا

٥٨ ـ بەنات الریف : ( به عەرەبی دەنوسرێت ـ بنات الريف ـ ) واته کیژانی لادێ، کۆرانیان دەووت

٥٩ ـ باخ ، باخ ، بلله بیر شەی ئۆلب : ( تورکومانیه ) واته بڕوانه ، بڕوانه ، دەزانێت شتێك روویداوه

٦٠ ـ شوێگەی : مێردەکەی

٦١ ـ شەوه : مۆتەکه

٦٢ ـ کلگ : پەنجه

٦٣ ـ قونته : خۆ هەڵدان بۆ ناو ئاو

٦٤ ـ سویرەگەمان : شاییەکەمان

٦٥ ـ گزگەکەی : گسکەکەی

٦٦ ـ سیڤا : خواوەندی خۆشەویستیه له میتودولۆجیای هیند

٦٧ ـ باندایین : سەرداخسن ـ سەری مەنجەڵەکەی داخست

٦٨ ـ گولولن : یاری هەڵماتێن، کەلایانێ

٦٩ ـ تۆزباقه : ناوه

٧٠ ـ بحۆمەد ، نەحۆمەد : بتخۆم ، نەتخۆم ـ کابرا سەرخۆش بووه ـ

٧١ ـ جمێن : جوێندان

٧٢ ـ پەلك : کەزی

٧٣ ـ قوڵه : کۆردەره

٧٤ ـ این اشك های شور ..از کجا می ئێد ، مادر ؟ : ئەو فرمێسکه شۆراویانه له کوێوه دێت ، دایکه ؟
پارچه شعرێکی ( لۆرکا ) یه ، شاملۆ بۆ فارسی وەریگێڕاوه .

٧٥ ـ وه بان دیەم : بەسەر چاوم .

٧٦ ـ تێیمن : دێین

٧٧ ـ چیمن : دەڕۆین

٧٨ ـ هەسه :ـ هسه ـ ووشەیەکی عەرەبیه ـ الآن ـ

٧٩ ـ وەل : له گەڵ

٨٠ ـ لێوا بکەد : وا بکات

٨١ ـ فێری کردیده : فێرت کردووه

٨٢ ـ عەقرەب :ـ عقرب ـ واته دوپشك

٨٣ ـ دیده راسەگەم : چاوه ڕاسەکەم

١/کەلآت:ناوی چیایەکه له نزیك شاری خانەقین.

٢/ وه پەڕێ سەری بڕێ:به پەڕێك سەری دەبڕدرێت. قوڕچوگه سەر: قوڕی چۆته سەر.

٤/بویشم: بڵێم.

٥/وسێد: وەستاند.

٦/مایده: ماوی.

٧/ئی جاره: ئەم جاره.

٨/مامر: مریشك.

٩/سینم: دەکرم.

١٠/رەسێسە کورە: گەیشتۆتە کوێ؟

١١/ها کو: لە کوێیە.

١٢/مە: من.

١٣/ئیژی مینەی موختار کەیگن: ئەڵێی بۆ موختار دەگەڕێت.

١٤/زەوێگە: زەمینەکە.

١٥/چەفتە: چەوتە.

١٦/ عافێت ئۆڵسو : (تورکومانییە): عافێتت بێت.

١٧/مەلوچك: چۆلەکە.

١٨/هوندرت ڤەسەر: ناوی ماڵێکی بەناوبانگە لە ڤین، زۆر چوان رازاوەتەوە.

١٩/ ماڵی چۆڵم ... ماڵی ساردم: گۆرانییەکە، نووسەرەکەی ناناسم،بە دەنگی سالار عەزیز بیستوومە.

٢٠ /فستگلاس: کوردیزیرەکردنی وشەیەکی ئەنگلیزیە( فرست کلاس) واتە: یەکەمە

٢١/ئاخرنە باخ: (تورکومانی)، واتە بڕوانە کۆتایەکەی: بزان چیت بەسەر دێت!

٢٢/ خۆنستن: خوێندن

٢٢/ زەعیف کەد: لاواز دەکات

٢٣/دار،دور: (عەرەبیە) وانەیەکی پۆلی یەکەمە، واتە ماڵ، ماڵان

٢٤/البلبل الفتان،یطير في البستان: (عەرەبیە)واتە بولبولی جوان، لە ناو باخ دەفڕێت.

٢٥/ شویشە بشکێیگ جەم نێوگ: شوشە بشکێت کۆ نابێتەوە.

٢٦/هەشتە لە سەر مەشتە(کنایەتە) ئەمیش بەسەر ئەوەکانی تر.

٢٧/ ئەوەنە: ئەوەندە.

٢٨/جمان: جوێن.

٢٩/کەڵکەند: باخچەیەکی زۆر جوانە لە ناوەراستی شاری هەولێر.

٣٠/ لە کورە خەفتیدە: لە کوێ خەوتویت، واتە ـ تۆ ئاگات لە هیچ نییە.

٣١/ مویش دیرد: مشکی هەیە

٣٢/ گوش: گوێ

٣٣/زوانت بوڕن: زمانت ببڕن.

٣٤/ئیباو: ناوی پیاوە ، کورتکراوەی ئیبراهیم.

٣٥/ کەماڵەیی: تیرەیەکی عەشرەتی جافە، لە دێهاتەکانی سەروی کەلار دەژێن( گۆبان، میلان، کانی چایلە، رونیێ، سەید خەلیل،... و لە دێی بۆیسان سووری نزیك عەربەت).

٣٦/ باشکی: تیرەیەکی عەرشرەتی جافە ، لە سەرووی دێهاتی کەماڵەیەکان نیشتەجێن.

٣٧/ خۆد ئەڕا نێچید باریدەی: خۆت بۆچی نارۆی بیهێنیت.

٣٨/بار: بهێنە

٣٩/بدو:راکە

٤٠/خایە: هێلکە

٤١/ لێرەوە تا مانگ، و لەوێوە تا ئێرە یەکترمان خۆشدەوێت: لە چیرۆکێك بۆ مندالآن وەرگیراوە

٤٢/ نەتهاوردگە: نەتهێناوە

٤٣/بەیانەگان: بەیاننامەکان

٤٤/بەعزە: هەندێ

٤٥/قەهار: ناوە

٤٦/لەوەرەگان: لەبەرەکان

٤٧/بەچە: منداڵ

٤٨/مۆچ: ماچ

٤٩/ هیندۆ: هیندە سوورەکان

٥٠/ بەستا: (ئەسپانییە) بەسیەتی

٥١/ ڤیڤاڵدی:مۆسیقارێکی ئیتالییە، خاوەن سیمفۆنیای چوار وەرزە، لێرە مەبەستم تەنها وەرزی پایزە !

٥٢/ تیئۆرێکان رەنگیان بۆرە، بەلآم داری ژیان هەمیشە بەسەوزایی دەمێنێتەوە - وتەیەکی غۆتەیە و مارکس بەکاریهێناوە.

٥٣/کەواوچی: کەبابچی

٥٤/ژنەفتێس: بیستویەتی

٥٥/بەستا:ئیسپانییە،ببڕێتەوە

نووسینی: سەلام عەبدوڵلا